# گزنگ

97 ئەیلوول 2012

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک

**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

**کەرکوک-رەحیماوا-فلکەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی**

**کوردستان / کەرکوک**

تێبینی:

– نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.

– هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بلاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت

# لەم ژمارەیەدا 97

**سەکۆی گزنگ:-**

لەبارەی نووسینەوە، **ئارام شێخ وەسانی**..........................................................ل٥

**زمانەوانی:-**

سینتاکس و عەقڵ، و: **دارا حەمید محەمەد**..........................................................ل٩

**وتار و لێکۆڵینەوە:-**

لە ئیستاتیکاوە بۆ توێژینەوە کەلتورییەکان، و: د. **لەتیف سەعید بەرزنجی**.................ل١٧
تێڕوانینێك بۆ چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری...، د. **فاروق نەقشبەندی-دارا حەمید**.............ل٢١
پێوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن...، **کاروان محەمەد فەتاح**.......................................ل٣٣
هەڵوەستەیەك لەسەر دەقی"زەوی بەردەبێتەوە"ی بێستوون مینە، **چنوور نامیق**..........ل٣٩
مەهدی زریان و زەنگی ویژدان، **ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان**.................................ل٤٥

**وەرگێڕان:-**

لیۆنکا لە دەریاچەی مالویە، و: **ئازاد نەجم**..........................................................ل٤٩
گاڵتە لە کەشێکی گەرمدا، و:**حوسێن عەلی**..........................................................ل٥٧
سوریالیزم لە شیعری فەڕەنسیدا، و: **سیما چۆمانی**..................................................ل٦٥
هێرتا مۆلەر، و: **مەحموود عومەر باوزی**..........................................................ل٧١
سەدەی بیستەم، سەدەی پایزی شاعیران بوو ، و: : **عوسمان شێخ محێدین**..................ل٧٥
شەیداییەکی کوشندە، و: **وریا شەهاب**..........................................................ل٨١

**چیرۆك:-**

لە وزەی سێیەم، و: **ئەرسەلان حەسەن**..........................................................ل٨٩
نەقڵی شاعیرێك، و: **خالد ئەویندار**..........................................................ل٩٧
لەوانەیە نەیەت، و: **عەبدوڵڵا مەحموود**..........................................................ل١٠٣
عارف، و: **بڵند باجەلان**..........................................................ل١٠٩
مندالّی خەڵك، و: **خالید فاتحی**..........................................................ل١١٥
دار سێوەکەی باپیرەم، **کازیوە ساڵح**..........................................................ل١٢٣
با وای گێڕایەوە، **جەلیل کاکەوەیس**..........................................................ل١٢٩
شوێن تەلەفزیۆنەکە، **یوسف لەتیف**..........................................................ل١٣٥
تەنیاییم ئەدویّ، **سوارە کافرۆشی**..........................................................ل١٣٩
کچی پاییز، **سیروان کەریم**..........................................................ل١٤٣

**شیعر:-**

پاسەوانەکە، و: **سابیر مەلوول**..........................................................ل١٤٧
پێنج خشتەکی ئەسعەدی لوڕزادە لەسەر شیعرێکی صابری، **ئەسعەدی لوڕزادە**.............ل١٢٩
چیتر پەیامی عیشقم مەخوێننەوە، **عەباس مەجید داودی**.......................................ل١٥٣
کارنەوالّ، **رەسولّ سۆفی سولّتانی**..........................................................ل١٥٧
مرۆڤ دەبارێ، **گۆران رەسوولّ**..........................................................ل١٥٩
خەندەیەك سەدەیەکە ئاوا بووە، **شنۆ ئەحمەد**..........................................................ل١٦١
شعر و نەغمەی بولبولێکی سپی ، **کەژاڵ ئیبراهیم خدر**..........................................ل١٦٣
بەرد، **عەباس جەمیل جێماو**..........................................................ل١٦٩
میچ، **هاوڕێ ڕەش**..........................................................ل١٧٣
تارمایی رۆژە درێژەکان، **هێرش ڕەش**..........................................................ل١٧٥
برۆ با هاوارەکانم شی نەبنەوە، **خالید مەجید فەتحوڵلا**..........................................ل١٧٧
دوو پەخشانە شیعر، **مەحموود قەرەداخی**..........................................................ل١٨١

**یادەوەری:-**

زاهیر رۆژبەیانی ماڵئاوایی لێکردین، **عەلی شێخ عومەر**..........................................ل١٨٣
محەمەد موکری کۆچی کرد، **رەزا شوان**..........................................................ل١٨٥

**دیمانە:**

حەنان ئەلشێخ، و: **سۆران کەریم**..........................................................ل١٨٩
کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **بەڕێوەبەری نووسین**.........................ل١٩٣



ئارام شێخ وەسانی

# لەبارەی نووسینەوە

نووسین لەنێوان پامۆك و لۆرانسدا.....

پەیڤین و نووسین لەبارەی نووسین، کردەیەکی تەواو وابەستەیە بە خودەوە. ئەوەی زۆر کەمەندکێشە لەو بابەتەدا ئەوەیە کە ئەم نووسینە خۆیشی لەناو بازنەی بابەتی ئەم نووسینەدایە. دەمەوێت بە چەند سەرنجێکی خێراو ڕۆشن لەبارەی نووسینەوە بدوێم. من ئەگەرچی زۆر ڕاماوم لەو بابەتە، بەڵام هەست دەکەم سوودێکی ئەوتۆ لەو ڕامانە ناگاتە بەرانبەر، بەڵکو تەنها دنیاو ڕوانینی تایبەتی من بەسەر ئەو بیرکردنەوەیەدا پەخشبووە. بە مانایەکی دیکە ئەوە بۆچوونێکی تایبەتی منە و هەموو ئەوانەیشی، کە دەنووسن خاوەنی بۆچوونی خۆیانن لەبارەی نووسینەوە. هەرچەندە لەنێو ئەدیب و نووسەراندا ئەو پرسە زۆر ڕووبەر بڵاوە، بەڵام وەك مەتەڵێکی فرە وەڵامو وەڵام بزر، تاکو ئێستە ماوەتەوە. لێرەوە هەوڵدەدەم چەند سەرنجێکی بچکۆلە لەو بارەوە بخەمە ڕوو.







زۆرن ئەو نووسەرانەی لەبارەی نووسینەوە قسەیان کردووە، لێرەشدا ئامانجمان نییە هەموو ئەو ڕستانە دواییەك بخەین و بیان نووسینەوە، بەڵکوو گەرەکمە چەند ڕستەیەکی سەرنجکێشی چەند نووسەرێك بەرباسبدەم و مەبەستەکەم بگەیەنم. یەکێك لەو کەسانەی، کە بە بۆچوونی من لە تەمەنێکی زوودا گەیشتە ترۆپکی چێژی نووسین و لە ئێستایشدا بەردەوام دەنووسێت و دەنووسێت، پامۆکی ڕۆماننووسە، بۆیە مەیلم لێیە لەبارەی پامۆکەوە بنووسم، چونکە ئەو تەواو لە دنیاو بیرکردنەوە و جوگرافیاو زهنی ئێمەوە نزیکە، ئەو ناوێکی نامۆ نییە بە خوێندەواری کورد، پامۆك لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵدا، لە وتارەکەیدا، لە بارەی نووسینەوە گوتی:"نووسین دۆزینەوەی کارێکتەرێکی شاراوەیە لە ناوماندا". ئەم ڕستەیەم بەسە بۆ ئەوەی جەوهەری نووسین لای پامۆك شی بکەمەوە. ئاخر ئەوە کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی پشت نووسینی پامۆك. لێرەدا ئامانجی نووسین برێتیە، لە گەڕانەوە بۆناو خود. گەڕانەوە بۆ سەنتەر، نووسین کارەکتەرێکە هەوڵی کەشفکردن و درکاندنی ڕازێکی تایبەت دەدات. نووسین کردەی پەردەهەڵدانەوەیە لە کارەکتەرەپەنهانەکانی خود. قسەکردن لەو ئاراستەیەوە تەواو مەیدانییە. پامۆك مەیلی ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەرکی نووسین بۆ هەمووکەس نییە، هەمووکەسیش شیانی گەڕانی نییە بەدوای کارەکتەرە وبنووەکانی ناوماندا، بەڵکوو ئەوە خودی مەیلی نووسەرە، کە ئارەزوویەکی شێتانەو بێ بەرژەوەندی هانی دەدات بۆ ئەو کردەیە. چێژی دۆزینەوەی ونبووەکان، هەمان چێژی یارییەکی منداڵانەیە، بەجۆرێکی دیکە نووسین لە یاری چاوشارکێدا بەشدارە، دەیەوێت ئەوانە بدۆزیتەوە، کە خۆیان ون کردووە.

ئامانجی نووسین لای هەر نووسەرێك، بە ئاراستەیەکدایە، ڕەنگە زۆرینەیان لە خاڵێکدا هاوبەشبن، ئەویش ئەوەیە کە نازانن بۆ دەنووسن، بەڵام لەدەرەوەی ئەو خاڵە هاوبەشە چەندین وردە ئامانج لەبارەی نووسین دەخرێتە ڕوو، یا خراوەتە ڕوو، بەلای بەندەوە بۆچوونی لۆرانس ڕاستگۆیانەیە کاتێك دەڵێت: من بۆ ئەوە دەنووسم تا پەیوەندییە پچڕاوەکانی خۆم جیهان بەیەك بگەیەنم. لەم ڕستەیەدا ئامانجێکی ڕوون لەپشت نووسینەکانی لۆرانسەوە هەیە، کە ئەو هەوڵدەدات لەگەڵ جیهاندا بدوێت و پەیوەندی لەگەڵی




هەبێت...بچڕانی پەیوەندی لەگەڵ جیهان و هەوڵدان بۆ بەیەكەوەلكاندنەوەی پەیوەندییەكان، كردەیەكی سەربەستە، دەكرێت لای زۆرینەی بنیادەم، بەشێك پەیوەندی پچڕاو هەبن، بەڵام ئەو ڕایەڵە پچڕاوانە نەبوونەتە گرفتی بەردەم ژیان، وەلێ بۆ نووسەری ڕاستینە، نەمانی ئەو ڕایەڵانە وەك شكانی پردی هاتووچۆی نێوان ژیان و بیركردنەوەیە. ئەو ڕاگەیاندنەی لۆرانس لەبارەی نووسینەوە جارێكی دیكە بە جەمسەرێك دەچێتەوە سەر ئامانجی نووسین لای پامۆك، چونكە پەیوەندیبەستن لەگەڵ جیهان و ڕێكخستنەوەی پردەكانی پەیوەندی تاك و جیهان، جۆرێكە لە هەوڵ بۆ پڕكردنەوەی بۆشاییەكان، واتە: دۆزینەوەی كارەكتەری ونی نێوانمان، هەوڵە بۆ پڕكردنەوەی پەیوەندییە پچڕاوەكانمان لەگەڵ جیهان و دەورووبەر، ئەمەیش هەمان ئامانجە، كە لۆرانس لەپشت نووسیندا هەیەتی، لێرەدا ئەو هەوڵەی لۆرانس وەك تاك لەگەڵ جیهان لە ڕێگەی نووسینەوە، هەوڵێكی جوانە. هەوڵێكە بۆ بینینی پانتاییەكی تەواو و نەپچڕاو، نووسین لەم دۆخەدا كاركردنە بۆ پڕكردنەوەی هەموو گاپەكانی ژیان، كە ڕەنگە چۆڵبوونی شوێن هۆكارێك بێت بۆ درووستبوونی پچڕان. بەشێوەیەكی گشتی دەبێت ئەو بابەتە وا شرۆڤە بكرێت، كە لۆرانس تاكە، تاكیش لەناو جیهاندایە، كەواتە دۆخێكی گشتی و تایبەتییە،







دۆخەكە تایبەتییە، كە نووسەر مەیلی ئەو كردەیەی هەیە، لە هەمانكاتیش گشتییە، كە وەك تاك لەناو جیهاندا هاوشێوەی زۆرە و حاڵەتەكەیش پەیوەندی بە هەموو جیهانەوە هەیە.

بۆ ئەوەی بەجۆرێك لە جۆرەكان دۆخێكی ڕەهاو جێگیرو دۆگما نەبێتە ماسكی نووسین، واباشە بۆچوونێكی جاك دێریدای بیرمەند و نووسەر، پەخش بكەین بەسەر بۆچوونەكانی پامۆك و لۆرانسدا، دێریدا لەیەكێك لەنووسینەكانیدا تیشك دەخاتە سەر بابەتی نووسن و لە پیرۆزیەت و نەمری و دووری دەخاتەوە. دێریدا دەڵێت:" هەموو نووسین و خوێندنەوەیەك قابیلی هەڵوەشانەوەیە".

ئەگەر لەبەردەم ئەو بۆچوونەی دێریدادا بڕیاری ئەوە بدەین، كە پڕكردنەوەی بۆشاییەبچڕاوەكانی ژیان و دۆزیینەوەی كارەكتەرە ونبووەكانی ناومان بەهۆی كردەی نووسینەوە لای پامۆك و لۆرانس، لە حاڵەتێكی بەردەوام ناجێگر و دۆخگۆڕیدایە، ئەوا هەڵەیەك لە ئارادا نییە. بە مانایەكی دیكە، ئەو تایبەتمەندییەی نووسین جاریكی دیكە دەگەڕێتەوە بۆ دنیا تایبەتیەكەی نووسەر خۆی، واتە ناكرێت نووسین بۆ هەموان لەیەك ئاستدا ڕاست بێت، هەر ئەوەشە وامان لێ دەكات، كە قسەكردن لەبارەی كردەی نووسین لای هەر نووسەرێك ئاراستەو ئامانجێكی جیاوازی هەبێت. لە بنەڕەتدا هەڵوەشاندنەوەی نووسین بەمانای ڕەتكردنەوەی كردەكە نایەت، بەڵكوو هەوڵە بۆ پڕكردنەوەی گاپی زیاتر و جیاوازتر و دۆزینەوەی كارەكتەری زیاتر و جیاوازتر.



و : دارا حمید محمد

# سینتاکس و عەقڵ[۷]

لەڕاستیدا ئێمە فێری زمان نابین، بەڵکو یاساکانی زمان لە مێشکماندا گەشەدەکات. چۆمسکی

گومانی تێدا نییە، کە ئەو ڕێبازە فۆرمەلەیە (formal Theory) کە چۆمسکی لە بواری زمانناسیدا دایهێنا، خاوەنی پێگە و پایەی دیار و گرنگی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ئەمە بەس نییە، بۆ ئەوەی هەمیشە کارەکەی وەك کارێکی گرنگ و پڕ بەها سەیربکرێت . یەکێك لە پاڵپشتەکانی ناوبانگی چۆمسکی ئەوەیە، کە دەوترێت : لێکۆڵینەوەکانی لەزماندا هاوکارییەکی زۆری دیراسەکردنی مێشك و عەقڵی مرۆڤی کردووە . بۆچوون و تێڕامانە دەروونییەکانی چۆمسکی کاریگەرییەکی زۆری نەك تەنها لە هەردوو بواری زانستی دەروونناسی و فەلسەفەدا هەبوو، بەڵکو یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامی ناوبانگ دەرکردنی .

مەبەستی ئێمە لێرەدا خستنە ڕووی ئەو ڕاستیەیە، کە هەرچەندە چۆمسکی بەزیادکردنی لایەنی دەروونی بۆ سەر میتۆدە فۆرمەلییە هۆکارییەکەی تیۆرییەکەی، کە بە شێوازێکی دەرەئەنجام بەدەست هێنان داڕێژراوە، و سەرنجی زۆرێك لەو کەسانەی کە لە دەرەوەی بواری زمانناسیدا پسپۆڕن،





بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، بێ کەموکوڕی نییە، بەڵکو خاڵی لاواز و کەموکورتی زۆری تێدایە، کە لای پسپۆڕانی بواری کارەکانی چۆمسکی ڕوون و ئاشکران .

ئەو بۆچوونەی کە دەڵێ، دەکرێ تیۆریی زمانناسی هاوکاری دیراسەکردنی مێشکی مرۆڤ بکات، بە هاتنی چۆمسکی و بڵاوبوونەوەی تیۆرییەکەی، پەیدا نەبوو، بەڵکو لەڕاستیدا ژمارەیەکی باش لە ڕۆنانکارە ئەمریکاییەکان وای بۆدەچوون، کە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان بەها و گرنگییەکی باش لەبواری دەروونناسیدا Psychological Significance لەخۆ دەگرن . لەڕاستیدا لەو سەردەمەدا بابەتێك هەبوو، کە بەردەوام گفتوگۆی لەبارەوە دەکرا، و دواتر ئەو بابەتە بووە هۆی دابەشبوونی زمانناسە ئەمریکاییەکان کە سەرقاڵی لێکدانەوەی ئەو تیۆرییەزمانیانە بوون، کە لەو سەردەمەدا لەقۆناغی گەشەکردندابوون، بۆ دوو گروپ . گروپێکیان بەوە ناسرابوون، کە زۆر کارامەن لەیاریکردن بە پەسنی زمانیی (الوصف اللغوی)، هەر وەك چۆن کەسانێك هەن ناسراون بە دەست سوکی(سیحر باز، وەرگێڕ)، ئەو زمانناسە پەسنکەرانە بە زمانناسە یاریزانەکان Hocus Pocus ناسران . گروپی دووەم خۆیان بەوە ناساند، کە زمانەوانگەلێکن، بەدوای ڕاستییە زمانەوانییە شاراوە و نەزانراوەکاندا Gods truth Linguistis دەگەڕێن .

گروپی یەکەم لەڕۆنانکارە(پەسنکارە) ئەمریکاییەکان تەنها وەك میتۆدێك دەڕواننە ئەو ڕێزمانەی کە فەراهەمی دەکەن، و بۆ وەسفکردنی ئەو ڕستە و دەستەواژانە کە لە نموونەکانی لێکۆڵینەوە زمانییەکانیاندا هەن، بەکاریان دێنن . کەچی گرووپی دووەم بڕوایان وایە، کە ئەو ڕێزمانەی هەوڵی دۆزینەوەی دەدەن، ڕەنگدانەوە و وەسفکردنی کارکردنی زمانە لەناو مێشکی مرۆڤدا . هۆکیت دەڵێت : ( ئەو کردە شیکارییەی Analytical process کە زمانەوان پێی هەڵدەستێت، لەو کردارە دەچێت، کە لە کۆئەندامی دەماری Nervous System ئەو کەسەی فێری زمان دەبێت ڕوودەدات، بەتایبەتیش کۆئەندامی دەماری ئەو منداڵەی لە قۆناغی فێربوونی زمانی یەکەمیدایە ) .

هەڵوێستی چۆمسکی لەم بابەتەدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە . ئەو لە کاتێکدا کە لەگەڵ ئەو زمانناسە ڕۆنانکارانەدا کە دەیانەوێت هەندێ سیمای دەروونناسی بە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانیان ببەخشن ،

هاوڕا دەبێت، لەهەمان کاتدا بەتەواوی ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە لێکۆڵینەوەی هەندی لە زمانەوانە پەسنییەکان لێکۆڵینەوەی زمانناسی دەروونی بێت، چونکە توانست و ئاستی زانستی ئەو توێژینەوانە لاوازە، و بابەتییانە نین، و هیچ ڕاستییەك لە بۆچوونەکانیاندا نییە . چۆمسکی دەڵێت ئەو میتۆد و پێویستییانەی کە هەندێ لە زماناسە ڕۆنانکارەکان بە پێویستی دەزانن، کە ئەمەش بەبۆچوونی خۆیان لە ئەنجامی تێگەیشتنیانەوە لەزانست سەرچاوەی گرتووە، پێچەوانەی ئەو کردانەیە، کە منداڵ بە مەبەستی فێربوونی زمانی دایك پشتی پێ دەبەستێت . هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەومان ببات، کە بڵێین، منداڵ ڕێبازی پەسنکاری بەکاردەهێنێت بۆ هەڵاوێردکردنی ئاستەکانی شیکاری زمان ، و بە مەبەستی فێربوونی زمانی دایك ڕێبازی پەسنکەرانە پێڕەو دەکات، بەڵکو پێویستە ئەوە بڵێین، کە منداڵ ئەو میتۆدە زمانییە پێڕەو ناکات . چۆمسکی بۆچوونی خۆی سەبارەت بەو پێوەرە لۆجیکییە خستۆتەڕوو، کە هوکیت دایهێناوە، بەمەبەستی دۆزینەوەی یەکە دەنگییەکان و پەیوەندی نێوانیان Discovry proceduresو ئەو کردانەی کە منداڵ، بەمەبەستی فێربوونی زمان Language Acquisition پێڕەوی دەکات .

لەوبارەیەوە چۆمسکی دەڵێت : (زۆر ڕوون و ئاشکرایە، کە منداڵ پێش ئەوەی بگاتە ئاستی سینتاکس (واتە دروستکردنی ڕستە) هێشتا سیستمی دەنگی بەتەواوەتی لای جێگیر نەبووە، کەواتە هیچ پاساوێك نییە بۆ جیاکردنەوەی ئاستەکانی زمان بەپێی ئەو بۆچوونانە ) .

لەو وتەیەیدا چۆمسکی سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەو پێویستییە بەرنامەڕێژکراوە، کە ڕۆنانکارەکان بۆ خۆیانیان دانابوو ، نابێت، وەك بەرامبەر و هاوتای ئەو کردانە سەیر بکرێت، کە وابەستەی فێربوون و بەکارهێنانی زمانن، ئەمەش زیاتر لەلایەنی دەروونی لە تیۆرییەکەی چۆمسکیدا ڕوون دەبێتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا چەند هۆکارێك هەن، وای لە چۆمسکی کردووە، کە بۆچوونی ئەو زمانەوانە پەسنکارە ئەمریکاییانە ڕەت بکاتەوە، هەندێ لەو هۆکارانە پەیوەستە بەو پەیوەندیەی کە چۆمسکی بە خاڵی بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان ئەوان و قوتابخانەی ڕەوشتی دادەنا، کە لەو سەردەمەدا زۆر باو بوو .

چۆمسکی لەسەرەتای کاروانی زانستی خۆیدا توێژینەوەیەکی وردی ڕەخنەئامێزی





بەناونیشانی (ڕەوشتی ئاخاوتەیی لای سکنەر) Skinners Verbal Behaviourبلاوکردەوە . چۆمسکی بەتەواوەتی دژی تیۆریی ڕەوشتی دەوەستا، ئەوەی کە ڕەوشتی ئاخاوتەیی دەخاتە ژێر هەژموونی پاڵنەر و هاندەرەکانەوە Stimuli و بەدەستهێنانی ئەو ڕەوشتانە بەو هاندەرانەوە دەبەستێتەوە، کە پێشکەش دەکرێن . لەم بارەیەوە چۆمسکی دەڵێت :( ئاشکرایە کە ناکرێ زانیاری زمانیی لەڕێی کردەی ڕووکەشی(استقرائی)ەوە پەیدا ببێت ، ئەو کردەیەی کە هەنگاو بەهەنگاو دەبێت، وەك " کەرتکردنی ئاخاوتن Segmentation ، و پۆلێنکردن Classification، و گۆڕینەوە Substitution procedures، و پێوەری لۆجیکی Analogy ، و پەیوەندی نێوان وشەکان Association، و مەرج Conditioning....تد) . یان دەرکەوتنی ئەو زانیارییە زمانییە وابەستە بێت بە جۆرێکی تر لە کردەی "ڕووکەشی" کە گەشەی پێ بدرێت ، یان گفتوگۆی لەسەر بکرێت، لەچوار چێوەی زانستی زمان و دەروونناسی و فەلسەفەد .

هۆکاری سەرەکی هێرش کردنی توندی چۆمسکی بۆسەر ئەو بۆچوونانە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەو گروپە لە ڕەوشتییەکان هیچ گرنگییەکیان بە ڕۆنانی ناوەوە Internal Structureی مرۆڤ نەدەدا لە کردەی فێربوون Learning و ڕەوشتی ڕاستدا Actual Behaviour، هەروەکو ئەوەی هیچ شتێك ashleyنەبێت . چۆمسکی بڕوای تەواوی بەوە هەبوو، کە پێکهاتەی ناوەوەی مرۆڤ، کلیلی سەرەکی تێگەیشتنە لە ڕەوشتی مرۆڤ، ئەم تێگەیشتنەش چۆمسکی بەرەو ئەوە برد، کە تیۆرییە فۆرمەلەکەی (phormal) لەبواری ڕۆنانی زمانیدا بەو زانیارییە زمانییەوە ببەستێتەوە، کە بە بنەمای قووڵی فێربوون و بەکارهێنانی زمان دەژمێردرێت .

وا دیارە، ڕا و بۆچوونی چۆمسکی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تیۆرییەکانی ڕێزمانGrammer Theories و تیۆرییەکانی عەقڵی مرۆڤ Theories of Human mind زۆر ئاڵۆز و جیاوازن، بیروبۆچوونی سەبارەت بەو بابەتە لەشێوەی تۆڕێکی تەلی لێك ئاڵاون . لەبەرئەوە هەرهەوڵێك بۆ هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوەی ئەو تۆڕە کارێکی زۆر گرنگ دەبێت، چونکە ئەو زانستە

دەروناسییە تێڕامانییەی Chomsky's Speculativ Psychology کە چۆمسکی دایهێنا، و لە لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان زمانناسی و زانستی دەروونناسی و فەلسەفەدا لەچارەکەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا پێڕەوی کرد، ڕۆل و کاریگەرییەکی زۆری هەبوو . بەداخەوە سەرباری ئەو گرنگیی و ئەوخزمەتەی بە هەرسێ زانستەکەی کرد، بەڵام لەڕووی زانستییەوە پەیوەندی نێوان ئەو سێ زانستەوە پەیوەندییەکی بەرهەم هێن نەبوو، چونکە لەڕووی شیکار و لێکدانەوەکانەوە زۆر زانستی نەبوون . ئەو پەیوەندیانە هەندێ چەمکی گشتی سەبارەت بە ڕۆنانە زمانیی و ڕێزمانەکانیان ورووژاند، بەڵام هەرگیز لەتوانایدا نەبوو، تیشك بخاتەسەر چۆنییەتی فێربوونی زمان، یان بەرهەمهێنانی زمان Language production و تێگەیشتن لەزمان Language Understanding .

ئێستاش هەوڵدەدەین، ئەو تۆڕە ماڵی جاڵجاڵۆکە ئاسایە شیبکەینەوە، کە چۆمسکی چنیویەتی، بەتایبەتی ئەو لایەنەی کە زرۆ بەڕاشکاوانە ئاماژەی پێ دەدات، و جەختی لەسەردەکاتەوە، ئەویش ڕەتکردنەوەی هەردوو جۆری تیۆریی زمانی و دەروونییە، کە لەو سەردەمەدا باو بوون .

چۆمسکی هەوڵی دەدا، کە زاڵبێت بەسەر هەندێ لایەنی کەموکوڕی تیۆری زمانیی ئەم سەردەمەدا، ئەوەش لەڕێی گەشە پێدانی هەندێ ڕێزمانی فۆرمەلەیی، کە زۆر ڕوون و ورد و گشتی بوو، بەشێوەیەك کە دەکرا، بنەمایەك بۆ تیۆری زمانی پتەو و بەهێز دابمەزرێنێت، زۆر لەوەی کە ڕۆنانکارە پەسنکارەکانی ئەمریکا پێڕەویان دەکرد ، بەهێز تر و پتەوتر بێت .

چۆمسکی هەروەها هەوڵی دەدا، کە بەسەر گیر و گرفت و کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی پێکهاتە گشتییەکانی تیۆریی دەروونیدا سەرکەوێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە فێربوونی زمان و بەکارهێنانی زمانەوەهەیە، ئەمەش لەڕێی جەختکردن لەسەر پێکهاتەی ناوەوەی ڕەوشتی مرۆڤ ، مەبەستیشمان بەکارهێنەری زمانە Language User . چۆمسکی هەموو ئەمانەی لەڕێی پرسیارکردن لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زانیاری زمانیی لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە زمان فەراهەمکرد . ئەوەی کە لێرەدا زۆر گرنگ بێت، ئەوەیە کە چۆمسکی توانی وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارانە بدۆزێتەوە، لەڕێی گەشەپێدانییەوە بە ڕێزمانێکی زمانیی ڕووت Abstract Grammars ئەمەش لەبەر ئەوەی زانایەکی زمانیی تەکنیکییە Technical Linguist، گرنگیدان بەو ڕێزمانەی کە لەسەر کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا و تیۆری زمانی فۆرمەلەیی بونیادنرا . هەموو ئەمانە هاندەر بوون بۆ چۆمسکی، بۆئەوەی تیۆرییەکی نوێ و جوان و پێشکەش بکات، بنەمای ئەوتیۆریەش ئەوەیە، کە زانیاری زمانیی، دەکرێ شێوەی تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان Generative Rule Systems وەربگرێت، و بەشێوەی بیرکاری بنووسرێتەوە، جگەلەوەش لەچەند یاسایەکی کەم و سنووردار Finite Systemsدەتوانێ، ژمارەیەکی بێ کۆتا Infinite Outputڕستە بەرهەم بهێنێت، چۆمسکی بەتەنها و جیا لە هەموو زانایانی زمان هەوڵی زۆری داوە، بۆ گەشە پێدانی ئەم تیۆرییە و یاساکانی تیۆرییەکە .

هەرچەندە ئەم تیۆرییە بێ کەموکوڕی نییە بەڵام جوانی تیۆرییەکە و پتەوەی و بەهێزی ئەو بنەمایەی کە لەسەری دامەزرا، بەتایبەتی لایەنی ئەوەی، کە زانیاری زمانی بنەمای یاساکانی بەرهەمهێنانن، یارمەتی دەربوو بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لە شیکارکردن و وەسفکردنی زمانەوانیدا تیۆرییە ڕەوشتی و پەسنییەکان تێپەڕێنێت .

هۆکارێکی تر کە هێز و بتەوی و جوانی بەم تیۆرییە دەبەخشێ لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە ئەگەر زانیاری زمانیی لەشێوەی ئەو یاسا و ڕێسایانەدا بێت، کە چۆمسکی دایهێنا، ئەوا هیچ پەیوەندییەکی بە هاندەرەوە Stimuli یان کەرتکردن یان پۆلێن و جێگۆڕکێوە نامێنێت . هەرچەندە بێگومان یاسا و ڕێساکان کارلێکیان لەگەڵ هاندەرەکاندا دەبێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو یاسایانە هیچ بڕیاری ئەو کارلێکە نادەن و لەو کارلێکانەشەوە داناتاشرێن . لەو کاتەدا پێویستبوو بۆ گەشەپێدانی ئەم تیۆرییە ئەو ڕاستییە ڕوون بێتەوە، کە یاساکانی سینتاکس Syntax بابەتی سەرەکی زمانەوانی پێك دەهێنێت، ئەمەش بەتەواوەتی لەکارەکانی چۆمسکیدا ڕەنگی دایەوە .

تیۆرییەکەی چۆمسکی کە گریمانەی ئەوەی لەخۆدەگرت، زانیاری زمانیی دەکرێ، شێوەی ئەو یاسا سنوردارانە بێت، کە توانای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێ کۆتایی ڕستەیان هەیە، جۆرە

پرسیارێکی تری وروژاند، ئەوەیش ئەوەیە : منداڵ چۆن دەتوانێت ئەم یاسایانە بەدەست بهێنێت ؟ چۆمسکی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گریمانەیەکی تری خستەڕوو، کە خۆی لەوبڕوایەدابوو، وەڵامی ئەو پرسیارەی تێدا دەداتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش سیمایەکی دەروونی بەخشییە هەموو کارە زمانەوانییەکانی کە لەوپەڕی جوانی و وردیدابوون . ئەم گریمانەیە دەڵێت، مرۆڤ بە هۆکاری بۆماوەیی توانایەکی پێ بەخشراوە، کە یارمەتی دەدات لەفێربوونی زماندا، واتە مرۆڤ لەگەڵ هاتنە دنیاوەی توانا و ئامادەباشی تێدایە بۆفێربوونی زمان . ئەم گریمانەیەی چۆمسکی کە جەخت لەسەر ئامادەیی بۆماوەیی Chomsky's Innateness Hypothesisدەکاتەوە، هاندەرێکی زیاتربوو بۆ کارکردن لەچوارچێوەی زمانناسی بەرهەم هێن . هەروەها هاندەرێك بوو بۆ چۆمسکی بۆ ئەوەی گەشە بە یاسا گشتییەکان بدات، یان گەشە بە سینتاکسی گشتی بدات .

ئەم کارەی چۆمسکی مشتومڕ و گفتوگۆیەکی زۆری هێنایەناوەوە، کە زیاتر باسیان لەو تێڕامانە دەروونیانە دەکرد، کە ئەو زانایە خستبوویەڕوو، بەتایبەتیش لایەنی بۆماوەیی لەزماندا ، و ئینجا وەرگرتنی ئەو هەموارکردن و گۆڕانکارییانەی کە چۆمسکی لەبواری توانای زمانیی بۆماوەییدا دەیخستەڕوو . بەپێی بڕوای ئێمە و لەچوارچێوەی ئەو بابەتەدا بەپێویستی دەزانین، کە ئەم دوو پرسیارە بە جیا بهێڵینەوە :

یەکەم : ئایا مرۆڤ وەك بوونەوەرێك توانایەکی سروشتی بۆماوەیی پێبەخشراوە، بۆ فێربوونی زمان ؟

دووەم : ئایا تیۆرییەکەی چۆمسکی وەك شێوەیەك بۆ ئەو توانا زمانییە سروشتییە قبوڵ دەکرێت ؟

لەڕاستیدا گفتوگۆ و دیراسەیەکی زانستی زۆر کرا، سەبارەت یەوەی، کە ئایا تیۆرییە سینتاکسییەکەی چۆمسکی هۆکارێك بوو بۆ فەراهەمبوونی یاساگەلێك، کە ڕێگە بە مرۆڤ دەدەن بۆ فێربوون و بەکارهینانی زمان . بەتایبەتی کە چۆمسکی زۆر جەختی لەسەر تیۆریی توانای سروشتی زمانیی دەکردەوە ، و بەڕاستی دەزانی، ئەمەش بۆخۆی وەڵامی پرسیاری یەکەمە . هەروەها چەندین بەڵگە لەبەردەستدان، کە پشتگیری لەتیۆرییەکەی چۆمسکی دەکەن ، سەبارەت بەوەی کە شێوەیەکە بۆ توانای سروشتی لە زماندا، ئەمەش وەڵامی







پرسیاری دووەم دەبێت، ئەم گفتوگۆیانە بوون بەهۆی خولقانی گومانێکی زۆر سەبارەت بە شوێن و پایەی تیۆرییەکەی چۆمسکی لە بواری زمانناسی و دەرەوەی زمانناسیدا .

پێویستە ئاماژە بۆئەوەش بکرێت، کە لەکاتێکدا هەڵسەنگاندن بۆ بۆچوونی دەروونی لای زمانەوانانی تیۆری بەرهەمهێنان دەکەین، و بۆچوونی چۆمسکی سەبارەت بە توانای بۆماوەیی لەفێربوونی زماندا ڕەت دەکەینەوە، ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ئێمە لەگەڵ مەسەلەی ڕەتکردنەوەی بۆچوونی بوونی ڕۆڵی بۆماوەیی لە فێربوونی زماندا نیین . سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە تیۆرییەکەی چۆمسکی هیچ شێوەیەك لەشێوەکانی توانای بۆماوەیی سروشتی پێك ناهێنێت، چەند هۆکارێك هەن . لەوانە :

١– بنەماو پاڵنەرەکان، چۆمسکی تیۆرییەکەی وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، لەپێناو دۆزینەوەی یاسای سینتاکسی ڕووتدا داهێنا، و هەرگیز لەئامانجەکانی تیۆرییەکەدا ئاماژە بۆ چۆنییەتی فێربوون و بەکارهێنان و تێگەیشتن لەزمان نەکرابوو . دواتریش ئەو سیما دەروونییەی کە بۆ تیۆرییەکەی زیادکرد، بەمەبەستی وابەستەکردنی تیۆریەکەبوو بە تیۆرییە فۆرمەلەکانی پێشووترەوە .

٢– ئەگەر بەوردی لەو بەڵگانە بڕوانین، کە چۆمسکی بۆ پاڵپشتی تیۆرییەدەروونییەکەی Psychological Hypothesesهێنابوونییەوە، دەبینین ، گرنگی ئەو بەڵگانە لە دژایەتیکردنی بۆ هەریەك لە زمانەوانە پەسنکارەکان Anti–Descriptivist Viewsو ڕەوشتییەکاندا Anti-Behaviourist Viewsدەردەکەوێت . ئەو بەڵگانەش هیچ پاڵپشتێك بۆ وەرگرتنی بۆچوونە دەروونییەکانی تیۆرییەکە پێکناهێنن . بەشێوەیەکی باشتر بڵێین : دەکرێ ئەو بەڵگانە لە دوو خاڵدا کۆبکەینەوە :

أ- داهێنانی زمانیی Linguistic Creativity

ب- گشتێتی و داماڵراوی لە پێکهاتە زمانییەکاندا Abstractness and Universality of Linguistic Structure

سەرچاوە: ئەم بابەتە بەشێکە لەکتێبی :

– فهم اللغة / نحو علم لغة لما بعد مرحلة چومسکی

تالیف / تیرینس موور و کریستین کارلنغ

ترجمة / د. حامد حسین الحجاج

مراجعة/ د. سلمان داود الواسطي

د. لەتیف سەعید بەرزنجی
و: بە دەستکارییەوە



# لە ئیستاتیکاوە بۆ توێژینەوە کەلتورییەکان

لەم سالأنەی دوایدا توێژینەوەی ئەدەب چەندەها شێوەی شیکردنەوەی ڕەخنەیی بەرهەمهێنەر وگۆرانکاری بنەرەتی بە خۆوە بینیوە . ئەمرۆ خۆینەری ئەدەب تەنها چاوەڕوانی ئەوەی لێ بەدیناکرێ کە رۆمان و شانۆ و هۆنراوە بخۆێنیتەوە ولیێ تێبگا ، بەڵکو پێشبینی ئەوەشی لێ دەکرێ کەتێبفکرێ و ووردبێتەوە ، کە چۆن ئەوتێگەیشتنەی لەچەند بیرۆکەیەکی پێشوەختەوە دروستبووە وچۆن کەوتۆتە ژێر کاریگەری فاکتەرە کەلتوریەکان ، پتر لەوەش ئەو کەسەی دەیەوێ تێکستێکی ئەدەبی شیبکاتەوە وتوێژینەوەی ئەدەبی ئەنجام بدات ، پێویستە مێتودێکی ڕەخنەیی گونجاو بۆ ئەو کارە بەکار بهێنێ .

لەڕاستیدا مێژوی تیۆری ئەدەبی وکەلتوری زۆر چڕو ئالۆزە ،بەلأم لەم سالأنەی دووایدا تیوری ئەدەب پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە ، کە هەمان تایبەتمەندیەکان لەخۆ دەگرێت. ئێمە لەم چەند لاپەڕیەدا جەخت دەکەینە سەر ئەو گۆرانە گشتیەیەی کە لە (transhistorical) وە بۆ ( contextual points ) ( واتە لە تێپەراندنی چوارچێوەی مێژووییەوە بۆ بایەخدان بە رەگەزەکانی تێکست ) تا لەو رێبازانە تێبگەین کە دەقەکان بەکاریان هێناوە ، بۆ دروستکردنی واتا لەو جۆرە جەختکردنەوە ورێبازانە بگەین کە بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەستن بەشیکردنەوەی دەقە ئەدەبی و کەلتوریەکانەوە . دووا بەدووای ئەم رومالە هەول دەدەین کە بنەما سەرەکیەکان بخەینە پێش چاو خۆێنەر کە بەکلیل ئەژمار دەکرێن بو ئەنجامدانی هەر شیکردنەوەیەکی دەقەکان، لەکاتی بەکارهێنانی هەر رێبازێکی ڕەخنەیی ( critical approach ) .

هەر وەکو ناونیشانی ئەم بابەتە ئاماژەی پێ دەکات  مێژوی دوورو درێژی هەزارەها سالەی شیکردنەوەی ئەدەبی وکەلتوری ئەژمار دەکرێت بەیەکێ لە گۆرانکاریە بنەرەتیەکان ( dramatic metamorphsis) وفراوانبوون لە ئیستاتیکاوە( کە بریتیە لەدراسەتکردنی جوانی ووێناکردنی پێوەری دەق بۆ هەڵسەنگاندنی هونەرو دەربرین ) بەرەو جەختکردنی ئەمرۆ لەسەر تۆێژینەوەی کەلتورو قولبوونەوە لەوەی چۆن بیرۆکە ئیستاتیکەکان لەکات وجێگایەکی دیاریکراودا دروست دەکرێن .

شێوەی شیکردنەوکانی رابردوو وایان وێنادەکرد کە ڕخنەگرەکان دەیانتوانی چەند پێوەرێکی ستاندارد بدۆزنەوە، تا بە گوێرەی ئەو پێوەرانە شیعر ودراما و هەمو جۆرەکانی چیرۆك (چیروك ،رۆمان ، کورتە رۆمان ( Novella ) ....هتد) هەڵسەنگێنن، دەبینن چۆن لەنوێترین لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وکەلتوری هەمو هەڵدەستێ بە وەلانانی پابەندبوون ورەچاوکردنی هەمو یاسا ورێسایەکی لەقالبدراو چەختکردن لە سەر ئەوەی کە واتاکانی هەر دەقێك دەورووبەر دروستی دەکات ئەوکاتە ڕەخنەگرە ئیستاتیکەکان سەرقالێ لێکدانەوەی ئەوە بوون کەچۆن بە باشترین شێوەو پلەی بالأ دەقی ئەدەبی هەڵسەنگێنن ، ڕەخنەی کەلتوری رێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی چۆن دەقە ئەدەبیەکان بەپێوەری ڕەخنەیی دروست بکەن ،ئەو هێزە کۆمەلأیەتیانە چین، کەئەوان دەتوانن دەری بڕن ؟!

لەسەدەی بیستەمدا شیکردنەوە تەنها پەیوەست نەبوو بە درامای شیعر وهونەری بەڵکو دەقی سەرەکی ولاوەکی و سیاسی وئەدەبی وشێوە کەلتورێکانی تریشی

دەگرتەوە ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کەبواری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی ئەدەب وهونەر جێگەی بایەخ پێدان نەبووبێت بەر لەسەدەی بیستەم ،دەکرێ بگوترێ لە زۆر ڕێگاوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە چوارچێوەی بواری کۆمەڵایەتی ئەدەب وهونەر جێگەی بایەخ نەبونە لەسەدەی بیستەمدا .

دەکرێ بگوترێ کە لە گەڵ ڕێگەوە ،شیکردنەوەی ئیستاتیکی دەستی پێکردووە وەك شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئەفلاتون وە ( ٣٢٢-٣٨٤ پ.ز ) وئەرستووە (پ.ز ) کە کاریان کردووە لەسەر پێناسەکردنی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی هونەر دەیبینێ وئەوکاریگەریانەی دراما وشیعر لەسەر بینەر وخوێنەر دەیانبینێ . بۆیە دەتوانین هەر لە دەستپێکەوە بڵێین کە پێوەندیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی لەگەل سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکاندا ( sociopolitical) رون وئاشکران .

ئەگەر چی ئەم جۆرە پێوەندیانە لە بیرکرابون وتەنانەت جێ تانەو ڕەخنە بون لەسەدەکانی دوای خۆیان ، ئیستاتیکیەکان وەکو هۆراس ( Horace) ( ٨-٦٥ پ.ز ) وسێر فیلیپ سدنی ( Sir Philip Sidney ) ( ١٥٥٤-١٥٨٦ ) وئەلیکزاندەر پەوپ ( Alexander pope ) ( ١٦٦٨-١٧٤٤ ) وساموئیل تەیلەر کولرج ( Samuel Taylor Coleridge ) ( ١٧٧٢-١٨٣٤)وماتیو ئارنۆلد ( Mathew Arnold ) ( ١٨٢٢-١٨٨٨ ) بەشێوەیەکی راستەوخۆ جەختیان لەسەر رۆڵی رەخنەگر دەکرد لەپێناسەکردنی وهەڵسەنگاندنێکی وردی چەمکی " جوانی " beauty " لەئەدەب وهونەردا بێگومان پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان کەناراستەوخۆ ئاماژەیان پێدراوە وهەڵسەنگاندنی سیاسی بەزقی بەدی دەکرێن لەم جۆرە نووسینانەدا بەتایبەتیش لەچاپکراوەکانی سەدەی هەژدەو نۆزدەدا لەسەر کتێب وشانۆی ئەو سەردەمە بەدی دەکرێ ، بەڵام گرنگی ئەم جۆرە کارە ئەدەبیانە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن فەیلەسوف وتیۆر دانەرەکان پشت گوێ خرابوو ،چونکە مەبەستی ئەم جۆرە تیۆرە گەران بوو بەدوای حەقیقەتی ئیستاتیکایی ورەخنەیی ، ئەم جۆرە حەقیقەتەش کیانێکی واقیعی ونەگۆڕ بوو کە دەبێ بدۆزرێتەوە .

لەزۆر لایەنەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە پشکنینە گەیشتە ترۆپك لەو ڕێبازە ڕەخنەییە کە پێی دەگوترێ ( New



Criticism) واتە ڕەخنەی نوێ .

ئەم ڕێبازە تا ڕەخنەییە دەبییەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بایەخێکی زۆری بەزانستی ئیستاتیکاداوە ولەهەوڵی ئەوەدا بووە پێوەرە ڕەخنەیەکان ورەخنەسازی بەتەواوی جیابکاتەوە لەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی وتایبەتمەندی مێژوویی . ئەگەر چی جەختکردنیان بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر تایبەتمەندیەکانی شێوازبو لەئەدەبدا وشێوەکانی دروست بوونی واتا ومەبەست ، ڕەنگە هەندێك بیرتەسکی پێوە دیار بێت بەبەراورد لەگەڵ ئەمڕۆدا ، بەڵام شیکردنەوەی شێواز (Form) هەمیشە ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لەزۆربەی بوارە ڕەخنەییەکاندا تەنانەت بۆ ئەوانەی بەئاشکرا هەڵوێستە سیاسیەکانی ڕەخنەی نوێ ڕەتدەکەنەوە ، هەوڵدانی دۆزینەوەی ئەو بنەما وکاریگەریانە وشێوازەکان وەکو لێیان گەیشتوون وبەکارهێنراون لەکات وجێگایەکی تایبەتدا ، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی دەقێکی ئەدەبی چڕ وئاڵۆز .

# تێڕوانینێک بۆ چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری شێخ عوسمانی سیراجەدینی دووەمدا

د. فارووق نەقشبەندی
م. دارا حەمید محمد

ئەگەر ئەدەب ڕاچەنینی دەسڕازەی بێشکەی بیر بێت ، لەجۆلانەی ئەندێشەدا ، ئەوا بزورگانی ڕێگای نەقشبەندی ناوچەی بیارەی شەریفە شنەبای ئەو جۆلانێ ی بیرەن.

ڕەنگە خەڵکانی ڕەشۆکی هەبن ، ورد لەپەیامی ئەدەبی قورئان تێنەگەن ، ئەو کات ئەو دیدو بۆچوون و قەڵەمە کاڵفامانە نە ئەزانن حەسسان چۆن عەباکەی پێغەمبەری وەرگرت (ص.ع) دەزانن لەزەتی وەجدی دوای دەستنوێژو خوێندنەوەی نوێژ چۆن وەك حەزرەتی حسێن ڕەنگی زەردیان وەك فانۆسی شەرم دابگیرسێت ، چونکە پێش شیعر نووسین شاعیر ئەگەر ڕەبانی بوو گیانی دێتە لەرزەو لەساتێکا تاڵەکانی بە ئاگای گیان و دەروونی بەبەهەشتی دونیا و دۆزەخی لووت بەرزییا دێت و دەچێ تا فێری شیعری مرۆڤانە دەبێت تا ئێرە دەمانەوێت لەگەڵ قەڵەمێکی هەڵواسراو بەگیانێکی بەرزەخیدا گفتوگۆ بکەین گفتوگۆکەمان عەقلێکی بالایە لە جەستەی ڕابەرێکی ڕووناکبیریی سۆفییانی بزورگ و موریدانی عاشقی نوری خوا کە هەمیشە وەك خانەوادە خزمەتگوزاری میللەتی کورد و کۆی موسڵمانان بوون لە ژێر ئالای شەریعەتدا و هەمیشە لاتراسکەیان لەنامۆیی بیر و تۆرانی حەزرەتی شێخی سیراجی دووەمی خاوەن ڕێبازی تەصەوفی نەقشبەندی خاوەنی ڕشتەیە لە گەوهەری بنە دەریای هۆنراوەییە ئێمە تەنها نموونەیەك وەردەگرین وەکو ڕشتەی





خێزانی (ئاغەلەری) (بیارەی شەریفە) تەنها بۆ بیرخستنەوەی نەوەی نوێ کە بزانن هۆنراوەی چاك کە لە دڵێکی خاوێنەوە سەرچاوەی گرتبێ حەڵاڵە و زوڵاڵە گیانی سۆفیانی تینوو بەشیعر ئاوازە پڕ مەستی گیان ئاو دەدات.

پەیامی سیرە مورشیدی شاعیر گەرما و گەرمە پڕ لە جونیشی هاوکاری زرمەی گلەیی خود و دەنگە .

مورشیدی شاعیر جۆرێك لەبەسەرکردنەوەی کۆمەلایەتی ئەنجام داوە لێرەو ( مەلا) عالم زانایە سەرکردەیە خاوەن ڕێزە بەگیان دۆستی مورشیدە بۆیە بەو گەرمو گوڕییە گلەیی و لابردنی پەردەی پڕ لە خەمی دڵی دەیەوێت بەنامەیەك خەمی دۆستایەتیەکە پەرت دەکات کەواتە مورشید مامۆستای شایستەی دەروناسیش بووە.

مورشیدی نەقشی نامەو پەیامەکەی هەمیشە فێرکاری ڕوو لە نمایش بووە بۆ موریدان و موحیبان و مەنسوبیان هەمیشە ووشەکان دڵسۆزی باوکانەی قەترە بەقەترە بەهێدی لێ تکاوە جیاوازی پەیوەندی لەگەڵ براو موریدان نەبووە بە شێخ ئەمینی برای دەفەرموێ:

لە دووریی ئەو برای شۆخی ئەمینە
نیشانەم،نامە پڕ سۆز و ئەنینە
بلێ چۆن دڵ پڕ شین و گرینم
قەڵەم کاغەز هەموو شینن، نامە شینە
گوڵی ڕووتە لەدڵ وا پۆی هەناسەم
کە عەتری میسك و یاس و سەمینە (١)

گەر تێڕوانینی بکەین بۆ ناوەڕۆکی هۆنراوە شینی برا شینی مورشید دکتۆرە جەستە و دەروونە بەرانی نامۆیی سەربڕیوە لەبەردەم ڕازی پەنهانی خۆشەویستی پڕ لە موحەبەت دا بۆ کاکە ئەمینی نەقشبەندی برای تەریقەت.

بۆ سەرکەوتن و پووختەیی پڕ لە داهێنانی دەقی شیعر شاعیر لەسەریەتی ڕۆڵێکی گرنگ و چالاك بەرامبەر بە وشە ببینێت کەواتە زمانی شاعیر ئامانجێکی بابەتییە لەڕێگەی تەرخانکردنی وشە (وشە بەڕێگای خزمەتکردن دەبووژێتەوە )٢ .

مورشید لەتۆی چەند نامەیەکدا بۆ خەلیفەو موریدەکان هەندێ نهێنیەکانی ڕێبازی نەقشبەندی بەهێما باسکردووە ئەوی بەرامبەر کە نامەیەکی پێگەشتووە کۆشاوە بەوردی بەرنامەکاری بۆ بکات یەکێ لەوانە بۆ ( حاجی ملا ئەحمەدی قازی پێنجوێنی) یە .

بەڵێ ئەگەر دۆست مەیلی جۆشا بێ
عاشق بۆ بەزمی جورعەی نۆشابێ
بۆ بادەی مەیلی تەواو کۆشا بێ
بەخوێنی جەرگی بەرگی پۆشا بێ (٣)

ووشەکان زەنگی ترسێنەر و لەلایەك دڵخۆشکەر لەلایەك بۆ خاوەن نامەیە

مورشیدی پەیامەکەی پەیڕەوی درێژەدان بەحوزووری خەتم دەوامی ڕابیتەی مورشید تا پەتی موحەبەت نەپسێ وێنەکان وورد بمێننەوە .... بەرامبەر ئەم داوایە " بەردەوامی تێکۆشانی تێکشکانی بتایەتی داواکارییەکانی شەیتانی دەروون و خۆشەویستی پابەندبوون بەپەیامەکەی قورئانە.

لەبابەتی شیعردا دوو بابەتی زۆر گرنگ هەیە پێویستە خوێنەر وورد بۆیان بڕوانێ ئەم دوو بابەتەش بەیەکەم داینەمۆی بەرهەمەکە دەژمێردرێن بۆ بەرهەمهێنان داینەمۆکەش ( زمان) ە بەڵام لە دوو جەمسەری جیاوازدا دەبینرێن ئەوانیش :

أ- پێکهێنان ، داڕشتن ، تەشکیل، formation.

ب- شێواز، شەکل، style.

نەقشبەندییەکان هەمیشە بانگەوازیان بۆ پێکەوە ژیان و ئاڵای محەبەت بەرز ڕادەگرن لەگەڵ مورشید و یاران بۆیە سیراج الدینی دووەم بەدڵی پڕ لە جۆشەوە دووری و دابڕان نامۆیەکە بەشیعر نزیك دەکاتەوە وا دەزانێ لە خزمەتی مورشید دانیشتووە

با لێشم دووربێ شیرینی بەدیدار
فەرهادی شەوقم هۆشیارەو بێدار
ئەوانەی قەدری ئولفەتیان زانی
هەر وەك دەستشکاو مایەی مۆمیایی
دووری و نزیکی لە سەحرای صەفا
هیچ فەرقی نییە بۆ ڕێگای وەفا
هۆمیدی گەورەی گشت گوناهباران
ڕەحمەتی حەقە و دوعاکەی یاران (٤)

مورشید مرۆڤەو پیرۆزی کردەوەکانی لە تاعەتی یەزداندا مەرحوومە بۆ هەمیشە بۆ موریدان یەکتایی خواو داواکان بۆ خالق بەرو ڕووە .

ئەو هەوڵەی بۆ شیعر دەدرێت هەوڵێکی پڕ لە تەقەلاو ماندووبوونە لە ( بونیاتنان و پێکهێنان و ئەفراندن و داهێنانە لەڕێگای زمانەوە جێبەجێ دەکرێت) (٥).

مورشیدی کامیل موکەمەل باوکی هەموانە بۆیە خەلیفەو موریدەکانی لە هەموو ناوچەکان بەسەر کردۆتەوە یەکێ لەوانە کەزۆر نزیکە مەڵبەندی دڵیەتی بزانین چۆن سڵاوی مورشیدی خاوەن " زمنیەتی کو برای ئەکەم" شاهید حاڵی دواڕۆژی وەفای عەهدە بۆی.

سەلامی خالیص و دوعا و تەمەننای چاکی خۆش ئاسار
لەسەر تۆبێ کە هاوناوی لەبۆ شاهەنشی موختار
کە فەرموودەی خۆیە جێ شك کەسێ هاوناوی ئەوشابێ
جەهەننەم لێی حەرامە جەننەتە جێی شاهیدی دڵدار (٦)

خانەوادەی نەقشبەند سەرجەلەی ئەصڵ و






فەسڵیان ئاغالەریان پێوە دیارە نەجیب و خانەوادەی خزمەت گوزارن بەزانایان ی ئایین و هەژاران و فەقێیانی زانست و ئەدەب.

نەك تاوێ صوفی دەم بە صەفا بی
ساتێ بۆ عالەم پڕ لە جەفابی
بۆموراقەبە هیچ تێنەفکرای
بۆسەیر و سەیران لەدڵۆ وریای
یا بڵێی کەشفم بۆ نەهات لە دوور
خەبەرم نییە لە ( ما فی الصدور)
ئەمانە هەمووی هەواو هەوەسن
ئارەزووی عەکسی نەفس و نەفەسن (٧)

لەڕووی شیکاریەوە مورشیدی ڕوحی نەقشی سەڕووی دکتۆرای دەرونزانیە بەوەی نەخۆشیەکان وەك پەی بردن بەڕێباز و چارەسەریش هەرخۆی بەگوێرەی شەریعەت و تەریقەت دادەنێت.

نامە نووسینی لەئەدەب گوڵاو پەرژینی یادەوەری نێوان دوو کەس وەك عەزیزان کەسانی خانەوادەی دابڕاوی پڕ لە خەم و مەینەتی یا تاراوگە بوونی مرۆڤە بەدەستی مرۆڤی ستەم دیدەی دەسەڵاتدار بەڵام نامەکانی شێخی سیراج الدین و باب و باپیری بەسەرکردنەوەو پەیوەندی میهرەبانی و باوك و فرزەندی و کێشە چارەسەرکردنی هەندێ نامەش هەیە دەردو نەخۆشیە دەروونی و جەستەییەکان چارەسەر دەکات بەرامبەر بەم ڕەهەندە پڕ لە هەڵوێستە زانایانی پابەندی ڕێبەری نەقشبەندی موریدان مەلسویان و موصیان ئەهلی خەتم و دوعای بەدەورە لە صوبحی عەقڵ و مەغریبی پەشیمانیدا هەمیشە شیعریان ئاراستەی بزورگانی تەریقەت کردووە ناوەڕۆکی ئەو نامانە لەیەکێك بۆ یەکێکی تر جیاوازە نموونە زانای ئایینی ( مەلا عەبدولکەریم) ی بیارە کە کۆی نووسینەکانی گەشەی لاپەڕەکانی زیندووکردنەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردین کە ئەو وەجاغ ڕۆشنی یە خوێنەرانی ئەو ئەدەبەی پڕ لەچەشەی ویژدانی و ڕووی ئەم بابەتە شیعرەی ناوبراو بۆ حەزرەتی ( عوسمان سیراج الدینی دووەم) پەردە پۆشە بەفەلسەفەی سوپاسی عەقڵی مورشید کامل، دەسگیری شەریعەت و تەریقەت شیعری کەسێکی ڕەشۆکی مێینە کە ڕووپەڕدایی بۆ دونیای فانی ی سوراو سپیاوی کردبێ بەڵکو شۆیایەك پەڵاسی خەڵاسی بێت.

نموونەی شیعرنامەی شێخی مودەڕیس بۆ مورشیدی عەقڵی و ڕوحی:

بەقوربانی حەبیبێکم کە هەم جانانە هەم جانە
مەقامی نووری ئیمانە، بەعەینی کەهفی ئیحسانە
لەحیجری تەربییەتی نووری خودادا نەشئەتی فەرموو

لەحوجرەی دائیرەی عیرفـان دا ئوسـتادی عیرفانە (٨)

ئـەم وەصـفە باوەشـێنی پـەڕەکانی دڵـی مونەوەرە بەفەلسەفەی شوهودی بە پیرۆزی وجودی بەدانە شانە هەنگوینی نزیك هەست بە مەلەکوتی زانای ئاییـنی دەزانیـت هـاڵ و هـەواڵی مورشـیدی حـەقیقی لەناحـەقیقی بەتـەرازوی شـەرع چـۆن مامەڵـەی کێشانە دەکات چاك پڕ متمانەیە کار بـە ئیشە نـەك بەدرێژکردن و داهێنـانی ڕیش خـاك بەسـەر ئـەوەی دەم قـاڵی تەریقەتـە و دووره لـە پێگـەی شـەریعەت ئـەبێ بزانـی کەوتۆتـە خەندەقی شـەیتانی خەڵەتێنـەیی دڵ پـڕ لـە هـەواو هەوەسـی دوور لەتەوبـەی نەصـوح گرتنـی ڕێبـەری سـونی سـونەی پـڕ لـە ئیجتیهادی شەریعەت ئەگەر وابێ نزیکە لـە شـنەو صـەفای بـەقای هـەڵهاتنی ڕۆژی حەقیقـەتی سـولوکی خـەملاوی و جـدی تـا داوێن خشوعی تەریقەت، ئەگاتە ئەو ڕۆژەی بـچێژی پـەرداخی ئـاوی مەسـتی ڕۆژی پەیوەندی گیانی ( الست)٠ ڕەوحی پـەیمانی ئیمای پەیمانەیی ریازی رەوزەی تەریبـەت. زۆر وردبوونـەوەی نـاوێ بـەپردی گومـان دا بپەڕێتـەوە بـۆ یـەقینی چـونکە ( مـەقام ی نـووری ئیمـان) زۆر دەمێکـە ویلاتـی کـوبرا دەسـەڵاتی بـووەو دائـرەی عیرفـانیش کـۆی کەوانەکانی تەصەوفە.

هـەر دەقێکـی شـیعری وەك چـەپکە گـوڵێ نرخـی تایبـەتی خـۆی هەیـە بەهایـە ئـەو بەهایـە دەقێـك لـە دەقێکـی تـر جیـا دەکاتـەوە واتـا زیـاتر لـەڕەوت و دۆخـی هـۆش و بـیر دەگەیـەنێت کەواتـە (دەقـە شـیعرییەکان نەخشـەکەیان فـرە واتاییـە و زۆر خوێندنەوە هەڵ دەگرێت)(٩) ٠

خۆشەویستی ڕابەر کە پێغەمبەرە ( محمد "ص٠ع") هەمیـشە لـە قـوڵایی دڵـی سـونیەکان و ریشەی دێـت تایبـەت ئەگـەر مورشـیدە ( کامیـل موکەمەلـە) بێـت لـەم نموونـەی سـۆزی پـڕ لـە ئەوێنـەی شـێخی سـیراجودینی دووەم تەمـەنای دڵێتـی بـۆ شۆڕەسـواری پـێش گەیـشتنی بەمـەنزڵی حـاجی بگاتـە خزمـەتی پێغەمبـەر ئـەم هۆنراوەیـەی لەسـەفەری حـەج و چـوونە مەدینەی مونەوەرەدا دانراوە:

میرزام سواریٚ، میرزام سواریٚ

ئەرمانا وێنەی شۆڕەسواریٚ

سواریٚ میران، چاپوك تەواریٚ

نەدەینەم وێنەش سالار سواریٚ

ئامانە مەیدان وە دەوانی دەو

چون بەرقی خاتیف نەیازیك نەشەو (١٠)

هۆنراوەکـە تـابلۆی زەینـی دروسـت کردووە،بەرجەسـتەکردنی ئـاداتیکی گـەلێ خۆزگـە هێجگـار بـەرزە، دڵـی مەعـشوقان دەخاتـە لـەرزە بـۆ یـادەوەری پێغەمبـەر ڕەنگاڵی یادە و بەباڵای هەزار سـەر تـەرزە ئەم سوارە ئاسایی نیە ٠٠ لـەو سـوارانەیە







کـە لـە خانـەوادەی میرەکانـدا پـەروەردە بـووێ چـاپوك بێـت... بـۆ بـەرەنگاری پێشکەوتەیی پاش ئـەم بەشـەی شـیوەکە ئاسـتی دەروونـی پەشـیمانی و تـەنها ڕۆح ئـەتوانێ بـچێتە ئـەو مەیدانـەی بەخزمـەتی پێغەمبەر بگات بۆیە دەڵێ:

بریە وە جەستەم سوارەن نەزین

لاشەی بیٚ ڕۆحەن چەمان پڕ نەشین

ئەسپی خەم وە کۆڵ خەم وەنەش پارەن

وەی لانەن دنیا لەدیدەش تازەن (١١)

پێگەی هـۆنراوەی فێرکاری لـەهۆنراوەکانی شێخ محمد عوسمان سراج الدین دووەم دا شێخی سیراجودین ی دووەم جۆرێك لەداب و نەریتی پەسەند کردووە بۆ وەڵام دانەوەی نامـەی خەلیفـە (سـەرخەتم) ( موریـدان) و مەنسوبان لێوان لێو هەرچەند شیعر ئامێزن بەڵام ئەدەبیان لیٚ دەباری شێوازی دەربـڕین نـەك هـەر پەروەردەییـە بـەڵکو لـەرووی دەرونزانییەو چاك و فرەزەندی و پەیوەندی خوێنی هاوتـای جـۆر پـڕ لـە خۆشەویستیە نموونە:

( نامەیەك بۆ مامۆستا مـەلا محمد ئـەمینی کانی سانان)

( ئەمینی)، چاوەکەم، نووری دوو چاوم

دوور لەتۆ بیٚ نوور، نووری دوو چاوم

هەتا بنووسم شەرحی هود ناوم

برینی ناسۆر جەرگی خوراوم

هەتا هەتایە بنووسم جەواب

هیجـران و شـەوقی جۆگـەو سـەراوم (١٢)

وەرزەکان لـەهۆنراوەکان دا وێنـەی ئاسـتە دەرونیەکەیـە بۆیـە شـێخی سـیراجودین نامۆیی و دابـڕان و خـەمی تێکـەڵ کـردووە وەك هونەرمەندێکی شارەزاو بلیمەت تا لـە کۆتـایی دا تـاك وێنەیـەکی ئەندێشەیی لـە تـابلۆی هـۆنراوە بەخـشینی دەروونـی پـڕ لەتام بوروژێنیٚ:

چـوون خـەزان زەردەن، چـوون خـەزان زەردەن

هەی هانا رەنگم چون خەزان زەردەن

چوون زمەی زەقووم هیجرانان وەردەن

وەختەن هەواڵم بەرا وە مەردەن

وەی ناڵە، وەی ئاخ، داخ و دەردەوە

سـەربنیەوەن وەپـای سـەنگی سـەردەوە (١٣)

برایـــەتی خۆشەویـــستی و هـــۆگری لەفەرهـــەنگی بـــیری خانـــەوادە نەقـشبەندییەکاندا زۆر بـێ هاوتایـە بەکێـشانەی خانـەوادەی شـێخانی تـر بـۆ شێخی سیراجودین لەگـەل شـێخ مـەولانا و شێخ ئەمینی برای هەمیشە بازاڕی نامە بـۆ یەکتر نووسیان گەرم بووە ڕوو لە فەلسەفە بە شیعر یەکتریان بەسـەر کردۆتـەوە بۆیـە ئـەم نموونـە فەلـسەفیە تێگەیـشتن لـە مەودای (قەزاو قـەدەر) ( هـات و نەهاتـە ) بڵنـدی مـەودای عـەقڵی شـاعیر پـێشان

دەدات:

ڕەزا وە قەزا ڕەویەی ژیرانەن
گەردن کەچ وە ئەمر حەییی سوبحانەن
ئەو وێنای دنیا گردی وێرانەن
بێ باڵ و سەرمەست شێری شێرانەن
دەی سا، سا پەی چێش تۆ دڵگیرەنی؟!
(١٣)

ئاستی شیکاری واتایی هۆنراوەکە ڕاپرسی شێخ مەولانایی برایەتی بۆ کارێك کە دڵی گران کردووە نزیکە قەزاو قەدەرە بەڵا ئەم ی پرسیارکەر لاواز بووە لەبەرەنگاری کردنیدا بۆیە شێخی سیراج الدین ئاوەها نمایش دەکات.

براله ئازیز، خۆ تۆ ژیرەنی
ئاگای لاڕەددەی لای تەقدیرەنی
عالم وە گەروش چەرخی تیرەنی
چەرخی چەپی واز بێ تەدبیرەنی
پەی چێش نە پەیجۆر دڵ زویرەنی (١٥)

مورشیدە نەقشبەندیەکان ئارەزوومەندی پاراستنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانن لەسەر ئاستی کۆی خەڵکی نەك هەر مورید و مەنسوبەکان بۆیە دەبینین هەمیشە ئەوان لە مرۆڤە سەرکردەکان دەژمێردرێت نموونەی ئەم بیرەمان جوانترین نامەیە بۆ شێخ مەحمودی حەفید:

بە ئەندازەی خولووصی تەلبی بوریان
بەقەد ئاهی دەروونی ساردی کوردان
بەقەد حەڕپی سەمموومی بەغدا
بەقەد بەفراوی شاخ و داخی کوێستان
سەلامی پڕ لە ئیخلاصم لە تۆ بێ
کە تۆی بۆ دەردی سینە دەرمان (١٦)

لەم کۆپلەیەدا زمان ڕەوشەکەی دەم دان لەفەلسەفەیە، کام فەلسەفە لە مورشیدێکی ڕۆحیەوە بۆ سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی وەك شێخی نەمر پەیامە شیعریەکە زۆر جەمسەر یەك دەخات یەکێ لەوانە پیشاندانی ئاستی چەوسانەوە و شپرزەیی باری دەروونی کوردان بەدوای ئەم بیرۆکەیەدا خوێندنەوەی کەش و هەوای ئەو جێگایە کە شێخی حەفید دوورە لە کوردستان لە شاری ( بەغدایە) ئەنجا بەرامبەری و هاوتایەك هەست پێدەکرێت لە هێنانەوەی ( ڕستەی بەقەد حەڕپی سەمموومی دەشتی بەغدا بەرامبەرەکەی دژی سموم حەڕپ ( بەقەد) ووشەی تەرازوی دووبارە بوویە بەلام تابلۆکە بووە بە " بەفراوی شاخ و داخی کوێستان" بەدوای دا ئاستی پەیامی کۆمەڵایەتی " سلاوەکە ڕەشوکی یە یان دڵسۆزییە یا چاندنی متمانەی دوو دڵسۆز دوو دوورە وولاتی نزیکە پەیامن.. هاوسەنگیەکەش لەوەدایە کە " شێخی سیراجەدین" شێخی حەفیدی کردووە بە شیفای بۆ دەردی سینەی کۆی نەتەوەی کوردان.

مەپرسە حاڵی زاری شیفتەیی من






مەپرسە دەردو ئێشی کۆنە زامان
چلۆن عەرزەی حەزینم عەرزی تۆکەم
هەر ئەو سووتاوەکەی عەشقم، بەقوربان
(١٧)

پرسیار وەلام گفت و ئەدەب لەنێوان شاعیرانی کلاسیك دا جۆرێکە لە پەیوەندی خودی کۆمەڵایەتی یان عیشق یان وەصف ی مرۆڤ یان سروشت بەلام لەم کۆپلە شیعرەدا ... شێخی هەورامان بە پەنامەکی ووشە لە شێخی حەفیدی ئەگەیەنێ کە " سیراجودینیش وەك تۆ ئەی شێخی گەورە حەفید" دەس و گیان و جەستە چزاوە بە حاڵی پەشێوی نامۆیی و خەمناکی لەتاو میللەتەکەی بەلام تۆ کوردستانی عێراقی من کوردستانی ئێرانیش دڵی سووتاندووم بێجگە لە ڕشتەی سۆفیان خاوەن کێشەو دەرد لە کۆی وولاتانی موسڵمانان دا.

بۆ ئەوەیە زیاتر یادەوەریەکان جوان بکات پەیامەکە تێکەلاوی جۆرێ لە قەسەمی سۆفیانە دەبێتەوە ... رووی مێژوویی شێخی حەفید جێگۆڕکێ لەگەڵ ڕووگەی قیبلەنوما دەکات هەرچەندە دڵیش برژاوەو سووتاوە بەلام هەر روو لەوە.

وەکوو قیبلەنومای ئایینەیی ڕووت
بە دایم ڕوو لە تۆیە قەلبی دورمان
سەر و ماڵ و دڵ و ڕۆحم نیشار بێ
ببینم ڕۆژێ ڕووت وەك جاری جاران (١٨)

شێخی هەورامان سەر و ماڵ و گیان بلاوە پێدەکات تەنها لەبەرئەوەی یەکجاری تر بەخزمەت هاوبیری خەم شۆڕشگێڕی دۆستی خۆی بگات.

دەوامی زامی دەروونم فەرموو چۆنە
بەهیجران بمکوژێ یا بێمە ئامان
کە صەفحەی زێڕی دڵ قاڵی وەفاتە
ئەبەد ژەنگی ڕەشی ناگرێ بەئاسان
(١٩)

شاعیر لەڕێگەی زمانەوە هەوڵ دەدات جیهانێکی پڕ لە جوانی و تاسە بەخش بونیاد بنێت لەناخی شتێکەوە بابەتێکی دیکە مسۆگەر دەکات و هەوێنی ئەو بابەتەش لەم هۆنراوەیەدا وەفایە وەك بابەتی شیعر ئەم بابەتە بەها و نرخی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە پێش کۆتایی هاتنی پەیامی هۆنراوەکە هەست بە جۆرێ لە باوەڕ و متمانەی هەردوولا دەکەین لەگەیشتن بەیەك ئەنجامدا سنووری بابەت لەم کۆپلەیەدا پەردەیەکە لەنامۆیی و چرۆیەکە لە دابڕان جۆرێك لەتاراوگەی خودی کۆمەڵایەتی ڕەخساوە .

کەچی مێژەرەکە زێڕی بیست و یەکی قاڵ بووە کە غەل و غەش قبوول ناکات لەوچوون و لێك چوونەکە بەجۆرێك داڕێژراوە ئەو دڵەی مورشیدی هەورامان کاری لەسەر ئەکا لەپاکی و خولوصیدا لەسەروو زێڕی قاڵ بووەوەیە زانا

ئایینیەکان پەیوەندی کۆمەڵایەتیان زۆر بەهێزبووە لەگەڵ ڕابەرە ئایینیەکاندا نموونەی ( خەتیبی سلێمانی ) کەناوی شێخ محمد عمر قەرەداغی و لەشێخە مەردۆخییەکانە لەسەر کوردایەتی دەربەدەر کراوە بۆ خوارووی وڵات دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ قەدەری خوا وابووە ڕابەڕێکی قادری هەولێکی بۆ داوە جارێکی تر بەزێدی باوباپیری شاد بۆتەوە پاش ئەمە کە دەروونی ساز بووەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەهێز کردۆتەوە ئەو سەردەمەش کە ساڵی ١٩٧٩ یە شێخی بیارەیش تەشریفی هێنابۆوە (بیارەی شەریف) نێوانیان هۆنراوەیەکە کە حەزرەتی شێخی سیراجەدین هێندە بەناسکی وەڵامی داوەتەوە هەست دەکەی دوو هاوبیری یەك سیمابن بەشێوەیەك هەستی دەربڕیوە بەرامبەر ئەو شێخە قەرەداغیە هەست ناکەیت کە نەقشی و قادری دووانەیەکی یەك ڕوو نەبن یان دووبرای دایك و باوکی نەبن بریا نەقشی و قادرییەکان وەك مێژوو لەسەرکردەکان بچوونایە وەکو شەرعی شەریف ئەفەرموێ " قبووڵ کردنی یەکتری بەیداخی هەموویان بووایە" با بزانین شێخی هەورامان چۆن یاری بە وشە دەکات لە نەخشانی تابلۆیەکی تێکەڵاو لە زەینی و ئەندێشەیی بۆ وەڵامە شیعر بۆ شێخ (محمد خەتیب) .

خەتیبی لەبیب، دۆستی باتەمکین
سۆفی گەیلانی و دەروێشی نەقشین
هەرساتێ دووریت لە گرە تا گەیلان
گێڵمێ شۆنتەرە (٢٠)، وەیلانە وەیلان
حەزرەت روفاعی بارۆ تۆ وەڵام
وەرنە جە دووریت پەردەی دڵ دڕیام
(٢١)

لە تەواو کردنی کۆپلەکەدا هەست دەکەین مورشیدی نەقشیەکان هەرچەند خۆی لەتاراوگەیە کەچی موژدە بەخشی دڵخۆشکەرەیە بۆ هەموو ئەوانەی لەگەڵ سۆزیا دێنە جۆش بۆیە لەتەواوکردنی کۆپلەی دووەمدا نەست و هەست نەترازاوە دەڵێت:

ئێمەت وە خارێ بێ مانا زانا
لوانی وەلای گشت زاناو دانا
تۆ گوڵ، ئێمە خار، زۆر باش بۆ یەکین
گوڵ بۆ گوڵ ناشێ ئێمە بۆت ڕێکین (٢٢)

بەدواییدا زمانی تەرخانکراوە وەصف لە ئەندازە بەدەر ئەودیوی بوونەو وەك وشە زایەڵەی مەرگی گومانە و وەك تابلۆیش بەبەزماری متمانەدا هەڵواسراوە و جوگرافیای شیعریش ئازادیی یە نەك فیدراڵی نموونەی تەواوکەر ئەمە دەسەلمێنێ:

تۆ شکور قەلبت تەقی و نەقی یە
بۆچ بگەڕێن بۆت تەکیە بە تەکیە
زەیتوونم ئاوا تەقدیم کرد بە دڵ







ئەر مام هەنجیریش ئەنێرم بۆ گوڵ (٢٣)

زۆر گونجاوە کە نێوان شاعیران هەمیشە پەردەی عیشقبازی ڕەوانبێژی بێ ئەگینا (تەقی و نەقی) ئەگەر یەکێك نزیکە پێغەمبەر نەبێت مەشرەبی کاملی سوونەت نەبێ خاوەنی تەواوی زمنیەت نەبێ خۆ ئەمەی ئێمە لەکوردستانا مارتن لۆسەر کینج نین بەڵکو صۆفییەکی خاوەن صەفای دڵن مورشیدێکی کامیل و موکەمەلن بەگوێرەی ئەو حەدیسەی کە ئەفەرموێ :

( خواو پێغەمبەرت خۆش بوێت بیرت دەس لەملانیان دەبێ) لەڕوویەکی ترەوە (زەیتوون و هەنجیر) دوو میوەی جیاوازن یەکێکیان ئاڵۆزی گەدە چاك دەکات ئەوی تریان بۆنی خۆش دەکات شێخی هەورامان بۆنە خۆشەکەی هەڵبژاردوە لەپێشدا چونکە بۆنی خۆش خۆشویستن مەودای ڕەوشتی پێغەمبەرانە هەنجیرەکەش بۆ داهاتووە بۆ گوڵ.

بەڕای منی لێکۆڵەر شێخی بیارە کە ( شێخ وەسمانی دووەمە) تەفسیرێکی بۆ تینوو زەیتوون کردووە لە سی و سێ لاپەڕە بەولاوەیە بەقەوارەی ناوەندی ڕەنگە خەتیبی سلێمانی خوازبێنی یەك دانەی کردبێ حەزرەتی شێخ لەبەردەستیا نەبووبێ بۆیە کلیلی تەقدیری عەقڵ لەم دێڕەدا دوو جەمسەرە بەلای ڕاستا زەیتوونە و بەلای چەپا هەنجیرە بەس عاقڵەکان تێ ئەگەن لەم تەکبیرە.

بەدوایدا حەزرەتی شێخی سیراجەددین وەك بەزمی سەرمەستان نیەتی خستۆتە سەر دەستان بە خەتیبی قەرەداغی دەڵێ:

مورادم شیعرەو سەجع و قافیە
وەرنە سەیری دڵ بۆتان کافیە
قەسەم* بە زەیتوون بە تینی* شیرین
شیرین تر لای من تۆی لەتین بەتین*
کە دڵ بۆ دڵان چرای ئایینە
چ حاجەت بورهان سوێند و ئاینە؟! (٢٤)

شیخی بیارە وەك سەرجەلانی خانەوادە پیرۆزەکەی لەوانەوە وەك بۆماوەیی و زانستی زمان و شانازی کردن بە ئەدەبی کوردییەوە لەسەر غەزەلێکی مەشهوری شێخ ڕەزای تاڵەبانی پێنج خشتەکیەکی هۆنیوەتەوە بۆتە کەمەربەندی باڵا سەرووی شیعرەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەفەرمووێ:

ای ذات تو بي مثل صفات تو کماهی
نە عین و نە غیر هر کە بگوید شدە واهی
ای عقل بر کنة تجلات تباهی
" ای ریزةخور خوان نوالت مەو ماهی"
" جودت چو وجودت ابدو لامتناهی" (٢٥)

ئەگەر لەسێبەری واتادا چاوی پێنووس وەنەوزێ بدات هەست ئەکا جیهانی ئەدەب سەراپا فیردەوسی چەشەیە فڵچەی وەصف خۆی ئارایشە ئەگینا چۆن خودێ

لە خەصڵەت و سیفاتا وەکو خۆی مانگ بۆی دێ بەچۆکا، بۆیە ڕۆژی عەقڵ هەڵدێ و بەرزەو سەربەرزە بەرۆژئاوا بوون کۆتایی نایەت، کەواتە بازنەکانی ڕووناکی خۆر لەگەڵ بازنەکانی ڕووناکی عەقڵ چوونەتە ناو یەك ڕەونەقی گەردوونی بیرن(٢٦) .

* قەسەم : سوێند خواردنە بەیەزدان
* تین: هەنجیر
* بەتین: بەهێز

شێخی بیارە لە شیعری فارسی (فرد) بۆ خوالێخۆش بوو شێخ ئەحمەدی شاکەلی جۆرە ڕازانەوەیەکی کردووە کە شێخی شاکەلی بە شەجەرە بردۆتەوە سەر ئەحمەدی موختار بەواتای فەرهەنگی شەجەرە نامەی خانەوادە ساداتی عەلەوی دەفەرموێ:

سلامی کز دل پاك و محب و هاتف دلدار
بران نور دو دیده، کان سمی احمد مختار
(٢٧)

پەیامی من سڵاوێکی پاك و بێگەردە بانگەوازە بۆ دڵدار، پەردە پۆشە بەنووری دوو چاوم بۆ یەکێ هەڵبژێردراو بێت بۆ نەسەبی خانەوادەی ئەحمەدی موختار* .

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە ئەنجامی ئەم خاڵانەی خوارەوە :.

١. شێخە نەقشبەندییەکان بەسەلیقە شاعیرن و زمانی شیعریان ڕەسەنایەتی پێوە دیارە و جیاوازی چینایەتی و نەتەوایەتی پێوە دیار نییە.

٢. بیر لە هۆنراوەکاندا وەفا و دۆستایەتی و خواناسی و یادەوەری لەخۆ دەگرێت .

٣. پێگەی وشە ڕۆنان بەحوکمی قۆناغەکان وەك سەرچاوەی بیری خانەقا و ئەهلی مینبەرانی مزگەوت هێندە پڕ تەشویقە بۆ هەموو زەمانێك دڵ تاسەی دەکات .

٤. ئەم بابەتە شیعرییەی کە ( چەپکە گوڵێ ) بوو دوای ساڵی ١٩٩١ زۆر نامەی تر کەوتونەتە بەرچاو بۆ چاپی دووەم لەلایەن جێگری خانەوادەکە ( کاك د. مادیح نەقشبەندی) جێگری حەزرەتی شێخی سیراجەدینی دووەم چاوەڕوان دەکرێت .

* یەکێك لە صیفەتە پیرۆزەکانی حەزرەتی پێغەمبەر (ص.ع) .

**پەراوێزەکان:**

١. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، ل ٢٥.

٢. جان بۆل سارتەر ، ما الادب، ترجمە و تعلیق د. محمد العنیمی هلال، ١٩٦١، ص ١٦.

٣. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا،





ل ٢٩.

٤. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، ل ٤٧.

٥. هسكل بلوك، الرؤية الابداعيه، ١٩٨٥، ص٨١.

٦. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، ل ٥٧.

٧. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، ل ٧٤.

٨. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، ل ١٠٦.

٩. منـذر عياشي، الخطاب الادبي واللسانيات النص، مجله المعرفه السوريه، العدد المزدوج، ص٣٠٠-٣٠١.

١٠. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، ل ١٦٧.

١١. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا، ل ١٦٧.

١٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٦.

١٣. هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٩.

١٤. هەمان سەرچاوە، ل ١٢٥.

١٥. هەمان سەرچاوە، ١٢٥.

١٦. هەمان سەرچاوە ، ل ٢٣.

١٧. هەمان سەرچاوە، ل ٥٣.

١٨. هەمان سەرچاوە، ل ٦٩.

١٩. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥.

٢٠. شۆنتەر: بەشوێن تۆدا

٢١. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٥.

٢٢. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

٢٣. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.

٢٤. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٦.

٢٥. هەمان سەرچاوە، ل ٢١٨.

٢٦. هەمان سەرچاوە، ل ٢١٨.

٢٧. هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٠.

سەرچاوە کوردییەکان

١. چەپکە گوڵێ لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی عبدالله مصطفی صالح فنائی،ساڵی ١٩٩١، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا.

سەرچاوە عەرەبییەکان

١. جان بۆل سارتەر ، ما الادب، ترجمة و تعليق د. محمد العنيمي هلال، ١٩٦١.

٢. هسكل بلوك، الرؤية الابداعية، ١٩٨٥.

٣. منذر عياشي، الخطاب الادبي واللسانيات النص، مجلة المعرفة السورية، العدد المزدوج، ص٣٠٠-٣٠١.



کاروان محەمەد فەتاح

# پێوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن،
# لە شیعری (بەرەو زەوییەکی دی)ی عومەر جەلالدا

(ئــەوەی شــوێنێکی ئــەدەبی پێمــان دەبەخشێت، هیچ شوێنێکی تر ناتوانێت پێمان ببەخشێت، واتا مەودای کاریگەری شوێنی ئەدەبی زۆرترە لە مەودای کاریگەری شوێنی بابەتی و واقیعی

**گاتسۆن باشلار**

پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن، پەیوەندییەکی بەهێز و پتەوە، واتا مرۆڤ گرێدراوی شوێنە، بەو مانایەی کە مرۆڤ لە شوێنێکدا لەدایک دەبێت و چاو هەڵدێنێت و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ژیاندا دروست دەکات. زۆر جار شوێن بۆ مرۆڤ دەبێتە مایەی نیگەرانیی و بێزاریی و نائومێدی و ڕەشبینی، بەتایبەتی لەو شوێنەی کە بوونەوەرێکی ئازاد و سەربەخۆ نییە و ئەزموونی مرۆڤبوونی خۆی ناکات، چونکە مانەوەی مرۆڤ لە شوێندا پەیوەستە بە ئازادییەوە، لێرەوە مرۆڤ و شوێن و ئازادی سێکوچکەیەک دروست دەکەن (مرۆڤ، شوێن، ئازادی) ماناداری ژیانی مرۆڤ لە پەیوەندی دروستی ئەم سێ چەمکەوە دروست دەبێت، چونکە تەواوکەری یەکدین و بەبێ یەکێکیان مانا بۆ دووانەکەی تر نامێنێت، ناکرێت مرۆڤ و شوێن هەبێت و ئازادی نەبێت، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە. بۆیە مرۆڤ نزیکەی هەمیشە کار دەکات بۆ ئەوەی بەرەو ئەو زەوییە بچێت،





کە تیایدا بوونەوەرێکی ئازاد و سەربەخۆ و ڕێز لێگیراوە.

شوێن ئاماژەیە بەو خاکەی کە مرۆڤ تیایدا بە ئازادی بەدوای خەون و خولیا و ئاواتەکانی خۆیدا دەگەڕێت. دوو جۆرە لە شوێنیش هەیە، یەکەمیان ئەو جوگرافیایەکی دیاریکراو و واقیعییە کە مرۆڤ لەسەری دەژی، دووەمیان شوێن و جوگرافیای تایبەتی ناخی مرۆڤەکان، لێرەوە ئەدیب بە گەڕانەوە بۆ ناو شوێن و جوگرافیای ناخ، خۆی جیادەکاتەوە لە مرۆڤێکی ئاسایی، چونکە گەڕانەوە بۆ ناو جوگرافیای ناخ کارێکی زەحمەت و ناخۆشە و لە توانای هەموو مرۆڤێکدا نییە، ئەوە ئەدیبەکانن دەتوانن ئەو کارە ئەنجام بدەن. شوێن کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئەدیب دادەنێت و دەبێتە ئیلهام و ژێدەرێک بۆ بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتی شوێنی منداڵی، کە سێبەرێکە لە ئەدیب جیانابێتەوە و تارماییەکە هەمیشە بە دواوەیەتی، بۆیە (جەمال غەیتانی) دەڵێت: ((لەم سەرزەوییە مرۆڤێک نابینینەوە، کە توند بە شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوونییەوە گرێ نەدرابێت، بەتایبەتی ئەدیبان، لەبەر ئەوەیە کە شوێن ڕەگەزێکی زۆر گرنگی کاری ئەدەبی پێکدێنێت *((.

ئەدەب ئەو شوێنەیە کە ئەدیب تیایدا دەتوانێت هەناسە بدات و دەست لە خەون و هیواکانی خۆی بدات و ئەزموونی ژیان بکات، چونکە لەوێدا ئازادی دەگاتە ترۆپک، هەمیشە ئەو شوێن و زەوییەی کە ئەدیب داوای دەکات و بۆی دەچێت، زەوییەکە هەموو شتەکان بە ئارەزووی ئەم ڕوودەدەن، ئەویش وەک ئاماژە کرا زەوی ناو ناخی ئەدیب خۆی، بۆیە ئەدەب هێندەی پرۆسەیەکی خوودییە بۆ قسەکردن لەگەڵ مرۆڤ، هێندە پرۆسەیەکی کۆیی نییە، کە گوزارشت لە خەون و ئاواتی کۆ بکات .

کاری ئەدەب بۆ خۆی دروستکردنی دونیایەکی تر و بنیاتنانی واقیعێکی نوێیە، واقیعێک جیاواز لەم واقیعە بەرهەست و وشک و بێ ڕۆحەی کە ناچارین تیایدا بژین. ئەو شوێنەش سەرزەمینێکی خەیاڵییە و لەنێو ناخی ئەدیبدا چێ دەبێت.

خوێنەر لە خوێندنەوەی کتێبی (سفری ئەزموون) ی شاعیر (عومەر جەلال) لە یەک کاتدا چاوی بە مرۆڤێکی تەنیا و نائومێد و دڵشکاو و بێزار و یاخیی و ناڕازی دەکەوێت و هەست بە بوونی مرۆڤێک دەکات، کە بۆ ئەوەی ئازار و غەم و بێزارییەکانی گەورەبوونی بشارێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ منداڵیی، ئەمەش هەڵگری ئاماژەیەکە، ئەویش کە مرۆڤ هەمیشە لە

منداڵیدا هەست بە خۆشحاڵی دەکات لە شوێندا، چونکە منداڵ لە شوێندا بە ئازادی هەڵسوکەوت دەکات، بەبێ گوێدان بەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دواتر لە گەورەبووندا شوێن بۆی دێنێتە پێش. لەگەڵ مرۆڤێك کە لەگەڵ خۆیدا لە جەنگێگی بەردەوامدایە و دەیەوێت شۆڕبێتەوە بۆ ژیانی تایبەتی خۆی و لەگەڵ ئەزموونەکانی خۆی ژیان بکات. هەر هەمان کات بوونەوەرێکی ناجێگیر و گەردوونی دەکەوێتە بەر دیدەی، کە نایەوێت تەنیا ڕەنگێگ ژیانی ڕەنگ بکات و گوێبیستی تاقە دەنگێگ بێت و بە شوێن و کاتێکی دیاری کراوەوە ببەسترێتەوە، بەڵکو هەمیشە لە گەڕاندایە بۆ دۆزینەوەی زەوییەکی تر و شوێنێکی تر، زەوییەکی جیاواز، کە لە هیچ زەوییەکی دی نەچێت، ئەویش زەوی ناو ناخی خۆی، واتا ئەم کتێبە تابلۆیەکە شاعیر چەشنی وێنەکێشێك بە ڕەنگەکانی تەنیایی و نائومێدی و بێزاریی و یاخیبوون و گەڕانەوە بۆ یادەوەری منداڵیی و گومان و گەڕانی بەردەوام کێشاویەتی.

کتێبە شیعرییەکە لە چەندین پارچە شیعر پێکهاتووە، من تەنیا لەسەر پارچە شیعری (بەرەو زەوییەکی دی) دەوەستم و هەوڵ دەدەم کۆدەکانی بکەمەوە و ناڕوونییەکانی ئاشکرا بکەم.

کلیلی کردنەوەی دەرگای نهێنییەکانی دەق بریتییە لە ناونیشان، بەو مانایەی کە ناونیشان یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە دەق و ئاشکراکردنی نیاز و مەبەستی دەقنووس، چونکە زۆربەی کات ناونیشانی دەق بەشی زۆری مانا و هەناوی دەقەکەی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە. )بەرەو زەوییەکی دی) ناونیشانی پارچە شیعرێکی کتێبی (سفری ئەزموون)ە، ئەم ناونیشانە هەم ئاماژەیە بۆ ڕەهابوون و ئازادبوونی شاعیر لە کۆت و بەندوباری زەوییەکی تایبەتی، هەم نیشانەشە بۆ دۆخی ناڕەزایی لای شاعیر، کە لەو بێزارییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەم زەوییە بۆی دروست دەکات، بۆیە لە گەڕانی هەمیشەییدایە بۆ دۆزینەوەی زەوییەکی دی، هەر ئەمەش کرۆکی ئەدەبە، واتا دروستکردنی زەوییەکی جیاواز لەو زەوییەی کە لە سەری دەژین.

شەڕ و جەنگ هۆکارێکی بنەڕەتین بۆ ناشیرینکردنی وێنەی شوێنێك، لە هەر شوێنێك جەنگ و کوشت و کوشتار هەبێت، ئەو شوێنە خاڵییە لە هەستی مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستی، شاعیریش تەنیا یەك ڕێگای هەیە بۆ دەربازبوون لە زەوی و شوێنێك، کە خوێن و ڕەنگی سوور تاکە ڕەنگن و





مرۆڤ بۆی نییە ڕەنگی تر ببینێت، ئەویش گەڕانەوە بۆ ناو قاوغی خۆی. ئازادی لەو زەوییە بەدی نایەت کە جەنگ کاری خۆی دەکات و مرۆڤ دەستی دەچێتە خوێنی سووری مرۆڤ. جگە لەمە زەوییەك کە خاڵی بێت لە هەموو ئازادییەکان و بەها باڵاکان و سەنتەربوونی مرۆڤ و سووکایەتیکردنی گەورە بە مرۆڤە جوان و هەست ناسکەکان بکرێت و ڕێز لە وشە و نووسینەکانیان نەگیرێت، زەوییەك کە جەلاد باڵادەستە و هەمیشە لە بۆسەی مرۆڤە جوانەکاندایە و دەیانکاتە قوربانیی، زەوییەك تیایدا ئافرەت بوونەوەرێکی ڕێز لێ نەگیراو بێت و بکوژرێت و کچانیش خۆیان بسووتێنن، شایانی ئەوەیە لێی هەڵبێیت، واتا ئەم زەوییە شایانی ژیانکردن نییە و مرۆڤ نایەوێت لەسەری بژی. شاعیر ڕێك لەم دۆخە ناڕازییە و هەڵدێت لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دەچێتەوە بۆ ناو خۆی و چیدی هەناسەدان لەسەر ئەم زەوییە بە پێویست نازانێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دەقەدا حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە بەدی ناکرێت، واتا تەنیا وەسفکردنی شتە بێزراوەکانی نێو زەوییە و هیچی دی، شاعیر لە ترسی هەموو ناشیرینییەکان هەڵهاتووە، نەیتوانیوە بەر بە شاڵاوی کردارە قێزەونەکانی مرۆڤ لە جەنگ و خوێن و ڕەنگی سوور بگرێت لەو زەوییەی کە شاعیر دەیەوێت بیگۆڕێتەوە بە زەوییەکی دی :

زەوییەك هێندەی دەریاکان خوێنی بەرهەم هێناوە

زەوییەك هێندەی وەرینی گەڵاکانی پایز ئافرەتی تێدا کوژراوە

هەموو ئاخێکی مرۆ هێمایە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم زەوییە

پێکەنین بە سوتانی شاعیرێك ئاماژەیە بۆ تڕۆکردنی ئەم زەوییە

خۆکوشتن تڕۆپکی سڕینەوەی زەوییە لە تەختەڕەشی فەرامۆشیدا

بێدەنگبوون لە جەنگ، بێدەنگبوونە لە تارماییەکانی دۆزەخ. ل١٧-١٨

جوانیی ئەم تێگەیشتنەی شاعیر بۆ شوێن و زەوی لەوەدایە کە ئەم زەوییەی نەبەستۆتەوە بە ناوێکی تایبەتیی و دیاریکراوەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی گەردوونی باسی لەم حاڵەت و بارودۆخە کردووە، کە هەر شوێنێك ئەم شتانەی تێدا ڕووبدات، ئەوا شایەنی ئەوەیە جێی بهێڵیت و لێی هەڵبێیت.

دواتر شاعیر دەمانخاتە بەردەم هاوکێشەیەك، کە پێی وایە مرۆڤ ئەو کاتە خۆی لەدەستدەدات کە لە زەوی و شوێنێکدا کەسێکی نائازاد و پەراوێزخراو

بێت، کەچی باس لە جوانییەکانی ئەو زەوی و نیشتمانە بکات، لێرەدا شاعیر سوودی لە حاڵـــەتی دژیـــەکی و پارادۆکـــسی وەرگرتـــووە(دۆڕان و شکـــست– گـــۆڕانی) هەڵبەتـە گۆڕانی هەمیـشە بـۆ سـەرکەوتن و بردنەوە دەگوترێـت، کـە شـاعیر ژیـانکردنی لەم زەوییەدا بە دۆڕان زانیوە :

چ دۆڕانێکە شکستخواردوو بیت و گۆرانی بـۆ ئەم زەوییە بێژییت
هێند پێم بەر گیای ئەم زەوییە کـەوت مـردم و زیندووبوومەوە
هێنـدە گوێبیـستی تراژیـدیا بـووم خەنـدەم بیرچووەوە
_ بـا_ وەك منـداڵیی بردمـی و بـە دێوانـەیی هاتمەوە!
-ئاو– وەك عەشق هێنـد گومـانی لا دروسـت کردم
کۆمبوومەوە بەئەندازەی بەرد،
-باران– بەو هەموو هێزەی شۆردمیەوە و لە بۆنی غەمی ئەم زەوییە پاك نەبوومەوە
کوشتن، میزکرنـە بـە رێساکانی ئـەم ژیانـە پووچە
خۆسوتاندن دواین گەمەیـە کچە تـەنیاکانی نیشتمان موعتادی بوون. ل١٩–٢٠.

شـاعیر (عومـەر جـەلال) کاتێـك دەیـەوێت بـــەرەو زەوییـــەکی دی بـــڕوات، هـــەموو شتەکانی ئەو زەوییە جێـدەهێڵێت، کـە بـۆ ئـەو هـەر مایـەی ئـازار و نیگـەرانیی قـووڵ بوون و هیچ شتێك لەم زەوییە کۆنە لەگەڵ خۆیدا نابات بۆ زەوییەکی دی، واتـا کاتێـك دەیەوێت بچێتەوە ناو نـاخی خـۆی هـەموو پەیوەندییـەکی خـۆی لەگـەڵ ئـەم زەوییـە دەپـــچڕێنێت و پـــەتی ئـــەو پەیوەندییـــە دەپسێنێت کە لەگەڵ زەویدا بەستوویەتی، لێـرەدا ڕێـك هـەموو شـتەکانی نێـو ئـەو زەوییەی کە تیایدا ژیاوە ئافەرۆز دەکات و لەگەڵ خۆیدا نایانبات بۆ زەوییەکی دی :

چ شـەرمە تراژیـدیا بـۆ زەوییـەکی دی بـە کۆڵ بەرم
ئەم زەوییە شەرمەزارییە بۆ کەسێك
بەرەو زەوییەکی دی بڕوات
من دەستپێشخەری ئەوانی دیم
یەکەم کەسم ئەم زەوییە جێدەهێڵم
یەکـــەم کەســـم کۆڵانـــەکانی منـــداڵیی جێدەهێڵم
پشت لەو زەوییە دەکـەم کـە تێیـدا ژیـام. ل٢٣–٢٤

گرنگی ئەم دەقە لەوەدایە کە شاعیر تـەنیا بەوەنـدە ڕازی نابێـت ژیـان لەسـەر ئـەم زەوییە ڕەت بکاتەوە و لێی هەڵبێت، بەڵکو ئاسۆی زەوییەکی تـر دەبینێـت، زەوییـەك کە مرۆڤەکان تیایدا وەکو منداڵ بـە پـاکی بـــژین و بـــە عەشـــق هەناســـە بـــدەن و







عاشـقبوون شوناسـی مرۆڤـەکانی نـاو ئـەم زەوییـــە نوێیـــە بێـــت. (منـــداڵیی و عاشقبوون)لەم دەقەدا هاوواتان، واتا منداڵ و عاشق لە سیفەتی (پـاکێتی)دا هاوبەشـن، ئەمـەش بـە ڕاسـتزانینی ئـەو وتەیەیـە کـە دەڵێـت: ((بـۆ ئـەوەی عاشـق بـین، دەبێـت منـــداڵ بینـــەوە.)) ئـــەم زەوییـــە نوێیـــە گوزارشـــتە لـــە نـــاخی شـــاعیر و ئـــەو دنیـــا تایبەتەی کە بۆ خۆی دروستی دەکات و لـە ناویـدا ژیـان دەکـات. شـیعریش پـێش هـەر شت پرۆسەیەکە گرێدراوە بە ناخی شاعیر و ئـــەو دنیـــا خوازەیـــەی کـــە بـــۆ خـــۆی دەیخوولقێنێت:

ئەز ، بوون و توانای خۆم کۆکردووەتەوە
زەوییەکی دیکە فەراهەم بکەم
زەوییـــەك وەك ئاسمـــان تـــەنیا منـــداڵیی لێ بژێت
زەوییەك وەك ئاو بەسادەییەوە بمبات
وەك شیعرێکی نەمر بەخوێندنەوەی تەمـەنم درێژتر بکات
زەوییەك بەبۆنی عەشق هەناسە بدەم!
شـــەونمی ســـەر گوڵـــە پـــەژموردەکان خواردنەوەی بەیانیم بێت
جێگەم لەناو باران ڕاخرابێت
خۆرئاوابوون دواین هاوڕێی تەنیاییم بێت
زەوییەك بۆنی خوێن و جەنگی تێدا نەبێت
ماڵەکانی لە گەڵا دروستکرابێت
مرۆڤەکانی شەهیدانی ڕێگای عەشق بن
چ بەخـــشندەییەکە لـــە زەوییەکـــدا بـــژیت جەنگی تێدا نەبێت!
چ ئاســـوودەییەکە لـــە ماڵێـــك بـــژیت تـــەنیا خەیاڵ و بۆنی یاری تێدا بێت. ل١٨–١٩

**سەرچاوە:**

**سفری ئەزموون، عومەر جەلال، چاپخانەی ژێنەر، ٢٠٠٩.**

***دلالة المکان فی ادب نجیب محفوظ/ مجلة اتحاد الکتـــاب/ عـــدد خـــاص (نجیـــب محفـــوظ ).**
**http://kenanaonline.com/users/enteg/posts/٩٨٣٠٧**



**چنوور نامیق**

# هەڵوەستەیەک لەسەر دەقی (زەوی بەردەبێتەوە)ی بێستوون مینە

**تازە بەتازە دڵم خۆشە دەڵێن**
**گایەکەی زەوی لەسەر پشت پیربووە**
**توانای زەوی هەڵگرتنی نەماوە**

کاتێ دڵخۆشی و ترس وراریی تێکەڵاو دەبێ لەلای مرۆڤەکان، ئەوە نیشانەی تێکچوونی شیرازەی ژیان و مەرگی هەرچی بەهای جوانە لەسەر زەمین ، وەکو ئەو زەمینەی لای خۆمان کە مرۆڤی جوانی تیا شاربەدەر دەکرێ و رۆژانە دەیان جار رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە و چاوشارکێی لەگەڵ دەکات.ئەو چاوشارکێ بەردەوامە گەمەیەکی ئەزەلییە کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵام و بارگاوی بەگومان ئەورووژێنێ ، گومان لەئەگەر و نەگەری لەناوچوونی هەموو چرکەساتە جوانەکان ، ئەو خۆشییانەی کە دوای مەحاڵبوون دێنە دی.کاتێ مرۆڤ خواستە مەحاڵەکانی دێنە دی و لە ترۆپکی خۆشیدایە،گومان،ترس لەوەی نەبادا با بە پێچەوانەی رەوتی کەشتیی ئاواتەکانی هەڵبکا و خۆشییەکانی لەناو بچێ.لەژمارە ٩٦ی گۆڤاری گزنگدا دەقی( زەوی بەردەبێتەوە)م خوێندەوە و گەیشتمە ئەو قەناعەتەی هەرچی داهێنانە لەلایەن مرۆڤەوە دەکرێ تەنیا چاوەڕوانیکردنی مرۆڤە بۆ هاتنی کاتی فەنابوون، ئیدی لەو ماوەیەدا هەرکەسەو بەجۆرێك رفتار دەکات ، واتە ئەفراندن و داهێنان رفتارگەلێکن لەئەنجامی بیرکردنەوە لەمردن و خۆ خەریککردنە بۆ لەبیربردنەوەی ئەو حەقیقەتەی کە ناوی لێ دەنێین فەنابوون یاخود نەمان.ئیدی هەیە دەبێتە هۆی گۆڕان و داهێنانی ریشەیی کە





گزنگ ٩٧



کاردەکاتە سەر گۆڕینی ریشەیی لە ژیانی مرۆڤەکان و زۆر پۆزەتیڤانە ئەکەوێتەوە. هەیشە لە پێناوی عەشقێکدا هەموو تەمەن بە نائومێدی دەباتە سەر، وەکو ئەوەی ئەو حەقیقەتە نەزانێ کە گەیشتن بە دڵخواز و تامکردنی ماچ و نزیکبوونەوەیان سیحری ئەو عەشقە بەتاڵ ئەکاتەوە و ئەیکوژێ.
کەواتە حەزی مرۆڤ بۆ زانینی راستییەکان و چەشتنی ئازار شتێکی غەریزییە بۆیە هەمیشە لە هەوڵو تەقەلادایە و هەمیشە پرسیاری لەلا دروست ئەبێ.بەڵام بەدەسهێنانی نەمری ئەوە نییە وەکو گلگامیش بەدوای گیای نەمریدا بگەڕێی نەمری ئەوەیە مرۆڤ لە دوای مردنی چیی لێ بەجێ دەمێنێ، لەیەکەم کۆپلەی دەقی زەمین بەردەبێتەوەدا دەبینین دڵخۆشی و ترس و گومان لەلای شاعیر تێکەڵەیەکە بۆ سەلماندنی ناخی وروژاو و ئەو بارودۆخە نائارامەی تەژییە بە گومان و ترس وا لەشاعیر دەکا تووشی جۆرێك لە بێهودەیی بێ.کە دەڵی :

**گایەکەی زەوی لەسەر پشت هەڵگرتووە**
**توانای هەڵگرتنی نەماوە**

ئەمە بۆ خۆی چەندین جۆری هەڕەشەی جیاوازمان بۆ دەردەخا کە مرۆڤ رووبەڕووی دەبێتەوە.یەکیان هێزی سەرووی سروشت و توانای مرۆڤە کە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵکردنی نییە، و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر مانەوەی مرۆڤەکان،ئەگەر بە شێوە زانستییەکەشی لە یەکی بدەینەوە ئەوە مەعلوومە کە هەسارەکەمان هەڕەشەی لەسەرە بەو کونەی کە لەبەرگی ئۆزوندا پەیدا بووە و کردارەکانی مرۆڤیش هۆکارێکی سەرەکین بۆ پیسکردنی ئەو ژینگەیە.کەواتە بێستوون حەقیقەتێکی تاڵی ورووژاندووە کە حەقیقەتێکی جیهانییە ،لێرەدا جاڕی بەجیهانیبوونی شیعر دەدا لەلایەنی هەڵبژاردنی بابەتگەلێکی زانستییەوە و داڕشتنی لەناو ژانرێکی ئەدەبیی وەکو شیعر و زۆر بە جوانی بەرجەستەی کردووە،کە رەنگە ئەگەر لە چیرۆکدا جێگەی بکردایەتەوە زیاتر پەلوپۆی بهاوێشتایە بەڵام ئێستاش و لەم دەقەشدا جوانی داڕشتووە. ئەمە جگە لەو هەڕەشە ونادادوەرییانەی کە مرۆڤە بەدەسەڵاتەکان

بەرامبەر بە مرۆڤە کەمدەسەڵاتەکانی ئەنجام دەدەن، ئەوە جگە لەو نادادوەری و نایەکسانییەی مرۆڤەکان کە دژ بەیەکتری ئەنجامی دەدەن،کەواتە نائومێدییەکی گەورە و راستەقینە لە دەسپێکی ئەم دەقەوە دەبینرێ،کە هیچ بوارێك ناهێڵێتەوە بۆ باسەکانی عەشق و وەفا و مرۆڤ تێیدا لە کێشەیەکی گەورەدایە کە چارەسەرکردنی لە سەرووی تواناکانیەتی ،کە ئەویش هێزی سروشتە،خەسڵەتی ئەم شیعرە ئەدەبی سروشتگەراییم بە بیردێنێتەوە،کە هێزەکانی سەرووی ئیرادەی مرۆڤ بەرجەستە دەکا.بۆ نموونە نوقمبوونی کەشتیی تایتانیك،کە دوو هێزی گەورە بەرجەستە دەکا ئەویش قەدەرە و هۆکارێکی تریش هێرشی شەپۆلە سەرشێتەکانە بۆ ناو کەشتییەکە کە بەهۆی تەکنەلۆجیاوەیە .جگە لەمەش تایتانیك دەرئەنجامی هەوڵی سەرمایەداری و دەوڵەمەندەکانە.بۆیە هەمیشە زریان و لافاو و بومەلەرزە و قەدەرو هەندێ جار ئاژەڵە دڕندەکان هێزگەلێکن لە سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤەوەن.لەلایەکی ترەوە بێستوون لەو دەقەدا حەقیقەتێکی زانستیی ورووژاندووە راستە زۆر بایەخی بە دروستکردنی وێنەی شیعری نەداوە ،بەڵام ئەو واقیعە زانستییەی وەبیری خوێنەر هێناوەتەوە کە زەویی ئێمە لەداهاتوودا هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەرە.کەمرۆڤیش رۆڵێکی نیگەتیڤی تێدا هەیە.وەك دەبینین لە کۆپلەی:

**خۆتان بگرن زەوی بەردەبێتەوە**
**فڕۆکەکان هەڵکەن**
**ئۆتۆمبێلەکان تووڕدەن**
**شەقامەکان بپێچنەوە**
**باڵەخانەکان ببەخشن**

شاعیر بەڕاشکاوی نەفرەت لە تەکنەلۆجیا و پیشەسازی وتەلارسازی دەکا کە دنیای تەنیوەتەو،ئەو باس لە وێرانبوون و مەرگێکی حەتمی دەکا ،بەوەی نە تەکنەلۆجیا و نەئامێر دادی مرۆڤەکان نادەن.ئەو چرکەساتانەی کەس فریای کەس ناکەوێ تەنانەت پێوەندیی نێوان دایك ومنداڵ و خێزانیش دەبچڕێ، هەر وەك ئەو دراما راستەقینانەی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ ی لای خۆمان .

بەکارهێنانی وشەگەلی وەکو (ئەستێرەو مانگ و رۆژ) بەمە شاعیر خەسڵەتی بەسیمبولکردنی بەکار هێناوە لە دەقەکەیدا،ئەو دەستەواژانە سیمبولی بەرزی و شتە بەنرخەکانی سروشتن کە هەمیشە بەلای مرۆڤەوە بەرز وپیرۆزن پێوەندییان بە ئاسمان و روناکییەوە هەیە و لەلای مرۆڤ هیمای خوا دەگەیەنن،کەواتە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە پیرۆزیی سروشت بەرجەستە دەکەن،کە ئەو شتانە لە جێگەی خۆیان نامێنن شاعیر جاڕی وێرانبوونی گەردوون و کۆتایی ژیان دەدا.





**لێرەوە من دەزانم زەوی و**
**ئاسمان تێکەڵ دەبن**
**من دەزانم ئەستێرە دەکەونە ژێر پێیان**
**شەق لەمانگ هەڵدەدرێ**
**رۆژیش گیانەڵایەتی**

شاعیر لێرەدا مەرگی رۆشنایی رادەگەیەنێ چوون مانگ وئەستێرە کە رەمزی پیرۆزییەکانی گەردوونن،ئەوە زانیمان ئاسمان تێکەلاوی زەوی بووە ،ئەدی زەوی بۆ کوێ بەردەبێتەوە،هەروەها نازانین ئەو بکەرە کێیە کە شەق لەمانگ هەڵدەدا.بەکارهێنانی دەستەواژەی نامەلمووس (مانگ،ئەستێرە)و تێکەڵاوبوونی بە زەمینی پیسبووی دەستی مرۆڤ،ترۆپکی نەمانی بەها ئینسانییەکانە،کاتێ ئەستێرە ژێر پێی مرۆڤ دەکەوێ،کاتێ شەق لەمانگ هەڵدەدرێ ئەوە رژانی رۆشنایی و کوێربوونەوەی سەرچاوەی داهێنانە،کاتێ رۆژ لە گیانەڵادایە ئەوە سەرەوەریی تاریکییە و راگەیاندنی مەرگی هەموو گیانەوەرەکانە.

دوا نوێژی شاعیر لەسەر پەڵە هەورێکدایە کە بەخۆی خەریکە کۆتایی دێ،ئەوەش دیسانەوە ئاماژەیە بۆ وشکبوونی ئاو کە (ئاو ئاماژەی ژیان و بەردەوامبوونە) کە دەڵێ:

**لێرەوە نوێژ لەسەر پەڵەهەورێک دەکەم**
**کە لەبێ بارانیدا گیان دەسپێرێ**

لێرەدا سروشت تێکڕا سەرقاڵی نواندنی درامای کاولبوونە،هەروەها شانۆیەکی زۆر فرەوان و پڕ سەخاوەتە بۆ بەرجەستەکردنی دوا ساتەکانی هەموو خولقێنراوەکان.

ئاوەژووبوونەوەی شتە نۆرمەڵەکان لە بەرچاوی شاعیر تا دەگاتە مرۆڤەکان و ئاڵوگۆڕکردنی تەمەن و شێوە و تایبەتمەندییەکانی تری مرۆڤەکان نیشانەی بەهەڵە بینینی راستییە راستەقینەکانە بۆیە شاعیر دەڵێ:

**لێرە دەبێ بەمناڵێکی سەر بێشکە بڵێم**
**باوکە دەمەوێ هەناسەیەک بدەم**
**بە کیژۆڵەیەک کە دوو کەزیی دروست**
**کردوون و**
**دەچێتە قوتابخانە**
**دەڵێم دایکە تینوومە**
**من لێرەوە لە مرۆڤبوون دادەچۆڕێم**

لێرەدا داخوازیی شاعیر بۆ دوو شتی گرینگ کە هۆکاری سەرەکیی ژیانن (ئاو و هەوا) لە دوو کارەکتەری ئاوەژووکراو ، و داچۆڕانی شاعیر لەمرۆڤبوون ،لە رقی ئەو هەموو نادادوەرییەیە کە هەموو شتەکانی ئاوەژوو کردووەتەوە، هەر بۆیە مناڵێکی سەر لانکی لێ دەبێ بە باوك و کیژێکی منداڵکاری لێ دەبێ بەدایك و داوای قومێ ئاوی لێ دەکات.هەروەها بینینی دایك لە کاراکتەری کچۆڵەیەکی بچکۆلەی سەرقاڵی زانست و فێربوونە ئاماژەیە بۆ ئەوەی

منداڵەکانی ئەم سەردەمە وەکو گەورە بیردەکەنەوە لە لایەکیشەوە گەڕانی شاعیرە بەدوای گەڕاندنەوەی خەسڵەتی بەرائەت بۆ دایك بە بەرجەستەکردنی لە کارەکتەری کیژۆڵەیەکدا.دنیابینی شاعیر وای لێ کردووە ناوی کەسایەتی ناودار تەوزیف بکات لەدەقەکەیدا ئەو کاتانەی کەبەرەو شێتبوون و بێئاگایی دەڕۆن لە حەشمەتی ئەو کۆتاییهاتنە تراژیدییە،ئەو کاتەی هیچ ئومێدێك نامێنێ بۆ هەوڵدان لە پێناوی مانەوەدا،بەڵام شاعیر باسی ئەو عاشقانەی نەکردووە کە بە دڵی خاڵی و چاوی هەڵواسراوەوە وشك هەڵاتوون ،ئەو چاوانەی وەکو ئەستێرە کوژاوەکانی تاقی ئاسمان کە بەتەمای بەربوونەوەن،ئیدی شەقهەڵدان لە مانگ و لە ژێرپێنانی ئەستێرەکان بەخۆی ئیلغاکردنەوەی سووڕی شەو رۆژە.باڵادەستی نائارامی وژیانی پڕ لە وەحشەت وزوڵمەت و تاریکییە کەهێمایە بۆ جەهل و نەفامی و سەپاندنی رووکەش وهەڵنانی شتە ناشایستەکان .بێهودەیی ودڵشکان ونائومێدی شاعیر دەگەیەنێتە ئەوپەڕی تووڕەبوون لەو کاتەی کە چەمکی تەکنەلۆجیا تەوزیف ئەکا کە چەندە زاڵە بەسەر هەست ونەستی مرۆڤەکان ،وەك دەزانین کۆمپیوتەر چی ئامێرێکی سوودبەخشە وپێویستییەکی گرینگی سەردەمە و هەموو کارێکی پێ ئەنجام ئەدرێ بەڵام دیسانەوە شتگەلێکی پێ ناکرێ کە پەیوەندییان بە کاری داهێنانی هەستەکی و سۆزدارییەوە هەیە بۆ نموونە شیعر و چیرۆك نووسین و دانانی پارچە ئاوازێك بەو ئامێرە تەکنەلۆجییە ناکرێ.بۆیە بەکۆنکریتکردنی هەستە جوانەکانی مرۆڤ لەگەڵ هاتنە کایەی ئەو ئامێرانە و تێکۆشانی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانیان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان مرۆڤی سەرقاڵ کردووە و وای لێ هاتووە بواری بیرکردنەوە وتێڕامان وتێفکرینی لەشتە رۆحییەکان نەماوە.بۆ نموونە

**عاشقان دەست بەتاڵ**

**گۆرانی بۆ رۆبۆتێک دەڵێن**

گۆرانی وتن بۆ رۆبۆتەکان نیشانەی کاڵبوونەوەی عەشقە کاتێ کەس گوێ لە عاشقان ناگرێ وهەست و سۆزیان پشتگوێ دەخرێ.کەواتە مرۆڤی ئەم سەردەمە توانای تێفکرین و لێوردبوونەوەی نەماوە لە جوانییەکان و هەمیشە ئامێر و هۆکارەکانی کارکردن سەرقاڵیان کردووە. تەنانەت گوزارشتکردن لە عیشقیش تەکنەلۆجییانە، جاران عاشقان تامەزرۆی زانینی هەواڵێکی یەکتربوون، دووری و چاوەڕوانیش تامی خۆی هەبوو، جاران لە ئەدەبیشدا بادی سەبا پەیامبەری نێوان ئەوینداران بوو، وەکو ئەو شاعیرەی دەڵێ:







**(ئەی بادی سەبا خۆم ببە سوودی نییە نامە**

**تەشریحی زەعیفی من و خەم نایەتە تەحریر)**

بەداخەوە ئەمڕۆ مەسیجی ئەلەکترۆنی لەزەتی ئەو چرکەساتانەی نەهێشتووە و مەودای نێوان عاشقانی کورت کردووەتەوە، ئەوینی کاڵ کردووەتەوە. ژیان بێ دابڕان و دوورکەوتنەوە هیچ تامێکی نییە، بگرە زۆر جار دابڕان و بەیەك نەگەیشتنی ئەوینداران دەبێتە هۆی نەمری ئەو عەشقە ناکامە. هەر وەکو لە داستان و ئەفسانەکاندا هاتووە ئەگەر لەیلا و مەجنوون و شیرین و فەرهاد بۆ یەکتر بوونایە نەدەبوونە رەمز و هیما بۆ بەرز ڕاگرتن و نەمریی عەشق. لەلایەکی تریشەوە لەو فەوزایەی کە شاعیر باسی بەئامێربوونی مرۆڤ دەکا مرۆڤ شکۆمەندیی خۆی لەدەست دەدا گۆرانی بۆ رۆبۆتێك دەڵێ کە موجەڕەدە لە هەموو هەستێك. کەواتە کەس گوێ بۆ کەس ڕاناگرێ ئا ئەمەیە قەیرانی هاوڕێتی و بێ متمانەیی لەنێوان کەسەکان.

شاعیر لەم دەقەدا بابەتێکی جیهانیی وروورژاندووە کە لەسەر بنەمای حەقیقەتێکی زانستی کە هەڕەشەیەکی گەورە و چاوەڕوانکراوە لەسەر بوونی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی.کاتێ شاعیر ئەگاتە ئەو قەناعەتەی کەس گوێ لەبۆچوونەکانی راناگرێ،ئەویش ناچارە لەناو دنیا تایبەتەکەی خۆیداو لەناو سروتی نووسینەوەی نادادوەرییەکان،قسەکانی خۆی بکات ، ئەو دەڵێ:

**منیش بەدەم نووسینەوە**

**شەقێک لەو زەوییەی بەردەمم دەدەم و**

**وردوخاشی دەکەم**

**دواتریش پارچەکانی دەخەمە ناو زبڵدان**

لەو شوێنەی کە رای تاك وەرناگیرێ رۆبۆتەکانیش کەسی تایبەتی خۆیان هەیە کە بەخواستی خۆی دەیجولێنێ ئەوەش کاری مرۆڤی خاوەن هەڵوێست وپەیام نییە،بۆیە شاعیرتەنیا لەناو دنیای نووسینی خۆی و بەرۆئیایەکی دنیابینانەوە راستییە تاڵەکان ئەورووژێنێ، ئەو تەنیا لەناو دنیاکەی خۆیدا کە نووسینە بۆی هەیە شەق لەو زەوییە هەڵبدا و وردوخاشی بکات و پارچەکانی فڕێ بداتە ناو زبڵدانی گەورەی ژیانەوە.



**ستار ئەحمەد عەبدولرەحمان**

# مەهدی ژیان و زەنگی ویژدان

**چاوەڕوانبووی**
**گەر لەسەفەر گەڕامەوە**
**لەگەڵ خۆمدا جیهانێکت بۆ بهێنم**
**پڕبێ لە گوڵەگەنم وهاژەی رووبارە یاخیەکان**
**پڕبێ لەبزەی هەتاوو تیشکی مانگ و ئەستێرەکان**

شاعیر لەسەر رێگای گەڕانەوەی لەسەفەرێکی پەیامهێنەردا،بەڵێنە جیهانێك لەگەڵ خۆیدا بۆ هاوخەمەکەی بهێنێت .پڕبێت لەخێرو خۆشی وبەرەکەت،گوڵ بدات لەبەرۆکی ئاسمان،لرفەی بێت لەدەنگی تاڤگە،شەپۆلی رووبارو دەریاکان.خەندەش بێت بۆ لێوی گزنگ، تریفەی مانگ وئەستێرەکان.دەیەوێت لەنیشتمانێکی بەندکراوو کۆت لەگەردنا کەباڵی پەپوولەی تێدا بەتاریکی شەو بەستراوەتەوە،باڵندەکان لەلانەی خۆیان دەرکراون، لەزەمەنێکا زەبروزەنگ زاری دەربڕینە، زەرنەقووتەکانی تێدا مل هەڵدەکێشن، خەون تێیدا یاساغە، چارەنووسەکان لەکێرد دەدرێن. بەباوەشێك بەهای جوان، شیرازەی کەسکەوە بگەڕێتەوە کۆشی دڵدارەکەی پڕ لەنوور بکات .

**ئەمە سەردەمی بەردینە**
**چۆن منالأنمان فێربکەین**
**شووشەی پەنجەرە نەشکێنن**
**ئەمە سەردەمی چەقۆیە**
**چۆن منالأنمان فێربکەین**
**سەری بێچووە کەناریەکان نەقرتێنن**

کۆمەڵێك پێرۆزی جێهێشتووە لەپێناویان جەنگاوە، لەسەفەرێکی عەشقا سەری ناوەتەوە، هەڵدێرەکان هەنگاوەکانی بەخوێن نوسیوە،جەردەکانی رێگا ویستوویانە.. لەبەها ئینسانییەکان دایانماڵن،لەسایەی دارێکا چاوی کردووەتەوە باوکسالاری تێیدا بالأدەستە، بەقۆزاخەی تاوان پێچراوەتەوە، بەزەبری بێدادی ناوکیان بڕیوە، لەدەلاقەی خوێنا ئا سۆی بینیوە، بەرواری ژیانی لەسەر گەلأی دارە نەفرەتییەکان تۆمارکراوە.

**ئەمە وەرزی لەدایکبوونی ئیبلیسە**
**لە باڵە ئاورێشمیەکانی فریشتەوە**
**خوێن دەبارێ**
**تەماشاکە هەر لەودیوی ماڵتانەوە**
**چۆن شاژنی شارەکەت بەردباران دەکەن**
**چۆن شەرم بووەتە فوارە**
**بەسەر نووکی پێڵاوەکانی مێژوودا، دێتەخوارێ**

دەیەوێت بە گژ لێشاوەکانا بچێت، دەستی چارەنووس هەڵبڕێ، پەنجەی رێکەوتە نالەبارەکان ببڕێتەوە، راستە لەزەمەنێکا دەژین،پەڕی هەڵۆمان پۆشیوە، دالأشی سەر جەستە رزیوەکانین، ئەوەی لەنیگایا روانگەی پەری دەخوێندرێتەوە، ناخی پێمەردەیەو لەنێو خەونە سوورەکا ندا گیانمان دەکێشێ .

**گەر دەفتەری چاوی گەشی ئەو منالأنە ببینی**
**کەهێشتا لەدایک نەبوون .**
**کتێبی مێژووە کۆنەکان بسووتێنە**
**تۆزی دەستی پاسەوانانی دۆزەخی لێنیشتووە**
**دەفتەری رۆژ ژمێرەکان بدەرە دەم رەشەباوە**
**خوێنی هیوای منداڵیمانی رشتووە**
**با ئەو لەتە ئاوێنانە کۆکەینەوە**
**کەروخساری شکاومانی هەڵگرتووە**



لەرۆژانێك بێزارە خۆزگەی پرشنگداری نە هێناوەتە کایەوە،لەشوێنەوارێك رەنجاوە بەری رەنجمانی تێدا دزراوە،بەگژ مێژوویەکدا دەچێت،بەرواری بوونمانی کردووە بەبەلاَو کەسەرێك وەکوو شێرپەنجە لەناخمان نابێتەوە، بۆیە سکالاَو رێنماییەکانی لەتوێی شیعرێکی قشتا دەکاتە پەیامێك لەسەر خوانی دڵخوازەکەیدا دایدەنێت، تێیدەگەیەنێت بۆ ئەوەی خواستەکانمان چرۆ بگرن، ساوای دڵنییایی و سەربەرزی لەدایکبێت پێویستە بڕوا بەبیرە گەندەڵەکانی مێژینە نەکات، پەڕتووکی مێژووە درۆو ئەفسانەکان بدڕێنێ،نیگای ئەو جەللادانە کوێرکاتەوە، دەمێکە خوێنی خۆمان،





زارۆکەکانمانی بەناڕەوا رشتووە،شاعیر داوا دەکات تێڕوانینمان بۆدونیای میهرو بەزەیی چڕکەینەوە،شتەکان بەجوانی و راستی ببین، جارێکیتر نەهێڵین دەستی بەدفەڕ فریومان بدات، دیلانی بەروارێکی نوێ سازبدەین،بۆ ئەوەی گەلاَی خۆزگەمان بێتە بەر ئەو خواستانەمان بێتەدی .سەردەمێکە خوازیاری درەوشانەوەیان بووین، پێویستە وەکوو هاوتەبایی خۆر،مانگ، ئەستێرەکان هەنگاومان رێکبخەینەوەو هەموومان تیشك، رووناکی بەیەکتری بگەیەنین،لەپێناوی یەك هەڵوێستدا مشووری هەنگاوەکانمان بخۆین

**تۆ پێم بڵێ**
**ئەم شارە چۆن لەژێر باڵی حیکمەتدا**
**لەدایک ئەبێ**
**ئەگەر خوێنی شارستانیەتی کیشوەرێک**
**بەشمشێری خورافاتدا تک ..تک..بتکێ**

شاعیر کۆمەڵێك وێنەی شیعریی و ئیحای جوان و مانابەخش دەکات بەکلدانی وشەکانی، بەبیری نوێ و هزری پێشکەوتووانە دیدەی رستەکانی رشتووە، وەستایانە مامەڵە لەگەڵ وشەو رەمزی دلگیردا دەکات، بڕوای بەجادووگەری چارەنووسە دەستکردەکان نییە، مرۆڤ بەهەڵوێست و هەوڵدان دەنرخێنێ ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە((هەر کەسێك تۆوێك نەچێنێ ..لاپەڕەی بێگەردی گوڵێك ناهێنێ)).

**ک.پاوستۆڤسکی**

# لیۆنکا لەدەریاچەی مالویە

**لەفارسیەوە: ئازاد نەجم**

ئێمە، بەهۆی نەخشەیەکەوە – کە لەسالآنی حەفتاکانی سەدەی رابردودا کێشرابو – بەرێدا دەرۆیشتین. لەگۆشەیەکی نەخشەکەدا نوسرابو: ( ئەم نەخشەیە، لەسەر بنەمای پرس و راوێژ کردن بە خەڵکی ناوچەکە دروست کراوە). ئەم راستگۆییە شتێکی دڵخۆشکەر نەبو بۆمان. ئێمەش پرسیارمان لەخەڵکی ناوچەکە دەکرد. بەلآم زۆربەی جاران رێنماییەکانیان نادروست بون.

(خەڵکی ناوچەکە)، ماوەیەکی زۆر، بەگەرمی دەیانکردە هات و هاوار، قسەی نەشیاویان بەیەکتر دەگوت و ناوی زۆر شوێنیان دەبرد.

رێنماییەکانیان هەمیشە بەم شێوەیە بو: ( هەرکە گەیشتنە جۆگاکە، بەرەو لای جەنگەڵەکە بسورێنەوە و لەوێ لەتەنیشت جادەکە، لەسەرەتای بنارە سوتاوەکەی جەنگەڵەکە، تا کەندەلآنەکە بچنەپێش، دوای ئەوەی لەکەندەلآنەکە تێپەرین، دەبێ راستەوخۆ بچنە سەر گردەکە، گردەکە لەوێوە دیارە، دواتر رێگایەکی سادەیە، لەوێرا بڕۆن تا دەگەنە دەریاچەکە).

ئێمەش بەدروستی بەپێی ئەو رێنوێنیەی ئەوان، دەرۆیشتین. کەچی هێشتا دەریاچەکەمان لێوە دیار نەبو.

ئێستا ئیدی بەپێی نەخشەکە دەرۆیشتین،






بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا، لەنێو قوڕی وشکەوەبوی زەلکاوەکەدا – کە ئیدی بۆ خۆی ببوە جەنگەڵێکی پڕ لەداری گچکە و بێهێز – رێگامان هەڵە کرد و ون بوین.

رۆژێکی وەرزی پایز بو. دەنگی خشە خشی گەلآ وشك و وەریوەکان، دەهات. دواتریش بارانێکی بەخوڕ باری، کەش و هەوایەکی ساردی هەبو.

دەوروبەری کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ، لەنێو زەلگاوەکەوە بەسەر گردۆڵکەیەکی بەرداویدا، کە گیا سورخسێکی زۆری لێ روابو ، سەرکەوتین. رۆژیش بەخێرایی خەریکبو ئاوا دەبو و تا دەهات دنیای تاریکتر دەکرد. لەژێر ئەو ئاسمانە گرژ و تورەیەدا، وردە وردە تادەهات دنیا تاریکتر دەبو. شەو نزیك بۆوە، شەوێکی تاریکی نێو زەلکاوی پڕ لە خشەخشی گەلآی وەریوی درەختەکان و چکە چکی دڵۆپە باران و هەستی تەنیایی و کەشێکی لەتوانای دان بەخۆداگرتن بەدەر .

هاوارمان دەکرد و پاشان گوێمان ڕادەگرت. لەوەلآمدا: ڕەشەبا، لەشوێنێکی دورە دەستی نێو جەنگەڵەکەوە، گفەگفی دەکرد و قیڕەقیڕی قەلەڕەشەکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. دواتر، لەوەلآمی ئێمەدا لەشوێنێکی ئەوسەری کۆتایی زەوی و زەلگاوەکان، هاوارێکی درێژ و لاوازمان کەوتەبەر گوێ. تادەهات دەنگەکە نزیکتر دەبۆوە، خشەخشێکی زۆریش دەبیسترا، دواتر لەنزیکی خۆمانەوە هەستمان بەدەنگەکە کرد.

کوڕیژگەیەك، لەنێو دارستانە چڕەکەوە هاتەدەرێ. تەمەنی، هەر نزیکەی دوانزە ساڵێك دەبو. پێلآوە کۆنەکانی بەدەستەوە گرتبون و بەپێخواسی و بەوریاییەوە بەسەر لق و گەلآ وشکەکاندا هەنگاوی دەنان. لێمان نزیك بۆوە و بەشەرمەوە سلآوی لێ کردین. پێکەنی و گوتی: گوێم لێبو یەکێك بەردەوام هاواری دەکرد، زۆر ترسام، چونکە لەم کاتانەدا هیچ کەسێك رێی ناکەوێتە ئێرە، تەنیا وەرزی هاوین نەبێ کە ژنان بۆ چنینی میوەی جەنگەڵ دێنەئێرە. بەلآم ئێستا لەم کاتانەدا هیچ میوەیەکی لێنیە، چیە؟ رێگاتان هەڵە کردوە؟

ئێمەش وەلآممان دایەوە: بەڵێ ون بوین.

کوڕیژگە گوتی: بەڵێ ئەگەر مرۆڤ لێرە زۆر وریا نەبێت بزربون شتێکی ئاساییە. پار هاوین، ژنێك بۆ کۆکردنەوەی میوە هاتبوە نێو ئەم جەنگەڵە و بزر بو، ئیدی ئەوەندەی بەدوایدا گەڕان نەیاندۆزیەوە، ئیدی ئەوەبو بەهارێ ئەمجار دیتیانەوە، تەنیا ئێسك و پروسکەکانی مابونەوە.

: ئەی تۆ لێرە چ دەکەی؟

کوڕیژگە، وەلآمی دایەوە: لێرە دەژین، لەدەریاچەی مالویە. بەدوای گۆلکێکدا

دەگەڕێم.

کوڕیژگە ئێمەی گەیاندە دەریاچەی مالویە. کاتێ بەنێو زەلکاوەکاندا تێپەڕین و گەیشتینە زەویەکی سفت و پتەو، بەترێکی شەو تێپەڕیبو، بەنێو ڕێگایەکی پڕ لەگژوگیادا دەچوینە پێش.

با، هەورەکانی بەرەو باشور ڕادەماڵی. ئەستێرەکان، لەسەروی لق و پۆپی دار سنەوبەرەکانەوە تروسکە تروسکیان بو. بەڵام وێنەیەکی ئاشنای ئاسمان، لەپشت لقە سیس بوەکانەوە، نامۆ دەهاتە بەرچاوان. تەنانەت بینینی ( ورچی گەورە*) ش کارێکی ئەستەم بو.

کوڕیژگە، دوای بێدەنگیەکی درێژ، گوتی: ڕاستیەکەی من بەدوای گۆلکدا نەدەگەڕام، ئەم قسەیەم هەر لەخۆمەوە هەڵبەست.

: ئەدی لەنێو ئەو جەنگەڵ و زەلکاوەدا بەدوای چیدا دەگەڕای؟

کوڕیژگە، وەڵامی دایەوە: ئەستێرەیەك داڕژا، پێری شەوێ لێرە، لەپشت تەپۆڵکەکەوە ئەستێرەیەك کەوتە خوارەوە، شەوێ لەناکاو لەخەو هەستام، دیتم مانگاکەمان — مانکا — خۆی ڕادەپسکێنی و هار بوە و دەبۆڕێنێ و قۆچ دەوەشێنێ، دەتگوت گورگ چۆتە نێو هۆڵەکە. منیش خێرا چومە نێو حەوشە و ویستم بزانم چی ڕویداوە؟ لەناکاو بینیم شتێك لەئاسمانەوە بلێسەی دا، سەیرمکرد بینیم نەیزەکە، بەنزمی بەسەر ئاسمانی جەنگەڵەکەدا دەکشا، لەولای جەنگەڵەکەوە کەوتە خوارێ، وەك فڕۆکە دەنگی دەهات.

: ئەگەر دۆزیباتەوە چیت لەو نەیزەکە دەکرد؟

کوڕیژگە، وەڵامی دایەوە: دەمبردە قوتابخانە، دەبێ تاوتوێ بکرێ، ئەرێ ئێوە نازانن ئەستێرە لەچی دروست بوە؟

ئیدی بەڕێگاوە گفتوگۆیەکی باشمان لەبارەی ئەستێرەکان و کەرت بون و دابەش بونی ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەوە، کرد.

لای نیوەشەوێ، گەیشتینە سەر دەریاچەکە. ئەستێرەکانی ئاسمانی ئەو شەوە پایزیە، خۆیان لەنێو ئاوی دەریاچەکەدا نمایش دەکرد و ورینجەیان دەدایەوە. چەند کوختێکی چکۆلە، لەکەناری دەریاچەکە بون. جگە لەیەکێکیان – کە ئاگری چرایەکی کزی تێدا دایسا – ئەوانی تر هەمویان تاریك بون.

کوڕیژگە لەدەرگایدا.

ژنێك، بەتوڕەییەوە لەژورێڕا گوتی: هەی شەیتان، تا ئێستا لەکوێ دەگەڕای؟ تەنیا لەهیچ و خۆڕایی پێڵاوەکانی خۆت دەدڕێنی.

کوڕیژگە، وەڵامی دایەوە: نا دایە گیان پێڵاوەکانم دانابون.





دەنگی ترقە ترقێك، لەکلۆمی دەرگاکەوە هات و دەرگاکە کرایەوە، ئێمەش بەکوێرە کوێر خۆمان بەژورێدا کرد.

بۆنی پوش و پەڵاش و شیری تازە لەژورێ دەهات. ئیدی ئەوشەوە لەماڵی کوڕیژگەدا — کەناوی لیۆنکا زۆێف بو —ماینەوە و لەگەڵ باوکیدا، کە پیرەمێردێکی کەم قسە بو و چاویلکەیەکی لەچاودا بو، جگەرەمان کێشا و بەتەنیشت سۆبەکەوە لەسەر پوش و پەڵاشەکە ڕاکشاین.

دەنگی سیسرکە لەنێو حەوشەکەش دەنگی قرخە قرخی خەوتنی مریشکەکان دەهات.

لای نیوەشەوێ لەخەو هەستام گوێم لە دەنگێکی ژنانەی بەهێز و تونـد و لەهەمان کاتیشدا غەمگین بو کە کۆپلەیەکی ئاشنای ئۆپێرای ( بی بی پیك) ی دەچڕی، نەوای سەدان تاری ئۆرکێسترا، دەنگی دەدایەوە. ئەستێرەکان، لەودیو شوشەی تەم گرتوی پەنجەرەکەوە، دەلەرزین. سیسرکەکەش بەبیستنی ئەم ئاوازە، وازی لە سیڕە سیڕ هێنا و بێدەنگ بو.

دایکی لیۆنکا، لەسەر سەکۆی نێو ژورەکەوە، گوتی: دەنگی ئەم ڕادێویە هەراسانت ناکا؟ ئەمە لیۆنکا خۆی دروستی کردوە، پێموایە ناهێڵێ بنوی؟ من نازانم چۆن دەکوژێتەوە! ناچارم لیۆنکا هەستێنم.

: نا پێویست ناکا، لێی گەڕێ بابنوێ.

ژنە گوتی: بەڵام ئێمە بۆخۆمان حەزمان لێیە — لێرەدا بڕێك دەنگی ئارامتر بوە — زۆر حەزمان لێیە بزانین ئاخۆ گۆرانیەکانی مۆسکۆ چۆنن؟ هەم لێل و ناڕۆشنن هەم غەمگین و شادی بەخشیشن، هەرچەندە بەدرێژایی ڕۆژێ حەجمینم نیە، بەڵام جاری وایە تا کەڵەبابی بەیانی دەقوقێنێ، چاو لێك نانێم.

ئیدی بێدەنگ بو.

پێدەچو کە لەو کاتەدا زەردەخەنەیەك هاتبێتە سەر لێوی — گوتی: هەمو ئەمانە کاری لیۆنکان، هێند بزێوە دەیەوێ هەمو شتێك بزانێ، چۆتەوە سەر باوکی.

لەژنەکەم پرسی بۆ باوکی چۆنە؟

ژنە پرسیارەکەمی دوبارە کردەوە: سیمۆن چۆنە؟ سیمۆن لەساڵی ١٩١٨ وە ئەندامی حیزبە. هەمو شتێکی هەر بۆ خەڵکە ... ئامادەیە پاروی دەمی خۆی بکاتە دەمی خەڵکەوە و بۆخۆیشی خۆی بەکتێبان تێر بکا.

لای بەربەیان لە سەربردەی ژیانی سیمۆن زۆێف، ئاگادار بوین. لەسەردەمی لاویەتیدا لەکارخانەی ڕستن و چنینی (لیسۆف)، لەشاری (ڕیازان)، کاری کردوە و کە لەو سەردەمەدا بەباشترین کارخانەی شار ئەژمار دەکرا. جل و بەرگی بۆ پارێزگار و ئەفسەران و نوێنەران و پارێزەران دەدوری. پارێزەرەکان جل و بەرگی

تایبەت بە خۆیان دەویست و زۆێفیش شریتێکی ئاوریشمی بەپانتۆڵەکانیانەوە دەدوری. سەرەنجام بەهۆی ئەو کارەوە چاوەکانی توشی گرفت بون، ئەو کارە حەوسەلە و توانا و وردبینیەکی زۆری دەویست.

لیسۆف، پیرەمێردێکی خواناس بو، ڕوخسارێکی مەیلەو سەوزی — کەدەتگوت ڕۆنی چرایە — هەبو. ڕۆژ تا ئێواریٚ سەرگەرمی خوێندنەوەی کتێبی ئاینی یان کتێبی ( مێژوی ولاتی ڕوسیا) ی (کارامزین) بو. هەزار ڕۆبڵی بۆ نوسین لەسەر چەندین پارچە تابلۆی چەدەنی تەرخان کرد، کورتەیەك لە (مێژوو) ە کەی کارامزینی لەسەر تابلۆیان دەنوسی و پاشان بەدیواری ماڵەکانی نێو گەڕەکە پڕ لە تۆز و خۆڵەکانی شاردا هەڵیدەواسی. لەژێر هەموشیاندا نوسرابو: بڕوانە کتێبی (مێژوو) ی کارامزین، بەرگی ئەوەندە، لاپەڕەی ئەوەندە.

سیمۆن گوتی: من لە کتێەکانی کارامزینەوە دەستم پێکرد و لەکۆتاییشدا کەوتمە خوێندنەوەی وتارەکانی (لینین). دەکریٚ بلێی کە بانگەوازی لینین، تەنانەت لەدورەدەست ترین شوێنی تەریك کەوتو ولاچەپەکدا بەهێز و کاریگەیەکی گەورەوە خۆی دەچەسپێنیٚ. ئەگەر مرۆڤ شەویٚ بەرهەمێکی بخوێنێتەوە، ئەوا بەیانی بیٚ دودڵی، ناڕازیە و دێتە سەر شەقام. تۆز و خۆڵ، قازەکان بەرەو لای جۆگە ئاوەکان دەچن، دیواری دوکانی مەشروب فرۆشیەکە بە (لاك*) سور بوە، دەنگی ناقوس لەکلیساکەوە دێتە بەرگویٚ، سواڵکەرەکان بەوپەڕی خۆ بەهەق زانینەوە لەسەر کۆبیکێك دەیکەنە هەرا و یەکتر دەدەنە بەر گۆچان. بەکورتی ئیدی ئەمە ڕوسیای سەردەمی دەقنانوس بو، بەلاٚم وتەگەلێکی تازە، بەوێنەی بلێسەیەکی نور، لەبارەی ئایندەیەکی هاوشێوەی خۆی لە مێشك دایە. سمیۆن، دوای سەرکەوتنی شۆڕش، هاتبوە ئەم گوندە کەناریە و لەکەناری دەریاچەکە کوختێکی بۆخۆی دروست کردبو. کەوتبوە ئاوەدان کردنەوە و پاك کردنەوەی بەشێکی زەویە جەنگەڵیەکە، ئیدی ئێستا پێنج خێزان لەکەناری ئەم دەریاچەیەدا دەژین.

سبەی بەیانی، لیۆنکا تا سەر جادەیەکی گەورە ڕێنمایی کردین.

خۆری سپی بەسەر جەنگەڵەوە — کە سەرتاپا ڕوت ببۆوە و گەلاٚی دارەکانی هەڵوەریبون — دەدرەوشایەوە. بەهۆی ڕوناکیە ساردەکەیەوە، گەلاٚ هەڵوەریوەکان و سپیدارە کەوتوەکان، دەبینران. هەرکاتیٚ بایەکیش هەڵیکردبا، گەلاٚی دارەکان چەشنی بارانێکی بەخوڕ بەسەرماندا دەبارین. دوای چەند ڕۆژێك،





لیۆنکا بە هانکە هانك و بەپەلە خۆی گەیاندەوە ئاواییە چکۆلانەکە و پارچەیەکی بچوکی تیژ و سوتاو و دوکەلاٚوی (ئەستێرە کەوتوەکە) ی بەدەستەوە بو. ئەو پارچەیەی لەوسەری تەپۆڵکەکەوە هێنابو. ئیدی لەوکاتەوە لەگەڵ لیۆنکادا بومە ئاشنا، حەزمدەکرد لەگەڵیدا بەنێو جەنگەڵەکەدا بگەڕێم. ئەو، تەواوی کون و قوژبن و کوێرەڕێگاکانی نێو ئەو جەنگەڵە چوڵە، شارەزابو و هەمو جۆرە گیایەك و بنەبنچك و ئاشنە و خارچك و گوڵەکان و دەنگی هەمو باڵندە و دڕندەکانی دەناسی.

لیۆنکا، یەکەمین کەس بو — لەنێو ئەو سەدان کەسەی کە دەمناسین — کەپێی گوتم : ماسی چۆن و لەکویٚ دەخەویٚ؟ دار کاژە کۆنەساڵەکان چۆن گوڵ دەکەن و جاڵجاڵۆکە بچوکەکان چۆن هاوکات لەگەڵ باڵندە کۆچەریەکاندا لەوەرزی پایزدا کۆچ دەکەن؟. ئەو پێی گوتم کە جاڵجاڵۆکەکان خۆیان لە تەونی خۆیانەوە دەپێچن و کاتێکیش بایەکی بەهێز بەرەو باشور هەڵدەکا، خۆیان دەدەنە دەم ئەو بایە و سەدان کیلۆ مەتر دەیانبات. لیۆنکا، دو بەرگی لە کتێبێکی ( کایگۆردۆف) ی نوسەر هەبو، لەئەنجامی خوێندنەوەدا پەڕپوت ببون، بێهودە هەوڵی دەدا لەنێویاندا لە نهێنی کۆچی ساڵانەی جاڵجاڵۆکەکان تێبگا. لیۆنکا دەیگوت: (تەنیا لەشتێك تێناگەم، جاڵجاڵۆکە خۆی بچوکە، بەلاٚم ئەگەر ئەو تەونەی کە دروستی دەکات، کۆبکرێتەوە چل بەقەد قەبارەی خۆی دەبێت.

لیۆنکا، بۆئەوەی هەمو ڕۆژیٚ بگاتە قوتابخانە، دەبوایە دە کیلۆمەتر ڕێگا ببڕیٚ. لەتەواوەی ئەو زستانەشدا تەنیا دو ڕۆژ نەیتوانیبو بچێتە قوتابخانە، ئەویش لەئەنجامی ئەو بەفر و زریانەدا بو کەهەتا ئاستی سوانەی خانوەکە باری. بۆخۆی هیچ کات حەزی نەدەکرد ئەمەی وەبیرکەوێتەوە، شەرمی دەکرد.

لە وەرزی زستاندا کاتیٚ لیۆنکا لەماڵیٚ وەدەر دەکەوت، دنیا تاریك بو، ئەستێرەکان لەسەرمان دەلەرزین. گەلاٚی دارکاژەکان خشەخشیان دەهات. بەفر لەژێر پێیدا کرتەکرتی دەکرد و دڵی توند دەبو: نەکا گورگەکان گوێیان لیٚ بێت. گورگەکان لەگەڵ هاتنی وەرزی زستاندا دەهاتنە کەناری دەریاچەکە و لەژێر کۆمای گژ و گیاکاندا دەژیان.

لەهەموشی ناخۆشتر کۆتاییەکانی وەرزی پایز بو، ئەوکاتانەی بەفر لەئەنجامی بارینی بارانێکی زۆردا نەرم و شل دەبۆوە و سەرجادەکانی دادەپۆشی و بایەکی بەهێز هەڵیدەکرد و سەرما جەستەی مرۆڤی دەبەست.

لیۆنکا، هاوینانیش لەگەڵ دایکیدا زەوی دەکێلاٚ و بێستانی دەکرد و گیای

دەدورییەوە.
سمیۆن کاری پێنەدەکرا، لێدانی دڵی ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبو، ڕەنگی دەگۆڕا و کۆخەیەکی وشك و درێژخایەن، پڕزەی لێ بڕیبو. ناولەپی دەستی بەسینگی خۆیدا دێنا و دەیگوت: (نەژیانم هەیە، نەئەوەشە بمرم، ئەم ژیانە جاڵجاڵۆکەییە کوشتمی. دەرکەوت کە درەنگ شۆڕش کرا، هەرچیەك بێت گرینگ نیە، لیۆنکا هەر کارێك بێت لەبری من دەیانکات).

* * *

لەگەڵ لیۆنکادا پەیمانی دۆستایەتیمان بەست، زۆر کتێبم لەمۆسکۆوە بۆ دەنارد. هەمو ساڵێکیش لەوەرزی پایزدا گەشتێکم بۆ ئەو لادێ بچوکە کەناریە، دەکرد، ئیدی خوم بەم گەشتە ساڵانەیەوە گرتبو.
هەمیشە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو خۆم بەماڵیاندا دەکرد، لەنێو ئەو بێدەنگیەی جەنگەڵدا دەڕۆیشتم، جگە لەباڵندەی نێو جەنگەڵ، لەگەڵ هیچ شتێکی تردا بەرەو ڕو نەدەبومەوە، مێرگوزارە دڵگیرەکان و پێچ و بادانەوەکانی جادە پڕ لە گژ و گیاکە، بەتەواوی شارەزا ببوم. هەمو دار کاژەکانی قەراغ جەنگەڵەکەم دەناسیەوە، لیۆنکا فێری کردبوم ئەو شتانەم خۆش بوێت.
هەمیشە سەروەختی تاریك و ڕونی ئێواریێ، ئەو کاتانەی ئەستێرە ڕەنگ پەڕیوەکان، پێشبینی شەوێکی ساردیان دەکرد و پێدەچو بۆنی دوکەڵ خۆشترین بۆنی دونیا بێت، خۆم بەماڵیاندا دەکرد.
بۆنی دوکەڵ، لەنزیك دەریاچەکە و لەنێو کوختێکی گەرم و پڕ لەباس و خواسی گەرم و شادی بەخش و گلەییە شیرنەکانی دایکی لیۆنکا و جێگا خەوێکی لە پوش و پەلاش سازکراو و دەنگی جیڕجیڕە و شەوانی بێ کۆتایی، کە من لەو شەوانەدا لەغەوغای تارەکان، لە موزیکە دڵگیرەکانی (بتهۆڤن و ( ڤێردی) – کە لورەی لەرزۆکی گورە برسیەکانی کپ دەکرد – لەخەو هەڵدەستام.
هەرجارێ لیۆنکا لەکوختەکە دەهاتە دەرێ وپێشوازی لە من دەکرد، شەرمی دەکرد خۆشحاڵی خۆی دەربڕێ، تەنیا بەتوندی دەستی دەگوشیم.
دواتریش پێکەوە ماوەیەکی باش لەبارەی ئەو کتێبانەی کە خوێندبومانەوە و لەبارەی بەرهەم و داهاتی ساڵانە و ئەو کەسانەی کە زستان لەجەمسەری باکور گیریان خواردبو و لەبارەی خۆرگیران و ڕاوی مارماسیەوە، دەکەوتینە گفتوگۆ.
ئێمە بابەتی زۆرمان هەبو بۆ قسە کردن.
سمیۆن، دوبارە لەبارەی گەنجێتی خۆی و ئەو خوێندکارانەی کە بڵاو کراوە نهێنیەکانیان دەبردە ڕیازان، دەکەوتە قسە کردن. بەم شێوەیە دۆستایەتی ئێمە







پتەو تر دەبو. من لەهەر شوێنێك بوایەم، دەمزانی سەرەتای پایز دەبێ بەرەو ئەو سەرزەمینە جەنگەڵیە بگەڕێمەوە. دەگەڕێمەوە و لیۆنکا و سمیۆن دەبینم و بەم شێوەیە و بەژیان کردن لەگەڵ ئەم خەڵکانەدا زیاتر و زیاتر هەست دەکەم کە ژیان ساڵ بە ساڵ باشتر دەبێ.
هەرچی زیاتر هەست دەکەم کەڕۆژانێك بەڕێگاوەن کە تیایدا نائاگا دەبیستم چۆن جەنگەڵ لەژێر گڤەی ڕەشەبادا دەنگی هاشە هاشی دێتە بەرگوێ، چۆن کانیاوە ساردەکان لەژێر چڵە ئاشنەکان دەیکەنە زەمزەمە، لە نرخ و بایەخی ڕاستەقینەی کتێبەکان و بیرکردنەوە و هاوڕێیەتی کوڕێژگەیەکی دێهاتی – کە سێ ساڵە ئارەزوی لەوەیە بێتە مۆسکۆ و میترۆ و کرملین و فیلی زیندوی نێو باخچەی گیانلەبەران ببینێ – تێدەگەم.
هەمو ساڵێك، کاتی گەڕانەوە، لیۆنکا بەڕێمدەکا. ئەمساڵیش هەر بەو شێوەیە بو. ترێنێکی باریك، کەخەڵکی ناوچەکە ناویان لێناوە ( پیرە بارگیر)، بەنێو جەنگەڵەکەدا دەخشێ.
باریکەڕێیەکان و دیمەنە ڕازاوە و ئەرخەوانیەکانی جەنگەڵە چڕەکە، لەبەردەمماندا دەکاتەوە. لەیەکێك لەم باریکە ڕێیانەدا، دروست بەتەنیشت ڕێگا ئاسنەکەوە، لیۆنکا ڕاوەستاوە و کڵاوە لێواردارەکەی باوکی بەدەستەوەیە و ڕایدەوەشێنێ. لۆکۆمۆتیڤ، هاوارێکی تورەی لێ بەرزبۆوە. بەڵام لیۆنکا پێکەنی و هاوارێکی بۆ کردم و گوتی: چاوەڕوانت دەبم، من لەبارەی هەموشتێکە نامەت بۆ دەنوسم و تۆش لەبیرت نەچێ کتێبەکەی (براهام) م بۆ بنێرە. تاماوەیەکی زۆر هەر لێمەوە دیاربو، بەڕوخسارێکی جوانەوە، بەنێو جەنگەڵە چڕ و شێدار و (گەس) ە پایزیەکاندا، بەدوای شەمەندەفەرەکەدا ڕایدەکرد. ئەو ڕایدەکرد و جانتا پڕ لەکتێبەکەی ڕادەوەشاند و زەردەخەنەیەکی بێگەرد و شەرمنانەی دەدا بەڕوی من و خۆر جەنگەڵەکان و تەواوی دونیادا.
(ورچی گەورە*) یەکێك لەوێنە فەلەکیەکانی باکور.
(لاك*) شلەیەکی ڕەنگ سورە، لە هیندستان لە هەندێك دارەوە دەستیان دەکەوێ.

سەرچاوە / نامە / نولهای معاسر شوروی / ترجمە / گامایون / بنگاە نشریات پروگرس / موسکو.



ئەلبێرتۆ مۆراڤیا

# گاڵتە لە کەشێکی گەرمدا

و: حوسێن عەلی

بۆ هەڵاتن دوور لە ماڵەوە لەوەرزی هاویندا ئارەزوویەکی بەدخویانەم تووش دەبێت، لەوانەیە هۆی ئەوە ئەوە بێت چونکە من هێشتا لاووم و لەگەڵ ژیانی هاوسەریەتیدا نەگونجابم. کاتێک پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە دەبینی لە ماڵی دەوڵەمەندەکان و بۆ ئەوەی ئەو هەوا ساردەی شەو لەنێو ئەو ژوورە پان و بەرینانەدا کە ئاوێنەی گەورە و ئەو زەمینەیەی تارمایی پەردەکانی پێوە دیارە و پارچە کەلو پەلی ناو ماڵی بۆیە کراوی بریقەداری تێدایە و ئەو ڕۆشناییەی کە لەنێوان پەردەکانەوە دێتە ژوورەوە تێدا بمێنێتەوە کەسانێک هەن پەنجەرەکان دابخەن. هەروەها هەموو شتێک لە شوێنی خۆی دەبینی، پاک و بریسکەدار. تەنانەت بێ دەنگی هەستی ساردی و حەوانەوە دەنێرێتە دەروون. ئەگەر هەستت بە تینوێتی کرد کەسانێک هەن بادەیەکت لە گوشاوی لیمۆ یاخود پرتەقاڵ لەسەر





قاپێکی کریستاڵ پێشکەش بکات، تەنانەت ئەو پارچە سەرهۆڵە بلووریانە کە بەر ئەم لاو ئەولای بادەکە دەکەوێت بە نیگا کردنیان بووژانەوە و هەست بە ساردی دەنێرن.

بەڵام لە ماڵی هەژارەکاندا، کار جیاوازە، لە ڕۆژی یەکەمی وەزەوە گەرمادێتە ناو ژوورە تەنگ و بچووکەکانی بۆ ئەوەی تا تەواو بوونی وەرز تێیدا جێ نشین بێت تەنیا ئاوی بەلوعەی چێشتخانەکەی کە وەک شۆربا گەرمە بۆ خواردنەوە هەیە. لە ژوورەکاندا بە هەموو شتێک سەرسم دەدەیت، بە کەلو پەلەکان، جلکەکان، بەو ئامرازەی لەم لاو لەولا هەڵواسراوە وەک قەوارەی زیادی کردبێت، وا دیارە و لەوانەیە بەسەرتدا بکەوێت.

هەمووان لە چەشنی رووتدان تەنیا جلکەکانی ژێرەوەیان لەبەردایە، و بە جەستەیانەوە نووساوە کە بۆنی ئارەقەی لێدێت، و ئەگەر پەنجەرەکانت داخست یەکسەر هەست بە خنکان دەکەیت چونکە ڕێگەت لە هەوای شەو گرت پەلی بهاوێژێتە سەرانسەری ئەو دوو سێ ژوورەی کە هەر یەکەیان لە شەش کەس زیاتری تێدا جێ نشین بووە، و ئەگەر کردتەوە یەکسەر تیشکی خۆر لێت دەدات هەروەک لە شەقامەکەدا بێت و بۆنی میتاڵی گەرمی بە ڕەنگی سوور ڕەنگ کرا و ڕێگری ژەنگ و بۆنە ناخۆشەکانی تر سەرەڕای تۆز و خۆڵ دێتە ژوورەوە.

کاتێک پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە بە دوای ئەوە دا خوو ڕەوشتی خەڵکی نزم دەبێتەوە، مەبەستم ئەوەیە لاسار دەبن. پیاوی دەوڵەمەند ئەگەر ڕێکەوت کەسێک وەڕزی کرد دەبینی شوێنەکەی خۆی جێ دێڵێ و بە ئاسانی دەچێتە لایەکی تری خانووەکە یاخود ژوورێکی تر. بەڵام خەڵکی هەژار وەکو ماسی ساردین لەنێوان پارچەی کەلوپەلی ناو ماڵ و قاپی چەور و جلکی پیسدا لە دەوری یەکتری کۆبوونەتەوە، و کاتێک دەماریان گرژ دەبێت تەنیا ئەوەندەیان لەسەرە ماڵەکە جێ بهێڵن. لە ڕۆژێکی وەکو ئەم ڕۆژە گەرمانە شەڕێکی ڕاستەقینەم لەگەڵ گشت ئەندامانی خێزانەکەدا بوو لەگەڵ هاوسەرەکەم چونکە شۆربایەکی زۆر گەرم و سوێری پێشکەش کردم، لەگەڵ براکەیدا چونکە لایەنی خوشکەکەی گرت کە بە پێی بروای خۆم بە تایبەتی کە بێ کارەیە و وەک بارێکی گران لەگەڵ ئێمەدا دژێت دەبوو ئەوەی نەکردبایە، و لەگەڵ خوشکی هاوسەرەکەم چونکە بەربەرەکانی لەسەر من دەکرد، و ئەمەش بێزکردنەوەمی بزواند لەو کاتەوەی زانیم بۆ دەرخستنی

خۆشەویستی بۆ من و نازو لارو لەنجە کردن بوو، و لەگەڵ دایکمدا چونکە هەوڵی دەدا بارەکە هێور بکاتەوە، و لەگەڵ باوکم چونکە نارەزایی خۆی دەردەبڕی و دەیویست بە هێمنی و بەبێ ئاژاوە خواردنەکەی بخوات، و تەنانەت لەگەڵ کچە چکۆڵەکەمدا کە دەستی کرد بە هاوار و فرمێسک ڕشتن، لەبەر هەموو ئەم هۆکتوپڕانە هەڵستامە سەر پێیان و بۆ ئەوەی چاکەتە هەڵواسراوەکەم بە پشتی کورسییەکەوە هەڵگرم، بە ئاسانی پێم وتن: (گوێم لێبگرن... لە هەمووتان بێزار بووم و ئێستاش تا کۆتایی ئۆکتوبر ماڵ ئاوا... تاوەکو زستان).

بە خێرایی لە ماڵەکە چوومە دەرەوە و هاوسەرە بەستەزمانەکەم بە دومدا ڕایدەکرد و هاوار دەکات و لەسەر پلیکانەکانەوە دەپاڕێتەوە (زەڵاتەی خەیارەکەی داوات کرد بوو بۆم کردیت).

بە پلیکانەکاندا بە خێرایی چوومە خوارەوە. وەڵامم دایەوە کە لەگەڵ براکەی بیخوات.

شەقامەکەم بڕی و بەبێ ئاگایی پردە ئاسنینەکەی کە دەتگەیەنێتە بەندەری ڕوبارەکەی شاری (ڕۆما)

کاتێك گەیشتمە سەر پردەکە کاتژمێر دووی نیوەڕۆ بوو، لای لەمپەرە ئاسنینەکە وەستام، دەستی چزاندم ڕوباری (تێبەر) بە ڕەنگی قوڕ بوو بەنێوان شۆستەی بەندەرەکەدا دەڕۆیشت و ئەمباری گاز و کورەکان لە پەیکەری بینایەکی سووتاوی دەکرد. بەڵام لاقی سایلۆ و ئەو بۆڕیانەی بۆ ئەمباری سووتەمەنییەکان درێژ دەبوونەوە و کۆڵەکەی تەزووی کارەبا بەری ئاسۆیان دەگرت. هەموو ئەمانە وای لێدەکردی وابزانی لە شاری ڕۆژمای پایتەختدا نیت، بەڵکو لە یەکێ لە شارە پیشەسازییەکانی سەروویت.

ماوەیەك وەستام، ڕوانیمە ڕووباری تێبەری بچوکی ڕەنگین قوڕ، چەند کەشتییەك چیمەنتۆی کردبوو لای شۆستەکە لەنگەری لێدابوو.

کاتێك بیرم کردەوە چۆن وەك بەندەری جەنەوا و ناپۆلی کە کەشتی لە هەموو قەوارەیەك لەنگەری تێدالێ دەدات چۆن بەم شوێنەش دەڵێن بەندەر نەمتوانی نەخەنم.

هەر دەبوو ئەم شوێنە جێ بهێڵم و بچمە شوێنێکی تر بتوانم ژەمێك ماسی برژاوی لێ بخۆم و چێژ لە دیمەنی دەریاکە وەربگرم. دواجار چوومە لایەکەی تری پردەکە و ڕوە و زەوییە کراوەکە و ئەو لا دوورەی لە ڕووبارەکە.

هەر چەندە من نزیك ئەم ناوچەیە دەژیم لەوە پێش ڕۆژێك بۆ ئێرە نەهاتووم و لە ڕاستیدا نەمدەزانی بۆ کوێ دەڕۆم. بە ڕێگەکەدا ڕۆیشتم کە بەسەر زەوییەکی ڕووتدا درێژ دەبێتەوە، و زبڵ بەسەر هەردوو لایدا بڵاو دەبێتەوە، ڕێگەکە قیرتاو کرابوو بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو بووە ڕێگەیەکی خۆڵ، و زبڵ تەپۆڵکەی دروست دەکرد. ئەو کات بە تەواوی هەستم کرد ئاڕاستە بوونم هەڵە کردووە و ئەم شوێنە جێگەی کۆکردنەوەی زبڵی شاری ڕۆمایە بە گشتیی.

لێرەدا گەردیلەیەك سەوزایی نابینی و ئەوەی دەیبینی تەنیا کاغەزی پیس و تەنەکەی ژەنگاوی و پاشماوەی خواردن و شتی ڕوخاو و دارو پەردووی بۆن ترشە لۆك.

دوای ئەوەی هەستم بە نائومێدی کرد، و لەکاتێکدا لەم دوو دڵییەدا بووم و لەبەر ئەوەی هاندەرێکم نەبوو بۆ پێشەوە بچم و هێشتا ئارەزووی گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە نەبوو، لەو کاتەدا و لە پڕ گوێم لە یەکێك بوو هاواری دەکرد (پش... پش). دەنگێك وەك پشیلە بانگ بکات وابوو. بۆ ئەمەی بزانم ئەو پشیلەیە لە کوێیە وەرچەرخام، چونکە دەبێ ئەم پاشماوانە بۆ پشیلەی بەرەڵڵا شوێنێکی لەبار بێت. بەڵام چاوم بە هیچ پشیلەیەك نەکەوت. وا بە خەیاڵمدا هات ئەمە ئاڕاستەی من کرابێت، ڕوانیمە سەرچاوەی دەنگەکە لەوێ ئەو کۆخە بچکۆلەیەی کە بنمیچەکەی لە تەنەکەی ئاسنی پەلپەلاوی کە کەوتۆتە دوای کۆمەڵە پاشماوەوە پێك هاتووە، کاتێ گەیشتم نەمدی.

کچکولەیەکی لێ بوو هەشت ساڵی تەواو نەکردبوو، لەبەر دەرگەکە ڕاوەستابوو ئاماژەی بۆ دەکردم بچمە ژوورەوە، نیگای ڕووخساری پیسم کرد، پەڵەی ئەرخەوانی لەژێر چاوەکانیدا بوو هەر لە ژنێکی بە تەمەن دەچوو. قژی سەری بە پووش و پەڵاش داپۆشرابوو، وای لێکردبوو هەر لە پشیلە بچێت.

تەنیا کیسێکی گوێنی کە لە هەر چوار لایەوە کونی تێکرابوو هەردوو لاق و دەستی لێوە هاتبۆ دەرەوە جەستەی داپۆشیبوو. لەو ساتەی ویستم بکشێمەوە، وتی:

– تۆ پزیشکی؟

– نە، بەڵام بۆچی؟ ئایا تۆ پێویستیت بە پزیشك هەیە؟

– ئەگەر پزیشکی وەرە دایکم نەخۆشە.

هەر چەندە نەمدەویست خۆم بە پزیشك دانەنێم چوومە کۆخەکە، لەسەرەتادا هەستم کرد کە چوومەتە یەکێك لە کۆگای فرۆشتنی شتی کۆنی بەکار هێنراو، هەموو

شتێك بەدیوارەکاندا هەڵواسرابوو یاخود لە بنمیچەکەوە شۆڕ ببۆوە، جلك، پێڵاو، گۆرەوی، قاپ و اچاخی ماڵی، مەنجەڵ، تاوە، پاش ماوەیەك زانیم کە ئەم شتانە بۆیە بە دیوار و بنمیچەکەوە هەڵواسراون چونکە کەلوپەلیان نییە.

لە کاتێکدا سەرم نەوی کردبوو بۆ ئەوەی بەر ئەو شتە هەڵواسراوانە نەکەوێت بە دووی ڕێگەیەکدا دەگەڕام بگەمە لای ژنە نەخۆشەکە، کچۆڵەکە ئاماژەی بۆ کۆمەڵێك پەڕۆی کۆن لە گۆشەی کۆخەکەدا کرد (تەفرەدان بە ڕووخسارییەوە دیاربوو)، کاتێك لەو شوێنەی ئاماژەی بۆ کرد وورد بومەوە، زانیم کە ئەم کۆمەڵە پەڕ و پستاڵە شڕو پڕە بە چاوێك لێی دەڕوانیم لە کاتێکدا چاوەکەی تری بە تیسکێکی قژی سپی داپۆشرابوو.

سەرەتا لەو دیمەنە بێ هۆش بووم، لە پیرێ ژنێك دەچوو، بەڵام بە خێرایی ئادەمیزاد بۆی دەرکەوێت کە لاوێکی بچکۆلەیە و کاتێك نیگای کردم بە هێمنی وتی:

– کە واتە بەم شێوەیە دووبارە بە یەك دەگەینەوە (کچۆڵەکە دەستی بە پێکەنین کرد هەر وەك ئەوەی دەیبینێ دیمەنێکی شانۆگەری بزوێنەر بێت، ئینجا بە چیچکانەوە دانیشت یاری بە هەندێ بووکە شووشەی بەتاڵ بکات).

– لە ڕاستیدا من تۆ ناناسم... ئەم کچۆڵە بچکۆلەیە کچی خۆتە؟

– هەڵبەتە کچمەو هەروەها کچی تۆشە. (کچۆڵەکە سەری نەوی کرد و دەستی بە پێکەنین کرد تەنانەت من وام هەست کرد کە ئەمە جۆرێکە لە گاڵتە و گەپ).

– باشە، لەوانەیە کچم بێت بەڵام لەوانەشە کچی پیاوێکی تریش بێت.

(لێرەدا هەوڵی دا هەستێتە سەر پێیان و بە پەنجە ئاماژەی بۆ کردم و هاواری کرد):

– نە، هەی سووکی بێ نرخ کچی تۆیە و کچی کەسێکی تر نییە... ترسنۆکی لەبەر بەرپرسێتی خودزەرەوە... ئەمە تۆی. (کچۆڵەکە بۆ ئەم هاوار و ئەم وشە نزمانە پێکەنینی زیادی کرد هەروەك لە سەرەتاوە چاوەڕوانی ئەمە بووبێت، لەو پەڕی بێزاریدا بووم وتم):

– کاتێك قسە دەکەیت ئاگاداری خۆت بە... پێش تۆزێك پێم وتی ناتناسم.

– تۆ؟... نامناسی؟ ها... تۆ نامناسی بەڵام هەموو جارێك دەگەڕێیتەوە ماڵەوە... ئەگەر نامناسی کەواتە چۆن ماڵەکەت دۆزییەوە؟ (کچۆڵەکە بە دەنگێکی نزم و بۆ چەند جارێك لە بەر خۆیەوە دەیووتەوە. ترسنۆکی خۆ دزەرەوە، بەهۆی کەشی خنکێنەر و شڵەژانەوە و لەوانەیە بە ترسیشەوە لەلایەکی ترەوە ئارەقەم لێدەچۆڕا).

– ڕێکەوت وای لێکردم لێرەوە تێپەڕم...

– ئا، بەڵێ ڕێکەوت، هەی گێلی هەژار... (ڕووە و کچۆڵەکە وەرچەرخاو فەرمانی دایە و پێی وت – جانتاکەم بدەرێ – و بە جووڵەیەکی شەنگ لە شوێنێکی بنمیچەکە جانتایەکی ڕەشی پیسی ڕاکێشا و دایە دایکی، کاغەزێکی لە جانتاکە دەرهێنا کە دەڵێت):

– ئەمە بەڵگەنامەی هاوسەریەتیمانە... ئەلڤێرا بڕۆیتی و ئەرنیستۆ رابیلی... خۆتی لێ گێل دەکەیت، ئەرنیستۆ رابیلی. (بە ڕاستی ئەمجارە بێ هۆش بووم، بە ڕاستی ناوم ئەرینستۆیە... بە ڕاستی هەستم بە نائارامی کرد).

– بەڵام ناوم رابیلی نییە. (کچۆڵەکە بە دەنگێکی هێمن گۆرانی دەووت – ئەرنیستۆ ئەرنیستۆ – لەو کاتەدا دایکی بە پێیانەوە وێستا، سەرەڕای قژە سپییەکە و ڕووخسارە خڕ و کەم شۆخی و نەمانی ددانەکانی دەتوانی وای دانێت کە تەمەنی لە ٣٠ ساڵ زیاتر نییە).

– ئۆە، کە واتە تۆ رابیلی نیت؟ (ئەمەی وت و لێم نزیك بۆوە و بە ڕومدا هاواری کرد و نیگای ڕووخساری دەکردم):

– تۆ رابیلی، من لەبەردەم خوداوەند و خەڵکیدا سوێند دەخۆم تۆ رابیلی.

– ئێستا زانیم... تۆ باش نیت... ئەگەر ڕێم بدەیت دەڕۆم.

– ساتێك چاوەڕێ بکە... بەم خێراییە نا (ئینجا لەسەری ڕۆیشت) ئەرنیستۆ. ئەرنیستۆی پرشکۆ... کە لە هاوسەرەکەی دوور کەوتەوە و ساڵێکە لە ماڵەکەی هەڵاتووە و نەگەڕاوەتەوە... ئایا بە درێژایی ئەم ماوەیە بەبیرتا نەهات من و ئەم مرۆڤە چۆن دەژیایین.

– نازانم و نامەوێ بزانم... ڕێم بدە بڕۆم.

(ئەوەم بە ڕەقی وت بەڵام ئەو ڕووە و کچۆڵە کە ڕۆیشت و بە ڕوویدا هاواری کرد و وتی):

– پێی بڵێ... پێی بڵێ چۆن دەژیایین... بە باوکت بڵێ (کچۆڵەکە بە دەورماندا دەخولایەوە و گۆرانی دەووت و وەڵامی دایەوە):

– بە خێر پێ کردن... بە خێر پێ کردن. پێویستە دان بەوەدا بنێم بە شێوەی جیددی دەستم کرد بە شڵەژان (چۆن هەموو ئەمە ڕێکەوت)، ناوەکە ئەرنیستۆیە و ئینجا هەڵاتنم لە ماڵ و ئینجا ڕاستییەکەی تر کە ئەویش دوور کەوتنەوەمە لە هاوسەر و کچۆڵەم پێش تۆزێك، ئەمەش بووە هۆی هەستێکی نامۆ،

و کاتێك تێبینی دوو دڵی کردم بە ڕوومدا هاواری کرد:

– تۆ باش دەزانیت ئەو پیاوانەی لە ژن و منداڵەکانیان دوور دەکەونەوە چییان بەسەر دێت؟...

زیندانی کردن... هەی کەم لێم تێدەگەیت؟... زیندانی کردن... (وبێ ئەوەی هیچ شتێك بڵێم ترسێکی زۆرم لێ نیشت، وەرچەرخام بچمە دەرەوە و لەنێو دەرگەکە ژنێکی لاوازم دیت سەرەڕای هەژاری جلکێکی لەباری پۆشیبوو، پێش ئەوەی بەشڵەژانەوە پێمان بڵێت نیگای کردین:

– ئاوری لێمە دەرەوە... هەر پیاوێکی پێ بگات بڕوای وایە مێردەکەیەتی.. ئەم جاشولکەیەش کاتێك دەبینێ دایکی هاوار دەکات و تووشی جۆرێك لە شێتی دەبێت تەنیا بۆ ئەوەی پێبکەنێت هەرچی لێرەوە ڕەت دەبێت فێڵی لێدەکات بێتە ماڵەوە.

(ئینجا ئاوری لە کچۆڵەکە دایەوە بۆ ئەوەی بڵێت: تۆ هەی جادوکەری ناشرین ڕاوەستە تابتگرم... (دەستی بەرز کردەوە زللەیەکی لێبدات بەڵام توانی خۆی لێ لابدات و خۆی لەلێدانەکە بپارێزێت و بە دەورماندا سەمای دەکرد و پێدەکەنی و دەیووت):

– ڕاستت کرد وانییە؟... ڕاستت کرد و ترسایت... ترسابویت... ترسابویت.

(ژنە لاوازەکە بە میهرەبانییەوە وتی):

– ئەلڤێرا... ئەم پیاوە هاوسەرەکەت نییە. (وەك بەڕاستی ڕازی بووبێت دڵنیابوو، وەرچەرخا و جەستەی هاوێژتە ئەو گۆشەیە، دوای ئەوە ژنە لاوازەکە چووە پشت کۆخەکە و وتی):

– من شتێکی بۆ دروست دەکەم بیخوات... بە ڕاستی بەخێر پێکردن دەژین بەڵام وەك دەڵێت هاوسەرەکەی هەڵنەهاتووە... بەڵکو مرد. (ئەوەی گوێ بیستی بووم دڵنیای کردم وە سەد لیرەیەکم لە گیرفانم دەرهێنا و دام بە کچۆڵەکە و بێ ئەوەی بڵێت سوپاس وەریگرت، ئینجا کۆخەکەم جێ هێشت و ڕووە ڕێگە قیرتاو کراوەکە هەنگاوم دەنا و لەودیوە بۆ پردەکە، و بۆ ماڵەوە گەڕامەوە.

پاش ئەو گەرمایەی کۆخەکە، چوومە ماڵەوە کە چوومە ژوورەوە دیتم هەروەك بچمە ئەشکەوتێکی سارد و ڕوانیمە ئەو کەلوپەلە کەمەی هەمانە وام بۆ دەرکەوت پێوانە بەو بزمارە دا کوتراوانەی کە ئەو مرۆڤانە جلکە شرەکانیان پێدا هەڵواسیوە شتێکی زۆر بەشکۆیە.

لە چێشتخانەکە و لەسەر مێزەکە (کە پاك کرابۆوە)، هاوسەرەکەم زەڵاتەکەی دانابوو





دەستم کرد بە خواردنی بە نانەوە، چاودێریم دەکرد وێستابوو قاپ و کەوچکەکانی دەشۆری خۆم پێ ڕانەگیرا، هەستامە سەر پێیان بۆ ئەوەی پشتی ملی ماچ بکەم، بەم شێوەیە ئاشتی گەڕایەوە نێوانمان.

پاش چەند ڕۆژێك چیرۆکی کۆخەکەم بۆ هاوسەرەکەم گێڕایەوە و بڕیارم دا بچم بۆ ئەوەی بزانم چی دەربارەی کچۆڵەکە دەتوانرێ بکرێت، ئێستا لە هیچ شتێك ناترسم کە شوێنی ڕابیلی بگرمەوە بەڵام بڕوادەکەیت؟ دوای ئەوەی نزیکەی کاتژمێرێك لە ناوچەکە و لەنێوان گردی زبڵەکاندا گەڕام هیچ شوێنوارێکم نەدی، نە کۆخ و نە ژن و نە کچۆڵە، بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، تائێستاش بڕوام وایە کە ڕێگەکەم هەڵە کردووە بەڵام هاوسەرەکەم تاوەکو ئێستا دەڵێت بۆ پۆشینی پەشیمانیم هەموو چیرۆکەکە دروست کراوە چونکە ویستم دوور بکەومەوە.

**سەرچاوە:**

**کتێبی (حکایات من روما) نووسینی ئەلبێرتۆ مۆرافیا.**

# سوریالیزم لە شیعری فەڕەنسیدا[٧]

**و: لە فارسیەوە: سیما چۆمانی**

**لە سیستەمی جوانناسی سەدەی بیستەمدا، دیاردەیەکی گرنگتر لە سوریالیزم نییە و سەرەڕای ئەوەش شتێك گرانتر لە پێناسە کردنی وردی ئەم بزوتنەوەیە نییە. چالاکی سەرەکی سوریالیزم لە ساڵەکانی ١٩٢٤ و ١٩٣٩ دا بووە. ئەندرە بێرتۆن و لویی ئەراگۆن و پۆل ئەلوار، بە ناودارترین نووسەرەکانی سوریالیست ناودەبرێن.**

ئامانجی ئەو نووسەر و نیگارکێشانەی کە ئەم بزوتنەوەیان دامەزراندووە یان پەیوەندیان پێوە کردووە، گەیشتن بە دەرەنجامی وەکو شیعر و تابلۆ تازەکانی



نیگارکیشان کە کاریگەری لەسەر ئێمە دابنێن، نەبوو. بەڵکو ئامانجی ئەوان ئەوە بوو کە تا رادەیەك لە رێگای داهێنانە هونەریەکان کە نەك وەکو ئامانجێك بەڵکو وەکو داهێنانێکی بزوتنەوەکە لێیان دەڕوانی، تاوەکو بتوانن ژیانێکی تازە و مرۆڤێکی تازە بێننە ئاراوە. حوکمدان سەبارەت بە سوریالیزم تەنیا وەکو







قوتابخانەیەکی ئەدەبی، وێنەیی نادروست و ناویژدانانەیە. ئەم قوتابخانەیە بە مانای تایبەتی و بە بۆچوونی یەکێك لە رەخنەگران (روبەر بەرشۆن) شۆڕشێکی فەرهەنگییە، چونکە گۆڕانکاری لە هزر و وێنە و کلتور و نەریتەکانی زەینی دا خستەڕوو و ئەو هۆکارانەش، ناسینی مرۆڤ لە خۆی و دنیای تایبەتەوەو لەسەر پاشماوەی فەرهەنگی کە بەشێکی گەورەی لە یەك ترازاو لە ناو چوو بوو و خۆشی لە بەشداری لەناو چوونەکەی کرد، مرۆڤگەرایی رەسەن دامەزرێنێت و گشت رەهەندە مرۆییەکان کە بێ کۆتایی دەردەکەوتن و هەروەها ئازادی مرۆڤ و ئارەزوەکانی لەبەر چاو بگرێت. ناکرێت مێژووی سوریالیزم لە ئەو رووداو و شێوازە تێفکرینانەی کە لە مەودای نێوان دوو جەنگدا بوون، جیا بکرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە ناکرێت توێژینەوەکانی سوریالیستەکان بۆ هەوڵدان بۆ داهێنان لە بوارەکانی هونەر و فەلسەفە و سیاسەت کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا کاریگەری بوو و درێژەی بە تێکچوونەکانی ئەم سەردەمە دەدا، جیا بکریتەوە. ئەندرە بێرتۆن لە شوێنێکدا دەڵێت " ئێمە بە تایبەتی قوربانی بەردەوامی نکوڵی و توندی هەلومەرجێك بووین کە لەم سەردەمەدا، بە زۆر بەسەر ئێمەدا سەپێنرا بوو، بەڵام ئەم نکوڵیە بەمە کۆتایی نەدەهات، بەڵکو نکوڵیەکی چڵێسانە بوو و گشت ئەم سەپاندنە زەینی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتیانەی لەخۆ دەگرت. ئێمە دەمانبینی کە ئەم سەپاندنانە بەردەوام و لە هەموو لایەکەوە بە شێوەیەکی توند قورسایی دەخستە سەر شانی مرۆڤەوە".

کەواتە دەبینین کە نەك تەنیا هەلومەرجی ژیانی مرۆڤ، بەڵکو گشت کۆت و بەندەکانی فەرهەنگی کە بە سەریدا دەسەپێنرا و لەخۆی نامۆ دەکرت، کەوتە ژێر پرسیارەوە. کەواتە پێویست بوو کە مرۆڤ بگۆڕێت. فرۆید کە بەرهەمەکانی ( شیکردنەوەی خەون ١٨٩٩، سێ نامیلکە سەبارەت بە رەگەزایەتی ١٩٠٥) لە سەرەتای سەدەدا بڵاو کرایەوە، گرنگی خودی ناخود ئاگا، هێزی خەونەکان و ئارەزوەکانی ئاشکرا کرد. کەواتە ئەندرە بێرتۆن و هاوڕێکانی لە رێگای لێکۆڵینەوەکانی " هێزە سەرەکیەکانی زەین"یان دۆزیەوە و هەرچەندە تێڕوانینی ئەوان بۆ خودی ناخود ئاگا و خەونەکان لە دۆزینەوەکانی پزیشکی ڤیەننا دوورتر و بە هەست و تێگەیشتنە رۆمانسیەکانی ئەڵمانیەکان نزیکتر بێت. ئارەزوی

دۆزینەوەی زەینی ئازاد لە سەپێنراوە کلتووری و مەزهەبی و کۆمەڵاتییەکان تاڕادەیەك ئەوە روون دەکاتەوە کە بۆچی سوریالیستەکان ئارەزوی خۆیان بۆ داهێنانە کلتوریەکانی بێگانە نیشان دەدا و رەنگە ئەم کارەش بەهرەی نەژاد ناسی میشێل لیریس و ئەلفێرد میترۆی هەژاند. بێرتۆن و هاوڕێکانی هەوڵیاندا تاوەکو سێستەمێکی رێکخراوەیی فەراهەم بکەن کە بتوانێت ئەو بوارانەی کە تا ئەو کاتە نەناسرابوون، بە مرۆڤ بناسێنن و هێزەکەی بۆ مرۆڤ ئاشکرا بکەن: بوارەکانی هاوشێوەی خودی ناخود ئاگا، خەون و گشت ئەو ئەو سەیر و سەمەرانەی کە دنیای لۆژێك دەریان دەخات.

لە تەك بێرتۆن کە بە هۆی دروستی لێکۆڵینەوە تیۆریەکان و کەسایەتی سەرنجڕاکیشەکەی، وەکو رابەری بزوتنەوەکە دیاری کرابوو، بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان بە پەرۆشەوە لە دەوری یەك کۆ ببوونەوە و گروپەکەیان فەراوانتر کردبوو. گێڕانەوەی خەونەکان و خەونە هیپنۆتیزمەکان، لایەنگرانی بیروبۆچوونی ئازاد و وشەکان، بوارێکی سنورداری بۆ دۆزینەوە تازەکان پێکدەهێنا. لە ساڵی ١٩٢٤ سوریالیزم بە شێوەیەکی فەرمی دامەزرا و وشەی سوریالیزم بۆ یەکەمین جار لە لایەن ئەپلۆنیز بەکار هات. بلاۆکراوەی سوریالیزم لە هەمان ساڵدا بلاۆ کرایەوە. ئەندرە لەم بلاۆ کراوەیەدا، واقعبینی " کە لەگەڵ هەموو پێشکەوتنە هزری و ئەخلاقیدا ناتەبا بوو" و داهێنانە هونەریەکانی کە لەمجۆرە کەم بەهایە سەرچاوەی دەگرت، تۆمەتبار کرد و بە تایبەتی لەگەڵ رۆماندا ناکۆك بوو و وەکو نوێنەری هاوڕێکانی، هێزەکانی خەون و خەیاڵی کە لە ژیانی راستەقینەی مرۆڤن بەرز نرخاند و لە ئەقڵ و ژیری بە بەرزتری دادەنا. کاریگەرترین چەك بۆ گەیشتن بە سەرسوڕهێنەرەکان، شیعر بوو بەو مەرجەی شیعر لە رێگای نووسینی نا ئیرادی کە بە "دەربڕینی ئەندێشە" یان " نووسینی ئەندێشە" ش ناو دەبرێت، هۆکارێك بێت بۆ دەرخستنی ئازادی ئارەزوەکان و خودی ناخود ئاگا. ئەندرە بێرتۆن بەمجۆرە هەنگاوەکانی سوریالیزمی بە شێوەی چەمێك لە فەرهەنگی زماندا پێناسە کرد: سوریالیزم، ناوێکە، کردارێکی نا ئیرادی کە بە شێوەیەکی رەها دەروونیە کە لەم رێگایەوە، کرداری راستەقینەی ئەندێشە بە وتە یان بە نووسین یان بە هەر شێوازێکی تر روون بکەینەوە. ئەندێشە





پێویستە بە بێ دەستێوەردانی هەر جۆرە کۆنترۆڵێك لە لایەن ئەقڵ، لە دەرەوەی هەموو جۆرە جوانناسی و ئەخلاقی بناسرێت.

کۆڕی زانیاری فەلسەفە: سوریالیزم لەسەر بنەمای بڕوا بە راستەقینەی بالاْتری بەشێك لە لایەنگرانی کە تاوەکو سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە گرنگی پێ نەدرابوو و هەروەها لەسەر بنەمای هێزی بالاْتری خەون و یارییە بێ ئەنگیزەکانی ئەندێشە پتەوە. سوریالیزم مەبەستیەتی گشت میکانیزمەکانی دیکەی گێڕانەوەکان بۆ ئەبەد لەناو ببات و لە چارەسەری کێشە سەرەکیەکانی ژیاندا ببێتە جێگرەوەیان. بەم شێوەیە ، ئامانجی گەورەی سوریالیزم بە روونی خراوەتەڕوو. ئەم بزوتنەوەیە ئەو دەرفەتە بۆ گشت مرۆڤەکان دەرەخسێنێت تاوەکو رەسەنایەتی خۆیان ئاشکرا بکەن، چونکە سوریالیزم مەبەستی ئەوەیە کە " کۆمۆنیزم پانتایی هەڵکەوتن بێت" ئازادی کەسایەتی لە گرەنتی ئازادی زماندایە. زمان دوای ئەوە بە هیچ شێوەیەك راستی نهێنی مرۆڤ و دنیا ناشارێتەوە، بەڵکو مەیدانی بێ کۆتایی ئاشکرا کردنە. لە لایەکی دیکەوە هەرچەندە گۆڕانکاریەکی تەواو لە ژیانی هزری جۆش و خرۆشێك بەدی دەهێنێت، بەلاْم ئایا گونجاو بوو کە ئەمکارە بە بێ یەکگرتن لەگەڵ هەر جۆرە چالاکیەکی سیاسی بە ئەنجام بگەیەنێت؟ لە کاتێکدا مرۆڤایەتی سەرەڕای گشت ناکۆکیەکانی گەشەی دەکرد و مەترسی ئەوە هەبوو کە سوریالیستەکان پەراوێز بخرێن و یان لەناو کونجی تازەی جوانناسی و فەلسەفی خۆیان گرفتار بن. ناکۆکیەکانی هاوشێوەی سەرکەوتنی کاپیتالیزم و جەنگە داگیرکاریەکان و سەرکەوتنی شۆڕشی روسیا. هەرچەندە سوریالیستەکان هاوکاری لەگەڵ گروپە سیاسیەکانیان قبوڵ کرد، بەلاْم نەیانتوانی ئەوە قبوڵ بکەن کە ئامانج و توێژینەوەکانیان لەگەڵ بیروڕای تەواو رێکخراوی پارتەکان تێکەڵ بێت. هەروەکو گشت بزوتنەوەکانی تر بەرە بەرە کێشە و مقۆمقۆ لە ناو گروپەکەدا سەری هەڵدا... بەلاْم لەگەڵ گشت کێشەکان، بەرەو پێشچوونی ئەزمون و گەشەی بزوتنەوەکە سست نەبوو و دووەمین بلاْو کراوەی سوریالیزم لە ساڵی ١٩٢٩ دوای قەیرانە ناوخۆییە تازەکان بە چاپ گەیشت و دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەندرە بێرتۆن هاتە پێشەوە تاوەکو بنەما سەرەکیەکەی بزوتنەوەکە و پێویستی دوو فاقیانەی

سیاسی ـ ئەخلاقیەکەی دڵنیا بکاتەوە و جارێکی تر ئامانجی خۆی و هاوڕێکانی بیر بخاتەوە. پرسەکانی، بەرەوپێش چوونی ئەزمون و گۆڕانکاری لە بزوتنەوەکە نەکرا. کەواتە هەوڵدان بۆ گونجاندنی نێوان بڕیاری سیاسی و لێکۆڵینەوەی ئازادانە لە خودی ناخود ئاگادا درێژی هەبوو و هەر ئەوەش، دوایین جیاوازیەکانی پێك دەهێنا... هەرچەندە دوای جەنگ، سوریالیزم بە شێوەی گروپێکی ڕێکوپێك نەمایەوە، بەڵام بە هاوکاری تیۆری ناسەکەی خۆی ( بێرتۆن) لەسەر شێوازی بیروڕایەك مایەوە کە کاریگەری لەسەر ئەدەبیات و ژیان دانا. سوریالیستەکان هەوڵیاندا ئەو کۆسپانەی کە بوونی خودی ئاگا و تەسك و پوچی ئێمە لە خودی ناخود ئاگا جیا دەکاتەوە، بروخێنن و بەو مانایەی ئەوان " شەپۆلێك لە خەونەکان" لەسەر پانتایی هزر و تێگەیشتنی ئێمە فراوانتر کرد و کلتورناسیەکی تازەیان دامەزراند کە لە سەرچاوەکەی لە نەریتە فەلسەفیەکانی دەروونی و زانستی شاراوە بوو ئەوان کە بەردەوام شارستانیەتی تازەیان تاوانبار دەکرد، توانیان هێزی ڕاکێشەر دەربهێنن. ئەوان هێزی شاعیرانەی سەرسوڕهێنەرانەی شاریان کردە جێگرەوەی کلتورە کۆنەکەی سروشت و ڕووداوەکانی شار بۆ هەموو مرۆڤێك کە تواناکانی بە ئێمە دەبەخشی. ڕەنگە جێگەی گومان نەبێت کە بگوترێت کە ئەوان شیعریان لە نوێوە خولقاند. ئەوان نەیاندەویست بەهۆی ناکۆکیە دەستکردەکان و ناچاریەکانی نێوان ڕۆح و جەستە جیاوازی دابنێن، بۆیە بە دیمەنی ستاتیکی و جوانی و ناسکیەکی بێوێنە سەبارەت بە عیشقی جەستەیی و دەروونی شیعریان دەنووسی. ئەو عیشقەی کە لەنێوان دوو مرۆڤی هەڵبژاردە، قوڵترین و ڕاستەقینەترین جۆری گۆڕینەوە دروست دەکات و ئەو دەرفەتەیان بۆ دەخولقێنێت کە بەم یەکگرتنەی کە هەموان بە پەرۆشەوە بە دوایدا دەگەڕێن، بگەن. سوریالیستەکان شیعریان لە گشت بنەما و پابەند بوونە ڕواڵەتیەکان ڕەها کرد و هەروەها زمانیان لە گشت ئەرکە بێسودەکانی داماڵی. هەموو جۆرە لاساییەکیان ڕەت کردەوە و متمانەیان بە حاڵەتی کۆنەپەرستانەی هزر و خۆبەخۆی نووسین و پیشهات و ڕووداوەکان هەبوو و بەم شوێنە گەیشتن کە بەرگری لە نەبوونی بەرپرسیارێتی نووسەر " ئەم دەزگا سادەی تۆمار کردن" بکەن. ئەوان چڕی و کورتبڕی و هێڵکێشانیان بە خیانەت بە ئازادی و جەقیقەتی ئەندێشە دەزانی. ئەوان لە شیعرەکانیاندا وشەکان ئاوێتەی یەك دەکەن و دنیایەکی تازە و سەرسوڕهێنەر دەخولقێنن. بێگومان بەرهەمی سەرەکی سوریالیزم " توێژینەوەی دووبارەی دنیا" بەهۆی چالاکی ئەدەبیە. بەشێکی گرنگ لە ئەدەبیاتی کلاسیکی نەیتوانی لە بەرامبەر ئەم ئاراستەیەدا خۆی ڕابگرێت. ئەم نووسینەی پۆل ئەلوار ، گرنگیەك دەخاتەڕوو کە بزوتنەوەی سوریالیزم عیشق بە وتارێك دەدات و دەرخەری ناکۆکیەکە لەگەڵ بێهودەگی، بێڕەحمی و توندوتیژی دنیای سەردەمەکەی خۆیدا.

" لە ئۆقیانوسەوە بۆ کانیاو، لە چیاوە بۆ جۆگەی تارمایی ژیان دەڕوات و سێبەری هەڵکەوتوی مەرگی نێوان ئێمە، بەڵام سپێدەیەك هەڵدێت لە گیانە شەڕاویەکان، لەگەڵ تەواو بوونیان بە هەنگاوە هێمنەکان دەڕۆینە پێشەوە، سروشت سڵاومان لێدەکات، ڕۆژ گیان بە ڕوخسارمان دەبەخشێت و ئاگر بە چاوەکانمان و دەریا بە یەکگرتووییمان و هەموو زیندەوەران بە ئێمە دەچن، ئەوانەی کە خۆشمان دەوێن دەمێننەوە، بەڵام دەبێت لە بەرامبەر وتەی درۆیین و خنکاو لە بەرامبەر نەبووندا بوەستین، کە ئەوان بە لێدانی کاڵانەکانیان زیندوون و وتەکانیان هەمووی بێسود و درۆیە و لێوەکانیان دەلەرزێت. لە چێژی زەنگی قورقوشم، لە گێلی دەنگی دراوی ڕەش تەنیا دڵێك و ئیتر هیچ، تەنیایی دڵێك واتا گشت دڵەکان، هەموو ئەستێرەیەك لە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەدا لە پێخەفی تروسکەی لە ڕووناکی و نیگای مەست لە خۆشی بۆ نووسینی کەنارەکانی دڵسۆزی مرۆیی و بۆ تۆیە کە خۆشم دەوێی و بۆ گشت ئەم مرۆڤانەی کە خۆشمان دەوێن و ئەوانەی کە خۆشەویستیان خۆش دەوێت و من لە کۆتاییدا شەقامەکە دەبەستم بە سێڵاوی خەونە دەستەمۆکان و لە کۆتاییدا خۆم دووبارە دەدۆزمەوە، بەڵێ دنیا بۆ ئێمە دەبێت."

سەرچاوە : ماڵپەری " اکا ایران"



# هێرتا مولەر

## براوەی ساڵی 2009 ی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی

و: مەحموود عومەر باوزی

هێرتا مولەر ژنێکی کورتە باڵای هەمیشە رەش پۆش ، لەساڵی ١٩٥٣ لە گوندی (نیستکی) ئەڵمانی زمان ، لەووڵاتی رۆمانی هاتۆتە دنیاوە ، هەرچەندە ئەو لە رۆمانیا لە دایك ببو بەڵام زمانی رۆمانی بۆ ئەو زمانێکی بێگانە بوو ، لەتەمەنی ٢٠ساڵیدا کاتێ بۆ خوێندن رووی کردە شار فێری بوو .خێزانی مولەر بەرەچەڵەك کەمینەیەکی ئەڵمانی بوو لەرۆمانیا ، دایکی ساڵەها بەزۆرە ملێ بۆ کارکردنی بەزۆر (ئیجباری) رەوانەی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوسا کرابوو ، باوکی کەسەربازی (S . S) بوو دوای کۆتایی هاتنی ماوەی خزمەتی بووبە شۆفێر .(هێرتا مولەر) لەساڵی ١٩٧٦ لەکارگەیەکی ماشێن دروست کردندا وەك وەرگێڕ دامەزرا ، بەڵام دوای سێ ساڵ کەئامادەیی هاوکاری نەبوو بەسازمانە جاسوسیەکانی رژێمی چاوشیسکۆ لەسەر کار دەرکرا . ئینجا ناچار بوو بۆ گوتنەوەی وانەی تایبەتی لەیەکێ لە (باخچەی ساوایان) دا دابمەزرێ . یەکەمین





کتێبی نوسینی مولەر بریتیە لە (Niedekungen) کەماوەی چوار ساڵ لەچاپ کردن دوا کەوت و سەرەنجام لەساڵی ١٩٨٢ لەژێر سانسۆری تونددا لەرۆمانیا بڵاو کرایەوە ، لە١٩٨٧ پێنج ساڵ دوای ئەمە لەگەڵ هاوسەرەکەی (ڕیچارد واگنەر) بارگەی کۆچیان بەرەو ئەڵمانیا تێکنا و لەشاری بەرلین ئەڵمانیای رۆژ ئاوای ئەوسا نیشتە جێ بوون .

لەهەموو سەیرتر ئەوە بوو دەزگا چاودێریەکانی وڵاتی ئەڵمانیا گومانی هاوکاری رژێمی چاوشیسکۆیان لەمولەر دەکردو پێیان وابوو یەکێکە لەجاسوسەکانی (سیکوریتی) کە دوایی دەرکەوت دەزگای جاسوسی سیکوریتی کۆمەنیستی بەمەبەستی سوك کردن و جێ پێ لەق کردنی مولەر ئەم واتە واتەیان لەئەڵمانیا بڵاوکردۆتەوە .مولەر بەدرێژایی ساڵانی نیشتەجێ بوونی لەئەڵمانیا لەزانکۆکاندا وەك مامۆستا وانەبێژ (محازر) وانەی دەگوتەوەو دەینوسی .

<u>دەسپێکی نوسین</u> : مولەر لەچاو پێکەوتنێکدا دەڵێت هیچ کاتێك بەخەیاڵمدا نەهاتووە ببم بەنوسەر ، بەڵام کاتێ زوڵم و زۆری نایەکسانی (سکۆرتیاتە) ئارامی لێ بڕیم و چیتر توانای چاوپۆشیم نەبوو ، بەسەردا باوکم مرد ، مردنی ئەویش کۆستێکی گەورە بوو ، دەزگای (سکۆرتیاتە) ش بڵاوی کردبۆوە کەمن هاوکاریان دەکەم .کەهاوڕێ و هاوپیشەکانم بەوهۆیەوە دووری و سڵیان لێدەکردم و لەرووی دەرونیشەوە کارەساتێك بوو بۆم چونکە تەواو بەرەو گۆشە گیری و دوورە پەرێزی چووبووم . بۆیە دەبوو بنووسم.

<u>ماڵی باوك</u> :– زۆرخەمناك بوو دەستم کرد بەنوسین ، نوسین سەبارەت بە و گوندەی لێی لەدایك بووم ، سەبارەت بەدانیشتوانەکەی کە زیاتر لە ٣٠٠ ساڵە تیایدا دەژین کەچی لەم گوندەدا تەنها کارەسات و رووداوی دڵتەزێن روویان دەدا ، خەڵکانێك کەلەگوندەوە راپێچی شەڕەماڵوێرانکەرەکان و ئۆردوگا زۆرە ملێ کانی کاری ئیجباری دەکران ، ئەگەر گیانیان لەمردن بپارێزرابا ، وەك ئەوە وابوو موگناتیسێك بەروە گوندەکە کێشیان بکات ، بەو شێوەیە دەگەڕانەوە .

<u>بێگانە</u> :– مولەر هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ چەمکەکانی (بێگانە بوون) و (نیشتیمان) کەوتە دوودڵی و کێشەوە .یەکێ لەرەخنەگرە ئەڵمانیەکان نوسیویەتی ((ئەو گوندەی مولەر لەنوسینەکانیدا وێنەی کێشاوەو باسی کردووە ، بەهیچ شێوەیەك گوندێکی پڕولێوان لێو لەئاشتی و ئارامی

نی یە و جێگەیەکیش نی یە بۆ گۆشەگیری و خۆپەنادانی بەڵکو شوێنێکە کەدەبێ مرۆڤ لێی رابکات)) .

قەتیس بوونی دەق :– هەندێ لەرەخنەگرانی نوسینەکانی مولەر پێ یان وایە ، سەرجەم دەق و نوسینەکان لەسەر یەك ریتم و ئاوازن و لەخاڵی سەرتاوە تاکو ئێستا بچوکترین گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە ئاخر ئەو تەنها سەبارەت بەرابردوو دەنوسێت ، سەبارەت بەدیکتاتۆرو سکوریتاتە .مولەر لەوڵامی ئەم رەخنەیەدا لەزنجیرە گوتارێکدا بەناوی (پاشا رێز دەگرێت و دەکوژێت) دا دەڵێت : جیا کردنەوەی رابردوو لەزەمەنی ئێستا و رابردوو تێگەیشتنی و دیاری کردنی زەمەن ، بەتایبەتیش لای رەخنە گرە ئەڵمانیەکان کە تەواو بەپێوانەی رۆمانیایی یەکان دەپێون ، پێچەوانەی راستیەکانن . تێ بفکرن کاتێ من لەسەر ئەو دەساڵەی رابردووی رۆمانیا دەنوسم ، دەڵێن دیسان لەسەر رابردووی نووسی ، بەلاّم کاتێ نوسەرێکی ئەڵمانی باسی سالاّنی دوایی جەنگ و ئەو گەشە ئابوریەی بەدوایدا هات ، یاسەبارەت بەساڵی ١٩٦٨ دەنوسێت ئەمە بەزەمانی حاڵ و هەنوکەیی دەزانن ، بەمانای رابردووی ئەڵمانیەکان چەندە دوورو کۆنیش بێت ، لای ئەوان هەر بابەتی رۆژەو کۆن نابێ .

زەمانی حاڵی هێرتا مولەر دیکتاتۆریەتی رۆمانیایەو هەر ئەمەش لەئەدەبیاتی ئەڵمانی دایدەبڕێ و دووری دەخاتەوە ، لەچاوپێکەوتنێکیدا مولەر دەڵێت (چارەم نی یە کاتێ لەسەر مێزەکەم دەست دەدەمە پێنوس ناتوانم خۆم بخەمە ناو ئەو چوار چێوەیەی کەدەمەوێ ، بەڵکو فریشتەی بیر و خەیاڵم باڵ دەگرێ بەرەو ئەو شوێنەی کە گەورەترین برینی کردۆتە جەستەم ، ئاخر ئەگەر ئەمە نەکەم چ پێویست دەکا بنوسم)

مولەر نوسەری بێگانە :– ئەم بیر و بۆچونانەی وایان کردووە کە زۆر لە ئەڵمایەکان مولەر بەنوسەرێکی بێگانە و کۆچبەر بناسێنن ، ئەمانە دەڵێن نوسەر و ئەدیبانی زۆری کۆچبەری گەلان هاتونەتە ناو ریزی ئەدیبانی ئەڵمانی و کاریان تێکردووە ، ئەم نوسەرانە نەك هەر چیرۆك و داستانەکانی ژیانی رۆژانەی ولاّتانی خۆیانیان گواستۆتەوە ، بەڵکو زۆر لەبیرو راکانیشیان لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگەی ئێمەی هاوڕێك نین .

ئەکادیمی سوید دەڵێت : (نوسینەکانی مولەر وێنەیەکن لە بێنیشتیمانی) .

زمانی نوسین : مولەر لەبارەی زمانی نوسینەوە دەڵێت (زمانی نوسین ئەگەر هەمان زمان نەبێت کە رۆژانە قسەی پێدەکرێت زمان نی یە ، ئەگەر ناویش بنرێ لای من تام و چێژی نی یە .تازەترین رۆمانی بەناوی (Atemschaukel) ە کە لەساڵی ١٩٤٥ دەست پێدەکات و لەساڵی ١٩٥٠ کۆتایی دێت ، رۆمانەکە ی چرۆکی دوورخرانەوەی گەنجێکی ١٧ ساڵەی رۆمانیایی بەرەگەز ئەڵمانی یە بۆ سۆڤیەتی جاران ، سەردەمی (ستالین)ە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لێرەدا مولەر نەك هەر رابردووی خۆی بەڵکو رابردووی شاعیرێك بەناوی (ئۆسکار پاستیۆر) یش وێنا دەکات .

تازەترین چاوپێکەوتن :

پەیامنێر : گوایە گوتوتە خەلاّتی بۆبڵ پاداشتە پێت دراوە ، ئایا بەقەرەبویشی دەزانی ؟

– مولەر : قەرە بوو لەگۆڕێدا نی یە ، بەلاّم گرینگ ئەوەیە دیکتاتۆریە دژە گەلەکان بناسێنن و لێنەگەڕێن بەئاسودەیی دابنیشن ، ئاخر لەحاڵێکدا کە خۆیان دەبێ دادگایی و سزا بدرێن گەلەکانیان سزا دەدەن و ... هتد .

پەیامنێر : ئایا وەرگرتنی خەلاّتە کە شێوەی ژیانت دەگۆڕێ ؟

– مولەر / چ جۆرە گۆرانێك من تەنها سەیر دەکەم سەرم دەسوڕمێ ، من کەمتر بەخت یاوەرمە وا دیارە ئەم جارەیان هەیە ، هەمیشە لەیادی هاوڕێ خۆشەویستەکانمدام کە لەژیاندا نەماون ، ئیتر ژیان وایە بەخۆشی و ناخۆشی .

پەیامنێر : دەزانی بەم نرخە زۆرەی خەلاّتەکە چی دەکەیت ؟

– مولەر : لەپارە داری و دەوڵەمەندی دا هیچ ئەزمونێکم نی یە و لەسەر هەژاری و بێ پارەیی زۆرە .

شایانی باسە مولەر لەسالاّنی ١٩٨١ تا ساڵی ٢٠٠٩ زیاتر لە ٢٠ خەلاّتی بواری ئەدەبی دا پێبەخشراوەو دیارترینیان خەلاّتی نۆبڵی ٢٠٠٩ ئەدەبیاتە ، کە تا ئەم دوایانەش تەنها ناوی (ئاموش ئەوز) ژنە نوسەر و رەخنە گری ئیسرائیلی لەپێشەوەی کاندیدەکان بوو ، بەلاّم لەبڕ راگەیاندنە هەواڵدەرە ئەڵمانیەکان پێدانی خەلاّتەکەیان بەدونیادا راگەیاند ، کە زۆر لەرەخنەگرانی ئەڵمانی و جیهانی و بەتایبەتیش ئەکادیمی سویدی رەخنە لەوە دەگرن کە بۆ یەکەم جار لەمێژوودا (خەلاّتی نۆبڵ دەچێتە پشتی دەرگای داخراوی ئەکادیمیا.......

# سەدەی بیستەم، سەدەی پایزی شاعیران بوو

لە عەرەبییەوە: عوسمان شێخ محیّدین

**مردن کارەساتێک نیە مرۆڤ بترسێنیّ،**

**کارەسات بیّ ئومێدیە لە ژیاندا**

( هینری دی منترال)

لەبارەی خۆکوشتنەوە ؟

پێشەکی: کوشتنی نەفس یان خودکوژی سلوکێکی ئینسانی ناسراوە بە درێژایی مێژوو.. ومرۆڤ وهەندیّ بوونەوەری زیندوو لەم سلوکەدا هاوبەشن.. بۆ نمونە دووپشك بە رێگەی پێوەدان خۆی دەکوژێت کاتێك چواردەوری بە ئاگر بگیرێت .. بەوەش بریار دەدات کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت لە جیاتی ئەوەی بسوتێت.

پیناسە وگووتەی زۆر بۆ زاراوەی خۆکوشتن کراوە ، ولەرووی زمانەوانییەو کورتکراوەتەوە بۆ: کردەیەك یاخود کردەوەگەلێکە خاوەنەکەی پێی هەڵدەستێت بۆ کوشتنی نەفسی خۆی بە دەستی خۆی.

پێناسەی بابەتی: خۆکوشتن بڕیارێکە کەسێك وەری دەگرێت بۆ کۆتایی هاتنی ژیانی . خۆکوشتن دوا کارە بۆ نەمانی ئومێد. هەندێکیش پێیانوایە: خۆکوشتن بە رەفتارێکی سلبی دادەنێن کە ئاماژە بە زاتێکی لاواز دەکات کە هەموو ورە ووزەیەکی لە دەستداوە ـ بە کاربردووە وناقابیلە بۆ نوێبوونەوە وگونجاندن. کەسی خۆکوژ کەسێکی خۆپەرستە و ودیاردەیەکی خۆبەدەستەوادان ودۆڕانە زیاتر لەوەی ئازایەتی بێت، ولەبەرامبەر کێشە وئالۆزییەکاندا.

بۆچی شاعیرەکان خۆیان دەکوژن؟

یەکەم شت کە دێتە بەر زەینمان کاتێك گۆێبیستی ئەوە دەبین کەسێك خۆی کوشتووە ... بۆچی ئەم کارەی کرد؟ ئەو دەمەش پرسیارەکە قورستر دەبێت کە خۆکوژ شاعیرێك یا داهێنەرێك بێت.

شارەزایان سیّ سەد دەقی شیعرییان پشکنی کە بیست شاعیری جیاجیا نوسیویانە، دواجار نیوەی ئەو ژمارەیە خۆیان کوشت یاخود خودکوژییان ئەنجامدا. پاشان بەراوردی رووکاری زمانەوانی ئەم شیعرانە لە گەڵ شیعری ئەو شاعیرانەی کە کەڵەکەڵەی خۆکوشتنیان لا نەبوو کرا، وئینجا قەسیدەکان شیکارییان بۆ کرا بۆ روانین لە رووکاری زمانەوانی دیاریکراو لە بەر گەڕان بەدووای بەڵگە لەسەر دوو نمونەی ناسراوی خۆکوشتن:ـ

١ـ نائومێدی: بۆچوونێکی زیاتر تەقلیدیە بۆ خۆکوشتن کە خەڵکانیكێ دەکەونە نێو ماوەیەکی درێژ لە رەنجەڕۆیی وخەم تاکو دەیگەیێنێتە تێکشکانێکی تەواو لە ئومێدخوازیدا. وهەر کاتێکیش ئومێد بڕوات خۆکوشتن دەبێتە ئەگەرێکی راستەقینە. ئەگەر ئەم تیۆریایە راست بیّ، ئەوە ئاماژە بەودەدا ، کە شاعیرەکان پەنا دەبنە بەر بەکاهێنانی زیاتری ئەو وشانەی لەبارەی مردنەوەن، لە شیعرەکانیاندا. وزیاتر لە هێماگەلێك بۆ حاڵەتە هەڵچوونە نەرێنیەکان وەکو توڕەبوون وخەم بەکاری دەبەن.

٢ـ هەڵوەشانەوەو لێکترازانی کۆمەڵایەتی: نمونەیەکی تری خۆکوشتن هەیە کە زانای بەناوبانگی فەرەنسی (ئیمیلّ دۆرکهایم) بانگەشەی بۆ کرد.

دۆرکهایم مشتومڕی ئەوەی کرد کە خەڵکی زیاتر بەلای خۆکوشتندا لا دەدەنەوە چونکە سەرقاڵی زاتی خۆیان دەبن، ودوور دەکەونەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وبەگشتی دەکشێنەوە، ورەنگە شۆرەت وناوبانگ بە جۆریّ لە جۆرەکان ئەم حاڵەتە خێراتر بکات.

پێدەچیّ، شۆرەت وناوبانگ ببێتە هۆکاری دوورکەوتنەوە لەخەڵکی بە پێچەوانەی ئەوەی هەندێك بۆی دەچن، پەیوەندییە سەرپێیەکان کە بەرەو

ئاڕاستەی بەرژەوەندی شەخسی کرا ، نەك لەبەر پەیوەندی راستەقینەی رەهەند ئامێزی ئینسانی وسۆزداریی.

هەندێك لەو پسپۆرانەی لەم بارەوە بەدواداچوونیان کردوە پێیانوایە ئەو شاعیرانەی خۆیان کوشتووە زیاتر سەرقاڵی سکێس بوونە لەچاو ئەو شاعیرانەی خۆیان نەکوشتووە ـ(١).

لەسەدەی بیستەمدا پتر لە سەد وپەنجا شاعیر لەسەرتاسەری جیهاندا خۆیان کوشتووە , بێشك ژمارەکە لەوە زیاترە و شاعیری تریش هەن کە تۆمار نەکراون .

(لێرەدا ئاماژە بە ساڵی خۆکوشتنەکە، لە کۆنەوە بۆ تازە.. وناوی وڵاتەکە..) دەکەین:ـــ

وۆڵف فۆن کالکرویس، ئەڵمانیا، ١٩٠٦ ،

یگیا دەمیرجیباشیان، ئەرمینیا، ١٩٠٨،

جۆن دیفدسۆن، ئیسکوتلەندا، ١٩٠٩ ،

بیریکلیس یانوبۆلۆس، یۆنان ١٩١٠،

مانوێل لارنجیرا، پورتوگال ١٩١٢ ،

لیۆن دۆبیل، فەرەنسا، ١٩١٣ ،

بیو یافوروف، بولگاریا، ١٩١٤ ،

جۆرج تراکڵ، نەمسا ، ١٩١٤ ،

ماریۆ دی ساو کارنیرۆ، پورتوگال، ١٩١٦ ،

ئارتۆر کراڤان، سویسرا، ١٩١٨ ،

جاك فاشیە، فەرەنسا، ١٩١٩ ،

سێرگی یسینین، روسیا، ١٩٢٥ ،

جۆرج سترلینگ، ئەمریکا، ١٩٢٦

فرنشیسکۆ گایتا، ئیتالیا ,١٩٢٧ ،

شارلۆت میو، بەریتانیا، ١٩٢٨ ،

فرنشکۆ لوبیس میرینۆ، ئەرژەنتین، ١٩٢٨ ،

کۆستاس کاریۆتاکیس ، یۆنان، ١٩٢٨ ،

جاك ریگۆ، فەرەنسا، ١٩٢٩ ،

هاری کروسبی، ئەمەریکا، ١٩٢٩ ،

شونگیتۆ ئیکۆتا، ژاپۆن، ١٩٣٠ ،

ئەحمەد عاسی ، میسر، ١٩٣٠ ،

فلۆربیلا ئیسپانکا، پورتوگال١٩٣٠ ،

کانیکۆ میسوزو، ژاپۆن،١٩٣٠ ،

فلادیمیر مایاکۆفسکی، روسیا ، ١٩٣٠ ،

خوسیە ئەنتۆنیۆ راموس سوکریە ،فەنزویلا،١٩٣٠ ،

فاشڵ لیندسای ،ئەمریکا ١٩٣١ ،

هارت کراین،ئەمریکا ،١٩٣٢ ،

سارەتیسدایل ،ئەمریکا ١٩٣٣ ،

ریمۆن روسیل، فەڕنسا ١٩٣٣ ،

جولیان تورما، فەڕەنسا١٩٣٣ ،

رینە کروفیل ،فەڕەنسا ١٩٣٥ ،

ئوجین ماریا ،باشوری ئەفریقیا ،١٩٣٦ ،

جان جوزیف رابیار یفولو،مەدغەشقەر ،١٩٣٧ ،

ئاتیلا یوجیف ،مەجەر(هەنگاریا) ١٩٣٧ ،

لیۆ بۆلدو لوگونس، ئەرژەنتین١٩٣٨ ،







ئاڵفۆنسینا ستۆرنی، ئەرژەنتین، ١٩٣٨ ،

ئەنتۆنیا بۆتسی، ئیتاڵیا، ١٩٣٨ ،

فخری ئەبو ئەلسعود، میسر، ١٩٤٠ ،

مارینا تسفیتاییفا ، روسیا، ١٩٤١ ،

کارین بوی، ئاسوج، ١٩٤١ ،

یوخین کلیبیر، ئەڵمانیا، ١٩٤٢ ،

خورخی کویستا، مەکسیك، ١٩٤٢ ،

کایڵ رایس، ئەمریکا، ١٩٤٣ ،

ناپۆلیۆ لاباتیۆتیس، یۆنان، ١٩٤٤،

چارڵ هیمەر،فنلەندا، ١٩٤٤،

مونیر رەمزی، میسر، ١٩٤٥،

یۆهانس فاریس، ئەستۆنیا ،١٩٤٦،

ئیلاری فۆرونکا، رۆمانیا، ١٩٤٦،

لویس دی مۆنتالفۆر، پورتوگال، ١٩٤٧،

ئادمۆن هینری کریزینیڵ، سویسرا، ١٩٤٨،

چیزاری بافیزی، ئیتاڵیا، ١٩٥٠،

جۆن گۆڵد فلیتشەر، ئەمریکا،١٩٥٠ ،

هارا تامیکی، ژاپۆن، ١٩٥١ ،

قەستەنتین بیبڵ، چیك، ١٩٥١،

تادوز بۆروفسکی، پۆڵۆنیا، ١٩٥١،

هیرسا کریفتنەر، نەمسا، ١٩٥١،

تور یۆنسون، نەرویژ، ١٩٥١،

رەبیعە بیرقدار، تورکیا، ١٩٥٥،

ویڵدۆن کیز، ئەمریکا، ١٩٥٥،

لیسیك یوجیف سیرافینوفیچ، پۆڵۆنیا، ١٩٥٦،

ئەندرێ فریدیریك، فەرەنسا، ١٩٥٧،

مالکۆڵم لاوری، بەریتانیا،١٩٥٧،

رۆجیە ئارنۆ ریڤیر، فەرەنسا، ١٩٥٩،

جان بیار دوبریە، فەرەنسا،١٩٥٩،

عەبدولباست ئەلسۆفی، سوریا، ١٩٦٠،

جیراڵد نوفو، فەرەنسا، ١٩٦٠ ،

ئیلیز کوین، ئەمریکا، ١٩٦٢ ،

کارلۆس ئۆبریگۆن، کۆلۆمبیا، ١٩٦٣ ،

سیلڤیا بلاس، ئەمریکا، ١٩٦٣ ،

جان بیار شلونیگر، سویسرا، ١٩٦٤،

راندالڵ گاریل ، ئەمریکا، ١٩٦٥،

ئەنگرید جونکر، باشوری ئەفریکا، ١٩٦٥،

فڕەنسیس جۆك، سویسرا، ١٩٦٥،

کان ئایرین، تورکیا، ١٩٦٧ ،

رۆجیە میلیۆ، فەرەنسا، ١٩٦٨ ،

فیلیپ ئابو، فەرەنسا، ١٩٦٩،

جان فیلیپ سالابرەوی، فەرەنسا ١٩٦٩،

خۆسیە ماریا ئارگویداس، پیرۆ، ١٩٦٩ ،

پۆل سیلان، رۆمانیا،١٩٧٠،

کلۆد گوفرۆ، کەنەدا، ١٩٧١ ،

لو وێلچ، ئەمریکا، ١٩٧١ ،

تورکاتۆ پیریرا نیتۆ، بەرازیل، ١٩٧٢،

جۆن بیریمان، ئەمریکا، ١٩٧٢ ،

ئەلیخاندرا بیسارنیك، ئەرژەنتین، ١٩٧٢،

گەبریال فیراتیر، ئسپانیا، ١٩٧٢ ،

یون میراندی، ئسپانیا، ١٩٧٢ ،

ئیبراهیم زیرا، عێراق، ١٩٧٢ ،

برایان ستانلی جۆنسۆن، بەریتانیا، ١٩٧٣

،
ئینگبۆرگ باخمان، نەمسا، ١٩٧٣ ،
تەیسیر سبول، ئوردن، ١٩٧٣،
خایمی تورەیس بودیە، مەکسیك، ١٩٧٤ ،
ئان سکستۆن، ئەمریکا، ١٩٧٤،
ئالفۆنسۆ کۆستافریدا، ئسپانیا، ١٩٧٤ ،
سۆڤ بۆدولسکی، بەلژیکا،١٩٧٤،
هیکتۆر مۆرینا، ئەرژەنتین، ١٩٧٥،
فیرۆنیکا فۆریست تۆمسون، بەریتانیا،
١٩٧٥،
ئەنتوان مەشحور، لوبنان، ١٩٧٥ ،
ینز بیورنیپو، نەرویژ، ١٩٧٦،
توفادیتلفسون، دانیمارك، ١٩٧٦،
ئەندرێ بران، فەرنسا ١٩٧٦،
کریستیان دیف، فەرەنسا، ١٩٧٧،
ماری هیلین مارتان، فەرەنسا، ١٩٧٧،
لویس ئەرناندیس کاماریرۆ، پیرۆ، ١٩٧٧،
ئیلی سیگڵ، لاتیفیا، ١٩٦٨،
فرانك ستانفۆرد، ئەمریکا، ١٩٧٨،
هاری مارتنسن، ئاسوج، ١٩٧٨،
دانییل کۆلۆبیر، فەرەنسا، ١٩٧٨،
ئیدوارد ستاشورا، پۆلۆنیا، ١٩٧٩،
خۆستۆ ئالیخو، ئسپانیا، ١٩٧٩ ،
ئەلکسیس ترایانۆس، یۆنان ١٩٨٠،
خەلیل حاوی، لوبنان، ١٩٨٢ ،
ئیلهامی سیساك، تورکیا، ١٩٨٣ ،
فابریس گرافورۆ، فەرەنسا، ١٩٨٢ ،

ئانا کریستینا سیزار، بەرازیل، ١٩٨٣ ،
ریتشارد براوتیگان،ئەمریکا، ١٩٨٤ ،
بیبی سالڤیا، ئیتاڵیا، ١٩٨٥ ،
مایکڵ سترۆنگە، دانیمارك، ١٩٨٦،
قاسم جەبار، عێراق، ١٩٨٧ ،
نیلگۆن مارمارا، تورکیا، ١٩٨٧،
عەبدوڵا بوخالفە، جەزائیر، ١٩٨٨،
سەفیە کەتو، جەزائیر، ١٩٨٩ ،
هایتسی، چین، ١٩٨٩ ،
عەبدولرەحیم ئەبو زەکەری، سودان
١٩٨٩،
ریناڵدۆ ئاریناس، کوبا، ١٩٩٠،
جو بلتون، ئەمریکا، ١٩٩٠،
یولیا درونینا، روسیا، ١٩٩١،
ستیڤن برنشتاین، ئەمریکا، ١٩٩١،
مەتین ئاکاس،تورکیا، ١٩٩٢،
غو تشنغ، چین، ١٩٩٣،
بیدرۆ کاسارییگۆ، ئیسپانیا، ١٩٩٣،
کەمال تاستکین، تورکیا ١٩٩٤،
گیر ئاسیم لۆکا، رۆمانیا ١٩٩٤،
سۆسیاڵ ئیکنسی، تورکیا، ١٩٩٤،
فاروق ئەسمیرە، جەزائیر، ١٩٩٤،
تور ئۆلڤن، نەرویج، ١٩٩٥،
یوهان ڤیدینگ، ئەستۆنیا، ١٩٩٥،
ئامیلیا روسیللی، ئیتاڵیا، ١٩٩٦،
کەریم حوماری، مەغریب، ١٩٩٧،
تیری میتز، فەرەنسا، ١٩٩٧





ئالبێرت فاس، مەجەر(هەنگاریا)، ١٩٩٨
خۆسیە ۆگۆستین گویتیسولو، ئسپانیا،
١٩٩٩
خافییر ئیخیا، ئیسپانیا، ١٩٩٩
حوسێن ئالقتلی، تورکیا، ٢٠٠٠
نەزیر ئاکالین، تورکیا، ٢٠٠٢
سومیکۆ یاگاوا، ژاپۆن ٢٠٠٢
ریتیکا فازیرانی، هیندستان، ٢٠٠٣
ئوزجە دیریك، تورکیا، ٢٠٠٤
شاهیر فیلاس گوگریە، هیندسان، ٢٠٠٥
لیۆناردۆ ئالیشان، ئەرمینیا، ٢٠٠٥
مستەفا مەحەمەد، سوریا، ٢٠٠٦ ـــ
.(٢)
باقی عەبدوالخالق ، عێراق(هەرێمی
کوردستان )، ١٩٩٦ ، ـ(٣)

**سەرچاوەکان :**

١- د. تەیسیر حەسون: توێژەر وپسپۆڕ
لە پزیشکی دەروونیدا :ـ
www. Alorobanwes.com

٢- بروانە: جومانە حەداد(ئەنتۆلۆژیای
شاعیرە خۆکوژەکان):

http://www.aklamm.com/Kutub/miea_jumane.htm

(٣) وەرگێڕ ..



جی دی مۆپاسان

# شەیداییەکی کوشندە

و/ وریا شەهاب

شەپۆلی ئاوی سپیی دەریا جوانەکە زۆر بە خامۆشی دەیهاژاند و خەڵکیش پۆل پۆل لە نزیک کەناریدا دانیشتبوون و خۆیان گەرم کردبوو.. دەستە دەستە و تاك تاك و جووت جووت لێی دانیشتبوون، هەریەکە و بە ئاوازێك و بەڕازێکەوە هاتبوونە کەناری دەریاکە.. هەبوو بۆ سەیران و سەمەرە.. هەبوو بۆ خۆ نیشاندانی لەش و لاری خۆی بۆ خەڵکەکە.. هەبوو بۆ پشوودان و بۆ نیگارکێشان و هەبوو بۆ بەسەربردنی مۆڵەتەکەی. بەڵام لە هەمووی سەرسووڕهێنەرتر نیگای دیدەی چاوەکانی هەموو هاتووەکانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.. بوونی ئەو نیگارکێشە ناودارە لەگەڵ ئەو ئافرەتە ئیفلیجە کە نۆکەرەکەیان یاخود خزمەتکارەکەیان پاڵی دەنا بە عارەبانەکەوە بۆیان. خەڵکەکەش لەنێوان خۆیان چپە چپ و مقومقۆیان بوو.. بە واقوڕمانەوە بە یەکدییان دەوت: دەزانن ئەو ئافرەتە







ئیفلیجە خێزانی ئەو نیگارکێشە ناودارەیە. خۆشی و ساماڵی و دڵنەوایی ئەو ڕۆژە ڕەنگدانەوەی نەبوو لەلای ئەو ئافرەتە ئیفلیجە، چونکی نیگای دیدەی چاوەکانی خەڵکەکە هەموو خۆشییەکیان لێ تاڵ کرد و خۆشی و شادی و کامەرانی ئەوانەی دەورووبەری خەمناکی بۆ دروست کرد. لە کاتێکدا هیچ قسە و باسێك لەنێوان نیگارکێشە ناودارەکە و خێزانەکەی نەدەکرایەوە و بێ دەنگی بێ کۆتایی تەواو باڵی کێشابوو بەسەر دانیشتنەکەیان.

پاش کەمێك ڕێکردن ژنە ئیفلیجەکە بە خزمەتگوزارەکەی وت: با نەختێ لێرەدا بوەستین.

خزمەتگوزارەکە بە پێی فەرمانی ئەو ڕاوەستا و کورسیەکی بچووکیشی بۆ نیگارکێشە ناودارەکە هێنا تاوەکو لەسەری دانیشێت.. سەری بەرەو ئاسۆکانی ئاسمان بەرز کردەوە و بۆچوونی خەڵکیش لە پشتیانەوە هەریەکە و بەجۆرێك باسی پێوەندی ئەم ژن و مێردە دەکات و هەندێکیان بە ئەفسانەی وەفاداری ناویان دەبرد.. هەندێکیش بە ئەوینی نەمر..هتد. بەڵام لە پشتی ئەوانەوە دوو لاو دانیشتبوون لە بارەی ئەو ژن و مێردە ئەفسوناویە دەدووان.

یەکێکیان وتی: نەخێر ئەمە ڕاست نییە.. بۆ خۆم جان سیمری نیگارکێش زۆر چاك دەناسم.

دووەم: کەواتە بۆ هێنای؟ ئەوەی زانرابێت پێش ئەوەی بیگوازێتەوە ئیفلیج ببوو؟ ئەی وانییە؟

یەکەم: ڕاستە گواستیەوە هەر وەکو چۆن هەموو کەس بە گەمژەیی ژنەکانیان دەگوازنەوە.

دووەم: وا مەڵێ ئەم قسەیە جوان نییە.

یەکەم: باوەڕت بێت ئەمە واقیعی حاڵەکەیە.. لە یادیشی نەکەیت زۆربەی نیگارکێشەکان ئەمە نەریتیانە.. وەها هاوسەرێتیەکی نەگونجاو ئەنجام دەدەن.. زۆربەیان ئەو نموونانەی خۆیان دەهێنن وا نیگاری روخسارەکانیان دەکێشن.. یان دۆستەکانی ڕابردوویان دەگوازنەوە.. گەر بەدووی ئەم حاڵەتە سەیرەو هۆکارەکەی بگەڕێیت قەد ناگەیتە وەڵامێکی گونجاو، بەڵام نزیکترین وەڵامی ماقووڵ ئەوەیە.. بە هۆکاری زۆر شیرگیربوونیان لەگەڵ ئەو جۆرە ئافرەتانە وایان لێ دێت هەموو ئەو جۆرە ئافرەتانەی دیکەشیان لەبەرچاو دەکەوێت کە لە شێوازی ئەو ئافرەتانەن،

پاش ئەوەی بە ڕوونی نیگاریان دەکێشن و لەسەر هەموو شێوازێك دواتر دەیانگوازنەوە. پێم باشە نامیلکەیەك هەیە لەبارەی هاوسەری هونەرمەندەکانەوە کە لە دانانی الفونس دودیه بیخوێننەوە.

دووەم: بەڵام ئەوە ڕێنماییەکی گشتییە.. گەر بە گریمانە هەموو بەندەکانیشی بەڕاست بزانین.. هۆکاری ئەوەمان بۆ دەرناخات چۆن ئەو نیگارکێشە لاوە ناودارە ئەو ئافرەتە ئیفلیجەی خواستووە.

یەکەم: تۆ ڕاست دەکەیت.. چیرۆکی بەهاوسەربوونیان چیرۆکێکی تایبەتییە و زۆر سەیر و سەمەرەیە.. تەنانەت نامۆیی و ترسناکی لە چیرۆکی ئەم بە هاوسەرگیریە هاوکات هاوشانن.. ئەم ئافرەتە لاوە ڕۆڵێکی زۆر ترسناکی نواند. لە ئەنجامدانی نواندنەکەی گەیشتە ئەو ئاستەی مەرگەساتی ڕاستەقینە تۆمار بکات.. جەربەزەیی بە هەموو شتێك کرد.. تاوەکو هەموو شتێکی چنگ بکەوێت.. یان هەموو شتێك بدۆڕێنێت.. لەوانەیە پرسیارێك بێت بە مێشتکا و بڵێی ئاخۆ دەبێ هەتا چەندێ ڕاستگۆ و دڵسۆز بووبێت لە ناخی ناوەوەی خۆیدا.. داخۆ لە کاتی نواندنی ئەم مەرگەساتەیدا، بەراستی جان سیمری خۆشی دەویست وەکو خۆی دەیگوت..

بەڵام ناگەیتە وەڵامێك کە دڵت پێی ئاو بخواتەوە، بەڵام ئەم نەزانین و شاراوەییە هیچ گرنگی و بایەخێکی نییە، کێ ئەو کەسەیە دەتوانێ لە ناوەڕۆکی دڵی ئافرەت تێبگات، کام لە سۆزدارییەکانی دروستکراوو دەستکردن و کامیان ڕاستگۆیی و دڵسۆزی لەگەڵدایە. تەنانەت ئافرەت بۆخۆشی ناتوانێت بگاتە وەڵامێکی تەواوی ئەم پرسیارە چونکی دڵێکی بگۆڕو دڵەڕاوکێکەری هەیە، پڕە لە شتی سەیر و سەمەرە و بۆچوون و تەکبیری ناکات و لەپڕدا زۆرجار گاڵتەجاڕی لێ دەبێتە ڕاستی، زۆر جاریش لە ڕاستیەکاندا پڕوپووچییەکانی ئاشکرا دەبێت.. ئافرەت لە هەموو کات سەختەکار نییە، بەڵکو زۆربەی جاران بۆخۆی هەڵخڵەفاوە بە کەسی خۆی.

بەڵام برا بەڕێزەکەم گوێ بەو پرسیارانە نادەم لە بارەی سۆزی ئافرەتەوە چونکی دەزانم ئافرەت ڕاست و درۆ لە کاتێك دەکات سروشتی بوونی تێکەڵبوونە لە درۆکاری و ڕاستگۆیی، تەنانەت بە هەڵەدا دەچیت گەر تەنیا بە درۆکار ناوت برد، یان تەنیا بە ڕاستگۆ ناوت برد. هەر ئەوە







بەسە بیهێنیتە بەرچاوت کەوا ئافرەتە خانەدانەکانی خانەوادە ناودارەکان لەگەڵ مێردەکانیاندا دەیگرنە بەر تاکو مەرامەکانیان بۆ جێبەجێ بکات، بۆ ئەنجامدانی ئەم یارییە چکۆلانەیە پێشتر هیچ خۆیانی بۆ ئامادە ناکەن و دواتریش هیچ هەست بە پەشیمانی ناکەن، چونکە هەموو ئافرەتێك بەڕەگەز و بەخۆڕسکی هەروایە.. لەم فیترەتەدا جیاوازی نییە لەنێوان ئافرەتی داوێن پاك و ئافەرتی داوێن پیس، ئەم کردەوانەش ناتوانی لە خانەی گڵاوی و مەکربازی هەژماری بکەیت، چونکی بە فرت و فێڵ هۆکاری ساکارییەوە. چۆن ئەمە ڕوویدا، دواتر خۆمان بەبێ ئاگا لەقەڵەم دەدەین، هیچ پیاوێکی خاوەن ژن نییە هەفتەی جارێك ئەم هەستی بێ ئاگاییەی تاقی نەکردبێتەوە.

ئەمە ڕاستە بەتایبەتی گەر گرێبەستی بەهاوسەربوونەوە هەبێت ئافرەت چەند مەکرباز و وریا دەبێت کاتێك بیەوێت خۆی بکاتە مل پیاوێکەوە، ئەو کات لە پێناوی گەیشتنی بەمەبەستەکەی هیچ شتێك ڕایناگرێت، لەم پێ،اوەشدا دان بە هیچ ڕێگریەك دانانات.

ئەمەش مەبەستی ئێمەیە لە شووکردنی ئەو ئافرەتە ئیفلیجە بەو لاوە نیگارکێشە ناودارە.

دووەم: زیاتر شەیدامت کرد تاوەکو گوێبیستی تەواوبوونی چیرۆکەکە بم.

یەکەم: ئەم ئافرەتە هەردوو قاچی ساخ بوو.. مۆدێلی ئەو لاوە نیگارکێشە بوو.. دەچووە ستۆدیۆکەی تاوەکو خۆی و هاوڕێکانی نیگارکێشی بۆ بکەن، گومانی تێدا نییە جوانیەکی ئەفسوناوی هەبوو.. باڵایەك نە زۆر بەرز و نە زۆر کورت، لەشولارێکی نە زۆر گۆشتن و نە زۆر لاواز، بووە جێگای سەرنجی ئەم نیگارکێشە و سەرجەم نیگارکێشەکانی دیش، زۆری پێ نەچوو، جان سیمری سەوداسەری ئەم کەنیشکە بوو، زۆر ئەستەمە لاوێك ڕۆژانە ئافرەتێك لەبەر دیدەی بێ و هەموو جوانییەکانی لەشی ببینێت و عاشقی نەبێت. جان سیمری ئەوەندە خۆشی ویست، خۆشەویستی ئەم ئافرەتە هەموو دنیای بۆ پڕکردبووەوە، بێ ئەمیش مەحاڵ بوو ژیان بەسەر بەرێت، ئەمەش هەستی هەموو عاشقێکە لە کاتی شەیدا بوونیدا، بەڵام تێکەڵبوونی بەردەوام تێربوونی لێ دروست دەبێت، لە ئاسەواری ئەمەش

هەست بە بێزار بوون و دوورکەوتنەوە و کات بەتەنیایی بردنە سەر دروست دەکات، ئەمەش بەڵگەیەکی تەواوە کە بە هاوسەربوون لەسەر بناغەی ئارەزووی تێربوونی لەش و لار بناغەیەکی ڕاست نییە بۆ ئەم بەردەوامبوونە و ئەم هاوسەرگیرییە بەدرێژایی تەمەن، بەڵکو ڕێککەوتن و هاوبیری و هاوشێوەیی ڕەفتار بناغەیەکی ڕاستگۆیە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی بەهاوسەربوون بەدرێژایی تەمەن. نەك ئارەزووی ئالۆشی لەش و ساردبوونەوەی بەتێکەڵبوون لەگەڵ لەشی ئافرەتەکەدا، گومانی تێدا نییە ئەم کارانە لە تاقی لاوێتی و لە نێوان لاواندا زۆر گەرم و گوڕی دێنە ئەنجامدان. هەرچۆنێك بێت ئەم هاوڕێیەمان جۆن سێمری لە کاتی شەیدا بوونی هەموو پەیمانێکی وەفاداری و دڵسۆزی هەتا هەتایی پێدا، ئەویش تەواو خۆی پێ بەستەوە یاخۆد خۆی بەپەیمانەکانی بەستەوە. هەموو ژیانی خۆی خستە بەردەم جان سیمری، هەموو تەگبیر و کاتی خۆی بۆ ئەو تەرخان کرد. بەتەنیا هەر ئەوی بەپیاو دەزانی لە هەموو دنیادا، زۆر قسەزان و زۆرزان و سۆزدار بوو هاوشێوەی پەلەوەری کەناری بوو، لە خوێندنی کەناریانە و چەنە لێدان نەدەبووەوەو هەموو لەشی خۆشی دەخستە بەردەستی، زەردەخەنە قەشەنگەکانی جێی خۆشی چاوەکانی بوو، ئەویش ئەو هونەرمەندەیە کە جوانی دەربڕین دەپرستێت لە شێواز و جووڵەدا، لە چەنە لێدانیشی رابواردنێکی خۆشی بەدی دەکرد. خۆشیەکیش وەکو ڕەنگەکانی ئەو شەرابانەی مەی نۆشان لە کاتی نەشوەتدا نۆشی دەکەن.

سێ مانگی بەسەرچوو ئەو شەوق و زەوق و شەیداییە بەرەو کزی چوو، نەختە نەختە ڕەشەبا لەسەر چاوی نیگارکێشەکە لاچوو بۆی دەرکەوت ئەمیش ئافرەتێکە وەکو هەموو ئافرەتەکانی دی. جوانیەکەشی زۆر جوانیەکی ئاساییە، هەروەکو ئەو ئافرەتانەی کە دێن نیگارکێشەکان بە پارەیەکی کەم نیگاریان دەکێشن، هاوین هاتو ئەم جووتە عاشقە ژوورێکیان بەکرێ گرت لە یەکێ لە هاوینە هەوارەکان.. ئاشنایان بووم، وەکو بۆم دەرکەوت و بۆ ئەوانیش دەرکەوت ئاگری توڕەیی و لەیەك دوور کەوتنەوەیان وا لە ڕێدایە پاشی ئەو ساردبوونەوەیە. شەوێ ئاسمان ساماڵ و خۆش بوو، کات و







ساتێکی عاشقانەی نەمری دروستکردبوو.. ئێمەش بە پیادە ڕێمان دەکرد لەسەر ڕووبارەکە..

تریفەی مانگە شەوەکەش پەڕەکانی خۆی کردبووەوە.. شەپۆلەکانی دەریاش خۆیان بۆ ئەو ماچانە دەهاویشت تاکو بەسوکی لە ئامێزی بگرن، ئەم ئەفسونە نایابە و قەشەنگە وەکو ماسولکەکانی لەشمان بەمێشکمان ڕەتدەبوو و سەرخۆشی دەکردین زۆری پێدەداین.. بە نەشوەی مەی نۆشان دەچوو.

هەموو قسەیەکی بیستراو، شێواندنی ئەم ئەفسوونە بوو.. دەرکردن بوو لە بەهەشت، ، ڕەتکردنەوەو گومڕایی بوو دەرهەق بە شەوق و جوانییەکان.

لە پڕێکدا جۆزفین ، ئەمە ناوی ئافرەتەکە بوو هاواری کرد و وتی: جان ئەو ماسییە گەورەیەت بینی چۆن تەقڵەی لێدا بە سەر ڕووی ئاوەکەوە.

جانیش بەدەنگێکی کز و بێ ئەوەی سەیری ئەو جێگایە بکات وا ئاماژەی بۆ کرد و وتی:

– بەڵێ گیانەکەم بینیم.

جۆزفین: نەخێر هیچت نەبینی چونکی پشتت لێ بوو.

– جان: ئەمە ڕاستە ! چونکی جوانی دیمەنەکان هەموو هەستەکانمی بەلای خۆیدا پەلکێش کردووە.

جۆزفین بێ دەنگ بوو، بەڵام پاش خولەکێك.. ئارەزوویەکی زۆری لە قسەکردن بوو وتی:

– نیازت هەیە سبەی بچیتە پاریس.

جان بێ ئەوەی گوێی پێ بدات وتی: نازانم!

جۆزفین تووڕە بوو هاواری لێ کرد و وتی: وا دەزانی من لاشەیەکم و جێی گاڵتە پێکردنی تۆم.

جان وەڵامی نەدایەوە ئەویش بۆ ئەوەی دڵی ئاو بخواتەوە دەستی کردە چڕینی سترانێکی ناسازی ناوداری ئەو ناوچەیە بەدەنگێکی بەرز.. جان بە بێ دەنگی پێی وت:

– تکایە بێ دەنگ بە.

جۆزفین: بۆچی داوام لێ دەکەیت بێ دەنگ بم؟

جان: چونکی جوانی و قەشەنگی ساتەکان دەلەوتێنیت.

لەو کاتە بۆمبی تووڕە بوون تەقییەوە، گێژاو و گەرداو هەستا بەئاسماندا. دەستی کرد بە تۆمەتبارکردنی و دەگریا بۆ بەهێز

کردنی تێروانینەکانی.. گەشتەکە کۆتایی پێ هات و گەڕانەوە ماڵەوە، بەڵام ئەم شەڕەیان یەکەم و دوا شەڕیان نەبوو، تووڕەبوون، زویربوون لەگەڵ یەکتردا بەردەوامی دەکێشا، پاش سێ مانگی دی، جان سیمری لە ناخی خۆیدا بڕیاری یەکجارەکیدا کە ئەو پەیوەندییەی نێوانیان بپچڕێت، گەر ئاکامەکەی هەرچییەکیش بێت، هێشتا نەگەیشتبووە لوتکەی ناودارێتی، لەبەر ئەوە هەندێ پارەی لە هاوڕێکانی قەرز کرد تاکو چەند سەد جونیەیەکی پاشەکەوت کرد، بۆی خستە ناو زەرفی نامەیەك و وشەی ماڵئاوایی بۆ نووسی و هات لە ستۆدیۆکەی من جێگیر بوو. کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ کەسێك زۆر بەتوندی لە دەرگاکەی دەدا.. دەرگاکەم کردەوە.. ئەو ئافرەتە لاوە بوو.. ئاگر لە چاوەکانی دەباری، پاڵی بەمنەوە ناو چووە ناو ستۆدیۆکەوە، بێگومان ئەم بۆمبایە بنیادەمیە جۆزفین بوو. جان سیمری هەستا تاکو بەخێرهاتنی لێ بکات، ئەویش ئەو پارانەی کە لەنێو زەرفی نامەکەدا بۆی ناردبوو خستییە ژێر پێی و وتی: ئەوە پارەکانتە پێویستیم بە پارەی تۆ نییە.

چاوەکانی لە شێوەی دوو پشکۆی ئاگر بوون.. رووخساریشی وا نیشاندەدا کە لە هیچ سنوورێك ڕانەوەستێت.. بینیم چۆن ڕووی دابوو بە یەکدا وەکو ئەوەی خۆی ئامادە کردبێت بۆ هەموو کارێکی کتوپڕی.

جان بە پشت ئەستووریەوە وتی:

– باشە ئێستاکە چیت دەوێ؟

جۆزفین: قایل نابم وەکو ئافرەتانی ڕێگاوبان و کچانی شەو مامەڵەم لەگەڵدا بکەیت، بۆخۆت چاك دەزانیت، چۆن یاریت بە هەستەکانم کرد تاکو تەواو شێت و شەیدات بووم، بۆیە دەمەوێ خۆشەویستەکەمان بپارێزیت.

جان بەتووڕەییەوە بە پێیەکانی لە زەویەکەیداو بەدەنگێکی خنکاو وتی: ئەمە زۆر زەحمەتە گەر بەتەمای ئەوە هاتووی! منیش خۆم پەلکێشی ناو گفتوگۆکە کرد و ویستم بەدەنگی پڕ لە عەقڵ و ویژدان وتم: گوڵەکەم ئەوەندە دڵڕەق مەبە لەگەڵیدا، ئەو هێشتا پارێزگاری لە خۆشەویستی تۆ دەکات، بەڵام خانەوادەکە سوورن لەسەر ئەوەی ژنی بۆ بێنن.

جۆزفین وەکو پڵنگێکی ڕاپەڕیو ئاوڕی دایەوە و وتی: بەتەمایت ژن بهێنیت؟

جان: بەڵێ.



جۆزفین: گەر جگە لە من ژنێکی دی بێنیت خۆم دەکوژم.. تێگەیشتیت؟

جان شانی هەڵتەکاند و بەساردیەکەوە وتی: گەر ویستت خۆت بکوژە!

جۆزفین بە دەنگێکی پڕ لە گریانەوە هاواری کرد: وتت چی؟ ئەوەی وتت دووبارەی کەوە!

جان: دەڵێم گەر دەتەوێ خۆت بکوژی.. خۆت بکوژە ئەوە کێشەی من نییە.

جۆزفین: من بەڕاستمە.. وام لێمەکە لەو پەنجەرەیەوە خۆم فڕێدەمە خوارەوە.

جان دەستی کردە پێکەنین.. ئەویش چووە لای پەنجەرەکەوە.. جانیش کڕنوشی بۆ برد وەکو خواحافیزی کردن لە ئافرەتێك.. لە ئاهەنگێکدا.. ڕامانێکی دوورودرێژ تێڕامام.. دڵم بۆی کەوتە ئێش، پێش ئەوەی بزانین چی ڕوویدا خۆی لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە خوارەوە، قەت دیمەنی ئەو پەنجەرە کراوەیەم لەیاد ناچێت، جانیش بێ جووڵە لە جێی خۆی بە واقوڕمانەوە ڕاوەستا تاکو دواتر جۆزفینی بەدوو قاچی شکاوەوە هێنایەوە.. هەموو پزیشك و نوژداران کۆك بوون لەسەر ئەوەی گەر جارێکی دی قاچەکانی چاك بێتەوە هەر بە ئیفلیجی دەمێنێتەوە. پەشیمانی باڵی خۆی کێشا بەسەر جاندا.. تاکو خەریك بوو عەقڵی تێکچێت. بەڵکو دەتوانی بڵێی عەقڵی تێکچوو کاتێك ئەو ئافرەتە ئیفلیجەی خواست.



عەلی ئەشرەف دەروێشان

# لە وزەی سێیەم

و/ ئەرسەلان حەسەن

بە ڕێز چۆبین خا خاوەن کارگەیە. سێ ئاش، دوو کارگەی هەرشتە، دوو پرۆژەی پەلەوەری گەورە و کارگەیەکی چیمەنتۆی هەیە. بەم دواییانە بۆ گەشەپێدانی کارەکەی پێنج سەد ملیۆن تمەنیشی قەرز کردووە.

زۆرجار دەیبینم، بالابەرز، قەڵەو و کەتە. قژیشی بۆتە خۆڵەمێشی.

دوو کوڕ و دوو کچی هەیە کە لە قۆناغی دوا ناوەندی و سەرەتایی دەخوێنن.

بە یانی هەموو ڕۆژێك کە عەسکەرخان، کەنناسی کۆڵانەکەمان، کیسەی خۆڵ و خاشاکەکەیان لە عارەبانەکە دا سەرەونخوون دەکاتەوە دەڵێت :

– ئەمانە، چەند شت خەسار دەکەن، مریشکی نیووە خوراوو، پەنیر، گۆشت و میوەی گران بە ها کە تەنیا قەپاڵێکییان لێداوون و فڕێیانداوون .







سەری ئەنەناسێکی پلیشاوە دەگرێت و دەپرسێت:

– ئەم میوەیە چییە بەڕێز؟

-ئەمە ئەنەناسە عەسکەرخان.

-سەیر! ئەوە کە دەڵێی پەتاتەیە بەڵام تووکی پێوەیە!

-کێووی.

-کێ چی؟

-ناوێکی بێگانەیە.

-بەڵێ.

-ئێی، یەعنی چی بەڕێز؟

-نازانم. ناوە. ناوی میوەیە.

-عەسکەرخان هەموویان دەکاتە کیسەیەکی نایلۆنەوە و دەیانباتەوە ماڵێ. هەر وەختێك عەسکەرخان بە گیرم بێنێ، دەم بە گوێمەوە دەنێت و دەڵێت :

-بەڕێز، لە و حەبانەی...

-کامە.

-ئەوانەی بۆ سکچوون....

-بەڵێ. هەمانە.

-بە سەری ئێوە زۆرباشە. قلێکی پەرجۆ دەخولقێنێت.

***

ژنەکەم دەڵێت:

-کفتە خۆرەکان، ئای دەیخۆن، ئای دەیخۆن.

-ئەمانە نەیخۆن دەتەوێ کێ بیخوات.

-دوێنێ پێستە پەنیرێکییان بۆ هێنان.

دەڵێم:

-فۆرمی پەنیر ڕاگەیەنراوە. بیرت نەچێت بە سەر نەچێت.

دەڵێت:

-بە کارتۆن دەسماڵی کاغەزییان بۆ دێنن.

دەڵێم:

-دەیانەوێت. ئەو هەموو شتە خواردنە، پاك کردنەوەشی دەوێت.

دەڵێت:

-یاخووا بە ژەهری مارییان بێت. چ تەخشان و پەخشانێك دەکەن کفتە خۆرەکان.

دەڵێم:

-بژمێرە.

دەڵێت:

-دوێنێ ئێوارەش دیسانەوە گەندوگوەکەیان فڕێدابووە کۆڵانەکەوە بە چێژی پەرژ و بڵاوکردن و شۆقاو هەڵێنان. برۆ سەری کۆڵانەکە و وەرە خوارێ و هە هە ها. کچەکانی لە وچە لە وچ دەمییان

داپچڕی بوو بنێشتییان دەجوو .

-دەبێ ئەو خواردنانە هەرس بکرێن.

***

لە ماڵەوە دانیشتبووم کتێبم دەخوێندەوە کە لە دەرگایاندا. ژنەکەم چووە لای دەرگاکە و پاش کەمێك بانگی کردم. کە گەیشتم لە سەرخۆ گووتی:

-فڵان کاری پێتە.

-فڵان کێیە؟

-فڵانی کفتەخۆری ورگ مەشکە.

-نای ناسم.

-بە ڕێز چۆبین خا. ماڵەکەی بەرامبەرمان. دەچمە دەرێ. لە پێش دەرگاکە وەستاوە سەرە مازووەکەی هەڵدەکرێنێت.

-سڵاو جەنابی بەڕێوەبەر.

نازانێت ناووم چییە.

-فەرموون قووربان، بفەرموو.

-زۆر سووپاس. ئاو لە گۆزەی دایە و ئێمەی تینوو بە دواییدا دەگەڕێن.

-ئەمر دەکەی فەرموو.

-منداڵەکانم... هاوینی ئەمساڵ. لە چەند وانەیەك دەرنەچوون. بیستوومە قووربان...

-باشە... دیارە... بەڵێ، بەڵێ.

-داوا دەکەم ئەم زەحمەتە قبووڵ بفەرمووی.

-تکا دەکەم.

-ئەگەر دەکرێ ڕۆژی چەند کاتژمێر .

-چ وانەیەك؟

-بیرکار، ئینگلیزی، عەرەبی و... دەبێ ئەوانی دی لە خۆیان بپرسی.

-باشە چەندی بتوانم قسوور ناکەم.

-مەمنوونم.

***

ژنەکەم دەڵێت:

-دەبێ نەشتەرگەری بۆ گوڵێ بکەین. خەریکە درەنگ دەبێت. دووێنێ شەو لە خەودا خەریك بوو بخنکێ . کە دەناڵێنێت، گێژ دەبێ و یەکسەر دەکەوێت. تا کەی ئەنتیبایتیکی دەرخوارد دەین. دکتۆر دەیگووت ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات تووشی لە بیرچوونەوە دەبێت .

-بیرچوونەوە؟

-بەڵێ.

-هەی داد و بێ داد. ئێمە کە لە هەموو شتێکدا دواکەوتووین، هەر لە وەمان کەم بوو.

-لە کوێ دیارە کە لەم یەکەشیاندا...





-یانی چی؟

-یانی ئەگەر دواکەوتوو نەبووین، ئەم ژیانەمان نەدەبوو.

-کەوایە شیعری ئەو شاعیرەت نەبیستووە.

-کام شیعر؟

-لە هۆشیاران عالەم هەر یەکێکمان دیتبێ خەمی هەیە.

-کوڕە بابە ئەو شاعیرەش وەکو تۆ...

-کەوایە دەڵێی دواکەوتووین. ها!

-مرۆڤی زیرەك هەر فڵانی کفتەخۆرە کە دە دانە کارگەی....

-وە منداڵەکانی لە بیرکاری دەکەوون و هانامان بۆ دێنن.

-باشە کێشەی چییە؟

-کێشەکە لێرەدایە کە بیرکاری مەحەکێکی باشی پێوەری ئەقڵە.

-ئەمان بیرکاری ڕاستەقینە دەزانن نەك ئێمە.

-ئەگەر نەخوێنن و نەخوێندەوارین بە کەڵکی چی دێت؟

-خوێندنییان بۆچییە. ئەگەر تا حەووت پشتییان پارەی زێڕ بخۆن دیسانەوەش تەواو نابێت.

-بەڵێ. ڕاست دەکەی" بەڵام ژیان هەر ئەوە نیە و لایەنی تریشی هەیە.

-ئێستا چ بکەین. دەبێ پارە بۆ نەشتەرگەری ئەو کچە پەیدا بکەین.

-پەیدای دەکەین.

-لە کوێ؟

-پەلەت نەبێت.

-تا کەی؟ ئێستا دوو ساڵەیە. کە هاوینان وانە بە منداڵی فڵانی کفتە خۆر دەڵێی، کووا پارەکەی؟

-هێشتا نەیداویەی؟

-نەی داوە. بێگوومان شتێکت نەگوتووە بۆ یەکجارە لە ژیاندا، شەرمنی وەلابنێ. کاتێك خەڵك دەیانەوێ وانە بڵێنەوە، هەر یەکەم ڕۆژ پێش گووتنەوەی وانەکە پارەکەیان وەردەگرن .

-من ناتوانم ئەوە بکەم.

-مەکە و ئێستا بکەوە دووی.

-خەریکە هەڵدێم.

-باشە وەڵامەکەی؟

-دوو مانگ پێش ئێستا بینیمی و گووتی حساب و کیتابمان دەکاتە چەند؟ گووتم جەنابی بەڕێز، بیست کاتژمێر وانەم گوتۆتەوە بە چوار منداڵت، شایانی نیە. گووتی: "باشە" و ڕۆیی.

-برۆ ماڵێی.

-دووسـێجار چـووم. جارێکییـان بـە ڕاشـکاووی گـوتی "مـن ئـەو پـارەت نـادەمێ." دوای ئـەوەش هـەرکاتێ دەمبینێت، ڕووی نوورانی دەسوورێنێت.

-هەی تف لە ڕووی نوورانی. بڕۆ یەخەی بگرە و بڵێ شکاتت لێ دەکەم.

-لە کوێ شکات بکەم.

-لە ئەنجومەنی گەڕەك.

-بۆ خۆی سەرۆکی ئەنجومەنی گەڕەکە.

-دادگا.

-ئەی ئەگەر لە دادگا تاوانبار بووم؟ ئەوکاتە دەبێ خەسارەتەکەشی بۆ ببژێرمەوە. دەڵێی ئاگات لێ نیە لەگەڵ کێ تێکەوتووین.

-لەگەڵ کێ تێکەوتووین؟ بێگومان سەرۆکی گشتی...

-پارەی هەیە. دەسەڵاتی هەیە. دەڵێن لە ماڵێ چەکیشی هەیە. دەزانی ئەو سەیارەیەی بۆ منداڵەکانی کڕیووە بە چەندییە؟

-نا لە کوێ بزانم.

-ملیۆنان تمەن.

-بە ڕاست.

-بەڵێ.

-ئەتۆ چووزانی؟

-لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە.

-باشە!

-وە نرخی ئەو مارسیدیس ١٩٠، ئەو تۆیۆتا و ئەو ڤاڵڤۆیەی کە بۆ کچەکەی کڕیوویەتی.

ژنەکەم بێ دەنگ دەبێت.

دەڵێم:

-ڕازی بووی؟

-نەخێر، بڕۆ بەردەمی و پارەکەت وەرگرە.

-دەی پەمپم بدە و بمنێرە بن شمشێری.

-گووتم بڕۆ بەردەمی. هەقت وەرگرە و بیدە منداڵەکانت. دەترسم دواڕۆژ وەك تۆ بن.

-ناتوانم لە وە زیاتر بچمە پێشێ. ترسناکە.

-لە چی دەترسی؟

-لە تفەنگ چییەکانی.

-بە دراوسێکانی بڵێ و ئابڕووی بەرە.

-گووتم سەیرە. بە جۆرێك شمشێری لە هەموو دراوسێکانیشی داوە.

-تا وا نەکەن دەوڵەمەند نابن.

-دوێنێ چەند کرێکارێکی ئەفغانی،







باخچەی ماڵییان بۆ کێڵابوو. دوای هەقەکەیان دەکرد.

-دوێنێ فۆرمی گۆشتەکەمانم بۆ کاك محەمەد سۆپەری برد. شتێکی سەیری باسکرد.

-چی.

-دەیگووت پێش چەند ڕۆژێك بەڕێز چۆبین خا. بیستوپێنج کیلۆ گۆشتی پشتەمازە و فیلە و پەراسو و سەردەستەی برد. پاش چەند چرکەیەك لە ماڵێڕا تەلەفۆنی کرد کە کاك محەمەد گۆشتەکە بیست گرامی کەمە.

-سەیرە، پاشان چ بوو؟

-پاشان دەرکەووت کە پشیلەی کچەکەی، پارچە گۆشتکەی بردووە.

-سەیرکە تووشی چ دەعبایەکی بووین.

-هەرچی نەخۆشی جانەوەرانە لە سەرییان بدات. ئەمانە سەیرن.

-منداڵە بێ دەست و قاچەکانی ئێمە دوواڕۆژ لەگەڵ ئەو گوورگانە چییان پێ دەکرێ؟

-نە دەبووایە بۆ وانە پێ گووتنەوەیان چووبای.

-چووزانم. دیتت بۆخۆی هاتبووە ماڵێ. بە دوو سێ قسان (تکام هەیە) و (دەپاڕێمەوە لێت) لە ڕوو داماووی کردم.

-ئێستا چ بکەین؟ بۆ لە وزەی سێیەمی ئەو منداڵە. کچەکەم خەریکە بتوێتەوە.

-قەرزەکە چی بە سەرهات؟

-چەکەی متمانە پێکراوو قەباڵەی دەوێت. لە گرەنتیەکی متمانە پێکراوو. دەبێ کاسب بێت.

-چەندی دەدەن؟

-دە هەزار تمەن.

-بەشی نەشتەرگەریەکە ناکات.

-دەبێ ئەوی دیکە لە شوێنێك پەیدای بکات.

-چما ئەو پاسەی بەرامبەر ماڵمان چەکەی نیە؟

-چەکەکەیان قبوڵ نەکرد؟

-بۆچی.

-دەیانگووت پاس بزۆکە و لە سەر تایان دەڕوات. داهاتووی دیار نیە. دەبێ چەکە لە کاسبێکی جێگیر وەر بگیردرێت.

-بۆ نموونە.

-لە سۆپەر مارکێتێك، کۆگایەك، لە مجۆرانە.

-چەکی بەڕێز عەباس پووریان قبوڵ نەکرد.

-نا.

-بۆچی؟

-قبوڵییان نەکرد و ئا.

-خۆ ئەو فەرمانبەرە و داهاتووی ڕۆشنە.

-گووتییان بە تەمەنە و شەکرە و چەوری و فشاری خوێنیشی هەیە.

-ئاخر چما خاوەن قەرز، تاقیگەی بایۆلۆژییە کە ئەو شتانە دەزانێت.

-ئەمڕۆ هەمووشتێك بۆتە کۆمپیووتەری. ئاگایان لە جموجۆڵی مرۆڤە.

-کەوایە دەبێ خاوەن چەك، گەنج و وریا بێت. ڕەچەتەی تاقیگەی پێبێت. سۆپەر مارکێتی هەبێ و فشار و چەوری و شەکرەشی نەبێت.

-بەڵێ.

-کەسێکی وا لە کوێ بێنم؟ ئەویش لە و دەورووزەمانە.

-لە قەبرەستان....

-لە قووژبنی ژوورەکە دایدەنیشێنم. گوڵێی ڕەنگ پەڕیوو دەپژمێت. هەموو سەرە سەعاتان شەرووبی سەفالکسینشی دەدەمێ. دیسانەوە دەپژمێت. لەگەڵ هەر پژمینێکی دڵم دەلەرزێت. گوڵێ دێتە لام. لە سەر قاچەکانم دادەنیشێ. دەستی بە سەریدا دێنم. ماچی دەکەم. پرچە ئاڵۆزەکەی بە دەستانم شانە دەکەم.

-کوڵمەکانی زەردە و نەرم. لۆکەیی. دەڵێت:

-بابە مەمبە بۆ نەشتەرگەری.

-بۆچی کچە گوڵەکەم؟

-دەترسم.

-لە چی دەترسی گیانەکەم.

-خۆ ئەوێ شوێنێکی ترسناك نیە.

-ئێوە بە تەنێ بە جێم دێڵن و من دەترسم.

-نا بە تەنێت بە جێ ناهێڵین. نەشتەرگەریەکەت زۆر ئاسایی و ئاسانە.

-دەهێشێ؟

-نا، یانی زۆر کەم.

-بابە!

-گیانەکەم.

-ئەگەر هێندە ئاسایی و ئاسانە و زۆر کەم دەهێشێ کەوایە بۆچی هێندە لەگەڵ دایکم باسی دەکەن؟

-باشە، قسە دەکەین. قسەکانمان پەیوەندی بە نەشتەرگەری لەوزەی تۆوە نیە.

-بێ دەنگ دەبێت. سەری دەخاتە سەر







قاچەکانم. نیخە نیخ دەکات. خەوی لێ دەکەوێت.

-سەرم بە دیوارەکەوە دەدەم. ژوورەکە بێ دەنگە. دەمەوێ جێگۆڕێ بە سەری بکەم لە سەر قاچەکانم کە پرخە پرخ نەکات. سەری نەرم و سووکە. پەنجەکانم ڕۆدەچنە سەریەوە. وەك چوونە ناو لۆکەوە. وەك ڕۆ چوونە ناو بەفرەوە .

-ئەم... ئەم منداڵە مردووە. ژنەکە!

ژنەکەم دەقیژێنێ. لە خەو ڕادەپەڕم.

-چ خێرە؟

-تۆش لەگەڵ گوڵێ خەووت لێکەوتبوو؟

-وەك ئەوەی کە... بۆچی دەقیژێنی؟

-سەیرکە فلانی.

-کام فلانی؟

-کفتەخۆری ورگ شەڵتە.

-لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکەم. ئەمە کێیە؟ ئاخ لە وزەیەکی سێیەم بە قەدەرا مرۆڤێك، لە خانووەکە دەچێتە دەر. چڵك و خوێنی لێ دەچکێت. دوو قاچی هەیە، ڕێك وەك قاچەکانی بەڕێز چووبین خا .

-هەی وای... ئەم... ئەمە لە وزەی سێیەمە. هەر دەڵێی ئەو وێنەیەیە کە لە لە وزەی گوڵێ وەرمانگرت.

-دەبێ نەشتەرگەری بکرێت.

عەزیز نەسین



# نەقڵی شاعیرێک

و:خالد ئەویندار. خانیٚ

دەستم لە گیرفانی ڕاکردبوو، لەژێر لێزمەی بارانێدا ڕێگەیماڵێم گرتبووە بەر، دە فکری خەم و دەردی خۆ دابووم، دەستم، لە باخەڵێدا، بەدوای چەند لیران دا دەگەڕا، لەو حاڵەدا کەوتمەوە بیری ژنەکەم کە هەمیشە دەیگوت:

ــ حەسەناغا، لانی کەم ئەمشەو مەچۆ دەرێ با پێکەوە نانی بخۆین...

بەڵێ، من هەمیشە بۆئەوەی کەسیەتی هونەری و مەبەست و بابەتەکانی پڕ کوڵ وسۆزی خۆم بخەمەرو لەگشت کۆڕ و کۆمەڵاندا دەستم بە قسان دەکرد و شێعرەکانم دەخوێندنەوە. بەستزمانە، ژنەکەم بێ ئەوەی چ ئاگای لەمن بێ و یان من خەبەرێکم لەوی هەبێ، بەتەنیایی سەری دەکردە سەر سەرین و شەوی دەگەیاندەوە رۆژێ.

ڕۆژێکی لەنێو پاسێکدا بووم کە دیسان ئاپۆرەی حەشیمەت هەژاندمی. ویستم خۆراگرم بەڵام بەخۆ نەوەستام، بۆم نەکرا کە نەکرا. دەبووچەند شێعرم هۆندبانەوە و دەوری کۆمەڵم لەم ئاپۆرە و زەنازەنایە دەرخستبا. هەر کە ویستم وشەیەك بێنمە سەرزمان، یەکێ گوتی:

ــ کاکە هۆشت لە کوێیە، برۆ پێشتر، شێت بوویە لەگەڵ خۆت قسان دەکەی ؟!

بەداخەوە نەك هەر کابرای تاین بەڵکو ئەوانی دیکەش چ سەرنجیان نەدا هۆنراوەکانی دڵ تاوێنی من کە دەرد و ئازاری خۆیانم دەگێڕایەوە، لە زەوقیان دام. کاتێ گەیشتمە "بێگ ئوغلو"لە پاسەکە دابەزیم. بە بەر جامخانەی دوکانەکان دا تێدەپەڕیم، ئەو هەمووە جلوبەرگە و کەوش و کراسە جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگانە چاویان پێ بز دەکردمەوە. بێ ئیرادە لە گیرفانمدا دەستم بەدوای لیرەدا دەگەڕا. بەڵام، تەنیا سی لیرەم پارە هەبوو. لەم حاڵ و بارەدا بە یادی خۆم شێعرێکم هۆندەوە و ژانی دەروونی خۆم کێشا سەر پێکوتەی شێعر. لەم حاڵەدا کەسێك لیرەیەکی خستە دەستمەوە.

ــ کاکە ئەوەچیە، خۆمن گەدا نیم

ـ شەرمێ مەکە گیانە، پێویستت دەبێ.

ـ کاکە، من گەدا نیم، خەریك بووم شێعرم دادەنا

کابرای دی گوتی:

ــ هەژارە، لەبەر نەداری و دەسکورتی شێعران دەڵێ، وادەزانێ بۆتە شاعیر...

ــ لێی گەڕێ بابە، ڕەنگە خەیاڵاتی بووبێ... لەسەری داوە...

ــ بەڵ...ێ، لەم دەوروزەمانەیدا مەگەر کەسێ هەیە ئاقڵ بێ، هەرکەسەی بە شێوەیەك شێتە...

من کە گوێم لە قسەکانی ئەوان دەبوو، تێکدەچووم، گوڕاندم:

ــ هەی خوێڕی، شێت خۆت وجەددو ئاباتە... بەمن دەڵێی شێت..

لەو دەمەدا هەموویان لە پشتەوە نەڕاندیان:

ــ شێتە شێت!!... های... های...شێتە !!

سەرتان نەیەشێنم... ئەوەندە پەست و پەرۆش ببووم، هەر نەمدەزانی چ دەکەم، بە کۆڵانەباریك و تەنگەکاندا خۆم گەیاندە شەقام، چوومە "ئاکسارای". دۆستێکم لەوێ هەبوو، لەپێشدا چەرچی بوو، دەسگێڕی دەکرد، بەڵام ئێستا دوکانێکی قەوغای هەیە و هەمیشە گەڕیدە و خۆشڕابێرەکانی کە لەزوربەی وڵاتانڕا دێنە ئەستەمبوڵێ لە دوکانەکەی وی شتیان دەکڕی. لەپڕ خۆم لەبەر دوکانەکەی ویدا دیتەوە، خۆم دەژوورێ کوتا، سڵاوێکم لێ کرد.

ــ بەه...بەه!! ، کاکەحەسەن، ئەوە چۆنە لەم دەوروبەرانە...

ــ هەهەهای.. جا چوزانم ... دۆستی ئازیزم، دڵ پڕ لەخوێنم، بەم لایەدا رادەبردم، ویستم سڵاوێکت عەرز بکەم...

ــ لوتفت نواند... خێروبەرەکەتت هێنا، پێڵاوت سەر چاوم...

– دەی... ئیش و کارت چۆنە؟...

ــ هەی، خەراپ نیە، ڕۆژگارە ئیتر، چارەنیە دەبێ سەرێکی بۆ شل کەین...

من، کە خۆم خەریك بوو لەژێر باری قورسی تەنگاویەکانی ڕۆژگاردا دەخنکام و هەرسەرەی گلۆڵەی ژیانم هەڵدەوێزنی تووشی گرفنجك و گرێکوێرە دەبووم، بە درۆ قسەی برادەرەکەم سەلماند و سەرێکم بۆلەقاند. ئەویش لەو حاڵەدا گوتی"

ــ کاك حەسەن، چەند ساڵە یەکترمان نەدیوە ؟

بەتەمابووم بڵێم لەو کاتەیەوە کە تۆ چەرچی بووی و من لە دانیشگا دەمخوێند، بەڵام سەری زمانی خۆم گەست.

ــ لەمێژە... بەڵام، ماشەڵڵا... هەزار ماشەڵڵا.. وەزعی تۆ باشە...

ــ باشی چی...گیانەکەم، هێشتاش، بەوهەموو ماندووبوونەی کە لە بەیانیەوە هەتا سەعاتی نۆی ئێوارە دەیکوتم، هەشتم هەر لە گرێوی تۆ دایە...

من سەرێکم بۆ لەقاند و گوتەکەییم سەلماند، لەڕاستیدا من دەبیری خۆم دابووم و خەریك بووم قسەی خۆم تەئید دەکرد...دیسان هەڵیدایە:

ــ وابزانم ئێستا ئیتر دەبێ دەرسەکەت تەواو کردبێ، وا نیە ؟

هەڵبەتە هەتا لەبیرم نەچووە با عەرزتان بکەم کە من لەگەڵ "کەماڵ"ی برادەرم لە قوتابخانەی دواناوەندی هاوپۆل بووین، ئەو، لە دوای وەرگرتنی"دیپلۆم" چووە سەربازی و لەدوایەش بوو بە چەرچی، بەڵام من گەلێك شەوان شەونخونیم کێشا، چاوی دە خۆم کوێر کردن هەتا بۆ زانستگایە دەرچووم، سەرەنجام لە ڕشتەی وێژە وئەدەب دا وەرگیرام، دوای چەندساڵ خوێندن و کوێرەوەری کێشان، خوێندنی زانکۆم تەواوکرد و لەیەکێ لە قوتابخانەکاندا خەریکی دەرز وتنەوە بووم.

ــ بەڵێ، ماوەی چەندساڵێکە تەواوم کردووە، بەڵام...

ــ دەی، ئێستاش شێعران دەنووسی ؟...

ــ بەڵێ، جاروبارە چەند دێران دەهۆنمەوە، بەڵام...

ــ وا بزانم کتێبی تۆم لە شوێنێك دیوە، حەتمەن شێعرەکانت تا ئێستا گەیونەتە قەبارەی دیوانێك..

ــ نا، من کتێبم نیە، یانی نووسیومە بەڵام چاپ نەکراوە، کەچی جار جارە چەند دێرەشێعرم لە گۆڤاراندا بڵاو دەبنەوە

ــ دیارە پارەیەکی باشت وەگیر دەکەوێ، وەنا ؟...

ویستم بڵێم خەیاڵە، کەچی نەشیام وا







بێژم، خۆم ڕاگرت و گوتم:

ــ خەراپ نیە، خوا شوکر !!.

لەو دەمەی دا کڕیاری بێگانە وەژوور کەوتن، گشت جورەکانی جلوبەرگی چەرمی و جیرییان داوا کرد. تاویان دەدا ئەمەی و ئەوەیان دەبەرخۆ دەکرد، ئاخیری دامێنێکی چەرمییان هەلگرت و لێیاندا ڕۆیشتن. هەنگی دۆستەکەم ڕوی تێکردم:

ــ کاحەسەن، پێم باشە تۆش لەم جنسە هەلگری، زۆر شتێکی چاکە، ها... بێشك خانمەکەت پەسندی دەکا.

خستمیە قەیرانێکی ڕوحی دژواری ئەوتۆ کە زۆری نەمابوو بگوڕێنم: ئاخر بابە من پارەم لە کوێ بوو هەتا بۆ ژنەماڵۆێرانە بەستزمانەکەم دامێنی چەرمی بکڕم. کەچی گوتم:

ــ نا... گەلێك مەمنوون دۆستی بەڕێز، خاتونەکەی من قەناعەتی فرەیە، ئەگەر منیش بیکڕم ئەو ڕازی نابێ...

ــ چاکە چاك، قەیدی چیە، بیبەوە ئەگەر پێی ڕازی نەبوودەیهێنیەوە

ــ نا، گیانە، پێویست ناکا، من دەزانم نایەوێ!!

ــ جا چ بوو، ئێستا بیبەوە.

کورت و کرمانجی، لەسەر زەخت و گوشاری وی هەڵمگرت، هەتا سبەینێ بیگەڕێنمەوە. لەوێ وەدەر کەوتم و چوومەوە ماڵێ. لەڕێگایە هەر بیرم لە قسەکەی دۆستەکەم دەکردەوە کە گوتی دیارە پارەیەکی ئەستوورت لە شێعر هۆندنەوە و چاپی کتێبێ وەدەس دەکەوێ!. بەم خەیاڵپلاویەوە تەمام گرت بەهەر چەشنێکی بێ شێعرەکانم کۆ کەمەوە و ڕێکو پێکیا بکەم و لەژێر ناوی دیوانیکدا چاپیان بکەم.

بەڵام با نەقلی دامێنەکەت بۆ وەگێڕم کە چۆن بوو بە بەڵای گیانم. ئەوێ شەوێ هەرکە دامێنەکەم لە ماڵێ وەژوور خست و ژنەکەم چاوی پێکەوت گوتی:

ــ مێردە خۆشەویستەکەم، دەڵەی ئەمجارە خۆر لە ڕۆژاوارا هەڵاتووە کە لەبیری من دابوویە.

ــ نا گیانە، ئەمە ئەمانەتی برادەرەکەمە کە دوێ شەوێ لە بیری چوو لێم وەرگرێتەوە، ناچار لەگەڵ خۆم هێناوەتەوە.

ــ بۆچما دەستەبراکەت دامێنی وەتۆ دابوو ؟!!

ــ بەڵێ، مێزی پڕ لە کەلوپەلی کڕاو بوو، منیش زگم پێی سووتا، ویستم دەسمنەتی بدەم و بڕێکانی لێ هەڵگرم هەتا بارەکەی لێ سووکتر بێ...

ژنەکەم ماوەیەك بێدەنگ بوو... گوتی:

ـــ بەڵێ، خەڵك ئیتر دەفکری ژنومندالّیان دان، وەك تــۆ نــین کــە لــە هــەوەڵی زەماوەندمانــەوە تــەنیا کراسێکیــشت بــۆ نەکڕیوم...

ـــ خانم، چ بکەم، تەنیا ئەوەندە چاوەڕوان بە هەتا شێعرەکانم چاپ دەکرێن، هیوادار بە، هەتا هەرچی ویستت بۆت بکڕم...

چــەندرۆژان بــێ پــسانەوە باســی چــاپی شێعرەکانم بۆ ژنەکەم کرد و وادە و بــەڵێنی زێــرینم پێــدا و ئــەو بەســتزمانەم خــستە خولیای خۆی، ئەوە راستە کە دەڵێن شــێعر هۆنینەوە کــاری هــەموو کــەس نیــە، سۆز و خــەیاڵ و بــەهرەی گەرەکــە هــەتا چــەند دێڕەشێعر دێنە دی.

ئەو رۆژەی دامێنەکەم بردەوە بۆ دوکــانی دۆستەکەم، لێی وەرنەگرتمەوە، گوتی:

ـــ ئەگەر وەریگرمەوە دەبــێ بڕە پارەیــەك لە تۆڵەی درەنــگ هێنانــەوە و بــڕێکیش وەك قازانج دەبێ بژمێری.

ـــ وەڵــڵا، بــە پــیر، بــە پێغەمبــەر، ئــەوەم ســوێند و قورعــان، ئێمــە بــەهیچ شــێوەیەك کــەڵکمان لــێ وەرنــەگرتووە، تەنانــەت لــەو قاقــەزەشمان دەرنـــەهێناوە کـــە تێـــی وەرپێچراوە.

ـــ باشــە، کاحەســەن، جلــك کــە هــەڵگیرا جێگەکــەی بــەتاڵ دەبــێ، ئەگــەر تــۆ نەتبردباوە تائێستا بــە نرخێکــی باشــتر بــە کەسێکی دیکەم دەفرۆشت

ـــ خۆ من نەمدەویست، ئەتۆ بە زۆرەملــی بەستۆت دابڕیم و وەبن هەنگڵت دام.

ـــ چــاکە، ئــاخر مــن گــوتم وەســبەینێڕا دەیهێنیــەوە، ئێــستا ئــەوە چــەند رۆژ تێپەڕیوە

ـــ پیــاوی بــاش، دەرســم هــەبووە و وێڕانەگــەیوم بیهێنمــەوە، خــۆ دەبــەر نەکراوە.

ـــ بە هەمەحاڵ، یان هەڵیدەگری و هەموو پارەکەی دەدەی و یان من وەریدەگرمــەوە و بڕە پارەیەکت لێ وەردەگرم.

لــە داخــان هیــچی دیکــەم نــەگوت و دامێنەکــەم هێنــاوە مــاڵێ. بــۆ ئــەوەی هاوژینەکــەم پێــی کــەیفخۆش بــێ گــوتم بــە دیاری بۆم کڕیوە. بڕوا بکەن ئەوێ شــەوێ ماڵی ئێمە وەك بەهەشتی لێهاتبوو، ژنەکەم رەفتــاری گۆڕابــوو، مێهرەبــان ببــوو، دەتگــوت تــەواوی مــاڵێ بــە پێکــەنینی خانمەکەمــەوە بــۆم پێدەکــەنی، کەچــی دەروونــی مــن لــە گــڕین دابــوو، دەســووتا، چلۆن دەمتوانی پارەی دامێنەکە بدەم.

مانگێك رابرد، منیش بە بۆنەی هەر بــەڵا و رەنــج و کوێرەوەریــەك شــێعرم نووســین، پێتان وانــەبێ هۆنراوەکــانم چــروك بــوون و بێ مایــە، نــا... چوونکە هەستم بــە ئــازار







دەکرد و لە کۆمەڵگا و لە خەڵك و لە دەوڵەت و لــە ژیــان وەزاڵــە هــاتبووم بــە هەســت و سۆزەوە شــێعری تراژیــك و دارمــاڵ لــەکوڵ و خەمم دەهۆنینەوە. سەرەنجام کۆم کردنەوە و رێکــم خــستن و کەوتمــە دوای خــاوەن دەزگــای دە چــاپەمەنی. لــە دەرگــای هــەر کــامێکم دەدا پــێم پێدەکــەنین و بــە وڵامــی "ناکرێ" لــە کۆڵــەخۆیان دەکردمــەوە. هــەتا واهات توشی یەکێکیان هاتم کە لەوانی دیکــە بە ویژدانتر بوو، گوتی:

ـــ چاوەکەم، تۆ رەنجت داوە، شــەونخونیت کێشاوە، شەو ورۆژ بــەو نیعمەتــە خــواداوەی خــۆت ئــەم لاپەڕانــەت رازاندونەتــەوە، بــەڵام ئیتر ئەم قسانە کڕیاریان نیە، خــەڵك لــەدوای چــیرۆك و داســتانی پــڕ لەهــەژانن، شــێعر و ئــەوین و ئەویــنداری بــاوی نــەماوە، هــەموو بەدوای پارەدا وێڵن، تێگەیشتی...

تێفکریم، کابرا راست دەکا، تەمام گرت بە پارەی خۆم دیوانەکــەم چــاپ بکــەم، بەقــەرز وفەرز دەستم پێکرد، کتێب چاپ کرا.

ـــ کــاك حەســەن، پــارەی دامێنەکــەم نادەیتێ، خۆ کتێبەکەت چــاپ کــراوە، ئــەدی بۆ حەساوی خۆت لەگەڵ من نابڕیەوە ؟!!

ـــ وەڵــڵا هێــشتا پــێم بــڵاو نەکراوەتــەوە، داومەتـــە هـــەر کتێبفرۆشـــێك وەســـەری کردومــەوە، یــانی دیــوانی شــاعیری هــەرە گەورەی وڵاتیش ... نافرۆشرێ.

ـــ کوڕی چاك، برۆ چەرچیایەتی بکە، ببە خاوەن ماڵوحاڵ، بە خوێنــدن و شــێعران چ پەیدا نابێ.

تێڕامــام، دیــتم هەقیــەتی، دوای ئــەو هەموو ســاڵانە کــە ســۆمای چــاوم لــە کــزی داوە و تەپڵی سەرم روتاوەتەوە و تەنانەت ئارەزوویــەکی خێزانەکــەم پــێ وەدی نــەهاتووە، کــارێکی زۆر بێجــێم کــردووە. دەبــوو لــە بــاتی بیرکردنــەوە لــە شــێعر و هۆنراوە و رێکخستنی پیــت و وشــان ژیــانی خۆم رێکوپێك کردبایە



عەبدولڕەحمان مونیف

# لەوانەیە نەیەت

و/ عەبدوڵڵا مەحمود

- - -

نازانم بۆ ئەو کاتەی دانابوو بۆ ئەوەی قسە بکات، زیاتر لە دەرفەتێکمان لەبەردەستابوو، زۆریش خواستی قسەکردنم بۆ دەڕەخساند، بەڵام من چەندە ئەو هەوڵەم دەدا ئەو پێدەکەنی و لە بێدەنگیەکدا رۆدەچوو کەس نەتوانێت دەریبێنێت. تەنانەت لەو بێدەنگیەشیدا چرچ و لۆچیەکانی رووخساری قسەیان دەکرد. ئەمڕۆ لە رۆژانی پێشووتر خەمناکتر دیاربوو، بەڵام خەمێکی هێمن و خۆشنوودانە، کە بە کەناری دەریاشدا پیاسەمان دەکرد، کەوتە قسەکردن و درکاندن، هەستی دەکرد شتێك ناچاری قسەکردنی دەکات" ئێستا وشەکانیم دێتەوە یاد و هەستەکەم هێشتا دەنگی لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، بەڵام هەموو شتێك کۆتایی هات! ئەگەر یەك دەقیقەی تر لەو شارە نەفرەتیەدا بمابایەتەوە، سنوورێکی بۆ ژیانی دادەنا، وا هەستی دەکرد کەش و هەوای شار بۆگەن و خنکێنەرە و تەحەمولی ناکات. روخساری هەموو ئەوانەی دەیناسین بووبووە گوناه و تاوان و بۆ کوێ دەچوو بە دوایەوە بوون. دەبێ بڕوات، گرنگ نیە بۆ کوێ دەڕوات بەڵکو گرنگ ئەوەیە خۆی لەو کەش و هەوا مێملە رزگار بکات. کە سواری شەمەندەفەرەکەیش بوو و جانتاکەی خستە فارگۆنێکی سیخناخەوە لە مرۆڤ، وا هەستی دەکرد خۆی رزگار کردووە.







وەستان بەدرێژایی رێگە کارێکی گران نیە دەتوانێت تەحەمولی بکات، گرنگە ئەو شارە مەینەتی بەخشە بەجێبهێڵێت. پەنجەرەکەی کردەوە، سەری بردە دەرەوە، بە قووڵی هەناسەی دەکێشا و زۆر بە هۆگرییەوە لە تاریکاییەکەوە دەیڕوانیە شتەکان، بە درێژایی ئەو شەوە نەنووست، بە خێرایی قسەی لەگەڵ دەوروبەریدا دەکرد، دەیەوێت خۆی رزگار بکات، بیر لەو شتانە بکاتەوە ئازین لای، کاتەکانی رێکبخات، کارێك بکات هەست بکات لەخودی خۆی قوتاری دەکات.

دەیتوانی هەر بێدەنگ بێت، بەڵام نازانم بۆ ئەو کاتەی دیاریکرد بۆ قسەکردن، بە زمان و بە دەستەکانیشی قسەی دەکرد، ئێستایش کە تەماشای دەکەم و ئەو پەڵە شینەی ژێر چاوی چەپی و زەردەخەنەی سەر روخساری دەبینم، وا هەستەکەم هێشتا دەیەوێت ئەو بەسەرهاتە تەواو بکات کە تازە دەستی بە گێڕانەوەی کردبوو، نازانم ئەو خەڵکە بۆ نەیانویست سواری ئەو بەلەمە بن ئەمیان تێکرد، ئەم تەنها شوێنێکی کەمی داگیر کردووە، روخساریشی داپۆشرابوو.

پێڵاوەکانیشی کە لە ژێر پەردەکەوە دەردەکەوت، وەك پێڵاوی هەرکەسێك بوو لە کاتی باراندا رێی کردبێت و تەڕ بووبێت، راستە پاژنەی پێڵاوەکەی کەمێك خوار بوو بوو، بەڵام دەکرا زیاتر بەرگە بگرێت، گۆرەویە رەساسیەکانیشی تەڕ بوو بوون و پەڵەیەکی سووری باریکیان لەسەر لاقی جێهێشتبوو.

ئێمە لەو بەلەمەدا چوار کەس بووین و دەکرا خەڵکانی تریش سوار بکرێن، بەڵام وایان بە باش زانی بچنە بەلەمێکی ترەوە. هەندێکیشیان لەو دوورگە بچووکەدا لە چاوەڕوانیدا مانەوە" حەزم دەکرد جار نا جارێك تەماشایەکی روخساری بکەم. دەمویست بێتە قسە، شتێك بڵێت، کچە قژ زەردەکەیش کە لە ناو بەلەمەکەی ئێمەدا بوو، شەکەت و ماندوو دەردەکەوت، سات نا ساتێك فرمێسکی بێدەنگ لە چاوەکانی دەهاتن، هەستی بە دڵ تێکچوون دەکرد و کەمێك دواتر کەوت، ئەو ئەم ناناسێت تا بۆی بگری، ئەو لە کەش و هەوای سەربازگەی هاوینانە دوور بوو، ئەوانەیشی کە دەیناسین، تەنها سلاوێکی ئاسایی لێدەکردن، ئامادە نەبوو لەگەڵ کەسدا دەمودوویەك بکات، گەر لەو کەش و هەوا پڕ هەرا و زەنایەشدا ناچاربوایە قسەیەك بکات، بە خێرایی یەك دوو قسەی دەکرد، بێگومان بۆ کەسێکی تر دەگری و ئەم ئەوی هێناوەتەوە یادی.

تەنها سێ کاتژمێر ماوە، دەیەوێ بڕوات بۆ بینینی، دەیەوێ وەك چۆن جاران قسەی بۆ دەکرد ئێستایش قسەی بۆ بکات،

دەیویست شتێك بدركێنێت، ناتوانێت لەوەزیاتر بێدەنگ بێت، لە ئاستیدا هەست بە شتێك دەكات نازانێت ناوی چیی لێ بنێت، خۆشی دەوێت، پێینەوتووە رقی لێیەتی، بەڵام هەست بە شتێك دەكات ناتوانێت راڤەی بكات، دەیەوێ بیبینێت، باسی زۆر شتی بۆ بكات، دڵی بۆ بكاتەوە، بەڵام هەر كە دەیبینێت وشەكان لە زاری هەڵدێن، هەست بە شڵەژان دەكات و ناتوانێت پێی بڵێت خۆشی دەوێت، ئەم وشەیە قورسە و دەترسێت هەڵەیەكی تێدا بكات، رەنگە هەستیشی بەرانبەری خۆشەویستی نەبێت، بەڵام خۆ رق نیە، كە هەندێجار بەهۆی قسەیەكیەوە تووڕە دەبێت و لەیەك جیا دەبنەوە، هەست بە وێڵبوونێكی تەواودەكات و دەیەوێت خۆی نووقمی لەبیرخۆبردنەوە بكات، خۆی پێڕاناگیرێت، تەنها هەستكردن بە دووریی لێی ئازارێكی زۆری پێدەگەیێنێت كە خۆی لەبەردا راناگرێت، نامەی بۆ ئەم نەناردایە خەوی لێنەدەكەوت، هەندێجار لاواز دەردەكەوت، رەنگە ئەم لاوازیە دەرفەتی زیاتری پێدابێت تا قورس دەركەوێت، پێیدەوت ئەگەر لە هاتنی بێزار دەبێت ئاساییە كە نەیەت، ئەویش نەیدەتوانی گوێ لەم قسانە بگرێت، بەڵكو لە پێچەوانەكەی دڵنیای دەكردەوە، ئەو ئەم سەغڵەت و قەڵس ناكات، چونكە ئەو خۆی رۆح سووكە و بێزاركەر نیە، كە ئەم قسانەیشی دووپات دەكردەوە، ئەم هەستی بە ئازار و ئەشكەنجەیەكی زۆر دەكرد، چونكە ناتوانێت گوێ لەم قسانە بگرێت، راستە ئەم ناتوانێت وەك خەڵكانی تر بە ئاسانی قسە لە بارەی شتەكانەوە بكات، راستە ناشتوانێت ببێتە شتێكی سەیر و پێكەنیناوی، بەڵام هەستەكات كەسێكی ئاسایی و سرووشتیە، سادە و ساكارە و هەر مێینەیەك خۆشی بوێت ئەمیش دڵسۆزەبێت بۆی، چیی بۆ بكرێت پێشكەشی دەكات.

بەڵام دەبێ ئەوانی تر هەموو ئەو وشانەی دەیڵێن لە شوێنی خۆیدا بیڵێن. یەك وشە بەسە بۆ ئەوەیساڵێكی رەبەق و رەنگە بۆ هەمیشەیی بە دەستیەوە بناڵێنێت، هێشتا ئەو كچەی لەیاد ماوە رۆژێك لە رۆژان قسەی لەگەڵدا كرد و پێیوت بە دڵێتی و حەزی لێیەتی و شادمان دەبێت گەر یەكتر بناسن، بەڵام ئەو پێیوت ئەوەندە تەماشای نەكات و لەكۆڵی بێتەوە چونكە پێویستیی بە بەزمێكی تری گەنجان نیە و ئەوەندەی بەسەری هاتووە بەسیەتی. ئێستایش بە گەرمی ئەو وشانەی لەبیرماوە. كە دەیەوێت كچێك بناسێت، هەستەكات ئەو وشانە بەدوایەوەن، هەرچەند زۆرێك لە هاوڕێیان







پێیانوتووە كە كچان سەرەتا نازونووك دەكەن و دواتر زۆر نابات بە ئاسانی خۆ بە دەستەوە دەدەن، بەڵام ئەم بڕوای پێنەكردن، لای ئەم وشە پیرۆزە و تەنها یەك مانای خۆی هەڵدەگرێت، هەر كچێكیش بیەوێت قسە لەگەڵ ئەمدا بكات رێگەكەی بە گوڵ دەچنێت. هەر وشەیەكیش بە گاڵتەیش بێت هەستی بڕووشێنێت، لێی دوور دەكەوێتەوە، ئەم تەحەمولی درۆكردن ناكات، راستە پێینەوتووە خۆشم دەوێیت، بەڵام تا ئێستا نازانێت چ هەستێكی بەرانبەری هەیە، گرنگ ئەوەیە رقی لێی نیە، ئەمڕۆیش، دەڕوات، تەنها سێ كاتژمێری بەدەستەوە ماوە، پێیدەڵێت، بەڵام دەبێ زەمینەسازیی بۆ بكات، هەوڵەدات هەستە راستەقینەكانی بخاتەڕوو، ئاخۆ بە ڕاستی خۆشی دەوێت؟ پێیدەڵێت بەجێینەهێڵێت، دەبێ بە ئازادی بڕیاری خۆی بدات، دەبێ جەربەزە بێت، ئەمیش چیی بوێت پێشكەشی دەكات.

تەنها سێ كاتژمێر ماوە و لەوێ دەبم، راستە من بیبینم راستەوخۆ نایناسم، بەڵام یەكجار دیومە، دەتوانم بیناسمەوە، هەوڵەدەم چی روویدا بۆی باس بكەم. دواین وشە راستگۆیانەكانی خۆی بۆ باس دەكەمەوە، ئەو شتانەی ویستی پێیبڵێت، خۆم لەوە دوور دەگرم ئەمجۆرە شتانە بۆ كەسانی تر بگێڕمەوە، بەڵام ئەمجارەیان، خۆم پێناگیرێت، ناتوانم ناپاكی لە دواین وشەكانی بكەم، بە فڕۆكە دەیبەمەوە بۆ ئەو شارەی تا دواین كاتەكانی نەفرەتی لێدەكرد، دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی بیبینم، ئەویش دێت، بەڵام چۆن دەتوانم پێیبڵێم، وشەكان چ سوودێكیان دەبێت، لەم كاتەدا هیچ سوودێكیان نابێت، رەنگە باوەڕیش نەكات، ئەگەر باوەڕیش بكات! هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێت، هەموو شتێك كۆتایی هاتووە، بەڵام هەر دەبێ پێیبڵێم، چونكە ئەوە یەكەمینجار بوو قسەی كرد، راستە وشەكانی خەمناك بوون، بەڵام راستگۆیانە بوون، من پێیدەڵێم و ئیتر بەلامەوە گرنگ نیە دوای ئەوە چی دەڵێت، ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی لە پێشەوەی بەلەمەكە دانیشێت، منیش لە تەنیشتیەوە دانیشتم، نەدەبوو لەگەڵ ئەو بێدەربەستانەدا سوار بێت، بەڵام تازە ئەم قسانە سوودیان چیە، تازە لە پێشەوە دانیشت، ئەگەر لە ناوەڕاستا دابنیشتایە، ئیشەكە ئاسانتر دەبوو، بەڵام ئەو سویدیە سووربوو لەسەر ئەوەی لە ناوەڕاستا دانیشێت، ئەو سەری نایە كۆشی كچە هاوڕێكەی و كەوتە گیتار ژەنین، ئەگەر ئەو لە شوێنێكی تری بەلەمەكەدا دانیشتایە، كارەكە ئاسانتر دەبوو، بەڵام تازە ئەم قسانە سوودیان

چیه. که بەلەمەکە کەوتە لەرینەوە و ئەملاو ئەولا کردن، داوام لێکرد شوێنەکەی بگۆڕێت، بەڵام لەو کاتانەدا زۆر بە داخ و کەسەرەوە قسەی دەکرد، دەیویست هەرچیی هەیە بیڵێت، هیچی نەدەبیست، ئەو پێکەنینانەی لەسەر شەپۆلەکان وردوخاش دەبوون، ئاگاییدانی ئەوانی تر و تکا و پاڕانەوەی منیش لەو ساتەدا هیچ پێگەیەکیان نەبوو.

دواجار، کاتێك بەلەمەکە هاوسەنگیی نەما، دەمانتوانی دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەین، بەڵام وەستانیان لەدواوە ئەو دەرفەتەی لەدەستداین. دەبوو خۆی فێری مەلەوانی بکردایە، بەڵام تازە ئەم قسانە سوودیان چیە، لە ئاو دەترسا، لە کاتێکدا دەیویست خۆی فێری مەلەوانی بکات چەندینجار مەرگ ئابلۆوقەی داوە، دواجار وازی لە هەموو هەوڵەکان هێنا، بەڵام کە ئێستا لە پێشەوەی بەلەمەکەدایە، دەبوو نەمانهێشتایە، من تاکە کەسێکم زۆر باش دەمناسی، هەموویان مەلەیان دەزانی، ئەویش وەك ئەوان دەردەکەوت، بەڵام کە لە بەلەمەکە کەوتە ناو ئاوەکە، کچە سویدیەکە کرژە پێکەنینێك پێکەنی و تەماشای ئاوەکەی کرد، لەو دەمەدا بە تەواوی ترسام، دەبوو بە شێوەیەکی تر رەفتارم بکردایە، خۆم بە دوایدا هەڵدایە ئاوەکەوە، بەڵام لەوکاتەدا هەموو شتێك دوورە دەست بوو، چاوەکانم دەکردەوە، هەستم دەکرد پێڵوەکانم قورسن، تەماشای چواردەوری خۆم دەکرد، تەنها پەڵەیەکی رەشم دەبینی بێ ئاراستەیەکی دیاریکراو دەجووڵا، بەرەو ئەو مەلەم دەکرد، خەریك بوو دەخنکام و کە دەشهاتمەوە سەر ئاوەکە ئەوانی ترم دەبینی هەندێکیان گەمژانە تەماشایان دەکرد و هەندێکی تریان دەیانویست شتێك بکەن، بە راستی منیش دەمویست کارێك بکەم، هەوڵمدا، گەر دوا نەکەوتمایە دەکرا رزگاری بکەین، گەر بەوانی ترم بگوتایە دەکرا رزگاری بکەین، بەڵام نازانم چی بوو رایکێشام، روانینەکانم فریای نەکەوتن و ئەو بێدەنگیەم بەرپرسیارە، خۆ هەموو ئەوانەم بە ئەنقەست نەبوو، وامدەزانی ئەوانیش ئاگایان لێیە و زۆر نابات رزگاری دەکەن، ئێستایش دێتەوە یادم کە دەستم بەر شتێکی تەڕ کەوت، هەستم بە شادمانیەکی قووڵ کرد، کە ویستیشم ئەو شتە تەڕە رابکێشم زۆر قایم و توند بوو و بۆم دەرکەوت ئەوان لە بەلەمەکەوە خستوویانەتە ناو ئاوەکە.

هەموو شتێك کۆتایی هات و تەواو، ئێستا جەستەیەکی ساردوسڕە و هیچ قسەیەك ناکات، پەڵەیەکی شین بە ژێر چاوی چەپیەوەیەتی، پێڵاوەکانی تەڕن، بێدەنگە و هیچی پێناکرێت، راستە ئەو لە







بێدەنگیشدا قسەی دەکرد، بەڵام ئێستا، ساردوسڕە و هیچی پێناکرێت.

من بۆچی بڕۆم، وشەکانم چ سوودێکیان هەیە، دەکرێت لە کەسانی ترەوە هەواڵەکە بزانێت، دەتوانێت لە رۆژنامەدا بیخوێنێتەوە، رەنگە هەرگیز نەیشیبیستێت، من ناتوانم وشەکانی ئەوی پێ بڵێم، چونکە باوەڕم پێناکات و پێمدەڵێت درۆ دەکەی، بەڵام کە زانیی ئەو مردووە، ناتوانێت وام پێ بڵێت، بەهەرحاڵ، دەبێ ئەوە بزانێت کە ئەو رقی لێنەبوو، رەنگە بە راستی خۆشی ویستبێت و سووربوونی لەسەر ئەوەی لێی بپرسێت ئەویش ئەمی خۆش دەوێت ناچاری کردبێت بێدەنگ بێت. پێیرانەگەیاند کە خۆشی دەوێت، شتی زۆریش هەن دەکرێت نەوترێن، دەڕۆم تا بیبینم، هەموو شتێکی پێدەڵێم، وشە لای ئەو پیرۆزە و تەنها هەڵگری مانای خۆیانن، دەشێت وشەکان بمرن، بەڵام لەسەر زاری ئەو هەمیشە تەڕو پاراو و زیندوون.

هەستم نەکرد هەر سێ کاتژمێرەکە تێپەڕیون، لە بردنەوەی ئەودا زۆر سەرقاڵ بووم، کە خستیانە فڕۆکەکەوە هەستم بە تاسان دەکرد، ئەو هاوڕێیەشی سوار بوو کە لە شار چاوەڕێی دەکرد، ئەو هاوڕێیەی بێئەوەی هەستبکات سواری ترام بوو بەرەو ناوەندی شار، کە گەیشتم بیست خولەك لە کاتی دیاریکراو تێپەڕیبوو، سەیری دەموچاوەکانم کرد ئەویان تێدا نەبوو، چاوەڕێم کرد، رەنگە ئەویش دواکەوتبێت، هەر دێت، چاوەڕوان بووم، کە زەنگی کڵێساکە کاتژمێر دەی تەواوی لێدا، زانیم چاوەڕوانی بێهوودەیە، جارێکی تر تەماشای روخسارەکانم کردەوە، چاوەڕوان بووم بێت، بەڵام....بیست خولەك دواکەوتن! ئەم زۆرجار چاوەڕوانیی ئەوی دەکرد، ئەو هەمیشە دوادەکەوت، ئەمیش بە ئەنقەست کاتژمێرەکەی دوا دەخست، بەڵام ناکرێت یەك کاتژمێری تەواو دوابکەوێت، کاتژمێر دە و چارەکە، جگەرەیەکم پێکرد و روومکردە کەناری دەریاکە و لەسەر سەکۆیەکی بەرد دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە لە مردن...زۆرم لە فیکری خۆمکرد، پرسیم بڵێی هاتبێت.. لە دوورەوە، دەنگی نامۆ و ناڕوونم دەهاتە گوێ، بەڵام ئەو شتەی لەو ساتەدا وێنام دەکرد دەنگی ئەو بوو وەك ئەوەی بڵێت لەوانەیە نەیەت، بەڵام ئەو خۆی، بۆ هەمیشەیی رۆیشت، رۆیشت و ئیتر نایەتەوە.

سەرچاوە/کتێبی( الباب المفتوح/ عبدالرحمن منیف)

چاپی یەکەم ٢٠٠٦



سادقی هیدایەت

# عارف

.لە فارسییەوە : بلند باجەلان

چەند شەوێك بوو، ئەو ئەندازیارە نەمساوییەی ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیداکردبوو، لە کافتریاکەدا دەهاتە سەر ئەو مێزەی لەسەری دانیشتبووین .
ئەوکاتەی لەگەڵ هاوڕێکانم دادەنیشتین، ئیزنی لێمان وەردەگرت و لە تەکمان دادەنیشت. جار هەبوو مانای واژەی فارسی دەپرسی. حەزیدەکرد فێرە فارسی ببێت. ئەو شارەزای چەند زمانێکی بیانی بوو. بە جۆرێك زمانی تورکی بەکاردەهێنا، هەستت دەکرد تورکی لە زمانی دایکی باشتر دەزانێ. لەم نۆرینگەوە دەرنەدەکەوت فێربوونی فارسی بۆ ئەو ئەستەم بێت.
پیاوێکی چوارشانە بوو، لە دەم و چاوە سوور و تەژی لە خوێنەکەی تێبینیت دەکرد کەسێکی جدییە. سەرێکی گەورە و چاوێکی شین شینی هەبوو، دەڵێی چاوەکانی رەنگی رووباری دانووبیان دزیبوو . قژی بۆر و تەوێڵی قۆقزی بوو. جوڵە قورس و جەستە وەرزشکارانەکەی هێز و تەندروستییەکی باشیان نیشان دەدا. بەڵام لە چاوەکانیدا هەستت بە خەمێکی قورس دەکرد. تەمەنی لە سەرووی چل ساڵییەوە بوو، کەچی وادەردەکەوت بچوکتر بێت. هێندە جدی بوو وەك ئەوەی قەت تووشی کێشە نەبووبێ.
لە لای چاوی راستییەوە شوێنی برینێك دیار بوو، من وامدەزانی بەهۆی کاری ئەندازیاری و تەقینەوەی بەرد و شاخەکان وایلێهاتووە. باسی حەزی خۆی دەکرد بۆ ئەدەب، دەیگوت بە رۆژ بە کاری





ئەندازیارییەوە خەریك بووە، شەوانەش کاتەکانی بە شیعر و ئەدەب و شەترەنج بەسەر بردووە.
شەوێك ئەندازیارەکە دوای ئەوەی داوای یارمەتی کرد، لەسەر مێزەکەم دانیشت. بە رێکەوت لەو شەوەدا تەنها من و ئەو ماینەوە. مودەتێك بە بێدەنگی گوێی خۆمان بۆ مۆسیقا کردەوە، لە هیکرا ئۆرکێسترای "ئیستنکارازاین " دەستی کرد بە گۆرانییەکی رووسی بەناوبانگ. لێرەدا لە چاو و رووخساریدا دونیایەکی تێکەڵ لە ئازار و خۆشیم خوێندەوە، وەك ئەوەی شتێکی لە نێو دڵیدا هەبێت بیەوێ بۆ یەکێکی بگێڕێتەوە.
بە شێوەیەکی بێ بایەخانە گوتی :
- من یادگاریم لەگەڵ ئەم مۆسیقایەدا زۆرە، یادگاری ژنێکە گوزارشت لە گەنجیم دەکا.
+بەڵام ئەمە رووسییە!
- ئەرێ، من مودەتێك لە رووسیا زیندانی بووم.
+رەنگە دیلی جەنگی جیهانی یەکەم بوو بێت ؟
- ئەرێ، لەسەرەتای جەنگەکە لە شوێنێك بووم، دواتر لە لایەن رووسییەکانەوە بە دیل گیرام، ژیانی زیندانی خۆش نییە.
+بێگومان، بە تایبەتی ئەگەر مرۆڤ لە سیبیریا زیندانی بکرێ، تۆ " بیرەوەری خانووی مردووان"ی دیستۆڤسکیت خوێندۆتەوە ؟
-ئەرێ، بەڵام ئەوەی ئێمە رێك بەو شێوەیە نەبوو. ئێمە بە دەستگیرکراوی جەنگ دادەنراین، تۆزە ئازادییەکمان شك دەبرد، ئەو لەگەڵ جوتیارەکان زیندانیکرابوو، بەڵام لە زیندانەکەی ئێمەدا، پرۆفیسۆر، وێنەکێش، هۆزانڤان، نووسەری لێبوو. ئەو گوللەیەی بە دەور و بەری چاوم کەوتبوو هەر لەوێدا چارە کرا.
+کەواتە زۆر سەخت نەبوو بۆت ؟
- یانی چی ؟ بێگومان، سەرەتا چاودێری دەکراین، ئاگادارمان بوون. لە سەرەتادا تا رادەیەك رازی بووین بەو قەدەرەی تێی کەوتبووین، لە خێوەتگاکەماندا ئازادیمان هەبوو، شانۆیەك و چەند کۆلیتێکمان پێکهێنابوو. لەمانەش زیاتر، مانگانەی هەر ئەفسەرێك ٢٥ رۆبڵ بوو، لە سیبیریا شت و مەك زۆر و هەرزان بوو. خواردنی پێویستمان هەبوو، وەلێ زۆرجار موچەیان دەبڕین و چوونە دەرەوشمان قەدەغەبوو، وەڕس و بێتاقەت دەبووم. کاتەکانی خۆمم بە خوێندنەوەی کتێب بەسەر دەبرد. دوای شەش مانگ بەندییە تورکییەکانیان هێنا لامان، بە مەبەستی فێربوونی زمانی تورکی خۆم لێیان نزیك کردەوە، ئەوکات ئاشنایەتیم لەگەڵ (عارفی کوڕی عارفدا) هەبوو، لاوێکی عەرەب بوو، خەڵکی ئۆرشەلیم بوو. خوێندم و هەوڵمدا لە ماوەیەکی کورتدا

فێرە زمانی تورکی بووم، وایلێهات بە زمانی تورکی سمینارم پێشکەش دەکرد. ئێمە ڕێگەمان پێدرابوو وانە بەو قوتابییانە بڵێینەوە کە لە خوێندن دابڕابوون. سمینار و شانۆگەرییەکانیش درێژەیان هەبوو. ڕۆژی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکان، ژنە رووسییەکان شمەکی رازاوەیان بۆ دەناردین، لە دەرەوە دەهاتنە لامان و سەیری نمایشەکانمانیان دەکرد.

+کەواتە ژیانێکی تایبەتت هەبووە و سەر بەخۆت بوویت ؟

- گومان دەکەی ! من تەنیا باسی خۆمم کرد. ئەو جێگەیەی تیایدا زیندانی کرابووین لەسەر گردێك بوو دوو کیلۆمەتر دوور بوو لە شاری ( کراسنویارسك)، چواردەوری خێوەتگاکەمان تەلبەند کرابوو، دارتەلی شەش مەتر درێژیان لە زەویدا چەقاندبوو، مەودایەك دەڕۆیشتی تووشی شوێنی ئێشکگرتنی پاسەوانەکان دەبووی، لای من گرنگ نەبوو لە دەرەوە چی روویدەدا، خۆمم بە خوێندنەوە و ئامادەکردنی سمینارەکان خەریك کردبوو.

- بەلأم دەزانی ئێوە دووربوونە لە دەنگی تەقە و بینینی کوشتار و جەنگ و گازی خنکێنەر و مەرگی بەردەوام ؟

+ئاخر من گوتم تۆ لە حاڵی ئێمە بێئاگای! !، ڕۆژانە لە دوو کاتژمێر زیاتر نەماندەتوانی بگەڕێین و پشوبدەین. جلە چڵکاوییەکانمان بە لەشمانەوە نووسابوون، جلی ژێرەوەشمان نەبوو لەبەریان بکەین.

وەرزی زستان لەوێدا وەرزێك بوو لە ژێر ٤٠–٥٠ پلە بوو، هاوینیشی لە سەرووی ٣٠ پلەوە بوو. دەڵێی ئاژەڵی چوار پێ بووین فڕێدرابووینە ژوورەوە. تۆ باسی جەنگ دەکەی، بەلأم ئێمە خراپتر لە جەنگمان لابوو، ئاگرکەوتنەوە..نەخۆشی ساری..کارەساتی تۆقێنەر.

ڕۆژێك خەریکی قومارکردن بووم لەگەڵ هاوڕێکانمدا، هاوڕێیەکمان بە تەورەوە هاتە ژوورەوە و رووە و ئێمە هات، ئەگەر تەورەکەیان لە دەست نەستاندبا، هەموومانی لەت و پەت دەکرد،( هاوڕێکەم شێت ببوو لە زیندان ). شێتێکی تر خەڵکی مەجەرستان بوو،لاسایی سەگی دەکردەوە و زیندانییەکان یاریان پێدەکرد و کاتیان پێ بەسەر دەبرد .

عارفی هاوڕێم مایەی دڵخۆشیم بوو، ئەو لە هەموو شتێك بێ باك بوو، عارف خۆشی دەبەخشییەوە. ئەو یادگارییانەی لەگەڵ عارف هەمبوو لە زیندان لە ڕۆژنامەیەکی ڤییەننادا بلأومکردەوە، ناونیشانەکەی " کاتیا "بوو .

– چی وایلێکردی ئەو ناونیشانە هەڵبژێری ؟ بۆ ئەو ناونیشانە ؟

+لەسەرەتاوە دەمویست لەسەر ئەمە قسەبکەم، کاتیا یەکەمین و دواهەمین ژن بوو کە زۆرترین کاریگەری جێهێشتبێ لەسەرم، دەبێ بۆ ئەبەد ژنان بۆ لای من بێن و من نەچم بۆ لای ئەوان. کە من بۆلای ژن دەچم، ئەگەر قەبوڵم بکا





واهەستدەکەم بۆ پارە و قسە هێنان و بردن و شتی ترە ، بەلأم کە ژنێك دێت بۆ لای من تا ئەوپەڕی خۆشەویستی خۆشمدەوێ، یادگاری کاتیا دوای هەژدە یاخود بیست ساڵ وادەزانم هێشتا دوێنێیە، چیرۆکێکە دەبێ بیگێڕمەوە:

لەکاتی دیلیەتیمدا لەگەڵ ئەو کوڕە عەرەبەی ئاشنای ببووم ببووینە هاوڕێی گیانی و بەیەکەوە قومارمان دەکرد و خۆمان بە زمانەوە خەریك دەکرد، قەت لە یەکتری جیانەدەبووینەوە. هەوڵمدەدا فێرە زمانی ئەڵمانی بکەم، ئەویش لەگەڵمدا خەریکبوو بۆ ئەوەی فێرە عەرەبی ببم، من هاوکات خەریکی تەواوکردنی زمانی تورکی بووم لە ڕێگەی سینەوە کتێبمان لە سوید و نەرویج و دانیمارکەوە بۆ دەهات. عارف گەنجێك بوو قژێکی رەشی لوولی هەبوو، بیری لە هیچ نەدەکردەوە، دەمی بە پێکەنین بوو.

ساڵی ١٩١٧ عەرەب و تورکەکەکانیان جیاکردەوە، عارفیشیان نارد بۆ کراسنویارسك و دووریان خستەوە، ئەو زیندانییە تورکانەی لەگەڵمدابوون، دەهاتنە لام و گلەییان لادەکردم، دەیانگوت هاوڕێکەت جیابۆوە تا لەگەڵ ئێمە شەڕ بکا، بەلأم عارف بە قسە خۆشەکانی لەوێدا خەریکی کات بەسەربردن بوو لەگەڵ کچ و کاڵدا و جارجارەش دەگەڕاوە لامان، بۆ ئەوەی لە هەواڵمان دڵنیا بێت.

ڕۆژێك بەو بارودۆخە شێواو و جلە پیسانەمەوە خەریکی خوێندنەوە بووم لە زبڵدانەکەمدا ، ریشێکی وەکو ریشی راسپۆتینم بەردابۆوە، دەرگای ژوورەوە کرایەوە کچێکی شۆخ و شەنگ بوو،راستی بوونی کچێکی وەها لەو ئان و ساتەی منی تیابووم وەکو ئەفسانە و خەیاڵ وابوو، کچەکە بە حوکمی ئەوەی ئەڵمانی دەزانی کەوتە قسە لەگەڵم بەو زمانە، من هێندە تاسابووم نەمدەتوانی وەلأمی بدەمەوە. لە پشتی ئەوەوە عارف هاتە ژوورەوە، ئێستا تێگەیشتم ئەمە کاری عارف بوو دەیویست مەعشوقەکەی خۆیم نیشانبدا و توشی بارودۆخ و تاسانێکی ئاواشم بکا، راستی من عارفم دەناسی ئەو کارەی تەنها بۆ گاڵتە و پێکەنین کردبوو هیچ مەبەستێکی تری نەبوو، نەیدەویست ئازارم بدا. پێیگوتم : خۆت ئامادەبکە مۆڵەتت بۆ وەردەگرم دەچینە شار. دوای چەندین ساڵ یەکەمین جارم بوو بچمە نێو شار، هەرسێکمان بەڕێکەوتین، بەفر وردە وردە دەتوایەوە، سەرەتای بەهار بوو. کە بە کەناری یەنی سیئیدا تێپەڕین وەخت بوو لە پێستی خۆم بێمە دەرەوە ئەو کچە شۆخ و شەنگەش هێندەی تر مەستی کردبووم.بە درێژایی ئەو ماوەیە کاتیا قسەی لەگەڵ دەکردم، منیش گێژ وەکو مردوێك کە تازە لە گۆڕستان گەڕابێتەوە نەمدەتوانی هیچ بڵێم، تا ئەوکاتەی بردمانییە ژوورێك کە سیسەم وگڵۆپ و مێز و چەرچەفی سپی لێبوو.

وەکو کەسێکی لادێیی هەر پێمدەکرا سەیری دیوار و پەنجەرە بکەم، من وعارف لەم سەر و ئەوسەری مێزەکە دانیشتبووین کاتیا چای بۆ تێدەکردین، دواتر زانیم کاتیا کچ نییە و مێردەکەی کوژراوی جەنگە و منداڵێکیشی هەیە، من تەواو عاشقی کاتیا بوو بووم نەمدەزانی وەڵامی بدەمەوە یان دەستی ماچ بکەم، لە ماڵەکەیدا ئەندازیارێك و ژنەکەی هەبوون، گوایە ماڵەکەی لەوان بەکرێ گرتبوو، کاتیا لەگەڵ ژنی ئەندازیار نێوانیان خۆش بوو و هاوڕێ بوون. ئەو شەوەمان لەوێ بەسەربرد، شەوێك کە پێشتر وێنەی نەبوو لە ژیانمدا.

بەیانی گەڕامەوە، بەڵام چ گەڕانەوەیەك ؟! تەواو بێزاربووم و تاقەتی هیچم نەبوو لە دوو کۆنفڕاسدا بە بیانووی نەخۆشی خۆمم دزییەوە، وەخت بوو بمرم لە داخا، تا ئەوکاتەی نامەیەکم لە کاتیاوە پێگەیشت.

- ئێوە چۆن چۆنی نامەتان دەگۆڕییەوە ؟ بە چ رێگایەك ؟

+زیندانییەکان بە دزی ژێری یەکێك لە دارتەلەکانین هەڵکەندبوو، بە جۆرێك دەمانتوانی دارتەلەکە هەڵگرین و داینێینەوە، هەر رۆژە و یەکێکمان دەبووینە قاچاغچی و دەچووین ئەو شتانەمان دەهێنا کە زیندانییەکان دەیانویست، نامەکانیش لەگەڵی. لە نامەکە نووسیبووی : رۆژی دووشەم رۆژی مەلەکردنتە تۆ برۆ بۆ لای کەنارەکە لەوێ دەتبینم.عارف بۆی باسکردبوو کە هەفتەی دوو جار بۆمان هەیە مەلە بکەین، کاتیا بە قسە خۆش و جوانییەکەی دەیتوانی کارێك بکا بێتە ژوورەوە. رۆژی دووشەم کە ئێمەیان برد بۆ مەلەوانی، بە ترس و لەرزەوە بەرەو ئەو شوێنەی کاتیا دیاریکردبوو بەڕێکەتم، لەوێ لە کەنارەکە کە دەور و بەری دارستان و جوانی بوو کاتیام بینی ، من تەنیا دەستیم خست ناو دەستمەوە و ماچم کرد، ئەو یەکڕاست خۆی شل کرد و خۆیدا بەدەستەوە،من خەیاڵێکی لەو شێوەیە بەمێشکمدا گوزەری نەکردبوو، من ئەوم بە کەسێکی پیرۆز دانابوو کە گوناهە دەستی لێبدرێ.

ئیتر لێرەوە دیلیەتی ئەوندەی تر بۆمن مایەی نارەحەتی بوو، سێ چوار جاری تر یەکترمان بینییەوە، تا ئەوجارەی نامەیەکی تریم پێگەیشت نووسیبووی ئەم دووشەممەیە جل و بەرگی تایبەتت بۆ دەهێنم. هاورێکانم ئاگادارکردەوە تا چەند رۆژێك ناتوانم بگەڕێمەوە ئەوان لە جیاتی من ئیمزای بکەن. ئەو شتە لای ئێمە هەبوو، دەمانتوانی جێگۆڕکێ بکەین، بە ڕیك و تەواوەتی نەدەژمێردراین بۆ ئەوەی لە ژمارە و ئامادەبوونمان دڵنیابن.

ئەو رۆژەی بینیم دەستێ جلی درێژ و کلاوێکی چەرمی بۆ هێنابووم، جلەکانم لەبەر کرد و کلاوەکەشم لەسەر کرد و کەوتمە رێ. لە سەربازخانەی زیندانییەکانەوە تا شار دوو سەعات ماوە بوو، لە رێگادا ئەگەر کەسێك بینیبااین





کاتیا بە رووسی قسەی لەگەڵ دەکردم، من وەڵامم نەدەداوە جار نا جارێك نەبێت دەمگوت "ئێسپاسیبۆ". لە کۆتایدا گەیشتینە ماڵەکەی تا بەیانی لە ژوورەکەی ئەودا بووم.

بۆ بەیانی، لەگەڵ خێزانی ئەندازیارە رووسییەکە و منداڵەکەیدا بە مەبەستی گەڕان بە شاخەکاندا، هاتینە دەرەوە. لە ماوەی ئەو سێ رۆژەی گەڕاین، چووینە سەر کێوی "سێ ستوون " کە لوتکەکەی سێ لەت بوو، چوینە نێو جەنگەڵێکی نزیك لەو ناوچەیە، خێمەمان هەڵدا و ئاگرمان کردەوە. لەوێدا جیهانێکی دوور و ونبوو بووین، پارێزراو بووین لە گاڵەگاڵی خەڵك. دەمانخوارد و دەمانخواردەوە. لە ژێر چڵی دارەکانەوە سەرمان بەرز دەکردەوە، سەیری دیمەنی ئەستێرەکانمان دەکرد. بایەکی فێنك هەڵی کرد، کاتیا بە دەنگە سیحراوییەکەی دەستی بە گوتنی ئاوازی "کەشتیوانی ڤۆلگا" و "ئیستنکارازاین" کرد، ئەو گۆرانی دەچڕی و ئەندازیار لێی وەردەگرتەوە بە دەنگێکی کز. دەنگی کاتیا لە گوێچکەمدا دەزرینگایەوە، وەکو زەنگی کلێسا زرینگەی دەهات. تەواو مەست و حەیران ببووم، پێشتر ئاوازی لەو شێوەیە کاریگەرم نەبیستبوو، موچرکی خۆشی بە جەستەم دادەهات، ئەوەم دەزانی کە بەبێ کاتیا ناتوانم بژیم.

ئەو شەوە کاریگەری زۆری لە سەرمدا جێهێشت ، حەزم دەکرد هەر ئەو شەوە بمردبام ، مردن ئاسوودەی دەکردم. دواجار گەڕاینەوە. بەیانی چاوم کردەوە و نەکردەوە، کاتیا خەریکی تێکردنی چایە بوو بۆم، سەماوەرەکەی داگیرساندبوو، لێرەدا عارف هاتە ژوورەوە، بەبێ متەقکردن سەیری کاتیای دەکرد، ئینجا سەیرێکی منی کرد و گەڕاوە دوواوە، دەرگاکەی داخست و چووە دەرەوە.

لەکاتیام پرسی : "چی بووە کاتیا "

کاتیا وەڵامی دامەوە : مناڵە، لێیگەڕێ و بیری لێمەکەوە، ئەو لەگەڵ هەموو کچەکاندا تێکەڵاوی درووستکردووە، کەیفم بە چارەی ئەو جۆرە گەنجانە نایەت، کورە بە جەهەننەم ! ئەو کەسێکە گوڵی سووری سەر رێگاکان لێدەکاتەوە، بۆنیان دەکا و فڕێیان دەدا.

"برادەرەکەم بۆ ئەبەد جێیهێشتم، هەرچەندی کردم نەمدۆزییەوە "

سەرەنج : ئەم چیرۆکە لە بنەڕەتدا ناوی "کاتیا"یە و من ئەم ناونیشانەی سەرەوەم پێداوە، مەسەلەکەش پەیوەندی بە ناوەڕۆکی چیرۆکەکەوە هەیە، پێموایە لە نێوان کاتیا و ئەندازیاری نەمساوی و عارفدا، عارف جوانترینیانە.



جەلالی ئال ئەحمەد

# منداڵی خەڵک

و/لەفارسییەوە:خالید فاتیحی

باشە من دەمتوانی چی بکەم؟مێردەکەم ئامادە نەبوو بەمنداڵەوە رامبگرێ.منداڵەکە هی خۆی نەبوو،ئی کۆنە مێردەکەم بوو،کە تەڵاقی دابوم و ئەویش حازر نەبوو منداڵەکە بەرێتەوە لای خۆی.ئەگەر کەسێکی دیکە لە جێگای من بایە چی دەکرد؟ باشە،منیش دەمویست بژیم.ئەگەر ئەو مێردەشم تەڵاقی دابام چیم کردبایە؟ ناچار بووم هەرچۆنێك بێ منداڵەکەی لە نێوبەرم.

ژنێکی چاوو گوێ بەستراوی وەك من،بێجگە لەوە هیچ شتێکی دیکەی بەبیر دانەدەهات. نەهیچ شوێنێك شارەزابووم،نەڕێگا چارەیەکیشم شك دەبردو نەهیچ جێگایەکیشم پێدەزانی.دەمزانی دەکرێ منداڵەکەی بەریە دایەنگە یان بەکاولگەیەکی دیکەی بسپێری،بەڵام لەکوێ منداڵی منیان وەردەگرت؟چۆن پێم وابا،کە ڕاگیرم ناکەن و ئابڕووم نابەن و هەزار ناوو ناتۆرە لە خۆم و لە منداڵەکەم نانێن؟لەکوێ؟نەمدەویست ئاوای لێ بێ.

هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە کە کارەکەم تەواو کردو گەڕامەوە ماڵێ،ئەوەی کردبووم بۆ دایکم و جیرانەکانم گێڕایەوە،نازانم کامەیان بوو گوتی: (( باشە نەتدەتوانی منداڵەکەت ببەیە دایەنگە،یان بیبەیتە خانەی هەتیوان و...)) نازانم کوێی دیکەشی گوت.بەڵام دەست بەجێ دایکم پێی گوت: (( پێت وابوو ڕێگەیان دەدا؟هە!)) من سەرە ڕای ئەوەی بیرم لەوە کردبووەوە،بەڵام کاتێك ئەو ژنەی دراوسێمان ئەوەی گوت،دووبارە دڵم داخورپا بە خۆم گوت: ((باشە ئافرەت،تۆڕۆیشتی تا ڕێگات نەدەن؟)) دووبارە بەدایکمم گوت : (( خۆزگە وام کردبایە.))

بەڵام من نە شارەزابووم. دڵنیا نەبووم کە ڕێگام دەدەن.ئەو کاتیش درەنگ ببوو.بەقسەی ئەو ژنە بە ئەندازەی دنیایەك خەم بەسەر دڵمدا باری.هەموو شیرین زمانی منداڵەکەم وەبیر هاتەوە.ئیتر نەمتوانی دان بە خۆمدا بگرم ،لەبەرچاوی دەرو جیررانەکان زووڕ زووڕ دەستم کرد بەگریان.

بەڵام چەند ناخۆش بوو،گوێم لێبوو یەکێکیان لە بن لێوانەوە گوتی: ((دەش گریە!شەرمێش ناکا...))

هەمیسان دایکم بە هانامەوەهات،زۆر دڵی دامەوە،ڕاستیشی دەکرد،من هەڕەتی جوانیمە بۆ دەبێ بۆمنداڵێکی ئەو هەموو خەمەی بخۆم؟ئەویش لە کاتێکدا مێردەکەم بەمنداڵەوە منی نەوێ؟ئێستاش زۆرم بە بەرەوە ماوە،کە سێ چوار منداڵم ببن!ڕاستە کە نۆبەرەم بوو،نەدەبوو ئەوکارەم کردبا،بەڵام دەڵێی چی کار لە کار ترازاوە.

ئیدی ئێستا بیرکردنەوەی ناوێ.من کە نەمدەویست هەستم و ئەوکارەی بکەم،ئەوە مێردەکەم بوو پێداگری دەکرد ڕاستیشی دەکرد،نەیدەویست جاشکی نێرە کەرێکی دیکە لەسەر سفرەو خوانی خۆی ببینێ. بۆخۆشم کاتێك لێکم دەدایەوە،دەمگوت هەقیەتی،ئایا منیش ئامادەبووم،منداڵی مێردەکەم وەك منداڵی خۆم خۆشبوێ و ئەوان بەسەر باری ژیانی خۆم نەزانم؟ئەوان لەسەر سفرەی مێردەکەم بەزیاد نەزانم؟باشە،ئەویش هەروا.ئەویش هەقی بوو کە نەتوانێ منداڵی من،منداڵی من کە نا،منداڵی نێرەکەرێکی دیکە،خۆی گوتەنی لەسەر سفرەی خۆی ببینێ.

لە هەمان یەك دوو ڕۆژی هەوەڵی،کە چوومە ماڵەکەی باس هەرباسی منداڵەکە بوو.شەوی دوایی زۆرقسەمان کرد.نەك ئەوەی من زۆرم قسە کردبێ،هەمیسان دەربارەی منداڵەکە قسەی کردو منیش گوێم ڕاگرت،سەرەنجام گوتم: ((باشە دەڵێی چی بکەم)) هیچی نەگوت،ماوەیەك بیری کردەوە و پاشان گوتی: ((من نازانم چی بکەی،هەرچۆنێك پێت باشە وابکە،من نامەوێ جاشکی نێرەکەرێکی دیکە لە سەر خوانی خۆم ببینم.)) ڕێگاو چارەیەکی بۆدانەنام.ئەو شەوە لەگەڵم نە نووست،یانی لێم توورەببوو! شەوی سێیەمی ژیانمان پێکەوە بووین،لێم توورەببوو.بۆخۆم دەمزانی کە دەیەوێ لێم توورەبێ،بۆ ئەوەی کاری منداڵەکە زووتر تێك پەڕێنم بەیانیش کە لە دەرگای ماڵ وەدەر کەوت گوتی: ..نیوەڕۆ کە هاتمەوە نامەوێ ئەو منداڵەی ببینم.ها!)) منیش هەر لە هەمان کاتدا تەکلیفی خۆم دەزانی ئێستا هەرچی بیری لێ دەکەمەوە ناتوانم تێبگەم،چۆن دڵم هات بەلام ئیدی بەدەست خۆم نەبوو.چارشێوەکەم بەسەرمدادا،دەستی منداڵەکەم گرت و هەردوای مێردەکەم لەماڵ وەدەر کەوتم.

منداڵەکەم سێ ساڵانەبوو.بۆخۆی زۆر جوان دەڕۆیشت.خراپەکەی لەوەدابوو،سێ ساڵ تەمەنی خۆم لەسەر دانابوو.هەموو کوێرەوەرییەکانی تەواو ببوون.هەموو شەونخونییەکانی تێپەڕیبوون.تازە سەرەتای حەسانەوەم بوو،بەلام من ناچار بووم دەبوو کارەکە ئەنجام بدەم.

تا پەنای وێستگەی ماشێنەکان پێ بەپێی ڕۆیشتم.پێڵاوی دەپێ کردبوو،جلکە جوانەکانیشم دەبەر کردبوو یەك کۆت و شەرواڵێکی شینی چکۆڵە،هەر ئەو دواییە مێردە کۆنەکەم بۆی کڕیبوو.کاتێك جلەکانم دەبەرکرد،ئەو بیرە بە مێشکمدا هات کە (( ژنێ بۆ جلکە نوێیەکانی دەبەر دەکەی؟بەلام دڵم نەهات.دەمتوانی چی بکەم؟چاوی مێردەکەم کوێربێ،ئەگەر دووبارە منداڵم بوو،با بڕوا جلك و بەرگی بۆ بکڕێ! جلکەکانیم دەبەر کرد.سەرم شانەکرد.زۆر جوان ببوو.دەستم گرتبوو،بە دەستەکەی دیکەم چارشێوی نوێژەکەم لە دەوری کەمەرم هاڵاندبوو،وردە وردە هەنگاوم دەنا،ئیتر پێویستی نەدەکرد جنێوی پێبدەم،تا توندتر بڕوات. دواجار بوو کە دەستم دەگرت و بە کۆلاندا،لەگەڵ خۆم دەمبرد.دووسێ جاران ویستی کێکی بۆ بکڕم،گوتم: ((لە پێشدا سواری ماشێن دەبین،دوایەش کێکت بۆ دەکڕم...))

لە بیرمە ئەو ڕۆژەش وەك ڕۆژانی دیکە،بەردەوام پرسیاری دەکرد. ئەسپێك





لاقی لە قولکەی جۆگە ئاوێك کەوتبوو،خەڵك دەورەیان دابوو.زۆر هەولیدا بلندی بکەم تابزانێ چ باسە.بەرزمکردەوە.ئەسپەکە لاقێکی ڕووشا بوو،خوێنی لێدەهات.کاتێك هێنامە خوار گوتی: ((دایە دەستی بقە بووە!)) گوتم: (( ئەدی ڕۆڵە گیان،بە قسەی دایکی نەکردووە،بۆیە دەستی بقە بووە.))

تا گەیشتینە وێستگەی ماشێنەکان ئارام ئارام دەڕۆیشتم.زۆر زوو بوو ماشێن کەم بوون.نزیکەی نیو کاتژمێر لە وێستگە مامەوە تا ماشێنێك وەگیر کەوت.منداڵەکەشم ڕا نەدەوەستا،هێندەی پرسیار دەکرد بێزار ببووم.دوو سێ جاران گوتی: ((دایە ئەوە بۆ ماسێن نایە؟ ئەگەر وایە با بسین کێکی بکلین)) منیش دووبارە گوتم ئێستا دێت. پێشم گوت کاتێك سواری ماشێن بووین کێکت بۆ دەکڕم.

سەرەنجام سواری خەتی حەوت بووین،تا مەیدانی (شا) کەدابەزین منداڵەکەم هەروا قسەی دەکرد پرسیاری دەکرد.لە یادمە جارێك گوتی : (( دایە دەسینە کوێ؟)) نازانم چۆن بوو، بێ ئەوەی ئاگام لێ بێ یەکسەر گوتم: (( دەچینە لای باوکت.)) منداڵەکە کەمێك لە ڕووخسارمەوە ڕاما،پاشان گوتی: ((کامە باوکە؟)) من ئیدی تاقەتم نەما گوتم: ((گیانەکەم، دەزانی زۆر قسەدەکەی؟ ئەگەر زۆر قسە بکەی کێکت بۆ ناکڕم.ها!))

ئێستا چەندە دڵم دەسووتێ.ئەو جۆرە شتانە زیاتر دڵی مرۆڤ ئازار دەدەن.بۆچی دڵی منداڵەکەم لەو دوا ساتەدا ئاوا شکاند؟.کاتێك لە ماڵ هاتینەدەر بەڵێنم بە خۆمدابوو، کە تا لەکارەکە دەبمەوە تووڕەنەبم و لەمنداڵەکەم نەدەم،جنێوی پێنەدەم و بە میهرە بانییەوە لەگەڵی بجوڵێمەوە.بەلام ئێستا چۆن ئاگر لەدڵم بەربووە! بۆ ئاوا بێدەنگم کرد؟منداڵەکە ئیدی بێدەنگ بوو.لەگەڵ شاگردی شوفێرەکە،کە قسەی لەگەڵ دەکردو ئەدای بۆ وەدەر دێنان،شاگەشکە ببوو. بە لام من وەسەر خۆم نەدەهێناو سەیری منداڵەکەشم نەدەکرد،کە بەردەوام ئاوڕی دەدایەوە.

لە مەیدانی شا گوتم ڕاپیگرە.کاتێك دابەزین منداڵەکەم هەر پێدەکەنی،مەیدان قەرەباڵغ بوو،پاسەکان تێکیانەوە داویشت،بەلام هەر سەرسام بووم کە کارەکەم بکەم.

ماوەیەك هاتم و چووم.ڕەنگە نیو کاتژمێر زیاتر،پاسەکان کەمتر ببوون.هاتمە قەراخ مەیدانەکە، دە (شایی)* م لەگیرفانم دەرهێناو دامە دەستی منداڵەکە، منداڵەکەم سەری سووڕمابوو تەماشای دەکردم.هێشتا پارە وەرگرتن فێر

نەببوو.نەمدەزانی چۆن حالّی بکەم.لەو بەری مەیدانەکە تۆو کولەکە فرۆشێك هاواری دەکرد،بە پەنجە ئاماژەم بۆکرد گوتم: (( لێم وەرگرەو برۆ،کێکی بکڕە.بزانم دەزانی بۆخۆت بکڕی!))

منداڵەکەم تەماشایەکی پارەکەی کردو پاشان ڕووی لەمن کردو گوتی: ((دایە ئەتۆس وەلە بابسین.!)) من گوتم: ((نا، من لێرە ڕادەوەستم و ئاگام لێتە.برۆ بزانم دەتوانی بۆخۆت بیکڕی؟))

منداڵەکەم دووبارە تەماشایەکی پارەکەی کرد.دەتگوت دوو دڵەو نازانێ شت بکڕێ.تائێستا کارێکی وام فێر نە کردبوو،پڕ بەچاوان تەماشای دەکردم.عەجیب نیگایەك بوو! دڵم زۆر تەنگ بوو حاڵم زۆر پەرێشان بوو.زۆری نەمابوو ژەوان ببمەوە.پاشان کە منداڵەکەم ڕۆیشت و من ڕامکردو تا ئێستاش،هەتا ئەوڕۆژەی ئێوارەش کەلەبەر دەرگاو لای درۆاوسێکان لە حەژمەتان گریام،هیچ ئاوا دڵم پڕ نەببوو،تێك نەچووبیووم،زۆری نەمابوو بێهۆش بم.عەجیب نیگایەك بوو!

منداڵەکەم سەرگەردان مابوو،دەتگوت ئێستاش دەیەوێ شتێکم لێ بپرسێ.نازانم چۆن خۆم بۆڕاگیرا.جارێکی تریش تۆو کولەکەم نیشان داو گوتم: ((برۆ گیانەکەم ئەو پارەیەی بدەیەو بڵێ دەنکەکوولەکەم بدەیە.هەر ئەوەندە.برۆ ئافەرین!))

منداڵەکەم تەماشایەکی دەنکە کولەکەکەی کردو پاشان وەك ئەوەی بیەوێ وەك جاران بەهانەیەك بگرێ و بگری گوتی: (( دایە من تۆوم ناوێ کسمیسم دەوێ.))

ئیتر خەریکبوو دڵم ڕاوەستێ.ئەگەر منداڵەکەم کەمێك خۆی ڕاگیر کردبا ئەگەر کەمێك گریابا حەتمەن پەژیوان دەبوومەوە،بەلاّم منداڵەکەم نەگریا.توڕەببووم،بێتاقەت ببووم،بەسەرمدا شیڕاند: ((کشمیشیش هەیە.برۆ هەرچی دەتەوێ بیکڕە.برۆئیدی!)) لەجۆی پەنا پیادە ڕۆیەکە بلّندم کردو لەسەر جادەی شەقامەکەم دانا،دەستم بەپشتیەوە ناو لەسەرخۆ پالّم پێوەنا گوتم : ((دەبرۆ ئیدی دەنا درەنگ دەبێ))

شەقامەکە چۆڵ بوو،لە ناوەڕاستی شەقامەکە تا ئەو سەری پاسێك،گالیسکەیەك دیار نەبوو،کە منداڵەکەم وەبەر بدا.منداڵەکەم دووسێ هەنگاو ڕۆیشت و گەڕایەوە و گوتی: ((کسمیسی هەیە؟))

منیش گوتم : ((ئەرێ گیانەکەم.بڵێ بایی دەشایی کشمیشم بدەیە.)) ڕۆیشت.

منداڵەکەم گەیشتە ناوەڕاستی شەقامەکە،لەناکاو ماشێنێك هۆڕنی لێدا،من لەترسان وەلەرزین کەوتم.بێ ئەوەی بزانم چ دەکەم،غارمدایە ناوەڕاستی شەقامەکە و منداڵەکەم لەباوەش کردو بەغاردان هاتمەوە سەرپیادە ڕۆیەکەو لەناو خەڵکدا خۆم پەنادا.ئارەق بەلەشمدا دەهاتەخوار و هەناسەم سوار ببوو، منداڵەکەم گوتی: ((دایە سبووە؟)) گوتم: ((هیچ گیانەکەم،لەناوەڕاستی شەقام تیژ تێدەپەڕن و تۆش لەسەرەخۆ دەڕۆیشتی،زۆری نەمابوو بکەویە ژێر ماشێنەکە.))

کاتێك ئەوەم دەگوت زۆری نەمابوو لەپڕمەی گریان بدەم.منداڵەکەم هەروا کە لەئامێزمدا بوو گوتی: ((باشە دایە لە حەلزم دانێ،ئەوجال توند دەلۆم.)) ڕەنگە ئەگەر منداڵەکەم ئەو قسەیەی نەگوتبا،لەبیرم چووبوو کەبۆ چ کارێك هاتووم،بەلاّم ئەوقسەیە دووبارە منی وەئاگا هێنایەوە.

هێشتا فرمێسکی چاوەکانم نەسڕیبوونەوە،کە دووبارە کەوتمەوە بیری ئەوکارەی کە وەدوای کەوتبووم.بیری مێردەکەم کە لێم بەڕق داچووبوو.منداڵەکەم ماچ کرد.ئەوە دوا ماچ بوو کە لەکوڵمە کانیم کرد. ماچم کرد و دووبارە لەسەر زەویم دانایەوە،بەگوێمدا چپاند: ((خێرا برۆ گیانەکەم،دەنا ماشێن دێن.))

هەمیسان شەقام چۆڵ بوو،ئەمجارە منداڵەکەم توندتر ڕۆیشت،هەنگاوە بچکۆلەکانی خێرا هەڵدێنان من چەند جارێك ترسام کەنەکا هەنگاوەکانی تێك بئالّێن و بکەوێ.کە گەیشتە ئەو بەری شەقامەکە ئاوڕی دایەوە و تەماشایەکی کردم.منیش دامێنی چارشێوەکەم لەبن هەنگڵم کۆکردبوونەوەو خەریك بوو بڕۆم.هەرکە منداڵەکەم بەرەو لای من وەرسوڕاو ئاوڕی دایەوە،لەشوێنی خۆم وشك ببووم.ڕاستە کەنەمدەویست بزانێ من دەڕۆم،بەلاّم بۆ ئەوە نەبوو کەلە شوێنی خۆم وشك ببووم و دەستەکانم

هەروا لەبن باخەڵمدا مابوونەوە،ڕاست وەك ئەوکاتەی کە خەریکی پشکنینی گیرفانی مێردەکەم بووم—هەمان کۆنە مێردەکەم—کەمێردەکەم بەسەرمداهاتەوە،ڕاست وەك ئەوکاتی وشك هەڵاتم،دووبارە شەڵاڵی ئارەق بووم،سەرم بەردایەوە کاتێك بەهەزارزەحمەت سەرم بەرز کردەوە،منداڵەکەم ڕێکەوتبوو زۆری نەمابوو بگاتە لای تۆو کولەکە فرۆشەکە.کارەکەم تەواو ببوو.منداڵەکەم بەسەلامەتی گەیشتبووە ئەوبەری شەقامەکە،لەو کاتەدا بوو کە دەتگوت هەرگیز منداڵم نەبووە.

بۆ دواجار کەسەیری منداڵەکەم کرد،ڕاست وەك ئەوە وابوو کە تەماشای منداڵی خەڵکی دەکەم.وەك منداڵێکی تازە پێ هەڵگرتووی خوێن شیرنی خەڵك تەماشام دەکرد. ڕاست بەهەمان شێوە کە حەز لەسەیرکردنی منداڵی خەڵك دەکەی،وام هەست دەکرد.

بە پەلە بەلای ئاپۆرای پیادە ڕۆیەکەدا سوڕامەوە.بەڵام یەکسەر ترسم ڕێنیشت.زۆری نەمابوو هەنگاوم شل بن و لەشوێنی خۆم بچەقم.ترسم لەوەی بوو مەبادا کەسێك هەستی پێکردبم.بەو هەزرەوە مووی لەشم بوونە نەشتەر.هەنگاوم توندتر کرد.دوو کۆڵان خوارتر دەمەویست بۆ کۆڵانە تەریکەکان لێ هاڵێم و ڕابکەم.بە زەحمەت خۆم گەیانبووە سەرەتای کۆڵانەکە،کە لە ناکاو تاکسییەك لەپشتمەوە،لە سەر شەقامەکەئیستۆپی کرد.تەواوی لەشم وەك بی ناو ئاو لەرزی. پێم وابوو پۆلیسی چوار ڕیانەکە تاقیبی کردووم و خۆی هاویشتۆتە ناو تاکسیەك و ئێستاش لەپشت سەرمەوە دابەزیووە و هەرئێستا بازووی دەستم دەگرێ. نازانم چۆن ئاوڕم دایەوە و تەماشای دواوەم کرد وەکو بەنێك خاو بوومەوە.ڕێبوارەکانی تاکسیەکە پارەکانیان دابوو خەریك بوو بڕۆن.هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا،بیریکی ترم کەوتە دڵ.بێ ئەوەی بزانم یان چاوم جێگایەك ببینێ سواری تاکسییەك بووم و دەرگاکەم توند پێوەدا.شۆفیرەکە پرتەو بۆڵەیەکی کرد و وەڕێکەوت.گۆشەیەکی چارشێوەکەم لە کەلینی دەرگای تاکسیەکەوە چووبووە دەر.کاتێك تاکسی دوور کەوتەوە






دڵنیابووم،لەسەرەخۆ دەرگاکەم کردەوەو چارشێوەکەم لە کەلینی دەرگاکە هێنا دەر و دەرگاکەم داخستەوە.پاڵم دایەوەو هەناسەیەکی ئاسوودەم هەڵکێشا.

*　　　*　　　*

سەرچاوە:

کتێبی ( یادگاری خشکسالیهای باغ) داستان —بچەمردم— انتشارات نیلوفر/١٣٧٦



کازیوە ساڵح

# دارسێوەکەی باپیرم

یەکەم کاری من بەیانیان لە خەو هەڵدەستم ، لە بەردەمی پەنجەرەکەم دەوەستم و لە باڵای دار سێوێکەی ماڵی باپیرم دەنوارم . بزانم هێشتا لە سەر پێ وەستاوە.هێشتا بووە بە لانەی هەزاران جریوە . پەنجەرەی ژوورەکەی من تەنها شتێکە لەم گەڕەکەدا کە باڵای لە باڵای دارسێوەکە کەڵەگەترە. هەردوو جووتە خۆشەویستی ساتە ئارامی و پڕ شەپۆلەکانی دڵمن. یوتوپیای شوێن تەنها لە چاوی ئەم پەنجەرەیەوە نیگای لە گەڵ ڕۆحم گۆڕیوەتەوە. پێم خۆش نیە لەم پەنجەرەیەوە نەبێت تەنانەت سەیری ئاسمانیش بکەم ، یوتوبیای سروشتیش لە هەر کوێوە هەڵکات دوا جار هەر ئەگرێتەوە بۆ لای دارسێوەکە.







ئەم دار سێوە سەرەتا و کۆتایی هەموو کێشەکانی و هەموو خۆشیەکانی ژیانی من بووە. باپیرم بەر لەوەی بمرێت ماڵ و موڵکەکەی بە سەر کوڕ و کچەکانیا دابەشکرد و ئەو دار سێوەشی بە من بەخشی . من تەنها نەوەیەکی بووم لە نێوان یازدە نەوەدا شتم بەر کەوت ، ئەویش تەنها بە خواستی باپیرم. ئەوسا تەمەنم تەنها دەساڵ بوو کە ئەو دارسێوەکەی پێ بەخشیم ، ئامۆزا و پورزا هەرزەکارو کاملەکانم دەنگی ناڕەزایەتیان گەیاندە ئاسمانی سەروو دارسێوەکە ، مامەکانم و پورەکانم خەریك بوو دیوەخانەکەی باپیرم بکەن بە گۆڕەپانی جەنگی مەغۆلەکان. هەر یەك بە شێوەیەك نەعرەتە و نەفرەتی بەرز ئەکردەوە ، پێیان وابوو باوکیان پیر بووە و خەڵەفاوە ، عەقڵی لە دەستداوەو و ناتوانێت چاك و خراپی خۆی لێك بکاتەوە . لە نێو خۆیاندا هەر شەشیان هەندێك لە دووری باوك و دایکم وەستان ، سەریان کرد بە یەکدا وپاش ساتێك چپە چپ ، مامە گەورەکەمیان کرد بە نوێنەری خۆیان کە لە بری ئەوانیش قسە بکات ، ئەویش هات لە تەنیشتی باپیرمەوە دانیشت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی درەختی خێزانی و هەموو شەڕو قوربانیە خێزانیەکان کە لە پێناوی ئەو دارسێوەدا دراون ، هەموو نەهامەتی و بەردگرتن و هێلانە کراو و ڕوخاوەکانی سەر ئەو دارسێوە. ئەو ساڵانەی کە بێ بەرو و مایە پوچ بووە لە گەڵ هەموو هەوڵ و کۆشس و خزمەتەکاندا و ئەو ساتە کورتانەی لە سایەی سێبەرو بەرهەمیدا حەساونەتەوە . ئەوەشی بە بیر باپیرم هێنایەوە کە ئەو بڕیارەی ئەو ناداوەری دەرئەخات. هەوڵیان دا تێی بگەیەنن ، هەر ئەگەر ئەیەوێت بە نەوەیەکی خۆی ببەخشێت ، ئەوا منداڵەکانی ئەوان لە پێشترن چونکە باوکی من لەوان منداڵترە و خۆشم لە منداڵەکانیان منداڵتر بووم.

باپیرم دەنگی تورەیی بە سەر کوڕەکانیدا بەرز کردەوە و پێی وتن " من خۆم ئەزانم چ ئازارێك لە ناخی ئەم دار سێوەدایە و ئەشزانم منداڵەکان و نەوەکانم کامیان باشتر باشتر تیماری ئەو ئازارانەیان پێ ئەکرێت و کامیشیان مێژووی ئەو دارسێوە وەکو خۆی دەڵێنەوە." تفێکی ڕۆکردە زەوێکە، پێم وابێت مەبەستی هێمایەك بووبێت بۆ نەفرەتکردن لە کرداری کوڕەکانی و پاشان



درێژەی دایەوە بە قسەکانی " بە خەڵەفاو و نەزانم مەزانن ، هەر یەك لە ئێوە ئەوە دەرچوون کە لە منالّیتاندا مەزەندەم کردبوو "باوکم بۆ ئەوەی دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە ، بە نەفەسێکی تەنگەوە وەکو ئەوەی بە توندی کێشرابێت بە سەر سنگیدا و ناچاری نەبێت توانا و ئارەزووی قسەکردنی بن بڕ بووبێت ، وتی ، " باوکە ، من هەمە و نیمە دوو منالّە ، ئەم دارسێوەش شووم و مەرگ هێنەرە ، تکایە با بە ناوی منالّی منەوە نەکرێت ، براو خوشکەکانم کامیان ئارەزوو ئەکەن پێشکەشیان بێت "

باپیرم سوور بوو لە سەر قسەی خۆی و گووتی ، " ڕۆڵە ، منیش بۆیە ئەیکەم بە ناوی ئەم کچەی تۆوە ، ئەمەوێت ببێت بە موڵکی کەسیەك کە بتوانێت بە گڕ ژیانا بچێت " لە و تەمەنەمەوە، هەتا ئەمڕۆ







شەوان ڕوو لە مانگ دەست لە ملی کەناری پەنجەرەکە ئەکەم و سەر دەخەمە سەر لێوارە نەگۆڕ و ڕەنگ سپێکەی ، بە نیازی ئەوەی لە گەڵای وەریوی بیناییمەوە شەونخونی دیداری بکەم. پرچەکانی دارسێوەکە و منیش سال بە سالّ بەرەو ڕووت بوونەوە و کالّبوونەوە ئەچێت ، جیرەی پشتی هەردوو لە جولّەی سمورەیەکی برسی ئەچێت لە کلۆری دارێکی پیری ماندووی پاش وەرزەکانی زەهر بارین. من وەك پشکۆیەك ڕۆژانە بە دیار ئەوەوە دانیشتووم وهەلّئەقرچێم ، ئەویش ڕوو لە من و ڕوو لە هاتاو لایەك گەش و لایەك هەلّقرچاو ، لایەك ڕووت و لایەك پۆشتە دروودی ڕۆژەکان بە مانگ ئەگەیەنێت. هێشتاش نە من لە بەرهەمی ئەوم خواردوە نە ئەویش لە بەر بەرهەمی خۆیدا حەساوەتەوە و نە مانگیش ڕۆناکی شیرینی خستوەتە سەر درودەکانی ئەو و ئازارەکانی من.

ئازارەکانی من تەنها لە ڕیگەی بەردە فڕکێی منالّانی گەڕەك و تەشی ڕستنی پیرێژنەکان لە سێبەری سێوەکەدا و پەڕۆ لە لق و پۆپ ئالّاندنی ئەو ژنانە نەبوو کە پێیان وابوو سێوی پیرۆز ئەتوانێت بیان کات بە دایك، منیش دەبوو ڕۆژی دووەم هەزاران گریّ کوێرەی پەڕۆ و پاتالّی گریّ دراو بکەمەوە و لقی سێوەکە ئازاد بکەم . بەلّکو ئەوەش بوو بزانم چۆن سروشتی پاراستنی دار سێوەکە لەو خزم و کەس و مام و پوور و ئامۆزا و پۆرزا نە بشارمەوە کە هەر لە منالّیەوە تۆلّەی بڕیارەکەی باپیرەیان لیّ ئەکردمەوە ، ڕقیان لە من و دارسێوەکەش بوو، دەیان جار کە خەو خیانەتی لیّ ئەکردم و هۆش و بینایی داگیر ئەکردم ، کاتیك بە ئاگا ئەهاتمەوە نەوت کرابووە بنی بۆ ئەوەی وشك بێت ، تەنانەت جاریەك دراوسیەك بۆی باسکردم کە لە بیّ ئاگایی مندا دانە دانە سێوەکانیان بە سرنجی زەهر کوتیوە. بۆیە ناچار بە هەولّی ئەو دلّسۆزانە، ئەوانەی کە دارسێوەکەیان وەکو سامانێکی نەتەوەیی چاو لیّ ئەکرد ، هەموو بەرهەمی ئەو سالّەیمان لیّ کردەوەو لە شوێنێکی دوور لە ژێر خاکدا ناشتمان بۆ ئەوەی کەس لێی نەخوات و کەس دوو چاری مەرگ نەکاتەوە.

زەهراوی کردنی سێوەکان پاش هیرشبردنی هێزەکانی ناوخۆ بوو بۆ داگیرکردنی یەك لە دژی ئەوی تر. ئەم هێزانە هەموو توانای سەربازی و بکوژی خۆیان لە ژێر سێبەری ئەو سێوەدا تاقی ئەکردەوە، ئیتر لقەکانیشی پێوسیتی بەوە

نەمابوو من پەڕۆی گرێدراوی ژنانی شاری لێ بکەمەوە، چونکە هەر رۆژەی بە ڕەنگی پەرچەمی هێزێك لقەکانی دادەپۆشرا تا بە تەواوی لە ڕەنگ چوونەوە. ڕۆژێك خزمەکانم گووتیان، " پاش ئەم ئەزموونە زۆرە لە بەخێوکردنی دارسێوەکەتدا تێ گەشتی بەرگریکردن لێی پیویستی بەهێزە ، ئەگەر تۆ ڕازی بیت ببیت بە ئەندامی دیوەخانی ئەم خزم و عەشیرەتەی خۆت و جار جار بەرهەمی سێوەکە دەرخواردی ئەندامەکانی دیوەخان بدەیت ، ئەوا بە هەموو هێزی خۆمان دەبین بە پارێزەری.

لە سەروبەندی پەسەند نەکردنی داواکەیانا، زەهر کرا بە خەڵاتی سێوە خۆشەویستەکەی باپیرە. پاش ئەوان هەر هێزێك بە جیا ئەهاتن کۆمەڵێ پەیمان و گلوپی ڕەنگا و ڕەنگیان دادگیرساند و هەر یەك لای خۆیەوە ، دەیگووت، " منم هیزی ڕاستەقینە بۆ پاراستنی خۆت و دارسێوەکە، بە ئەرکی خۆمانی ئەزانین بتانپارێزین ئەگەر بن بە بەشێك لە ئێمە ، گەر نا ئیتر گوناهی خۆت لە ئەستۆی خۆت، ئێمە ناتوانین تەنانەت لە جەندرمەکانی خۆشمان بتپارێزین .

ئاخر بۆ دەبێت بە تاکە کەسی پاراستنمان بوێت ، لە سەر چی؟ کێ لە دنیادا لە سەر هەبوونی دارسێوێك مەترسی لە سەر ژیانی بووە، بۆ هەر کەس ئەیەوێت بە زۆر مێژووی خۆی بەم داسێوەوە ببەستێتەوە.مەگەر ئەمە دارسێوی پیرۆزە من نەمزانیوە؟ خۆ هەموو کەس لەم کاولەیەدا حکایەت خوانە، هەموو هەر دەیەوێت ببێت بە خاوەنی حکایەتێك و حکایەتەکانی بچێتەوە سەر دار سێوەو چەندین حکایەتی ساختە لە هەگبە درۆزنەکان نراون. پاشان کە حکایەتە ساختەکانیان زۆر دەبن ، سەر لە نوێ دەکەونە شەڕی یەکەمینە و سوپەر حکایەت، هەر یەك دەکەوێتە ناکۆکی لە گەڵ ئەوی تر و ئەڵێت من یەکەم کەسم کە حکایەتم لە گەڵ ئەم دار سێوە هەبێت، نا..نا حکایەتی من گەورەتر و متمانە پێکراوترە.

من دەمێکە لەوە تێگەشتووم ئەوەی خەڵکی مەملەکەتی حکایەتخوانەکان شێتگیر ئەکات ئەوەیە ژنێك خاوەنی دارسێوێك بێت و ڕێگە بە ژنێکی تریش بدات حکایەتەکانی خۆی لە سەر قەدەکانی بنووسێتەوە. بۆیە عەیامێکە کچێکی هەرزەکار چرنوکی شێتانەی پێنووسکەی لە باڵای دارسێوەکەم گیرکردوەو وردە وردە





سەربردەی دارسێوێك و چیرۆکەکانی خۆی بە قەد و باڵایدا هەڵدەواسێت. من ئێستا وەکو جاران شەونخونی ناکەم، دارسێوەکەم پەل پۆی دەرکردوەتەوە و باڵای لەوە بەرزترە چاوەکزەکانی نیگایان بکات، هەمیشە ڕوو لە هەتاو پێ ئەکەنێت ، منیش ڕوو لە ئومێد بەوەی کەسیەك کە ئەتوانێت بە گڕ ژیاندا بچێت نازی دارسێوەکە ئەکێشێت ، لە سەر کەناری پەنجەرە کەڵەگەتەکەی ژووە پڕ کتێب و تەپوتۆزەکەم ڕوو لە سێو و لقی پڕ ژیان سەرخەوێك ئەشکێنم.

٢٠١٢

**Canada**



**جەلیل کاکەوەیس**

# "با"وای گێڕایەوە

دەبوو ئەمڕۆش وەك هەموو ڕۆژەکانی دی عەسرێکی درەنگ سییە لاوازەکانی بە شنەی بای ئێوارە ببووژێنێتەوە. سۆنیاکە لای ئەم ناوی ببوو بە کچەڕەشەکە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا بێ پرس کردن ئامێر ئاسا عەرەبانەکەی لە لێواری قەرەوێڵەکەی جووت دەکرد، وەك لقە دارێکی وشك بۆ سەر عارەبانەکە غلۆری دەکردەوە و بەرەو نێو حەوشەکە رای دەدا. لەوێ بەرانبەر کەپری دار مێوەکە تا تاریکانێکی درەنگ بەتەنیا جێی دەهێشت.

ئەم ئێوارەیە وەك ئەوەی ئاگای لە تێپەڕبوونی وەرزەکان نەبووبێت چاوێکی تەڵخ و لێڵی بە هەموو سووچەکانی حەوشەکەدا گێڕا. گەڵا داڕژاوەکان و لقە رووتاوەکانی دارمێوەکە بوونە سەرەتای کۆمەڵێ لێکدانەوەی پچڕ پچڕ، "چەند بە کپی نووستووە و پەل و پۆی بەسەر کەپرەکە دا بڵاو کردووەتەوە. تا وەئاگا دێتەوە رەنگە منیش بۆ هەتا هەتایە خەوم لێ بکەوێت. ئێی هەموو شتێك بە نۆرەیە.. بە نۆرەیە!".

زانی وەرزەکەی پایزێکی درەنگە "وای پایز چ وەرزێکی درێژە! پایز وەرزی نوستنی هەتا هەتایی!". نیگای گواستەوە





بن کەپری دار مێوەکە، هیچ نیشانەیەکی دەستکاری کردنی شوێنەکەی بەدی نەکرد، "ئەوە بیست پایز تێپەڕ بووە و ئەو لەوێ نوستووە. ئا.. نوستووە و راست نەبۆتەوە. ئەم دار مێوەش گوێ بە گوێیی ئەو لەم وەرزەدا دەنوێت.".

لە شوێنەکە خانەگومان بوو، "کێ ڕێی دەکەوێتە ئێرە؟ کێ سەردانی کەسێکی عەمەلمەندە و لەبیرکراو دەکات.؟ نا.. نا، عەمەلمەندەیەك و نوستوویەك.. ها!؟".

بن کەپرەکە جگە لە گەڵا داڕژاوەکان هیچ شتێکی دیکەی پێوە دیار نەبوو، گەڵاش هەتا هەتایە لەوێ نامێنن، "ئاخر لە ماوەی ئەم بیست پایزەدا، چەندین جەنگ و ڕووداو تێپەڕین، چەندین ناو سڕانەوە، چەندین ژمارە کەم و زیادیان کرد، بەڵام تۆ بڵێیت کەسێك بیری لە کەپری دارمێوێك نەکردبێتەوە، سەرێکی بەم حەوشەیەدا نەکردبێت، یان هەر لەسەر دیوارەکەوە دیقەتێکی نەدابێت.. ها؟!".

ویستی بە تەکانێك بگاتە بن کەپرەکە و بەدەست و پێ گەڵا داڕژاوەکان رابماڵێت و لە شوێنەکە دڵنیا بێت، لێ دەست و لاقێکی سست و بێ خوێن لە کوێ لە عۆدەی ئەو کاتە دێن، "چی بکەم، لە تەواوی بوونمدا تەنیا وژە وژێکی نێو گوێچکەکانم و دوو چاوی لێڵ بۆ من ماونەتەوە، بەردەوام لەنێو گوێچکەکانمدا ڕەشەبایەك هەڵیکردووە و دەلوورێنێت، لە هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەمماڵەدا هەر دەلوورێنێت و زەندەقم دەبات!".

بە تەڵخی ڕوانییە ژێر کەپری دار مێوەکە و بەناچاری خۆی قایل کرد کە هەموو شتێ بە دەق و مۆری خۆیەوە ماوە. ئەوەی روویدابوو مەگەر هەر خودا و خۆی و دار مێوەکە بیزانن، "وای دابنێ شتێ لەوێ حەشار دراوە، شتێکی تورەهات کەی هی ئەوەیە سەرە جەنجاڵەکانی ئەم رۆژگارە پێوەی مژوول بن، بەڵام گریمان وا وەك خەونێکی ئاجڕ و باجڕ کەوتەوە بیری کەسانێك! ئێ ئەوسا دەخرێتە خانەی هەزاران بێ سەروشوێن و دەبڕێتەوە".

غایلەکان تا دەهات دەستاودەستیان پێدەکرد، لە ناکاو بیرێکی وای بە خەیاڵدا هات: "لە ماوەی چل ساڵدا تەنانەت بەستە و لوولاقی ئەسپێك، تۆ بڵێ فیلێکیش شوێنەواری نامێنێت و دەبێتە گەرد و خۆڵ و ئیدی دەبڕێتەوە. بەڵام هێشتا بیست پایزی دیکەی ماوە و دەبێ هەر چاوەڕێ بم. بیست پایزی نوستن و چاوەڕوانی. ئەوسا گەر شوێنەوارناسێك وەك ئەوەی خەونێکی دی بێت، یان بەدەم ئەو دەنگەوە بێت کە مناسا لەگەڵ هەڵکردنی بادا دەیژنەڤێت، ئەوسا چی،

ها..ها؟ ئا.. ئا، ئەو دەمە وەك گەشكە بردوویەك رەنگە بە لوولاقی بە بەرد بووی چاخی گۆتی، یان رەشەكوژییەك، دووریش نییە وای نزیك بخاتەوە بیگەیەنێتە راپەرینەكەی سالانێكی لەمەوبەر.".
گریمانەكان تا دەهات یەكتریان دەسرپیەوە و پەژارەكەیان بنبڕ نەدەكرد، بۆیە خەیاڵی بەلایەكی تردا رەتاند، "گەر ئەم خانووە لە بێخەوە نەمێنێت! بەڵام ئەو دەمە بەر لە هەر شتێ ئەوەی دەردەكەوێت جلوبەرگێكی شینی كاڵەوە بووە، ئینجا كەللەسەرێكی سپی زەردباو بە دوو چاڵی چاوی قووڵەوە، بە دوو كاژێری لێك ترازانەوە، وەك ئەوەی لە باری هاوار كردندا بێت، چاوەكانی دەوروبەر زەق دەكاتەوە، ڕەنگە ئەوانەی لەو ساتەدا دەیبینن گوێیان لە هاوارەكەیشی ببێت: ئاه! لەم شوێنە تاریك و زوڵوماتە و وای دڵم تەقی، سۆمای چاوەكانم داهات، وای!".
هەستی كرد وژە وژی نێو گوێچكەكانی چەشنی رەشەبا هەڵیكردووە و هاواری كەللە سەرەكە دەبیستێت. ویستی هاوار بكات و كچە ڕەشەكە لەو دەنگە ترسناكە دووری بخاتەوە، لێ گەرووی نووساو و زمانی لاڵە پەتەی ئەم لەكوێ و هاوار كردن لەكوێ! بە ترسەوە نیگای لێڵی تكاندە ژێر كەپرەكە، چونكە هاوارەكەی لەوێوە دەبیست. وای بۆچوو گەڵا وەریوەكانی بن كەپرەكە كەوتنە خشە خش و جووڵە جووڵ و هاوكات باڵایەكی مامناوەندی لەبەرچاوی قوت بووەوە. كەسەكە بە مەزەندەی خۆی جلێكی شینی لەبەردایە و بە چاوێكی ترساوەوە تەماشای دەكات. ماوەیەك نە ئەم دەنگ و نە ئەو دەنگ. چاوە ترساوەكانی تارماییەكە و لە دۆخێكدا بوو، كە هەموو شتێكی لەدەست دابێت و بپارێتەوە. ئەو بێدەنگی و چاوە تۆقیوانە بیست پایزی نووستنیان دەور دەكردەوە، بۆیە بە ناخێكی هەڵوەشاوە و لەبەر یەك ترازاوەوە، لرخە لرخ ئاسا شتێ بەسەر زمانە لاڵە پەتەكەیدا هات، "نا.. نا، لە راهی خودا، من كردم تۆ نەیكەیت. ئاخر من بەم جەستە پووكاوەمەوە، بەم تڕە روحەمەوە لەكوێ بەرگەی ئەم تەماشاكردنەی تۆ دەگرم. تۆ نە لە خەیاڵی كەس ماویت و نە ناویشت لە هیچ تۆمارێكدا ماوە. لە راهی خودا بگەڕێوە شوێنی خۆت و لەوە زیاتر ئازارم مەدە، وا خەریكە ئای نەكەم و روحم دەرچێت. مەردی خودا بە، ئاخر ئەم رۆژگارە شوومەی ئێستا هیچ دادێكت نادات، دڵنیام گەر نەگەڕێیتەوە شوێنی خۆت بەرگەی دوو رۆژی ئەم سەردەمە ناگریت و پیر پیر







دەبیت. دەی بگەڕێوە شوێنی خۆت، بگەڕێوە.. بگەڕێوە..!".
لە پڕ لقە رووتەكانی دار مێوەكە بەتوندی كەوتنە هەژان. گڤە گڤێك لە شێوەی هەڵكردنی رەشەبایەك بەنێو لقەكاندا هات و گەیشتە گوێچكەی. وژە وژەكە پتر لە ئاهو ناڵەی بنیادەمێكی دەردەدار دەچوو. ساتە وەختێك ئەم دەنگە تارمایی ژێر كەپرەكەی لەبیر بردەوە: "ئاه چەند دڵڕەقیت! وای هەموو دنیات لەگەڵ مندا خامۆش كردەوە!". دەنگەكە كە بەدەم باوە دەهات و بەنێو لقەكانی دار مێوەكەدا تێدەپەڕی، هەر ئەو دەنگە بوو كە لە شێوەی ناڵەیەك بیست ساڵ لەمەوبەر هەر لەم ژێر كەپرەدا بیستی. دەنگێك بوو لە شێوەی هەرەسهێنانی كەرتە چیایەك. وای بۆ چوو ئەو ئاهە گەردوونییە ئەم هەموو ساڵە وەك ئەوەی بێ زیاد و كەم لەنێو لقەكاندا مابێتەوە و هەر ئەوەندە بایەك هەڵبكات بە ئاشكرا دەبیسترێ. كەوتە خولیای خۆڕزگار كردن لەو دەنگە ترسناكە، لە ناكاو كەوتە سەر خەیاڵێكی ئاوها، "گەر بە ئاماژەی چاویشە گەرەكە كچەرەش تێبگەیەنم تا زووە چون دار كونكەرە ئەم دار مێوە لە ڕیشەوە دەربێنێت، تێیبگەیەنم كە ئەم درەختە نەفرینە پیر بووە و لەبەر كەوتووە. ئاوهاش ئەم دار مێوە دەم نەوەستراوە هەر لقێكی دەكەوێتە هەتەرێكەوە و ئەو دەنگەش بۆ هەتا هەتایە كپ دەبێتەوە. بەڵام گریمان وا جارێكی دی ژیایەوە، ئێ ئەوسا لقە تازەكان نە ئاگایان لە كەین و بەینەكە هەیە و نە ئاهو ناڵەی جەرگبڕیش دەزانن.".
لە كاتێكدا غایلەكان دەیانهێنا و دەیانبرد، هەستی كرد وا كچەرەش بەرەو ژوورەوە عارەبانەكەی رادەدات. كە گەیشتە ناوەڕاستی هۆڵەكە دەنگێكی لە شێوەی لرخە لرخ گەیاندە سۆنیا. ئەمیش بۆ حاڵی بوون لە نیازەكەی ، سەری بە سەردا لار كردەوە و بەئاستەم قژی بەر گوێچكە و لایەكی روخسارە پەژموردەكەی كەوت. بۆنی جەستەی سۆنیا و بەركەوتنەكەی بۆ چاو تروكانێك ئاڵۆشییەكانی سەردەمێكی لەمەوبەری هێنایەوە یاد، ئەو ساتانەی بیر خستەوە كە وەك نێرینەكی خرت بە مێینەی شارێك دانەدەكەوت، كەچی ئەمێستا تەگەیەكی پیرە و بە هەموو مێینەی دنیاش تووكی نابزوێت.
كچە ڕەش ماوەیەك بوو دوور كەوتبووەو لە پێچێكی ماڵەكەدا ون بوو بوو. خۆبەخۆ كەوتە سەر لێكدانەوەیەكی ئاوها، "لە گوینە ئەو دەنگەی كە لەنێو لقەكانی دار مێوەكەوە دێت و گوێیەكانم پڕ دەكات لە

گڤە گڤ، بگاتە کچە ڕەشیش. دوور نییە تارماییەکەی ژێر کەپرەکەیشی دی بێت و هەموو حەکایەتەکەی مـوو بـەموو بـۆ گێڕابێتەوە.. نـا.. نـا، دوور نییـە دوور نییە! بەڵام ئەو زمان و دەم و پلەم لەکوێ بوو پێی بڵێم: ئاخر کچە ڕەش تۆیەك لە کیشوەرێکی دیکەوە چـی تـۆی گەیاندە ئێرە و لە سۆنگەی گوناهێکی لەبیرکراو ئاوها بەبێدەنگی دەم کوژێت. عینایەتی هاوسەریشم تـا هـەیپای لـێ کـرد بـە بـێ دەنگی وەك مۆرانە کلۆری کردم. بۆچی کچەرەش، بۆچی؟!".

لەگـەڵ گـەرم داهـاتنی غایلەکانی هـەموو سووچ و کەلەبەرێکی ماڵەکەش پڕ دەبوون لـە دەنگی هەمەجۆر، ناڵە جەرگبڕەکـەی ژێـر کەپرەکـە، دەنگـی نێـو لقـەکانی دارمێوەکـە، دەنـگ، دەنـگ، لـە هـەموو شوێنێکەوە هـەر دەنـگ دەهـات و دواجار دەبوونە دوا ئاهی کەسێك لە تاریکیدا.

ئەمێـستا لـەنێو ئـەو هـەموو دەنگانـە دەنگێکـی دیکـەی دەبیـست، دەنگێکـی تەوسـامێز و لـە حـەناس ئـەو وێنـە گەورەیەوە هەڵدەستا کـە بـە دیوارەکـەی بەرانبەرییەوە هەڵواسرابوو. ئـەم وێنەکـەی وا دەبینی، پیاوێکی تۆکمە و سمێڵ شۆڕ، یـەکێك لـە چـاوەکانی مەیلـە و خێـل و فـێلاوی، پیاوەکـەی نـاو وێنەکـە لـە بـاری دانیشتندا هەردوو دەستی خستبووە سـەر قۆڵی کورسییەکە. هەردوو دەستەکە سوور سوور دەچوونەوە و، سەری پەنجەکانیشی چرنوکی درێژ و تیژیان لێ ڕوا بوو. کـەمێك بیری پـەرتبووی کۆکردەوە، هەستی کـرد چاوە لێڵەکانی فریوی دەدەن، ئـاخۆ ئـەم کەسە دەستکردی خـەیاڵی خۆیـەتی، یـان هـەمان ئـەو وێنەیەیە، کـە سـەردەمێك لـە هەمان شوێن هەڵیواسـی بـوو. خورپەیـەك دڵە سستەکەی داچڵەکاند، (مـن چـەندین ساڵە ئـەو وێنەیـەم بـەدڵ و بـەگیان لـەوێ هەڵواسـیوە و قـەت بـەم شـێوەیە نـەمبینیوە. بێگومـان کەسـێك وێنەکـەی لابردووە و ئەم درندە چنگ خوێناوییەی لە شوێن داناوە! کێیە، ئەوە کێیە!؟).

بە تووندا دەچێت و دەکەوێتە پـەیجووری گریمانەیەکی دی. دەنگێکی کـەرخ و دوور وەك ئەوەی بەدەم بـاوە بێت لـە حـەناس وێنەکەوە گەیشتە گوێیە کپـەکانی، "گێلـە چەند زوو خۆتت بیرچووەوە. ڕاستە ئێستا مـن و تـۆ دوو عەینـەدین چـاومارین، عەینـەدین چـاومارێکی سـەرێك و هـەزار ڕوخسار و عەینـەدین چاومارێکی دەست لـەدنیا بـەربووە گێلـە کـەس هەیـە خـۆی نەناسێتەوە! دەزانم ئەو جەستە پووکاوە و بۆگەنـەی سـەر عارەبانەکـە جگـە لـە تارمـایی و دەنگـە جەرگبڕەکـەی ژێـر





کەپرەکـە هـیچ شـتێکی دیکـەی لـەیاد نـەماوە. دەزانم مـەژگی شـڵەقاوی ئـەوەی سـەر عارەبانەکـە توانـای دەورکردنـەوەی مێژوویەکیان نییە کە پڕە لە ناڵە و هاوار.. ئیـدی چـۆن مـن بـە ڕابـردووی خـۆی بزانێت؟! ئا.. ئا.. عەینەدین چاومار، ئـەم دەستانە، ئەم چرنووکە درێژانە هـی مـن و تـۆن و ئاگایـان لـە هـەمووی هەیـە، هـــەمووی... هـــەمووی...!). وەك جەستەیەکی مۆمیا کراو لەسەر عارەبانەکە لە بۆشاییەکی بێ تخوب و بێ کۆتـایی و تاریك تاریکدا بـوو. نـە هەسـتی بـە هـیچ شتێك دەکرد و نەگریمانـەو لێکدانەوەیـەك. دەنگی ئاهە گەردوونییەکەی ژێر کەپرەکە لەگـەڵ بـادا دوور دوور دەکەوتـەوە و لـە گوێچکەیدا کپ بـووەوە. وێنـە گەورەکـەی سەر دیوارەکەش ورده ورده کەوتـە دیـوی نەدیوەوە.



یوسف لەتیف

# شوێن تەلەفزیۆنەکە

ئەو بەیانیەش وەك پێریٚ درەنگ بەخەبەر هاتم، دەبوو بە پەلە خۆم بگەیەنمە تەرمیناڵەکەوخۆم بخزێنمە کۆستەرێکەوە وبە تاقیکردنەوەکەم رابگەم لە سلێمانی، پاریش ئەو پڕوپاگەندەیە هەر هەبوو کە دەبوو لەمساڵەوە تاقیکردنەوەکان لە چەمچەماڵیش ئەنجام بدرێت، بەلاٚم وا دەرنەچوو،شەوان کەدەمخوێند بەشێکم هەر جێدەهێشت بۆ ئەوەی لەماوەی ئەو سەعاتەی ناو کۆستەرەکە چاوێکی پێدا بگێڕم، نزیك بوومەوە یەك نەفەر یەك نەفەر خۆم هەڵدا شوێنی تەلەفزیۆنەکە مابوو ئیٚ قەیدی چییە خۆ نایکرم، جارێکیان بینیم هەرئەو شوێنە مابوو باوك وکوڕێك بەشۆفێرەکەیان دەوت کە ئەوان دوو نەفەرن هاوڕێکەم کە بۆ تاقیکردنەوەی زمانی عەرەبی خۆی ئامادە دەکرد هەڵی دایەو بەشۆفیرەکەی وت







بەقوربان جارومەجرِوڕن، یەکیکیان لەشوێنی تەلەفزیۆنەکەو ئەوی تریشیانی بە پێوە راوەستان، هەروەها شوفێرەکە پێی وتن ئەگەر ماندوو بوون نۆرە بەیەکتر بکەن وسرِی پێتان دەرکەن و سەد گوناح و یەك تۆبەو ئاه .

دانیشتم لەگەڵ دەرگا پێوەدانا یەك فەردەی خەتشینی بۆریان لەبان پێم دانا، قرچەی هات پەلکەنان بوو، پانتۆڵە رەشەکەم ئارداوی بوو، قاچم راپسکان لەژێریدا و هەنیٚ تەکاندم وسەیرێکی خاوەنەکەیم کرد بۆئەوەی عوزر خواییەك دەربڕیٚ،بەلاٚم نەخێر ئەو مێشێك میوانی نەبوو لیٚ رۆیشتین،کابرا بەشۆفێرەکەی وت لەرێی فلاٚنی ئاغجەلەر دادەبەزێت، هەندیٚ زیاتر بۆی روون کردەوە کە لەتەکیەی کاکەمەند تێپەڕین کەمێك ئەولای کارگەی گەچەکە دادەبەزێت. هیچ قسەم نەکرد لەلایەکەوە پێم خۆش بوو کابرا وای وت، چونکە لەچارەکی رێگەکەدا دابەزیٚ ئەو فەردە نەعلەتیەم لەکۆڵ دەبێتەوە کە قرچەقرچی لەگەڵ خوێندنەوەکەم تێکەڵ دەبیٚ وهەزاران پرسیارم لادروست ئەبیٚ ئەی بۆکویٚ دەچیٚ خۆ ئەو ناوە موحەڕەمەیەو تەیر ناتوانیٚ پیایدا راگوزەریٚ، رەبیەکانی سەرشاخەکە هەموو دەشتاییەکان دەسوتێنن بۆ ئەوەی چلیٚ داری لیٚ نەمێنیٚ یەکیٚ لە ژێریدا خۆی حەشار بدا دەڵێن زۆربەی ئاژەڵە کێویەکانیش لە برس وتینوێتیدا مردوون و ئەوانەشی کە توانیویانە ئاودیو بوونە و بەجێیان هێشتووە، ئەی ئەم کابرایە بەم فەردە پەلکەنانەوە بۆ کویٚ ئەچیٚ، خۆ گوێدرێژێکیش نەماوە لێی بار بکا و هەموو کەرەکان لە شارۆچکەکان مناڵان یارییان پیٚ دەکەن و بەبەرد قاچ و دەستیان هەموو شکاوە و هەر رۆژەو یەکێکیان لەسەر شەقام ئوتومۆبیل لێیان دەدا و زۆریان مینیان پێدا دەتەقێتەوە و هەر مەپرسە،ئاخر مرۆڤ کە خۆی لیٚ بار بوو رێز و غروری نەپارێزرا چی لەکەر بکات؟.

کابرا کە شوێنێکی بۆ خۆی نەبوو کەر لەکوێدا بەخێو بکا و کیٚ ئاوڕ لە خەباتی چەند ساڵەی کەر ئەداتەوە ؟کابرا قسەی دەکرد و لێی تێگەیشتم هی ئەوە نییە ئاو لە قوڕگیدا بوەستیٚ و شتێکی لا پیٚ بشاردرێتەوە زۆر سادە و ساکار بوو، لێم پرسی ئەو نانە و ئەو دەشتە چۆڵە، بۆ کویٚ دەچی ؟ناکا نەزانی رۆژانە هێلیکۆپتەر بەسەر ئەو دەشتاییانەدا



دەسووڕێتەوە و هەر ڕۆحلەبەرێك ببینن هێلیكۆپتەرە سەمتییەكان بۆی دائەكشێن و بەدۆشكە دەیبێژن .نا بەڵێ دەیزانم وایە ئەم وڵاتەی ئێمە بووەتە ئاقار و كەلاوە بستێك زەوی ناچێنرێ، دێیەكەی ئێمەش وەك ئەو چوار هەزار دێهاتەی تر بەر ئەنفال كەوت، شۆفلٚ گوندەكەمانی وێران كرد ئێستا كەلاوەیە تەنیا خۆم ڕزگارم بووە . ئەو ڕۆژەی قالە شێت لە چەمچەماڵ قافڵەی ئەنفالەكەی بەردباران كرد،قالەی كەریم بەگ فرسەتی بینی و دایكمی لە ئیڤەكە هێنایە خوارەوە یەك دوو كۆڵان بردی، كەچی ئەو نەعلەتییەی دایكم نازانم چی پریاسكەیەكی لەناو ئیڤەكە لێ بەجێمابوو بۆی گەڕابووەوە كە دەستی بۆ دەبا، یەك دوو عەرەب تێی دەسرەوێنن و هەڵی دەدەنەوە ناو ئیڤاكەوە. ئەو ڕۆیشتنە ڕۆیشت نەگەڕایەوە و خۆی كردە قوربانی ئەو پریاسكەیەی كە نازانم چیی تێدابوو! ! باشتر ڕۆیی خۆ ئەگەر بەجێ بمایە ئێستا خەمی كوڕەزاكانی هێندەی تر پیریان





دەكرد و بەناڵە و گریان منیشی دەكردە گریان.لەو ڕۆژەوەی كە شۆفلٚ سەر دێیەكەمان كەوتووە سەگەكەمان لەبان كەلاوەی دێیەكەمانە و جێی ناهێڵێ و دوور ناكەوێتەوە و هەر لەسەری دەقروسكێنێ، هیچ شتێك نەماوە بیخوا و لەوێش دوورناكەوێتەوە وەك كەسێك بڕیاری دابێ لەناو ماڵەكەی خۆیدا بمرێ،منیش جار بەجار هەندێ نانەڕەقی بۆ دەبەم بەشی بیست ڕۆژێكی دەكا .كەنزیك دەبمەوە بۆن دەكا و دەنگی دەگۆڕێ هۆشێكی وەبەر دێتەوە و لە برسان ڕزگاری دەبێ، كە دەگەڕێمەوە وای لێ دەخوێنمەوە كە پرسیاری هەمووان دەكا بەڵام شوێنم ناكەوێت بۆ شار، حەزئەكەم لەگەڵمدا بێ بەخۆم لە ژوورێكدام لە ئۆردووگا شەرتبێ لەگەڵ خۆمی بخەوێنم، كەچی ئەو كەلاوەیە جێ ناهێڵێ پارێزگاری لە شوێنەكە دەكا و وەك ئەوەی تا مردن ئەو كۆنتاكەی كردبێ، یەكێ نەزانێ پڕ ژێری زێڕ و خشلٚ بێ بەڵام وایە نا مەعدەنی، بەڵكو زێڕێك بوو بۆ ئێمە بەدەستی بەسەربەرزی دەژیاین و پیاوەتیشمان لێ دەوەشایەوە هێندە ئازادبووین كە لەزێڕ بەقیمەت تر بوو، دەنا لەناو چوار بلۆكی ئۆردووگا من چی بكەم بێ كەسوكار؟ حەز دەكەم ڕۆژێك زووتر بمرم، جا كوا خوا ئەو ئەمانەتەی تەمەنم لێ وەربگرێتەوە ؟تەنیا دینەكەیە ڕایگرتووم، دەنا خۆم دەكوشت.چونكە هیچ شتێكم نەماوە بۆی بژیم ئەم سەگە نەبێ، هەست دەكەم ئەو شینێكی ئەزەلیمان بۆ دەگێڕێ،بۆیە نە لەو دڵسۆزترم ماوە و نە ژیانیش ئەو بەها و نرخەی ماوە كە من خۆم نەخەمە ناو تەهلوكەوە بۆی. هۆپ خاڵۆ دابەزینت هەیە.ئەی پێم نەوتی؟ كۆستەرەكە وەستاو كابرا دابەزی، فەردە نانەكەی دا بە شانیدا بەو بنار چیایەی دەربەند بۆی كشا، هیچ ئاوڕێكی بۆ ئەملا و ئەولا نەدایەوە چونكە هیچ منەتێكی بەژیان نەبوو، كۆستەر ڕۆیی و ئەویش دەڕۆیی، لێك دووركەوتینەوە و ئێمە لەدەربەند بازیان ئاودیو بووین
و شاخێك كەوتە نێوانمانەوە.

٢٧-٨-٢٠١٢



سوارە کافرۆشی

# تەنیاییم ئەدوێ٧

## بێدەنگی

هەر لەو ساتەوەی لە دایك بووە بێدەنگەو وەڵامی هیچ پرسیارێك ناداتەوە، هەندێکجار دەبینێ کەسێك پێدەکەنێ، تامەزرۆ بوو بزانێ ئەوە چییە، یان کە باوك و دایکی دەبینی دەمەقاڵەیان بوو دەیویست بەشدار بێت لەگەڵیاندا، کە گەورەش بوو ئەو شتانە خۆیان دەکردە پرسیار و دەهاتنەوە یادی، بەڵام نەیدەتوانی پرسیاریان لەبارەوە بکات.

ڕۆژێك نەیتوانی کەسێك بدوێنێت، شتێکی گرنگی نەبوو کە لە هەموو مرۆڤەکاندا بەدی دەکرا، کەچی خۆیشی نەیدەزانی چییە، کاتێك گەورە بوو تەماشای تەلەفزیۆنی دەکرد، ئارەزووی بوو هەموو شەوێك تا درەنگان بە دیار شاشەکەوە دانیشێ و تەماشای فیلم بکات، ئێستا ئەو تێگەیشتووە کە ئەو ناتوانێ دەنگ دەرکات، تەماشای هەموو فیلمێکی دەکرد، هەموو فیلمە دەنگدار و ئاکشنەکان، ساتیرییەکان، تەنها شتێك



لەم فیلمانەدا بیترساندبا بێدەنگی بوو.

## نامەکانی باران

زستانێکی تووڕە بوو، بۆ پیاسەیەك لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە، هەوا سارد بوو، ئاسمان لە زەوی تووڕە زەویش کش و مات، هەورەکان وەك ئەوەی چاودێری هات و چوونم بکەن بەسەر سەرمەوە بوون، یەکێك دەهات و یەکێك دەڕۆی.

دەمەو ئێوارە بوو لە کەنار باخچەی یادی نەمران دانیشتبووم، هەورێکی نێرینەی ڕەشتاڵە بە دەنگە گڕەکەی بەسەرمدا هاواری کرد، هاواراکەی هێند بەرز بوو گوێچکەمی کاس کرد.

ئاسمان زەوی شووشتەوە، لێزمەی باران ریزە ریزە ئابڕووچوونەکانی زەوی پاك دەکردەوە، گەڵاکانیان دەشووشتەوە و شەقامەکانیان لە پیسی زەوی دادەماڵی.

هەورەکان هێمن بوونەوە، بارانیش هێدی هێدی دادەباری منیش لە ژێر دارێکدا دانیشتبووم جگارەیەك وزەی بەخشی بە جەستەم و هەناسەمی ژیاندەوە...

بارانیش نمە نمە نامەکانی بۆم دەخوێندەوە.

نامەی یەکەم

نەرمە بارانم، یاری دەستی ئاشقانم، کچ و کوران لەژێر مندا سەما دەکەن، منیش بۆیان پێدەکەنم.

نامەی دووەم

بارانی زەویم، نەمامەکان تێر ئاو دەکەم و دارەکانیش دەشۆمەوە و سەوزایی دەبەخشم بە گەڵاکان، تا لە بەهاران ئاشقان لە ژێریدا ژوانی یەکەم ساز بدەن و ماچی یەکەمی لێوان بکەن.

نامەی سێیەم

بارانی لێزمەم، باخچەکان دەشۆمەوە و گوڵاڵەکان دەژێنمەوە و حیکمەتی من لەوەدایە یەکەم ماچی تۆوەکانیش ئەنجام دەدەم.

نامەی چوارەم

من بارانێکی پڕم هێندە پڕم هەرچی ناشرینی زەوی بێ لەگەڵ خۆمدا رایدەماڵم، هەرچی پیسایی زەوی بێ دەیشۆمەوە.

نامەی پێنجەم

هێندە نەرمم ناتوانم لە شێوەی باران خۆم دەربخەم، ئەبمە هەڵم و بە ئاسمانێدا دەفڕم، تا شەو درەنگان چاوەڕێ دەکەم، لە بەیانی زوودا من شەونم و ئاورینگم بەسەر گەڵای دارەوە، دڵۆپێك بارانی بەجێماوی سەر گەڵای دارم تکە دەکەمە پشت ملی گەنجێکەوە کە چاوەڕێی یارەکەیەتی و لەو بەیانییەدا

یاری لەگەڵ دەکەم.

نوێژێك بۆ تۆ... پاڕانەوەیەك لە خودا وێنەیەك سەراپا شەوق و روناکی، دەتگوت وێنەگرەکە وێنەی فریشتەیەکی ئاسمانی، یان ژنەماسیەکی دەریای گرتووە، پرچێکی خاو هێندە جوان بوو، ئەمویست بۆ ساتێك بۆت شانە بکەم، ئەمەوێ بۆ ساتێك بێمە ناو وێنەکەوە و لە تەنیشتەوە راوەستم، هێند بێدەنگ بوویت، بێدەنگیت نۆتەکانی سەمفۆنیایەکی پێك هێنابوو.
ئارەزوومە هەر وەك دەروێشێك لە زیکردابم بۆ تۆ.نوێژێك بکەم بۆ بالآت و هەروەك راهیبەیەك ئامادەم هەزاران ساڵ لە چاوەڕوانیدا بم تا پێت بگەم.
هێندێك جاریش لە خودا دەپاڕێمەوە ساتی مردم نزیك بێت، لێنەگەڕێ هێند ئازار بچێژم.

## پشیلە لە شەودا

کاتژمێر دووی شەو بوو، ملی رێگام گرتبوو بەرەو ماڵ ئەبوومەوە، کاتێك بە کۆڵانەکانی ئەم شارەدا تێپەر دەبی دەیان شت هەن سەرنجت رادەکێشن.. لە کوچەیەکدا عاشقێك لەبەردەم پەنجەرەیەکدا راوەستاوە لەگەڵ یارەکەی دەدوێ و ژوانی ئاشقانەی سازداوە لەم درەنگی شەوەدا، لە کۆڵانێکی ئەولاتر گۆڵە سەگێك هەڵنیشتوون و کە منیان بینی پێم وەڕین، لەوێ دەڕۆم و لە کۆڵانێکی تەسکدا توشم بوو بە تووشی سەرخۆشێکەوە کە چارەکێك بلاك جاکی بەدەستەوە بوو دەینۆشی و گۆرانییەکی خەمگینی دەچڕی و کەمنی بینی داوای جگارەی لێکردم.
لەهەموویان سەرنجراکێشتر چەند پشیلەیەکم بینی لە پەنا دیوارێك، بەدیار پشیلەیەکەوە راوەستابوون و ئەویش لەو کاتەدا دەزا، کاتێك منیان بینی وەك ئەوەی شەرم بکەن زیاتر چوونەوە ناو یەك و پشیلە مێیەکەیان لە نێو خۆیاندا شاردەوە.
پشلەکە زاو چەند پەچکەیەکی بوو، لەو کاتەدا وەك ئەوەی پۆلە منداڵێك بن دەستیان کرد بە هوتاف کێشان و هاوار کردن...
لەمسەر و لەوسەری کۆڵانەمە چەند پشیلەیەکی دیکە دەرکەوتن وەك ئەوەی ڕەوە منداڵێك بێت بە هاتوهاوار دایکەکە و بەچکە تازە بووەکانیان پێش خۆیاندا و تا لە چاوان ون بوون تەماشام کردن.







## شەوێك لە سەربانی ماڵەکەماندا

لەم کۆڵانە نارێکەدا، لەناو حەشاماتی ئەم خەڵکە نەخوێندەوارەدا، بە تەنها ئەم شانۆکار و خوێندەوار بوو، لە هاویندا ئارەزووی بوو بە دیار تریفەی مانگ و لالەزارێك لە ئەستێرە و ئاسمانی رەش داگەڕاوی لە چاوەڕوانی رۆژدا بنوێ، بەلآم شەقامە جەنجاڵ بە ئۆتۆمبێلە پۆلیسیەکان و ماتۆڕسکیلە دەنگ گەورەکان هەمیشە خەیاڵی دەپچڕین، دەنگی ناخۆشی ئۆتۆمبیلە فریاگوزاریەکان لە خەو رایدەچڵەکاند و هەندێ چاریش دەنگی گۆرانی سەرخۆشێك بە دەم رێوە دەیگوت: یا ئیلاهی یائیلاهی هەر خۆت پشت و پەنامانی... و شووشەکەی دەکێشا بە زەویدا لە نێو چەمەن و گوڵزاری ئەستێران و یاری ورچی گەورە و ورچی بچووك دەری دێنا و لە خەیاڵی پیاسەکردنی لەگەڵ مەعشوقە لە نێو کانییەکانی ئاسمان دایدەپچری و لەم زیندە خەونە وەئاگای دێنا.



سیروان کەریم

# کچی پاییز

ئەو ڕۆژە حەوشەکەمان کەمێك وردە گەڵای ئەو دارەی تیا مابوو، کە باوکمساڵانێك بەر لە ئێستا ئەو دارە ئەرخەوانییەی بە کۆڵانەکەدا هێنایەوە ماڵ، دارەکە لە بان شانی ڕاستی ڕاکشابوو، وەك مرۆڤێکی خەوتووی ئەو بەیانییە تەماوییە، لقە شۆڕبووەکانی بە زەوییەکەدا دەخشا، دەنگی ئەو چڵانە تەیری سەر دارتێلەکانی هەڵدەفڕاند و تەرەی دەکردن، ئێستا ئەو دارە کشاوە بۆ ئاسمانی حەوشەکەمان.

من هەموو ساڵێك کە پاییز دێت، بە تەنیشت گەڵا هەڵوەریوەکانی ئەو دارەوە بیر لە مردنی باوکم دەکەمەوە، مردنێکی بێ سەرەمەرگ، مردنێکی بێ وەسییەت، مردنێکی بێدەنگ وەك مردن خۆی.

بیر لەو بەیانییە دەکەمەوە کە وەك منداڵێکی بێدەنگ لە کاتی چەقاندنی دارەکەدا فریای ئەو پرسیارانە نەکەوتم، کە گەڵاکان سەر بە چ ماڵێکی مردنن. بیر لە یەکەم یادگاری خۆم دەکەمەوە لەگەڵ منداڵە هەژارەکانی هاوڕێمدا چووین گەڵای







ناو کۆڵانەکەمان کۆ بکەینەوە، بێ ئەوەی بزانین کە ساڵێکی تر پاییز لەو تەوقیتەی خۆیدا دێتەوە کۆڵانەکەمان، هەموو ئەو گەڵا زەردانەمان دەئاخنی و دەمانبردە سەربانێك و ئینجا وەك چۆن سەگێك لە خۆشی بەیانییەکدا خۆی دەگەوزێنێت لە خۆڵدا، ئێمەش ئاوها خۆمان لەناو گەڵاکاندا دەپلیکانەوە، خرمە و دەنگی ئەو گەڵایانە لەژێر پێماندا هیچی لەو گوناهە کەم نەدەکردەوە، کە ئێمەی منداڵە هەژارەکان دارەکان بە ڕووتی ببینین و لەزەت لەو جوانییە ئەبەدییە وەرگرین و ئینجا خەم لە زەردییان بخۆین، ئەم ئەدگارە یەکەم هەستکردنی منە بە گوناه بەرانبەر بە وەرزەکانی خوا و یەکەم ئاشتبوونەوەشم بوو لەگەڵ پاییز. لە منداڵیمدا جگە لە شکاندنی گەڵاکان و لەزەت بردن لە دەنگ و خرمەی گەڵاکان، هیچ تاوانێکی ترم نییە، تا کڕنووشی (گەڵا)یەك شەرم لە کەوتنە خوارەوەی خۆی بکات، یان (با)یەك شێتی بەردانەوەی گەڵایەك بە تاوانێکی گەورە بزانێت.

پاییزان دایکم دەدی، کە چۆن بەو جلە ڕەشەوە، کە بۆ باوکمی پۆشیبوو، بەدەم پرتە و بۆڵەوە گەڵای حەوشەکەی گسك دەدا و کەمێکیش باران لە تەوقیتەی خۆی لاییدایە، بە کۆشێکی پڕ دووعاوە دەستەکانی بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان و تەڵقینی بۆ ئەو بارانانە دەخوێند، کە گەڵاکانی دارەکەی وەك تەرمی شەڕێکی مووقەدەس لە زەوییەکەدا دەخست. لە دوای مردنی باوکمەوە، دایکم بە شێوەیەکی ئێجگار سەیر ڕقی لە پاییز دەبووەوە، خۆ ئەو شەوەی کە باوکم مرد، زستان بوو، شەوێکی بەستەڵەکی و دەیجوور بوو، ئەو شەوە لە سارديدا نە سەگەکانی کۆڵانەکەمان دەوەڕین و نە باڵندەکان دەنگیان لێوە دەهات و نە ئەستێرەکان دەکشان، دەتگوت خامۆشی مردنەکەی باوکم لە خامۆشی ئەو شەوەدا پێشبینی تۆفانێکی گەورەی کردووە.

ئیدی من لە دوای مردنی باوکمەوە گەڵاکان نەخشەکانیان گۆڕیم، من باڵکۆنەکەی سەرەوەی ماڵەکەمانم کردە گەلەری گەڵا، هەموو پاییزێك چارۆکەی بۆرم لە بن دارەکاندا دادەنا و گەڵام کۆ دەکردەوە و دەمبردە باڵکۆنەکەی سەرەوە.

لەو گەلەرییەدا دەیان وێنەی داری ڕووتم هەڵواسیوە، لەسەر هەندێك لەو تابلۆیانە کۆمەڵە باڵندەیەکی پاییزانە دەبینرێت، کتێبخانە کۆنەکەشم لەو گەلەرییەدا گەڵا دایپۆشیوە، لە پەیکەرێك دەچێت پاییز دەستی لێ وەشاندبێت.









ئێستا ساڵانێك بەسەر مردنی باوكمدا تێپەڕیوە و كچێك بۆتە پاییزی من، پاییزان ئەو كچە بەناو تەلاّشی دارەكاندا دێت و ئەدرەس و سێبەری ئەو دارە ڕووت و پێچاوپێچانەم نیشان دەدا، كە خۆمی تێدا لەدایكبووم، ئیدی نازانم تەوقیتی كاتژمێرەكەی دەستم بۆ مەرگی من پاییزە، یان وەرزێكی تر.

لەپڕدا خەیاڵێك دەمبات و لە كچێتی ئەو و ئەو دارەی حەوشەكەمان ورد دەبمەوە و ئەو شیعرەی (ئورهان وەلی كانیك)م بیر دەكەوێتەوە، كە دەڵێت:

ئەگەر جگە لە تۆ، درەختێكی دیكەش هەبووایە،
تا ئەو ئەندازەیە تۆم خۆش نەدەویست...
بەلاّم ئەگەر تۆش بتوانایە،
لەگەڵمانا یاری خلیسكێنە بكەی،
لەمە زیاتر خۆشم دەویستی،
درەختە جوانەكەم...

ئێستا وێنەی ئەو كچە چووەتە ناو درەختەكەی باوكمەوە، وەك توحفەیەكی ناولەپی پاییز باوەشی بە دارەكەدا كردووە، دەیان باڵندە لەناو سەری ئەو كچەدا هێلانەیان كردووە، باسكە درێژ و زەردەكانی لەناو قەدی دارەكە ئاڵۆسكاوە، پێیە پەتییەكانیشی چووەتە ناو ڕەگی دارەكەوە، بۆیە ئەو دارە ئێستا (كچی پاییز)ە...



**خۆرخێ لویس بۆرخیس**

## پاسەوانەکە

**و/ سابیر مەلوول**

### ١- کامدن ١٩٨٢

بۆنی قاوە و ڕۆژنامەکان
یەکشەممە ڕۆتینە یەکرەنگەکەی هەمان
لای گەردوگوڵی بەیان
چەند شیعرێکی مەجازیی ئەو لاپەڕەیە دەنەخشێنێ
کە تێوەی ڕاماوە بە ئامان و زامان
بەحرە بێهودەکانی شیعری هاوڕێیەکی شادمان،
بادی هەواو سەرشار
پیرەمێرد درێژ دەبێ ماندوو، ڕەنگسپی
سپیتر لە ژوورە پاکەکەی
ژووری پیاوی قەلەندەر و هەژار
بەبێ نیاز، زار و نەزار





لە ئاوێنە بیمارەکەدا لە روخساری خۆی
ڕادەمێنێ ئەوجار
بیردەکاتەوە، بەبێ هیچ سەرسوڕمانێ:
ئەو دەموچاوە، دەموچاوی منە
دەستی لەرزیوی درێژ دەکات
تاکو ڕیشی ئاڵۆز و دەمی تالآنکراوی
نەوازش کات:
کۆتایی زۆر دوور نییە ئیدی خەزانە خەزان
نرکەیەکی لێوە دێ: بەم نزیکانە دەڕۆم،
تێکدەنێم دواکۆچی نەمان
بەڵام شیعرەکانم بەڵێ شیعرەکان
ژیان و شکۆی ژیان
تاقی دەکەنەوە تاکو ئاخرزەمان
من واڵت وایتمان بووم
واڵت وایتمان!

### ٢- کردنەوەی ڕێگا

وەک چۆن کوێرێک بە لەپەکوتێ
دیوارەکان دەکاتەوە و دەبینێ ئاسمان
بە هەنگاوی لەرزۆک و سڵۆک ڕێدەکەم و دەهاوێژم شەقاوان
لە کونج و گۆشەکانی شەودا
شیعر و چامەی ئایندە دەگرم بەدڵ و هزر و چاوان
لەسەرمە کە تارمایی و سێبەری ناحەز بسووتێنم
بە بڵێسەی پاک و بێگەردیان
لەسەر پشتی شین و مۆری ڕێڕێی زەمان
وشەگەلێکی وەنەوشەیی دەخەمەوە

گریان و زاری ئێواران
لە ناخی سەختی شیعردا قەتیس دەکەم
گرنگ نییە لەلام کەوا دەڕوون
هەروەکو با ڕووت و ڕەجاڵ کۆچ بکات بەرەو ئاران
ئەگەر دنیا ماچێکی نەمر بێ و جاویدان
لە ژیانم تێبگات هێشتان
شەو دەگۆڕێتە سەر کێڵگەیەک
بۆ چاندنی دێرە شیعر و
دەبێتە مەزاری شیعرستان

## ٣- پاسەوانەکە

ڕووناکی دێتە ژووری و بێدار دەبمەوە، وا لێرەیە
لەگەڵ زمان هەڵهێناندا ناوی خۆیم پێدەڵێ
کە گومانی تیا نییە و سروشتییە ناوی خۆشە
حەفتا ساڵ زیاتر، ملکەچم بۆ ئەم پاشکۆیەتیە
یادگەی خۆیم بەسەردا دەسەپێنێ
ورد و درشتی هەموو ڕۆژێکیش کە ڕەوشی مرۆییە
من پەرستارە پیرەکەی ئەوم: ناچارم دەکات پێیەکانی بشۆم
لە ئاوێنەکاندا چاودێریم دەکات
لەناو ماڵەکاندا چاوم لەسەر هەڵناگرێ
لە جامخانەی دوکانەکاندا نیگام لەسەر ناگوازێتەوە
ئەگەر ئەم ژن یان ئەو ژن دەستی بەڕووی عەشقی ئەوەوە ناو
ڕەتیان کردەوە
دەبێ بەشداری ناکامیەکانی بم و دڵی بدەمەوە
ئەمێستە شیعرێکم پێدەنووسێتەوە، بەدڵم نییە






داوام لێدەکات فێری سەرسەختی ئەنگلۆساکسۆنی بم
بۆ پەرستنی قارەمانگەلێکی مردوو ڕێنوێنی کردم
کە پێدەچێ نەتوانم وشەیەکیان لەگەڵدا بگۆڕمەوە
کۆتایی ڕۆخ وکەنارەکە نزیک دەبێتەوە و
هێشتان هەستی پێدەکەم، ئەو لە هەنگاوەکانمدایە، لە دەنگمدا
حەز لە چارەی ناکەم،
بەخۆشییەوە دەبینم بەئاستەم چاوی دەبینێ
بەشادییەوە دەبینم ڕۆشنایی چاوی دادەڕژێ
من لە ژوورێکی خڕدام، دیوارە ناکۆتاکانی
تەنگ دەبنەوە و دێنەوە یەک
هیچ یەکێکمان ئەوی تر فریو نادات
بەڵام هەریەکەمان درۆ لەگەڵ ئەویتردا دەکات
هەردووکمان باش باش یەکتر دەناسین
ئەی ئەو برایەم کە لە بادەکەم ئاو دەخۆیتەوە و
نانەکەم لرف دەکەیت و
هەرگیزیش لێت جیا نابمەوە:
دەرگای خۆکوژی هەمیشە کراوەتەوە
بەڵام زاناکانی لاهوت جەخت دەکەنەوە
کە لە سێبەری تەشەنای مەملەکەتەکەی تردا
لەوێ دەبم لە چاوەڕوانی خودی خۆمدا!

سەرچاوە/ المعجزه السريه

**ئەسعەدی لوڕزادە**

# پێنج خشتەکی ئەسعەدی لوڕزادە لەسەر شیعرێکی صابری



**صابری**

سەردەمانێك گۆشە گیر بوم لە ژوورێك بۆ خۆم دەمنالاَن
دوور لە نازی نێو نەمامان دوور لە بازی خەت و خالاَن
عەقلْ نەردی لیْ شێواندم کەوتمە نێو کوچەو کۆلاَنان
(سبەینانیْ وتم ئەی نازەنین و شاهی لێو ئالاَن
گوناهێکی نەبوو دلْ داوی زولْفانت لە پیْ ئالاَن)

بیْ ئەوەی جوابیْ بژنەوم ، ئاوڕی داوە زانیم بیستیان
چی خەتایەك بوو کە کردم ، غەزەب دەباری لە روویان
هەر هێندەم خۆشبوو رەفیقان ، بە ئاماژەیەك کە کردیان
(هەزار ئیفتادە لەو مەیدانە وریا بوونەوە وتیان
ئەمە شوێنی کەڕ و لالاَنە نەك بیْ ئەقلْ و منالاَن)

وانەزانی کە بیْ هۆشین ، مەی جاویدانی دەنۆشین
بە گشت تیرێکی دلْخۆشین ، گەه وریاین و گەه سەرخۆشین
ئای کەدلْخۆشی نەخۆشیین ، بیْ دیداری شین دەپۆشین





(هەموو زامار و خامۆشین هەمووهوشیار و سڕ پۆشین
وەگەر نە شوبهی کوێری بیْ عەسا ئەڕمێیە نێو چالاَن)

گۆشەیەك بەر تۆش دەکەویْ ، ئەگەر پێت هەیە خەیالْی
بە لەیل گەشتن مەجنوونیە ، مەمنوونبە بچیە بەر مالْی
بەخوا (مەنصور)ی شیێتیە ، لە مل خۆی پەت و ئۆبالْی
(ئەگەر تۆ شێخی بەر مالْی بە ئێمە ناکرێی حالْی
گەلیْ کەس هات و تاویدا و ئەسپی زینی دامالاَن)

گەر فەرهادەکەی کۆهکەنی ، یان دێوانەکەی بە ڕاسی
دەبیْ لە عیشق هەر قومدەی ، دەم نەدەی لەباس و خواسی
وەك بولبول بەس بنالێنە ، رێگەی پەروانە ناناسی ؟!
(ئەگەر خۆتۆ خودا ناسی ، وەکو ماسی کەڕو کاسی
وە ئیلا وەك سەگی پاسی ،چیە نالاَن لە دەرمالاَن)

کاکە خۆت کێشێکت نیە ، چیدەهێنیْ خەلْوەت کێشی
بۆ خەلْکی ئیشێکت نیە ، دیارە کە خاوەنی ئێشی
بۆ چاکەو ئیحسان لە پاشی ، بۆ بێنە بێنە لەپێشی
(بە رەنگ و ریش دەروێشی بە خولْق و خو بەد ئەندێشی
عەجەب ئەسپێکی سەرکێشی خودا بتخاتە ژێر پالاَن)

خۆ (قیڕەفیڕی قوڕباقە) ، کەسی پیْ موعتەبەر نابیْ
کە ئیخلاصی تیا نەبوو (ئەبوو تا لیب)بەختەوەر نابیْ
(ئەسعەد) تۆش بەس هەر ڕاکە ، هەراهەرا کاریگەر نابیْ
(هەموو کەس(صابری): لەم ئاستانەدا بەهرەوەر نابیْ
مەگەر بێدەنگ و خامۆشان و رووت و بیْ سەر و مالاَن)



عەباس مەجید داودی

# چیتر پەیامی ئیشقم مەخوێننەوە

ئیشقـت مێرگێکـــەو
ئاسکی دڵ دێوانەو بریندار
ڕۆح بە دەم قەدەری(با) وە
سەما دەکـــا
ڕام ناکرێت
سۆمای چاوانت
ماندوو.. شەکەت
مشتێ خوێی لە ئامێز گرتووە
هاوارێک تەژی لە تاسە.. کروزان
مێشک کاس دەکات
لەولاشەوە قا.. قایەک ڕیتمی (...) دەژەنێ
نازانم ئەمە چ ئیشقێکە ڕەوم پێ دەکات
ناچارم چوون ( حاجی کۆیە (
سەری مەستم هەڵبگرم
برۆم بێ ئاورینگدانەوە
تەڵبەندەکان تێکبشکێنم
کوا چرکەیەک لە شنە بۆ ئارامــی...؟
پەنجەرەیەک بۆ ڕووناکی
برسی و تینوو
هاتووم بۆ دەرۆزەی پێکێک لە ترووسکە
بزەیەک لە سرووە
وا لە بەر ڕەهێڵەدا خەریکە ڕەق هەڵدێم
بڕوا بە بەڵێنی ژوان ناکـــەم
بۆ منــی بێ بەهرە
ستەمە دەهۆڵ ژەنیـــن
دیدەکانم بزێو بوون
بەر پێی خۆم نابینم
ئەمێستا خۆم بە (ڕێبەندان) سپاردووە
چۆن و چ ئامێزێک گەرمم دەکاتەوە..؟!
هانا بۆ تۆ دەبەم





ڕازەکانم بە ئیشق نامۆ بوون
نیشتمانم لێبۆتە تاراوگە
بۆن و دوکەڵی ژیلەمــۆ هەراسانم دەکات
ئەوینی تۆ بورکانێکەو
ئاگر لە ڕۆح بەردەدات
سەراسێیەک کەللە سەرم بێ هۆش
دەکات
بڕوانە جەستەم ڕۆخساری کەلاوەی
گرتووە
سەرم سارد وەکو بووزی قەندیل
پەیڤە لاسارەکان
کراسی ڕەنگاو ڕەنگیان پۆشیووە
بێمنەت ئاهەنگ جۆش دەدەن
دەتۆش فریشتەکەم ..
لەم دەشتی ئەنفالستانەدا جێم مەهێڵە
ئەوە قەدەری شاعیرە.. ئاشق
گۆشەگیری و دەمێک ناپەسەندی
کەس لە گریانی ناگات
بۆیە کەپووی دەگیرێ و
بە سەر دەستنووسە زەردهەڵگەڕاوەکاندا
خەوێکی قورس ونی دەکات
باڵدەگرێ و دەفڕێ بۆ ئەو دیوی حەزە
نادیارەکان
لە (بێستوون) تاوێک پشوودەدات
لە حەژمەتا سینگی خۆی.. گۆنای دەدڕێ
ئێرە مێژوویەکە لە ئیشق
سووتان بۆ ماچ.. ژوان
پەندەکانی فەنا بوونت پێ ووتمەوە
بە نازی ئیشقەوە مەخسەرەم دەکەیت و
تۆڕم دەدەی بۆ ئەو دیوی فاریزە
*
تەنیایی بە جێم ناهێڵێ
بارانی نامۆیی تەڕی کردم
بۆیە دەست بۆ کاسەی ژەهر دەبەم
لە پاڵ ئاگردا عەوداڵی حەوانەوەم
کەنار بۆتە چەمێک لە لـــم
ئەستێرەکان وندەبن
تۆ ئەشقە نەبڕاوەکەم
(سێوەی) لە خۆم ونبوو
خۆڵباران بێباکانە مێرگم دەسوتێنێ
جەرگی سووتاوم دەکاتە مشتێ لە خوێن
تۆ بۆ خۆت پەیامێکــی لە ئیشــق
ڕازێک لە جوانـــی
چیتر بەرگــەی ئەم سرپیــەت ناگــرم
نیوە شـەوەو تاکەی بکێشـم جەفـــا
ماڵەکەم شـــێدارو بێ چـــرا
ژووری حەزم کڵۆم دراوە
ئەوە تۆی تەنیا بە نیگایەک ترووسکەت
پێبەخشیم
ئیشقی گۆج نەبوون
ماچی خۆشەوبستی خاک و نیشتمان
بۆنی میهرو قەشەنگی سروشتی دایکەکەم
ئای کە پیرۆزی
بە گشت ئازارێکت منم سوپاسگوزەر

کرۆنۆشت بۆ دەبەم
بە چۆکدا دێم
لە هەر کوێبم بیرت.. بێزووت دەکەم
گەر تۆ نەبیت من و تۆ وهەموو کێین...؟!
فریشتەکەم..
هاتووم دەم بنێم بە هەناسەکەتەوە
پڕ بە گەرووی تاسەم
دێوانە ئاسا
شێوە کۆرپەیەکی لە دایک دابڕاو هەڵتمژم
دەخوازم
لە پێکێکدا بە ئاسانی فڕت بکەم

ئەشقی ئێمە پیرۆز و کەم وێنەیە
بێگەرد وەک سپێتی بەفر
ناسک و نازدار هەروەکو« یوسف((
بە سەبر لە شێوەی « یەعقووب((
پەیام.. پەیامی «زولەیخا» یە
ئەشقێکی شێتانە
ئەشق لە وڵاتی من پاداشتی سووتانە
مایەی گاڵتەو مەسخەرەرەی هەرزەکارانە
منەتت بە کەس نییەو
تا دێت خۆت قەشەنگتر نمایش دەکەی
مانای سفرت بەخشی بە جوانی..
بەرائەتی پەپوولـــــە

قەسەم بە یەزدان
لە ئەرزو ئاسمان
هەنگاوێکی جێماوی لە پایتەختی خەون
ئەمێستا توانات لێبڕاوە
جورئەت ناکەی گوناهێک بسڕیتەوە
مەخابن..
کوا ئەو دەمانەی پەیامێک بووی بۆ
جوانی
بۆ کۆڵان و شۆستەکان..
فەرهەنگخانەیەک بووی لە نووسینەوەی
نامەکانی بەڵێن...؟
تۆ بە جوانەوە جوان بووی
هەڵم دەبێتە بڵق
هیچ بە هیچ نابێت
کەشتیوان بێ ئاگا سەوڵ لێدەدات
شەپۆلەکان سەرەڕۆ
دەڕۆن و بە قەراخ ناگەن
غەڵبە.. غەڵبەو هەراو هوریا
دڵ و دەروون شەکەت بوو
تەمەن هەڵدەکشێ و
هێدی.. هێدی
دەستەکانی حەزو ئارەزوو لاواز دەبنەوە
چۆن بێ مەیل نەبیت
ئەی تۆ جحێڵێکی سەرەڕۆی بەر باران
نەبووی..
گریانت بۆ خونچە بەهارێک نەبوو...؟ !

وڕکت لە هەموو شتێک دەگرت
تۆ جارێ سوریالی و تاوێک دادایی







سینەی تاسە نەتاسێ
هەنووکە قەقنەس ئاسا زیندوو
دەبیتەوە.
چرۆیەک ئارەزووی سەرەتاتکێ دەکات
پشکۆیەک پەیامی ئیشقی هەڵگرتووەو
کەچی تۆش
چرای ڕوناکی بە ئازارەوە دەفڕێنــی
ئاسوودەییم دەبێتە گوڵێکی ژاکاو
وا نەزانن هاتووم بیرەوەری بنووسمەوە
دەمێکە ڕاڤەی وانەکان لە لام ڕوونە
لە ئیشقدا ڕاستگۆ نەبووی
نەمدی ڕۆژێ روناکی بە پەنجەرە
ببەخشی
بۆیە دەخوازم
چیتر ئێوەش پەیامی ئیشقی من
مەخوێننەوە

# کارنەواڵ

**ڕەسوڵ سۆفی سوڵتانی**

تەق... تەق

نادا کەسێک لە دەرگای منە تەنیاکەی ماڵەکەم و...

ئەی خودایە چەندە دڵم تەنگە ئەمن ئەوشۆ-

نم نم دەڵێ:

دەبارێ لە کووچە بارانێکی بە خوڕ

نابارێ نابارێ نا...

بە پێدزکە سووک سووک خەریکە

ڕووت ڕووت کچێک

ڕادەبوورێ لە پشت دیواری وەهمی منەوە





نابوورێ نا ڕا، درۆ دەکەم درۆ دەکەم درۆ...

لە شەقامێکی ئاوا سێبەراوی کە هیچ نیشانەیەکیم لەبیر نیە- دا

گرم شەققە لە کوڵمی هەڵدەستێنم و نا نا نامدوێنێ.

هەر ئەوەندە بوو چوو و بڕایەوە

تاقە ژنە بێچارەکەم و نایەتەوە سەرەتا... تا...

-چ بکەم خودایە... چەندە دڵم تەنگە ئەمن ئەوشۆ-

گۆران رەسووڵ

# مرۆڤ دەبارێ.. نەگبەتییەکان لەکوێن؟

١
زەوی
زیندانێکی خڕی بێ دیواره
من زیندانێکی به دیوارم دەوێ،
هیچ نەبێ
به نووسین لەسەر دیوارەکان
کات خێراتر دەڕوا

٢
هەموو رۆژەکان بۆخۆتان
به رۆژی ئافرەتان و
رۆژی ئازادی و
رۆژی لەدایکبوون و
رۆژی منداڵان و
رۆژی ئایدز و
رۆژی سەرکەوتنیشەوە،
من تەنیا رۆژێکم دەوێ بۆ خۆکوشت.

٣
به کۆمیدیا،
تراژیدیا به با دەدەم.

٤
ئێره
پان و بەرینه،
ئازادی







لەناویدا جێی نابێتەوە.

٥
هەموو بزه و پێکەنینەکانم درۆن
بەوانەی ناو وێنەکانیشەوە.

٦
خەون دەبینم
له خەونمدا،
هەموو ئەو کچه جوانانەی
خەویان پێوه دەبینم
خەونیان پێوه دەبینیم.

٧
من
به هەموو پێکهاتەکانمەوه
به هەموو سەرکەوتن و
به هەموو بێدەنگییەکانمەوه، ناشیرینم
تاکه جوانی که له مندا هەبێ
شێتیمه.

٨
هەزاران ئۆرگازم
هەزاران مردن
هەزاران خەون
هەزاران ئازار
هەزاران بوون
هەزاران قاقا
له یەک چرکەدا.
هەر ئەوەیه خولانەوەی زەوی!

٩
بەنرخترین کامێرا
وێنەی نەگبەتییەکانمی
پێنەگیرا.

١٠
خۆم بۆ پرسەیەک ئامادە دەکەم
ئەمشەو
له حەژمەتی راڕاییم
خۆم
یان
شیعرێکم دەمرێ.

شنۆ ئەحمەد غەفور

# خەندەیەک سەدەیەکە ئاوا بووە

ئەی ژیان کاتێ پردەبیت لە ئەوین
چۆلەکەکان دەمرن بە بۆۆۆۆۆۆن
کە بە ڕوومدا پێدەکەنی
ترس ڕوو لە هەناوم دەکات
دەبێ ئەم خەندەیە چەند بخایەنی؟؟!!
ئەی ژیان پانتاییەک لە تۆدا نەماوە بە ناوی
عیشق.....
کۆڵانەکانی ئەم شارە پڕە لە بێ ڕەنگی
چاوەڕوانم خۆرێک هەڵبێت
دوور بیت لە تاوانەکانی سیاسەت
دوور بێت لە کوناھ ئەبەدێکان
دووووووور بێت...
دەزانی ئەی دوست من سەگم لە سیاسەتی نیشتمانم
خۆشتر دەوێ....
خودایە لەوەتەی ئیدراکت بە زات بەخشیووە
هەتا شەقامی رۆح
هەتا بوونی دواهەمین کوڵە هەنار
دڵۆپ ریز کراوە





ئەمە جوگرافیای کام گەردوونە
دەبێ حەقیقەت نەفی بکات
نەخشەی کام حەقیقەتە
هەرکاتێ بیەوێ "با"بەلایدا هەڵکا
ئەمە کام خاک وخۆڵە کۆلارەکانی دەستی دوو عاشق
دەبات بەرەو ..... نازانم
ئەی رووناکی ...دەزانی لەوەتەی تۆ ئاوابوویتە
چەند دڵ شەوانە لە لێدان دەکەوێ!!!!
چەند گوڵشەن دەبێت بە میوانی پایز
چەند ئاوێنە بەعەزرەتی دەستی کچێکەوە ورد دەبێت؟؟؟
نووسینەوەی ئەم حیکایەتە
وەک تەجەلایە بەدوای سێبەرێکدا
وەک خەیاڵی کچێکی گەرمیانە بەدوای دڵێکدا
خودایە هێندە لە باران پاڕامەوە
تادڵۆپەکان هەڵوەرین!!!
ئەو ئێوارەییەی لە شەقامی غەریباندا بووم
تەزووی مردن زوو زوو دەهاتە لام
بە دەنگێکی پڕ حەسرەتەوە دەیگوت:
کتێبەکان بۆ وێران بوونی خۆیان شین دەکەن
هەور لە بەردەم هەتاودا کڕنۆشی بردووە
تەمەن بیر لە سبەی دەکاتەوە!!!!
ئەی ئەو کچەی
دەستت لە دەستی بای قەدەر دایە
دەبێ بگەڕێمەوە نیشتمانە موسافیرەکەم
چاوەڕوانی گەڕانەوەی ماچە ئەزەلێکان بکەم
چاوەڕوانی هەڵدانەوەی داستانەکان بکەم
ئەی یار ...
"داستانی هیجری من شەرحی بە نووسین ناکرێ
پێت دەڵێم چۆن بوو گەر چاوم بە چاوت کەوتەوە"*.

*حاجی قادری کۆیی



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

# شعر و نەغمەی بولبولێکی سپی

١

لەو رۆژەوەی شعر دەنوسم

هەزاران جار شەوی چەقۆ

باڵیان بڕیم

هەزاران رۆژ، دەستی زۆردار

دەمیان دووریم

لەناو دارەمەیتی رقیانا

بەرەو گۆڕستانیان بردم

بەڵام کاتێ

تۆبووی بەئێوارەو

بووی بەئاسمان

منیش بووم بەشعرێکی نوێ





بووم بەسرودێ بۆنیشتمان

٢

بەتاڵ قژت دەنوسم

دارستانێک دەخوێنمەوە

بەفرمێسکی چاوت دەنوسم

دڵۆپێ باران دەنوسمەوە

دەتکە گەنمێک باڵامەو

سپێدەیەک لەگیانمایە

من ئێستا شاعیرێکم

کوردستانێک، لەباوەشمایە

٣

لەمەودوا

قەڵەمەکەم دەدەمە دەست تۆ

تۆ لەبری من، شعردانێ

تابزانی دڵ تۆش، وەکوو من

ناونیشانی، بەفرو باران و

عەشق و، خۆشەویستی پێ دەزانێ

٤

لەسەوزایی شعرێکما

ویستم وێنەی تۆ بنوسمەوە

لەخۆم بچێ

دوور لەخەم و بۆهەمیشە

پێ بکەنێ

شعر گریاو لێم توڕەبوو

ئەوچۆن دەتوانیٚ
بیٚ بەتۆ
تۆ هەمیشە لەگەڵمایت و
ئەوتەنها وەرزی پایزان دیٚ
٥
هەندیٚ جار هێندە تەنیا دەبم
وەک خوێنی شەهیدێکی بیٚ ناونیشان
هەندیٚ جار هێندە تەنیا دەبم
وەک گەڵای پایزی بەر گەردەلوولی نیگەران
هەندێک جاریش هێندە پڕ دەبم لە تۆ
وەک ئەو دوو باڵدارەی
لە شەوێکی بەفرانباردا
باڵیان تێکەڵ و ئاوێزان......
٦
لەسەر بەردە نوێژی باڵات
نوێژی شیعر و ،ماچت دەکەم
بۆ قیبلەی تۆ هەمیشە
گەردنم بەرزەو سەر دادەخەم
من دەزانم گەر خۆشەویستی تۆ نەبێت
رۆژی سەد جار گیانم دەدەم
٧
من نیشتیمانیکم هەیە جیا
هێندەی شەوانی تەنهاییت
پڕ لەبارانی عەشقەو
هێندەی باڵای لاسە شۆڕیٚ
باڵا بەرزەو
هێندەی خەمی ژنێتیشم





چرۆ پڕ
بۆیە هەردەم تیایدا دەسوتێم و
ناوم ناوە نیشتیمانی گڕ......
٨
تابلۆیەک
لە قژی ڕەش ودوو چاوی مەست
گەردنێکی بە جامانە داپۆشراوو
باڵایەکی بەرز
لەو دوو چاوەدا، هەڵۆی بەرزو
لەو گەردنەدا پەتی سێدارە و
لەو قژەدا سەرێکی بڕاو
لە ئاسمانی جەستەشتدا
هاواری باوکت وزریکەی مێژوو
فرمێسکی چاو
٩
نەمزانی دەستەکانت
کاروانێکی ڕاگوزارن جێم دەهێڵن
سەرنجت ڕێبوارێکە
هەر ڕۆژێک بێت ڕوخسارم
بەجێدێڵیٚ
من دەمەویٚ لە ڕێوو بانی
ئەم ئەوینە سپیەی مندا
یەک دڵ و، یەک دەست و، یەک چاو بین
تا لە جیهانی ئەم عەشقەمانا
بێکەس نەبین
١٠
کە دێی لەسەر کورسیەکە دادەنیشی

کورسیەکە دەبێت بە تەختی پاشایەتی و
لەبەردەمتا شەرم دەکەم
گوڵێک دەدەیت لە بەرۆکم و
لەکەناری ڕۆحما دەیچێنم
بۆ هەمیشە بۆنی دەکەم
کە دەمیش دێنیت ماچم بکەیت
هەڵم دەبڕی تا تینوێتیت بخۆمەوە
بەڵام من فریای هیچ ناکەوم
لە بەردەمتا دەتوێمەوە
١١
شعر لای من
نەغمەی بولبولێکی سپی و
باڵی پەپولەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ و
چاوی باران و بەفر و
پرشنگی ئەستێرەیە
لەدەشتی ساماڵی دڵما
دەڕوێ
لە سنگە فراوانەکەیدا
هەموو شتێ هەڵدەگرێ
لەخامۆشی دڵی مندا
هەرچەند هاوار دەکاو، دەنگ هەڵ دەبڕێ
دەستەمۆیەو ،
هیچی پێ ناکرێ؟
١٢
بەناڵی دایکم پرچی بۆ دەهۆنیمەوە و
بەیانیەکیش پرچی باران
دایکم فرمێسکەکانی لەسەر سەرم دەوەرین و





بارانیش جۆگەی شعری دەنوسیەوە
دایکم جوتێ بازنی دەکرە دەستم و
بارانیش لە جۆلانەی شەپۆلەکانیدا
سەمای بۆ وەنەوشەو درەخت دەکرد
لە دوایدا هەردوکیان
بوونە دوو دڵداری
میوانی دایکم و باران و
خەونی شعر
ئاسمانیان پڕکرد لە میهر



عەباس جەمیل جێماو

# بەرد



ئەی ژنە ئاوییەکە
بەردەکان..
دەیانەوێت شتێک بڵێن،
سێ شەوە..
پەنجەکانیشت
بەرگی قرشیان پۆشیوە
لە کاتێکدا خۆیان نۆبەرەی وردە یاقووتن،
منیش لە هۆگریتا
وەکو "نیل"
بۆ ئێوارە خوانێکی سینەت و
پێکێک لە سۆز
پێچەوانەی گشت ئادەمییەکی کۆڵانەکەتان
شەپۆلی فەزای هەستەکانم..
تابێ گورتر دەبن،



گزنگ ۹۷
ئەیلول ۲۰۱۲



پێنووسە سێ برگەکەشت
چەشنی دەریا..
مەنگ و بێ ژانن
لەکاتێکدا
شەپۆلی پەیڤی وەنەوشەیی و
شەیدای دەف و عیرفانن..!
منیش لەسەرساميا
وەکو منداڵە قەرەجێکی بەلەنگاز
بەبێ زەینی..
بۆ نیگایەک

لەکۆڕی ژووانی شیعرەکانتا
چلە نێرگزێک لەبەر پێتا دەڕوێنم..!
ئای ئەزیزم.
مەرجان هەرەسی هێناو
دەیەوێ خۆی بڕووتێنێتەوە
چەشنی گوڵە گەنمێک..
لەسەر زوڵفی قەترانی تۆدا..
لەنگەر بگرێ..!
ملوانکە خوێنینەکەشت
لەو نێو باخی شەمامەکان
هەر زیکر و سەما دەکات..!

**تۆ بۆ من**

**بەرامەی گوڵە..**

**تابلۆکانی "ڤان کوخ"ی و**

**تا ئەبەد پیرنابی..!**

**شەرمنن.. مەخموورن**

**ئەستێرەن.. چاوەکانت**

**مانا بەشەوەزەنگ دەبەخشن..!**

**هەر دوێ شەو..**

**وەکو بەدمەستێکی بێ شەراب**

**دەستی چەپم خستە سەر شانی "مانگ"و**

**دەمڕوانییە سەمای..**

**پەڕەسێلکەیەکی دەنووک شکاو**

**غەمزەی عەیارت..**

**بەڕێتمەوە..!**

**تا هەنگاوەکانم..**

**نیمچە لەرزۆک بوون،**

**شێتانە**





**هێندەی نەما..**

**پەلکی بەردێکی گەنم ڕەنگ بژاکێنم**

**گەڵای دار بەڕوویەک..**

**بکەم بەپشتەسەری دارگوێزەکانی..**

**مەحەبەتەوە،**

**بۆیە لەشەرما..**

**بووم بەمۆسیقا.. بوومە شەونمە شیعر..!**

**تۆیش لەنێو لەپی ئاقیقی..**

**خەیاڵە هەتیوەکانی شەرمەندەیی مندا**

**بوویتە سوورە سێو**

**بەتاسەوە**

**لەتێکت نووسا پێمەوە..!**

# هیچ

هاوڕێ ڕەش

-١-
( هیچ)ێک به هیچێکی
گوت:
« ئەم دونیایە چەند هیچە!! ».
-٢-
ژیان
فیلمێکی بودەڵەیەو
مرۆڤیش...
گەوجترین ئەکتەر.
-٣-
پێویستە شیت ببین
تا: بزانین ئەقڵبوون چییە؟
-٤-
لە کۆتایی زۆربەی چیرۆکەکاندا
پاڵەوانەکان دەمرن.
-٥-
نامەوێ
"یادگاری"یەکانم
سونەت کەم!!
-٦-
هۆنراوە
خۆ مەشغوڵکردنێکی
گێلانەیە.
-٧-
بە هیچ شێوەیەک
لە "خۆم" حاڵی نابم !!
-٨-
کە - سێو - ێک
دەکەوێتە سەر زەوی
خودا گۆجانێکی تر
دروست دەکات.
-٩-
بە دەریام گوت:
دە بدوێ!...





خەریکە بێدەنگیت دەمکوژێت.
-١٠-
سیمای ژیان ئەوەندە ناشیرین بووە
بە عەینەکێکی شکاوەو
دادەنیشم
دەڵێم :
حەیران دەرێم بابە حەیران حەیرانە
دەردی ئاشقاتێ چ دەرمانی نینە* .
-١١-
جۆگەلەیەک
کە سەری ئێشا
لە دەریا پاراستیمۆڵ
وەردەگرێ.
-١٢-
ژیان:
هەناسەیەکی پیسی کۆنە
سەگێکی تۆپیوە
نا !...
ژیان:
تابلۆیەکە،
بۆ ئەوەی لە ئاودەست هەڵی واسیت!
-١٣-
لە خەونێکدا بینیم
مانگ سێ گیان بوو!!!
-١٤-
بۆ شاعیرێکم نووسی
ژیان: چڵکاوێکە ناخورێتەوە
ژیان: کۆمیدیایەکی ترسناکە
ژیان: قسەی قۆڕی ناو کتێب و فیلم و دراماکانە
ژیان: مینێکە دیار نییە کەی دەتەقێتەوە؟؟
-١٥-
ئەگەر بمەوێ خۆم بدۆزمەوە
سەیری تەنەکەی...
خۆڵەکە دەکەم!!
-١٦-
مێشکم دێشێت
ئەوەندە گوێم،
لە " ئەوان" بووە
بەس گوێم لە خۆم نابێ!
-١٧-
گڵۆپەکانی سەر شەقام
لە بێ کارەبایی
مانیان گرتووە!!!

-١٨-
من و پەنجەرەکەم
هەموو ڕۆژێک
بەیەکەوە دەشکێین.

-١٩-
بە قەشەیەکم گوت:
« ئاسودەیی خەڵکی کام
جەهەننەمە؟»).

هێرش یاسین

# تارمایی ڕۆژە درێژەکان

دڵم ناوە بە کاتژمێری ژوورەکەم
میلی کاتژمێرەکەت بخەرەوە کار
هەمیشە بە دوای یەکەم سوڕانەوە وێڵم
هەمیشە دەمەوێ بە هاوتایی لە گەڵتدا
بڕۆم
لەگەڵ هەر ڕۆیشتنی چرکەیەکدا
من عاشقتر دەبم !
گۆرانی خۆشتر دەڵێم ...
بە یەکەم دڵخۆشی دوای ئازادبوونت
دەڕوێمەوە
تۆش بە کۆتبوونی دڵم بە دڵتەوە
دابگیرسێ

تۆ بە بەربوونەوەی میوە لە دارێک
خەمی لە سێدارەدانت نامێنێ
منیش بە وشکبوونی گەڵایەک
بە گوڵێکەوە ئاسودەم
هەرگیز چاوەڕێی بەربوونەوەی دڵم ناکەم
کاتێ بۆرەتار دادەگرسێ
ڕووناکبوونەوەی ڕۆحم
لە مەریخدا دەردەکەوێت
ئەوەتە زەوی بە دەوری سەرم دەسوڕێتەوە
بە دار عەساکەی مووسا
بە کڵاوەکەی زەردەشت
بە سەبری ئەیوب





وەک یوسف لە ژێر بیردا
گوێ لە یەکەم ناقوس دەگرم
سوجدەی پەشیمانبوونەوە لە عەشق
ڕاپێچی مزگەوتەکانم دەکات
بە دیار گوناهەکانی ئەوفریشتەیەی منی
خستە مەرگەسات
هەمیشە دوای کارەساتەکانەوە پێم
دەڵێت
ڕۆیشتن بەرەوە لای ژنانی غوربەت
دوای ڕەشبوونی بەفر لە بەستەلەکی
تەنیایی
تەمەنی عەشقت دەداتە دەستی
فەنابوون
بێجگە لە تاعوون
هیچ گەردەلوولێک هەڵناکات
بێجگە لە ترس
(با) ی دڵنیایی هەرگیز بێرەدا تێناپەڕێت
بێجگە لە چاوەڕوانی مەودا
ڕێگای مەرگ ناکاتە سەرچاوە بۆ
گەڕانەوە بۆ لای ژیان
گەڕانەوە بۆ لای ڕۆژهەڵاتی مەمکی کچ
گەڕانەوەی بۆ لای ئافاتی شومی ژن
کوشتن

لە خەوێکی گران ڕاناچلەکێ
خەو بە قەڵا دەبینێ
ئەو دەمەی دڵی من لە ئاسمان دەڕوێ
بێ ئەوەی هەور خۆی بکاتە خاوەنی باران
ئەمێستا نە شەوم کۆتایی دێت
نە خەونی دوای باران
تارمایی ڕۆژە درێژەکان دای پۆشیوم
ئەمێستا کاتی گەڕانەوی سوجدەیە لە دوای
نوێژەکانی بەیانی
گەڕانەوەی خەوە لە نیوەڕۆکانی دوای مەرگ
گەڕانەوەی ڕۆمانی نەفرەتلێکراوی ژیانمە
بێجگە لە ناونیشان
هیچ نەنووسراوە !!
بڕۆ بەدەم خەوەوە وشە بە وشە بیخوێنەوە
لەوێ من دەبینی لەگەڵ مەرگ یاری بە ژیان
دەکەین !!!



خالید مەجید فەتحوڵڵا

# بڕۆ.. با هاوارەکانم شی نەبنەوە!



بڕۆ...

بڕۆ...

ئەو گومانەم بۆ ساغ نابێتەوە

کە لە ڕوحما گەورە بوو

هەناسەم نەماوە،

هەناوی خۆم تێبگەیەنم!

* * *

ڕێبواریم

لە ژێر دار بەڕوویەکی پیر

بە ئەستێرە ناساند

تۆیش بڕۆ..

وەرزێکی دیکە بکە دۆستی خۆت





عەشقی من،

نرکەیەکە لە نزیک ڕەزێکی سووتاودا

* * *

بڕۆ...

بڕۆ...

من بۆ وەستانێکی گەورە

گەلێ تۆفانم بڕی

لەگەڵ هەموو جوانیەکدا

زەردەخەنە ماچ دەکەم و

لەپێش لێوەوە دەڕۆم

* * *

بڕۆ...

بڕۆ...

هێندە تەنهایی خۆت

مەدە بە یەکدا

یادەوەری خۆت..

لەسەر تاوێرێک بنووسە

تامەزرۆ لە ئێوارە تاڵەکانی مندا

* * *

بڕۆ...

بڕۆ...

تا ڕۆژیان لەبیر نەبدروومەتەوە

پێدەچێ من جارێکی تر پێ نەگرم

بەڵام ئەو تاریکییەم لادا



که لەگەڵ منداڵیی مندا گەورە بوو

* * *

برۆ...

برۆ...

من خەونی خۆم

خستە بەردەمی باڵندەکان..

لەپاڵ کەنارێکی سەوزدا

بەڵێ من تەنها لەوێدا

بیرم لە لەزەتی نهێنییەکان کردەوە

کە پڕن لە بەختیای باخچەدا

* * *

برۆ...

برۆ...

لە دامێنی درەختە بەرزەکاندا

خەریکی پشکنینی ژیان بە

تێ بگە..

ئەی ئەو ڕێبوارە تەنهایەی،

عومرت لەگەڵ مندا بردە سەر

* * *

برۆ...

برۆ...

بێ دەنگ مەوەستە

بۆنی ئەو وەرزە لە هەناسەم ماوە

کە چنگێک زەردەخەنەی وەفامان





پێ بەخشی...

برۆ...

من بە چیا دەڵێم:

ئیدی ئێمە تەنها نین

ئێرە میراتی هەموومانە...

* * *

برۆ...

برۆ...

بەڵام بەر لەوەی بڕۆیت

بیرت نەچێت..

برنەوەکەی باوکت هەڵگرە

ئێمە بەر لە چاوەڕوانی...

دەبێ تێپەڕین...

* * *

برۆ...

برۆ...

بەڵام بزانە بۆ کوێ دەڕۆیت

کەس نییە دەستم بگرێت

ئەوە برینەکانم بیکەرە کۆڵتەوە

برۆ...

برۆ...

هەرگیز مەوەستەد

با هاوارەکانم شی نەبنەوە!



مەحموود قەرەداخی

# دوو پەخشان شیعر

(١)

"بەرەو مەدارێکی تر"

لە گەڕانەوەی دوێنێ بەگومانم
تا فرسەتێ ئاسەواری بوون
بە ڕێگایەکی تاریکا دەبەن
دەزانم هێلانەکان خامۆش کران..
ئیتر جریوەکان نەگەڕانەوە..
دەزانم ژێکان پچڕان..
ئیتر هیچ گۆرانییەک نابیستم و
ئاوازەکان نامناسنەوە..
من سۆزم جێهێشت و!
ماڵئاوا دەرگاکانی میحبەت







من خۆش بەختیم جێ هێشت و
ماڵئاوا ئەی سۆزی خۆش مرود..
ئەی شوانی پڕ مەست،
بەر لە ئێستا باران هەبوو
بێ چەتر بووین، تەڕ نەدەبووین!!
وا لەمەودوا تەڕی باران هەراسانی کردووین..
وا لەم ڕۆدا ون بووین و ون دەبین



(٢)

"دڵنیایی"

لەبەر ئەم بارانە تەڕ نابم لە عیشوە و نازی تۆ
لەبەر ئەم تەڕ بوونە نابینم خۆری شەبەنگی ڕوخساری تۆ
کێ باو باران بە نیگای چاوە تینووەکانت دەڕوانێ
کێ باران و شەپۆل زریانێکی تورەی پێ دێنێ
ئیتر مەپرسە لەو نیگایانە وەک گەڵا وەرین..
بۆ چاوە زەردەکانت،
ئیتر مەپرسە لە ئاوازی ئەو تامەزرۆ بوونەی
سۆزی دەگاتە گۆرانی...

# زاهیر رۆژ بەیانی ماڵئاوایی لێکردین

عەلی شێخ عومەر







ساڵان دێ و دەروا کە کەسێکی خۆشەویستت لە ناکاو تەمەنێکی پڕ یادەوەریت لەگەڵ خۆی دەبات نیشتەمەنی خەمێکی پیرۆز لە دڵتدا بەجێدەهێڵێ وەك مرۆڤ درزێك دەخاتە بوونتەوە و بەشێك لە ژیان و یادەوەریت لە گەڵ خۆیدا دەبات و بە هێمنی ماڵئاوایی دەکات و بۆیە درك بە شوێنەکەی دەکەین و بۆشاییەك لە ناخماندا فەراهەم دەکات حیرسێك گینگڵمان پێدەدات و برین ئاسا لەجەستەمان نابێتەوە و ساڕێژ نابێ هەمیشە لە لامان زیندووە و هەرگیز ئاوانابێ، بۆ یەکەم جار لە ڕێگای (ئازاد ئەحمەد ئەسوەد) ی شاعیرەوە بوو (زاهیر رۆژبەیانی) یم ناسی, ساڵی ١٩٨٥ بوو, پاش نیوەرۆیەکی بەهاری ئەو ساڵە بوو, هەردووکمان وەك دوو گەنج کە تامزرۆی شیعر و قسەو باسی ئەدەبی بووین و هەر بۆ ئەو مەبەستەش چووین بۆ ماڵیان کە لە نزیك گەراجی سلێمانی بوو لە گەرەکی بولاغ، دانشتنێکی سێ چوار سەعاتی خۆشمان سازدا، ئیتر دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٨٩ دا بوو (ئازاد ئەحمەد ئەسوەد) نامیلکەیەك شیعری بڵاوکردەوە بە ناوی (بۆنی ئەم خاکەت لێ دێ) و کاك زاهیر رۆژبانییش خوێندنەوەی بۆ شیعرەکانی کرد، لە پاش ئەمەش لە ساڵانی ١٩٨٩ - ١٩٩٠ هەر لە گەڵ کاك زاهیردا بووین و لە ریگای رۆژنامەو گۆڤارەکانەوە دواچوونمان بە زنجیرەی نووسینەکانی ئەو و مەریوان قانعەوە دەکرد کە لە سەر چەمکی ئەزموونگەری و چەمکی بوونیادگەرییەوە بوو، جارێك وا ڕێکەوت من و(ئازاد ئەحمەد ئەسوەد) چووین بۆ چایخانەی شەعب لە شاری سلێمانی، ئەوەی سەیر بوو لەو کاتەدا و لە چایخانەکەدا هەستمان پێی کرد نێوەندی رۆشنبیران ببوون بە دوو پۆل یەکیان سەر بە زاهیر بوو ئەوی تریش سەر بە مەریوان بوو. تا ئەم ساڵانەی دوایی ئەم پەیوەندی و دۆستایەتیە هەروا مایەوە، ئەوە بوو هەرچەند بچوومایە بۆ شاری هەولێر سەردانیم دەکرد، ئەویش هەرچەند بهاتایە بۆ شاری کەرکوك پەیوەندی پێوە دکردم و بەیەکەوە دەردەچووین ، ئیتر کێ بێت ئەم شارە بەسەر کاتەوە و کێ بەشداری خەمەکانی ئەم شارە بکات ، بە رۆیشتنت خەمبارین دە خوا حافیز ماڵئاوا کوڕە جوانەکەی کەرکوك شۆڕە سوارەکەی گەرمیان، ماڵئاوا خوات لە گەڵ.

## کەڵەنووسەر و پێشمەرگەی دێرین

# محەمەد موکری کۆچی کرد



**رەزا شوان / نەرویج**

هەواڵی کۆچکردنی هاوڕێی دڵسۆزم، کەڵە ئەدیبێکی گەلەکەمان، پێشمەرگەیەکی دێرینمان کاک(محەمەد موکری(خەم و سوێیەکی زۆر گەورەی خستە دڵمەوە..دڵی سەرجەم ئەدیبان و رۆشنبیرانی گەلەکەشمانی هێنایە ژان.

بە داخ و پەژارەوە، لە بەرەبەیانی ئەمرۆدا، شەممە(٦/ ٥/ ٢٠١٢(دڵە گەورەکەی کاک(محەمەد موکری (لە لێدان کەوت و بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لێکردین..بە کۆچکردنی کاک محەمەد موکری شائەستێرەیەکی پرشنگداری ئەدەبی







رەسەنی کوردیمان ئاوابوو..گوڵێکی گەشی گوڵزاری چیرۆکی رەنگینمان هەڵوەری..زیانێکی گەورە لە ئەدەب و رۆشنبیری و رەخنەی گەلەکەمان کەوت.

محەمەد موکری کەڵەنووسەر و شۆڕەسوارێکی بوێر و دلێری بواری ئەدەبیاتی کوردیمان بوو..محەمەد موکری رۆماننوس، شاعیر، چیرۆکنووس، شانۆنووس، رۆژنامەنووس، پێشمەرگە و سیاسەتمەدار، نوێخواز، رەخنەگر...تا سەر ئێسقانیش کورد و کوردستان پەروەر بوو..هەموو ژیانی بۆ خزمەتی گەلەکەمان تەرخان کردبوو.

محەمەد موکری لە شاری کەرکوك لە دایك بووە، قوتابخانەی ناوەندیشی هەر لە کەرکوکدا تەواو کردووە..ماڵیان لەگەڕەکی(ئازادی(لە کەرکوك بوو..بەڵام بە هۆی گوشاری بەعسییەکانەوە..ناچار بوو لەشاری سلێمانیدا تا کۆچکردنی بژین.

کام ئەدەب پەروەر هەیە کە شاکارە رۆمانەکەی محەمەد موکری ( سەگوەڕی( نەخوێندبێتەوە، کە لەو کاتە یاخیبوونێك بوو، شۆڕشێکی ئازدی دەربڕین و، شکاندنی بەستەڵەکێکی فیکری بوو.

محەمەد موکری یەکێك بوو لە پێشرەوانی ریچکەی تازەی چیرۆکی نوێی کوردیمان، چ لە ناوەڕۆکدا یا لە تەکنیکی فۆرم و دارشتندا.

لە بواری گۆڕینیشدا، بە تایبەتیش لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی محەمەد موکری توانایەکی باڵای هەبوو..گرنگترین بەرهەمی گۆڕینیشی(عاشقە ناودارەکانە(

محەمەد موکری، دووجار بوو بە پێشمەرگە و ئەندامێکی کارا و چالاکی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو..لە سەرهەڵدانی شۆشی گەلەکەمانەوە تا ئەمڕۆ کە کۆچی دوایی کرد..لە خەبات و بەشین دانەڕا بوو.

لە ساڵی(١٩٦٣(دا، ئەو کاتە من ئەندامی ناوچەی کەرکوکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو..لەگەڵ کۆمەڵێك قوتابی تردا کە یەکێك لەوانە محەمەد موکری بوو ئاگادار کراینەوە ..کە بچینە دەرەوە و تا بەعسی فاشت نەمان گرن. من و محەمەد موکری کە ئەو کاتە دوو تازەلاوی خوێن گەرم بووین، لەگەڵ هەموو ئەندامانی ناوچەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ــ لقی کەرکوك.لە هەردوو بنکەی پێشمەرگە لە نزیك دێی (شێردەرە(و دێی(چنگنی(کە دوو ئاواییین لە ئاواییەکانی(ناوچەی جەباری(بووینە پێشمەرگەی ئیداری..بۆ وەبیرهێنانەوەش ناوی ئەو قوتابیانەی لەو دوو بنکەیەدا بووین ئەمانە بوون :(فاتیح

میرزا، ئەحمەد سەلام، جەلال کەریم، رەزا شوان، فەرهاد عەبدولقادر، محەمەد موکری(رابەری سیاسی ئەو دوو بنکەیەش کاک (عادل عیزەت (بوو..رابەری عەسکەریش کاک(حەمید بەرواری(بوو..
بەرپرسی ناوچەی کەرکوکی پارتی دیموکراتی کوردستان یش مامۆستا(عیسا زەبێحی(بوو، کە بەداخەوە لە هەشتاکاندا موخابەراتی عێراقی لە شاری بەغدا تیرۆریان کرد.
کۆچ کردوو (محەمەد موکری( لە (١٩٦٣(دا.. تازەهەڵچوویەکی سوور و سپی و هێمن و لەسەرخۆ بوو..زیرەک وردبین بوو..مامۆستا(عیسا زەبیحی - کە ناوی نهێنی عولەما(بوو..محەمەد موکری کرد بە کاتبی خۆی لە نووسینەوە و لە تۆمارکردندا یارمەتی دەدا..هەفتەی دوو یا سێ جار من و محەمەد موکری پێکەوە دادەنیشتین و لە هەموو بابەتێکمان بۆ یەکتری هەڵدەرشت ..لە بیرەوەرییەکانمدا بە درێژی ئەم باسەم نووسیوە.

بۆیە کۆچکردنی هاورێی شیرینم محەمەد موکری، کز و سۆیەکی گەورەی خستە دڵمەوە و، هەموو یادگارییەکانم لەگەڵیدا هاتنەوە بەرچاوم.

محەمەد موکریش لەساڵی (١٩٧٠(ئەندامێکی یەکێتی نووسەران لقی کەرکوک بوو..ئەو و کەڵەنووسەر(لەتیف هەڵمەت(و شاعیر(سەلام محەمەد(لەو کاتەدا یاخی بوونی خۆیان لە دژی بیرگەندەڵی و بەستەڵەکی فیکری راگەیاندا و کەوتنە هۆڵی نوێخوازی و گۆرانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتیش لە شاری کەرکوکدا.
هەموو خوێنەرێکی کوردمان محەمەد موکری ئەدیب و رۆشنبیری گەلەکەمان دەناسێت بۆیە ..لە ناوهێنانێکی سەرپێی وادا ناتوانین لە رۆڵی ئەو کەڵە نووسەرەمان بدوێین ..بەرهەمەکانیشی شایانی ئەوەن کە لەلایەن پسپۆرانی بواری(رۆمان و چیرۆک(ەوە، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان لەسەربکرێن .

داواکاریشم کە بەرێوەبەرێتی پەروەردەی شاری کەرکوک — خوێندنی کوردی ناوی قوتابخانەیەکی تازە..بە ناوی(قوتابخانەی محەمەد موکری(یەوە بنێن..یا هۆڵێکی رۆشنبیری بە ناوە بنێن..بۆ وەفادای و رێزلێنان و بەرزراگرتنی ناوی ئەم کەڵە ئەدیبەی شاری کەرکوکی کوردستانی..کە ئەمەش کەمترین شتە کە بۆی بکەن..چونکە هەتا هەتایە مایەی شانازی







و رێز بۆ گەلەکەمان.

بێگومان محەمەد موکری زیاتر و زیاتری پێ مابوو..بەڵام بە داخ و کەسەرەوە کە مەرگ لەوە زیاتر مەودای نەدا.
هیوادریشم یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک کۆری چلەی ماتەمین و بەرزراگرتنی محەمەد موکری لە شاری کەرکوک بگێرن.

سەرەخۆشی و دڵتەنگی و پرسە و ناخۆشی و ماتەمینی خۆمان بە خانەوەداکەی و بە خۆشەویستانی و بە سەرجەم نووسەرانی کوردمان دەگەیەنم.

هەزار سڵاو لە گیانی کەڵەنووسەر و پێشمەرگەی دێرینمان کاک(مەحمەد موکری(بێت ..جێی فەردۆسی بەهەشت بێت.

## حەنان ئەلشێخ:

# ئێمە میللەتێکی چەپێنراوین و ئاتاجی نووسینی سێکسیین



**وەرگێڕانی: سۆزان کەریم**







ڕۆماننووسی لبنانی حەنان ئەلشێخ لە ساڵی ١٩٤٥دا لە بەیرووت هاتۆتە دنیاوە. یەکەمین ڕۆمانی خۆی لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا نووسیوە. لە سۆنگەی شەڕی ناوخۆوە لە قاهیرە خوێندنی تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٨٤ـەوە لە لەندەندا دەژێت. ڕۆمانەکانی بۆ بیست و یەك زمان وەرگێڕراون. گرینگترین ڕۆمانی "چیرۆکی زەهرە"یە. کە باس لە شەڕی ناوخۆی لبنان دەکات.

*** چی لەبارەی دواهەمین ڕۆمانتەوە "بەسەرهاتی من درێژە دەکێشێت" دەڵێیت؟**

– ئەو ڕۆمانە ژیننامەی خاتو "کامیلە"ی دایکمە، هەر لە منداڵییەوە تاکو مردنی، حەزم کرد سەرهاتی ژیانی بنووسمەوە، چونکە زۆرم خۆشدەویست و شایانی ئەوە بوو لە ڕۆمانێکدا ناوی بێت. چونکە ڕووداوە پڕ لە ئازارەکانی لەگەڵ جیابوونەوەی لە بابم حەزکردنی لە پیاوێکی تر و شووکردنی پێی، وای لێ کردم لێی دوور بکەومەوە. ئەو کاتی دایکم ماڵی جێهێشت و شووی بەخۆشەویستەکەی کرد، من تەمەنم پێنج ساڵان بوو. چون من بەنووسینەوەی ژیننامەی بارێکی قورس لەسەر ویژدانی هەڵگرم. بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەو قسانی دەکرد و منیش لەسەر کاغەز یادەوەریی تاڵ و شیرنی ئەوم دەنووسییەوە، تاکو ڕۆمانەکە هاتە بەرهەم.

*** داخۆ حەنان ئەلشەیخ تەنیا ڕۆمان لەبارەی خۆی و ئەو کەسایەتییانەوە دەنووسێت، کە دەیانناسێت، واتا ڕۆماننووس شتێك دەنووسێتەوە بەدەر لە خودی خۆی؟**

– بێگومان خۆی و ئەوانی دی دەنووسێتەوە، چونکە بیردەکاتەوە و پێوەندی بەشتەکانەوە دەکات و کاریگەریی دەوروبەر لە ڕووداوەکان بەسەریەوەیەتی، چ جەنگ بێت، یاخۆ ڕەوشی ئافرەتان و دۆخە سیاسییەکە بەگشتی، ئیلهام لە دنیا و شوێنەکانەوە وەردەگرێت، نەك تەنیا کەسەکان، نووسەر کەسەکان دەدۆزێتەوە و بەڕادەیەك دەیانخولقێنێت وای لێ دێت هەندێك جار نووسەرەکە خۆی دەبێتە ئەو کاراکتەرەی خوڵقاندوویەتی، بۆیە وەك ئەو دەجووڵێتەوە و وەك ئەویش دەژێت.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین "چیرۆکی زوهرە" سەرگوزشتەی خۆتە؟**

– نا، هەرگیز سەرهاتی من نییە. چیرۆکی کۆمەڵگەیە. بەر لە هەفتەیەك بۆ وتووێژ لەگەڵ خوێندکاراندا چووم بۆ زانکۆی لەندەن. لەوێ زانیم تائێستاش "چیرۆکی

زوهره" دەخوێنن، سەیرم هاتێ. وڵامی مامۆستاکان ئەوەبوو، ئەم ڕۆمانە گەواهیدەری ڕەوشی ئافرەتانە لە جیهانی عەرەبی و هەندێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوایە، لەو شوێنانەی بارودۆخەکە ڕێگەی کرانەوەی نەداوەتێ، تاکو شتێك لە ژیانیدا ئەنجام بدات.

*** ئەمڕۆ واقیعی ڕۆمانی عەرەبی چۆن دەبینیت، ئاخۆ خۆی لە قەرەی هەموو ئەو بابەتانە داوە، کە بەلای خوێنەری عەرەبەوە گرینگن؟**

– ڕۆمانی عەرەبی پێشکەوتووە و هەمەچەشنی تێدا بەدی دەکرێت، لە هەر وڵاتێك دا نووسەران سیمای ڕۆمانەکانیان دادەنێن، ئەوەتا ڕۆمانی فەلەستینی و هەروەها ڕۆمانی میسری هەیە، منیش لە نێوان "چیرۆکی زوهرە" و "میسکی ئاسك"دا کۆمەڵە چیرۆکێکم بڵاوکردەوە لە لبنانی جەنگ و لە ژیانی خۆم لە کەنداوەوە هەڵێنجاون، هەروەها لە سەفەرەکانم لە بۆ عومان و میسر. جگە لەو یەمەنەی زۆری پێ بەخشیم. لە نێویاندا هەشت وتار وەکو چیرۆك چارم کردوون لە ڕۆژنامەی "النهار"دا بڵاوم کردوونەتەوە. ئەو کات نیمچە پەیامنێر بووم لە شەقامەکاندا پرسیارم لە خەڵکی دەکرد. دەچووم بۆماڵیان، هەروەها

## من حەزم بەوە نییە ڕابردوو بگەڕێنرێتەوە. ئەو ڕۆمانەشی ئێستا دەوروخولی ئاوەزم دەدات لە هەمبەر ئەم بارودۆخەیە، کە تێیدا دەژین

چووم بۆ قوتابخانەیەکی ئەمریکی مامۆستایەکی ئەمریکی لێ بوو، بەزمانی عەرەبی قسانی دەکرد. لەوەوە زانیم جیهانی ڕۆژئاوا وادەزانێت جیهانی عەرەب موسوڵمانن و کرستیانی تێدا نییە. ئەو مامۆستایە وەکو مسیۆنێرێك بەگوندەکاندا دەسووڕایەوە، هەروەها لە گوندییەکانەوە زانیم گاڵتە بەو نێردانە دەکەن و لە بەرابەر ئەو دیارییانەی دەیدەن، وەکو دەفتەر و پێنووس و شتی دی، وایان تێدەگەیەنن بڕوایان پێیان هێناوە. لەم ئەزموونەوە "سەنعا پێویستە گەر گەشتەکە درێژەشی کێشا"م نووسی.





*** ڕات چییە لەسەر ئەوەی نووسەران لە ڕۆماندا بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بەلای خۆیاندا پەنا بۆ سێکس دەبەن؟**

– سێکس لە ڕۆماندا بەپێی سەمت (سیاق) و پێویستی دەبێت، ئەمەش واقعێکی هەست پێکراوە لە ژیانماندا، شوورەیی نییە گەر لەسەر سێکس بنووسین لە کاتێکدا ئێمە میللەتێکی چەپێنراوین و پێویستمان بەنووسینی سێکسییە. من تا نووکەش ڕۆمانێکی عەرەبیم نەخوێندۆتەوە تێیدا نووسەر پشت بەسێکس ببەستێت.

*** تاکەی نووسەری عەرەب لە هەمبەر ڕووداوەکانی ڕابردووەوە دەنووسێت، ئەی ئەم واقعەی تێیدا دەژین نابێتە مادەیەکی بەپیت بۆ کاری ڕۆمان؟**

– لەگەڵ ڕایەکەتدام، وابزانم ئەو ڕەوشەی پێیدا تێدەپەڕین وەکو پێویست دەنووسرێتەوە، ئەمڕۆ باوی ڕۆمانی مێژوویی و بیرکردنەوەیە لە ڕابردوو، من حەزدەکەم لەسەر ئێستا بنووسم، کە تێیدا دەژین، هەر ئەمەشە لە ڕۆمانی " ئەمە لەندەنە ئازیزم"دا ڕوویداوە، من حەزم بەوە نییە ڕابردوو بگەڕێنرێتەوە. ئەو ڕۆمانەشی ئێستا دەوروخولی ئاوەزم دەدات لە هەمبەر ئەم بارودۆخەیە، کە تێیدا دەژین، سەبارەت بەتیرۆر و بن لادن و ئیسلامە.

*** لەمێژە حەنان ئەلشێخ لە لەندەندا دەژێت، لێرە لە بەیرووت ڕۆشنبیران چۆنت پێشوازی لێ دەکەن، ئایا بەلای تۆوە بەیرووت تەنیا بووەتە وێستگەیەك بۆ چاپکردنی کتێبەکانت؟**

– وابزانم من لە دەرەوەی کەش و هەوای ڕۆشنبیریم لە لبنان، ساڵانێکی زۆرە دوور کەوتوومەتەوە، بەڵام کاتێك دەگەڕێمەوە پێشوازییەکی گەرم بەدی دەکەم و دەبینم بەهەڵپەوەن بۆ کارە نوێیەکەم، بەو دەلیلەی دواهەمین ڕۆمانم پڕفرۆشترین کتێب بوو، ئەمەش مایەی دڵخۆشیمە، هەرچی بەیرووتە من بەردەوام سەردانیی دەکەم، بەڵام بەیرووتە کۆنەکە نابینمەوە، کە ئاشنای بووم، بەیرووتێکی تر دەبینمەوە ، کە نایناسم، ئەو بەیرووتەی لە یادەوەریمدایە بەیرووتە کۆنەکەیە، بۆیە کاتێك ڕۆمانی "پۆستەی بەیرووت"م لەسەر شێوازی نامە نووسی، چونکە من لە تاراوگەم و بەردەوام پێوەندیشم لەگەڵ بەیرووتدا هەیە لە ڕێگەی نامەکانەوە، بەڵام ئێستا زوو زوو سەر لە بەیرووت دەدەم، چونکە تێیدا بوومە خاوەن خانوو.

**سەرچاوە: جریدة "الراية"– بیروت/ رحاب الضاهر**

# کار و چالاکییەکانی

# لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

**ئا: بەڕێوەبەری نووسین**

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا پێنج کتێبی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ وبلاو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:

* لە ژێر زنجیرەی (١٦١) کتێبی (بەسەر شانی سەحەردا وەرە) شیعری شاعیر (عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٦٢) کتێبی (مینا ڕەنگینەکان) کورتە چیرۆک لە نووسینی (جەلیل محەمەد شەریف) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٦٣) کتێبی (چیرۆکەکان) کۆمەڵێ چیرۆکی نووسەر (محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٦٤) کتێبی (گەڕانەوەی تارماییەکان ژەنەراڵ) کورتە چیرۆک لە نووسینی (سەمەد ئەحمەد)، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...














* لە ژێر زنجیرەی (١٦٥) کتێبی (کەرکوک لە دیدی چەند سەرچاوەیەکدا) لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە نووسینی (هاشم عاسی کاکەیی) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

**چلەی ماتەمینی (محەمەد موکری)**

لیژنەی باڵای چلەی ماتەمینی محەمەد موکری کە پێکهاتبوو لە (مەکتەبی ناوەندی



راگەیاندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و لقی سلێمانی وکەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد و بنکەی روناکبیری گەلاوێژ رۆژی چوارشەممە ٢٠١٢/٦/١٣ لە هۆڵی تەوار لەشاری سلێمانی چلەی ماتەمینی نووسەر و روناکبیر (محەمەد موکری) بەڕێوە برد.

سەرەتا بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد و دواتر لەلایەن کەسوکار و هاوڕێیان و ئەدیب ونووسەرانەوە مۆمی تەمەنی نووسەر و ڕۆمانووسی کۆچکردوو داگیرسا ، پاشان وتاری لیژنەی باڵای چلەی ماتەمینی ویەکێتی نووسەرانی کورد وتاریان پێشکەش کرد. دواتر لەئامادەکردنی (لوقمان محەمەد رەشید) پانۆرامای موکری پێشکەش کرا، کە تیادا نزیکەی ٣٠ کەس لە نووسەر وئەدیب وهاوەڵانی کۆچکردوو لەبارەی مەرگی موکرییەوە قسەیان کرد، پاشان ئەندازیار و نووسەر (خەسرەو جاف) چەند بیرەوەرییەك گێڕایەوە و(هۆشەنگ دەرویش) قەسیدەیەکی بۆ مەرگی موکری پێشکەش کرد، لەکۆتاییدا وتاری بنەماڵەی کۆچکردوو پێشکەش کرا..

## چلەی زاهیر رۆژبەیانی

یەکێتی نووسەرانی کورد/لقی کەرکوك بەهاوکاری مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد. رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠١٢/٤/٢٥ لەهۆڵی (پێشەوا) لە شاری هەولێر چلەی ماتەمینی نووسەرو رۆژنامەنووس (زاهیر رۆژبەیانی) بەڕێوەچوو..لەپاش خوێندنەوەی وتاری یەکێتی نووسەرانی کورد(مەڵبەندی گشتی و لقی کەرکوك,لقی هەولێر) لە لایەن هاوڕێکانی کۆچکردووەوە چەندین وتار









ویادەوەری چەند لایەنێکی ژیاننامەی ناوبراو خوێندرایەوە. هەر لەمەراسیمەکەدا کتێبی (ئەزموونی رۆژنامەگەریم) لە نووسینی زاهیر رۆژبەیانی ، کە لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد چاپ وبڵاوکرد بووەوە دابەشکرا..پاشان وبە تاری بنەماڵەی کۆچکردوو، کە لەلایەن (دکتۆر ژیلە)ی کوڕی خوێندرایەوە کۆتایی بە مەراسیمەکە هات..



## نامەیەکی کازیوەساڵەح

سڵاو و حورمەت کاك عەبدولستارجەباری ی بەڕیز

بە ڕێکەوت، هەفتەی ڕابردوو لە یەکێك لە ماڵپەڕەکانەوە گۆڤاری گزنگم بینی و تەنها ، زۆر خۆشحاڵی کردم کە نووسەرانی کەرکوك پاش ئەو هەموو
قوربانیە و لە نێو ئەو ڕاجەنینی خوێنەدا توانیوتانە گوڤارێکی ئەدەبی بە پێز بەرهەم بهێنن، زۆر دەست خۆشیتان لێ ئەکەم . لە گەڵ ئەوەی دەمێکە ئەنووسم و نووسینەکان لای خۆم ئەهێڵمەوە
بەڵام پێم خۆش بوو ببم بە هاوپشت و پشتگیرکارتان بە نووسین و بە کردار
لە هاوپێچدا کورتە چیرۆکێکە، خوازیارم لاتان جێگەی بێتەوە.
سڵاو و ڕیزم هەیە بۆ سەرجەم دەستەی نووسەران و هاوکارانت ، هەر سەرکەوتوو و ئاسودە بن

**کازیوە**

**کەنەدا**